حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی ڕاپەڕین
کۆلێژی پەروەردە – قەڵادزێ
بەشی زمانی کوردی

# هەندێ لایەنی ڕێزمانی لە شێوە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانییەکانی کەرکوکدا

لێکۆڵینەوەکە
**سروە بەکر عەزیز**

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی – کۆلێژی پەروەردەی – قەڵادزێ – زانکۆی ڕاپەڕینی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

بەسەرپەرشتی
**پ. د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی**

٢٧١٧ کوردی
٢٠١٧ زاینی

**ئەم لێکۆڵینەوەیە کە بە ناونیشانی ( هەندێ لایەنی ڕێزمانی لە شێوە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانییەکانی کەرکوکدا – لێکۆڵینەوەیەکی زمانی وەسفی شیکارییە) فێرخواز ( سروە بەکر عەزیز) بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی ڕاپەڕین ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا.**

**سەرپەرشتیار**

**پ . د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی**

**ڕێکەوت: / / ٢٠١٧**

**بەپێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشتیار، ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**ناو: د. سەرکەوت عومەر ئیبراهیم**

**سەرۆکی بەشی کوردی**

**ڕۆژ: / / ٢٠١٧**

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن هەڵسەنگاندن ئەم لێکۆڵینەوەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی ( هەندێ لایەنی ڕێزمانی لە شێوە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانییەکانی کەرکوکدا – لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی وەسفییە) فێرخواز ( سروە بەکر عەزیز ) مان تاقیکردەوە و گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی ترەوە لەگەڵدا کرد و بڕیارماندا کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.

سەرۆکی لیژنە: پ. د. صباح رشید قادر

ڕێکەوت:    /    / ٢٠١٧

ئەندام: پ. ی. د. دیار علی کمال

ڕێکەوت:    /    / ٢٠١٧

ئەندام: د. دلێر صادق کانبی

ڕێکەوت:    /    / ٢٠١٧

ئەندام و سەرپەرشتیار: پ. د. فەریدون عبدول بەرزنجی

ڕێکەوت:    /    / ٢٠١٧

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ – زانکۆی ڕاپەڕین

ناو: پ . ی . د. سەردار فتح الله حسین
ڕاگری کۆلێژی پەروەردە
ڕۆژ:    /    / ٢٠١٧

بسم الله الرحمن الرحيم

**وَمِن ءَايَتِه خَلَقُ السَمَوَتِ وَالأَرضِ وَأختلَفُ ألسِنَتِكُم**
**وأَلوَنِكُم إنَّ فيِ ذَلِكَ لأَيَتٍ لّلعَلِمِينَ**

صدق الله العظيم

**سورة الروم الاية (٢٢)**

## پێشکەشە بە-

- گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان.
- گیانی پاکی شەهیدی قەڵەم مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی.
- گیانی پاکی باوکی خۆشەویستم.
- دایکی میهرەبان
- برا و خوشکە خۆشەویستەکانم.
- هاوژینی بەڕێزم.

جگەرگۆشەکانم:

- دەریا
- محمد
- دالیا
- دەروون

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ یەزدانی پاك و تەنها، كە تەمەن و یارمەتی دام بۆ تەواوكردنی لێكۆڵینەوەكەم.

ڕێز و سوپاس و پێزانیم بۆ:

- مامۆستای سەرپەرشتیارم ( د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) : ئەركی سەرپەرشتیاری نامەكەی گرتە ئەستۆ و ئازادی بۆچوونی پێم بەخشی لە نامەكەدا.

- مامۆستایان ( د. ئازاد ئەمین باخەوان، د. لەیلا جەلیل، د. شهاب شێخ طیب) بە سەرچاوەی پێویست و زانیاری و ڕێنمایی بەسوودیان پێ بەخشیم بۆ دەوڵەمەندكردنی نامەكە، خۆمان بەقەرزاریان دەزانین.

- ئەو مامۆستایانەی لە كۆرسی خوێندنی باڵا وانەكانیان پێ وتم ( د. سەباح رەشید، د. فاروق عومەر، د.بەكر عومەر، د. عومەر مەحمود، د. حەسەن حوسێن).

- هاوڕێ و خوشكی بەڕێزم ( د. شەیما رەشید) بۆ هاریكاریكردن و ڕێنمایی كردنم لە ماوەی كۆرساتی خوێندنی ماستەرەكەم.

- مامۆستا ( د. خیرالدین فتاح عیسی ) بە سەرچاوەی عەرەبی یارمەتی دام.

- مامۆستا ( شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی) بەكردنەوەی دەرگای كتێبخانەكەی و ناساندنم بە چەندین كەسانی ئاخێوەری شێوزارەكە، لە بۆچوون و نموونەكاندا زۆر یارمەتیدام.

- كاك ( عوسمان محەمەد سدیق ڕۆژبەیانی) بۆ یارمەتیدانم لە هەموو كارە مەیدانیەكانم، ڕوونكردنەوەی نموونەكان.

- برای خۆشەویستم كاك (هۆشیار بەكر) و هاوسەری بەڕێزم ( لەتیف شوكور ) كە بەردەوام پاڵپشت و هاندەر و هاوكارم بوونە لە كارەكانم.

- دایك و خوشكەكانم و ئەندامانی ماڵەوە.

- مامۆستا ( ناسیح فاتیح ) بۆ یارمەتیدانم لە وەرگێڕانی بابەتە ئینگلیزییەكاندا.

- مامۆستایانی هاوپیشەم ( م. سیروان سەمین، م. زانا یاسین ).


- كارمەندانی كتێبخانەی گشتی كەركوك بە دڵێكی فراوانەوە هاوكارم بوون.

- مامۆستایان ( ئەحمەد حەسەن ڕۆژبەیانی و مامۆستا نیهاد سادق و كاك زانا غەریب و مامۆستا ئاسۆ عەلی ڕۆژبەیانی) بۆ یارمەتیدانم لە وەرگرتنی داتا زمانییەكان.

- كاك ئومێد عبدالرحمان و خێزانەكەی هۆزان خان، كە ئەركی تایپ و دیزانی لێكۆڵینەوەكەیان گرتە ئەستۆ.

- هەموو ئەو مامۆستا و مرۆڤە نەمرانەی كە بەهێمایەك یان وشەیەك ژیانیان ڕووناكتر كردم.

## لیستی هێما و کورتکراوەکان

| هێماو و کورتکراوەکان | واتاکان |
|---|---|
| / / | نیشانەی فۆنیم |
| { } | نیشانەی مۆرفیم |
| + | دابڕی وشە / مۆرفیم |
| < | دەبێت |
| / | یان |
| [ ] | نیشانەی فرێز |
| ش . ڕ | شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکان |
| ش . ن | شێوەزاری نووسین |
|  | ڕێککەوتن |
| ← | بووە بە |
| ♦ | تێبینی |
| * | ڕستەی ناڕێزمانی |
| ژ | ژمارە |
| گ | گۆڤار |
| Ø | مۆرفیمی سفر |
| ف. ن | فرێزی ناوی |
| ف. ك | فرێزی کاری |
| ف. ئـ . ن | فرێزی ئاوەڵناوی |
| ف. ئـ . ك | فرێزی ئاوەڵکاری |
| ف. ب | فرێزی بەند |
| م. نەڤ | مۆرفیمی نەڤ |
| م. پێ . کار | مۆرفیمی پێشگری کار |
| ج. ك. ل | جێناوی کەسی لکاو |
| O | مۆرفیمی بەتاڵ |

**لیستی زاراوەکان**

| ئینگلیزی | کوردی |
| --- | --- |
| Adverbil | ئاوەڵکار |
| Case Assigner | پێدانی دۆخ |
| pronoun | جێناو |
| Case | دۆخ |
| Grammtical cases | دۆخە ڕێزمانییەکان |
| Naminetive case | دۆخی ڕێزمانی بکەری |
| Genitive case | دۆخی دانەپاڵ |
| Vocative case | دۆخی بانگکردن |
| Verb | کار |
| Morpheme | مۆرفیم |
| Noun | ناو |

ناوەڕۆك


| | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| | ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار | |
| | ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆ | |
| | ئایەتی قورئان | I |
| | پێشكەش بە | II |
| | سوپاس و پێزانین | III |
| | لیستی هێما و كورتكراوەكان | IV |
| | لیستی زاراوەكان | V |
| | ناوەڕۆك | VI |

| | | |
| --- | --- | --- |
| | پێشەكی | ١ |
| | بەشی یەكەم | |
| ١-١ | زاراوە و چەمك و تێڕوانین و پێناسەی دیالێكت:- | ٣ |
| ١-٢ | هۆكارە ناوەكییەكانی سەرهەڵدانی دیالێكت: | ٥ |
| ١-٢-١ | جیاوازی فۆنۆلۆجی: | ٥ |
| ١-٢-٢ | جیاوازی ڕێزمانی: | ٦ |
| ١- ٢ – ٢ -١ | جیاوازی مۆرفۆلۆجی: | ٦ |
| ١-٢-٢-٢ | جیاوازی سینتاكس: | ٧ |
| ١-٢-٢-٣ | جیاوازی سیمانتیك: | ٧ |
| ١-٣ | هۆكارە دەرەكییەكان بۆ سەرهەڵدانی دیالێكت | ٨ |
| ١-٣-١ | هۆكاری جوگرافی:- | ٨ |
| ١-٣-٢ | هۆكاری كۆمەڵایەتی: | ٨ |
| ١-٣-٣ | هۆكاری سیاسی: | ٩ |
| ١-٣-٤ | هۆكاری بەریەككەوتنی زمانەكان: | ٩ |
| ١-٣-٥ | هۆكاری تاكە كەسی: | ١٠ |
| ١-٣-٦ | هۆكاری ئابووری: | ١٠ |
| ١-٤ | تیۆرەكانی بڵاوبوونەوەی زمان و دیالێكت: | ١١ |
| ١-٥ | ڕێباز و جۆرەكانی ئەتڵەسی زمان: | ١٢ |
| ١-٥-١ | ڕێبازی ئەڵمانی: | ١٢ |
| ١-٥-٢ | ڕێبازی فەڕەنسی: | ١٤ |
| ١- ٥ -٣ | جیاوازی نێوان ڕێبازی ئەڵمانی و فەڕەنسی: | ١٥ |
| ١-٦ | دابەشبوونی دیالێكتەكانی زمانی كوردی: | ١٦ |
| ١-٦-١ | هۆكارەكانی هەڵبژاردنی دابەشكردنەكەی مامۆستا ( تۆفیق وەهبی ): | ٢٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١-٧ | ڕۆژبەیانییەکان | ٢٧ |
| ١-٧-١ | واتای زاراوەی ڕۆژبەیانی : | ٢٧ |
| ١-٧-٢ | ڕۆژبەیانییەکان کێن : | ٢٧ |
| ١-٧-٣ | سنووری نیشتەجێ بوونی ڕۆژبەیانییەکان : | ٢٨ |
| ١-٧-٤ | بیروباوەڕی ئاینی ڕۆژبەیانییەکان : | ٢٩ |
| ١-٧-٥ | ڕۆژبەیانییەکان لە مێژوودا : | ٢٩ |
| ١-٧-٦ | جێ و شوێنی ئاخاوتنی ڕۆژبەیانییەکان لەناو دیالێکتەکانی زمانی کوردی : | ٣١ |
| | بەشی دووەم - پاری یەکەم | |
| ٢- ١ | فۆنۆلۆجیای شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکان : | ٣٣ |
| ٢-١-٢ | گۆڕانی دەنگ : | ٣٣ |
| ٢- ١ – ٢ | لەناوچوونی دەنگ : | ٣٧ |
| ٢- ١- ٣ | جێگۆڕکێی دەنگ : | ٣٩ |
| ٢- ١ – ٤ | زیادبوونی دەنگ : | ٣٩ |
| ٢- ١- ٥ | ئاڵۆزی دەنگ : | ٤٠ |
| | بەشی دووەم - پاری دووەم | |
| ٢-٢ | مۆرفۆلۆجیای شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکان : | ٤١ |
| ٢-٢-١ | مۆرفیم ( Morpheme ) | ٤١ |
| ٢-٢-١-١ | جۆرەکانی مۆرفیم : | ٤٢ |
| ٢-٢-٢ | ناو ( Noun ) | ٤٣ |
| ٢-٢-٢-١ | ناو لە ڕووی ژمارەوە : | ٤٣ |
| ٢-٢-٢-٢ | ناو لەڕووی ناسینەوە | ٤٦ |
| ٢ – ٢ – ٢ – ٣ | ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە : | ٤٧ |
| ٢- ٢- ٣ | جێناو ( PRONOUN ) | ٥٠ |
| ٢- ٢- ٣- ١ | جێناوی کەسی : | ٥٠ |
| ٢- ٢- ٣- ٢ | جێناوی خۆیی : | ٥٦ |
| ٢- ٢- ٣- ٣ | جێناوی نیشانە : | ٥٧ |
| ٢-٢-٣-٤ | جێناوی پرسیار : | ٥٩ |
| ٢-٢-٣-٥ | جێناوی چەندیەتی : | ٦٢ |
| ٢-٢-٣-٦ | جێناوی هەیی : | ٦٢ |
| ٢-٢-٣-٧ | جێناوی نەفی : | ٦٢ |
| ٢-٢-٣-٨ | جێناوی هاوبەش : | ٦٣ |
| ٢-٢-٣-٩ | جێناوی نادیار : | ٦٣ |
| ٢-٢-٤ | کار ( Verb ) | ٦٣ |
| ٢-٢-٤-١ | کار لەڕووی ڕۆنانەوە : | ٦٣ |
| ٢- ٢- ٤ - ٢ | ڕێژەی کار : | ٦٩ |
| ٢ – ٢ – ٥ | ئاوەڵکار ( Adverbil ) | ٧٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢-٢-٥-١ | ئاوەڵكار لەڕووی ڕۆنانەوە: | ٨٠ |
| ٢-٢-٥-٢ | جۆرەكانی ئاوەڵكار لە ڕووی واتاوە: | ٨٨ |
| | بەشی سێیەم - پاری یەكەم | |
| ٣- | سینتاكسی شێوەزاری رۆژبەیانییەكان: | ٩٣ |
| ٣- ١ | دۆخ ( case ) | ٩٣ |
| ٣ - ١ -١ | پێناسەی دۆخ: | ٩٤ |
| ٣-١-٢ | پۆلێنكردنی دۆخ و جۆرەكانی: | ٩٥ |
| ٣-١-٣ | دۆخی ڕێزمانی: ( Grammtical cases ) | ٩٥ |
| ٣-١-٤ | تیۆری دۆخ | ٩٦ |
| ٣-١-٥ | پێدانی دۆخ ( Case Assigner ) | ٩٦ |
| ٣-١-٥-١ | دۆخی ڕێزمانی بكەری ( Naminetive case ) | ٩٧ |
| ٣- ١ – ٥ – ٢ | دۆخی دانە پاڵ ( خستنەسەر ) – ( Genitive case ) | ٩٩ |
| ٣-١-٥- ٣ | دۆخی بانگكردن ( Vocative Case ) | ١٠٥ |
| ٣-١- ٦ | ڕێككەوتنی ڕێزمانی: | ١٠٧ |
| ٣-١-٦-١ | ڕێككەوتنی نێوان بەركار و كار: | ١٠٧ |
| ٣- ١- ٦- ٢ | ڕێككەوتنی نێوان بكەر و بەركار: | ١٠٨ |
| ٣-١-٦- ٣ | ڕێككەوتنی نێوان بكەر و كار: | ١٠٩ |
| ٣- ١- ٧ | تۆپیكالێزەیشن ( بەلوتكە كردن ): | ١٠٩ |
| | بەشی سێیەم – پاری دووەم | |
| ٣-٢ | پێكهاتەكانی ڕستە لە شێوەزاری رۆژبەیانییەكاندا: | ١١٠ |
| ٣-٢-١ | فرێزی ناوی: | ١١٠ |
| ٣-٢-١-١ | فراوانكردنی فرێزی ناوی: | ١١١ |
| ٣- ٢-٢ | فرێزی كاری: | ١١٨ |
| ٣-٢-٢-١ | فراوانكردنی فرێزی كاری: | ١٢٠ |
| ٣-٢-٣ | فرێزی ئاوەڵناوی: | ١٢١ |
| ٣-٢-٤ | فرێزی بەند ( فرێزی پێشناوی ): | ١٢٣ |
| ٣-٢-٥ | فرێزی ئاوەڵكاری: | ١٢٤ |
| ٣-٢-٦ | پەیوەندی نێوان فرێزەكان: | ١٢٥ |
| ٣-٢-٧ | ڕیزبوونی كەرەستە لە ڕستەدا: | ١٢٦ |
| ٣-٢-٨ | ناكردن لە شێوەزاری رۆژبەیانییەكان: | ١٢٨ |
| ٣- ٢- ٩ | ئەركی سینتاكسی جێناوە كەسی لكاوەكان: | ١٣٤ |
| ٣-٢-٩-١ | جێناوی كەسیٚ لكاوەكان وەك ( بكەر ) | ١٣٤ |
| ٣-٢-٩-٢ | جێناوە كەسیٚ لكاوەكان وەك بەركاری ڕاستەوخۆ: | ١٣٧ |
| ٣-٢-٩-٣ | جێناوە كەسی لكاوەكان وەك بەركاری ناڕاستەوخۆ: | ١٤٠ |
| ٣-٢-٩-٤ | جێناوی كەسی لكاوەكان وەك دیارخەری ناو: | ١٤٢ |
| | ئە نجام | ١٤٤ |

| | | |
|---|---|---|
| | سەرچاوە | ١٤٦ |
| | پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی | |
| | ملخص البحث ( باللغه العربيه ) | ١٥٢ |
| | ملخص البحث باللغة الانكليزية | ١٥٣ |
| | پاشكۆ | |
| | چاوپێکەوتنەکان | ١٥٤ |
| | نەخشە | ١٥٥ |

# بەشی یەکەم
# چوارچێوەی تیۆری بابەتەکە

# بەشی دووەم

## پاری یەکەم: لایەنی فۆنۆلۆجی شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکان

# بەشی دووەم

## پاری دووەم: لایەنی مۆرفۆلۆجی شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکان

# بەشی سێیەم

## پاری یەکەم: لایەنی سینتاکسی شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکان

# بەشی سێیەم

## پاری دووەم: پێکهاتەکانی رستە لە شێوەزاری رۆژبەیانییەکاندا

# ئه نجام

# سەرچاوە

# پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی

# پاشکۆ

# پێشەکی

**١- ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:**

ناونیشانی نامەکە: ( هەندێ لایەنی ڕێزمانی لە شێوە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانییەکانی کەرکوکدا) ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی هەندێ لایەنی ڕێزمانی ئەم شێوە ئاخاوتنە، کە بریتییە لەلایەنی ( فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکسی) دا.

**٢- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

شێوەزاری ڕۆژبەیانی لە ڕووی یاسا و دەستووورە ڕێزمانییەکانەوە هەندێ جیاوازی هەیە، لەگەڵ زارەکانی تری زمانی کوردی، لێرەوە قسەپێکردنی ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە کەرەستەی باشە بۆ توێژینەوە، بەو پێیەی کە دەتوانرێ وەك نموونەیەکی هاوبەش لەنێوان دوو زاری ( گۆران، لوڕی) دا وەربگیرێ و لە بواری توێژینەوە بەراوردکاریەکاندا بۆ بەراوردکردن لەگەڵ زار و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی سوودی لێ وەربگیرێ. لەلایەکی تریشەوە ئەم شێوەزارە تاوەکو ئێستا هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەسەر نەکراوە.

**٣- ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

خستنە ڕووی هەندێ لایەنی شاراوەی ئەم شێوەزارە و ناساندنی ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە، لە ڕووی تایبەتیشی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسەوە، زیاتر بەمەبەستی ئەوەی بەر لەناوچوون و تێکەڵبوون بە زارە سەرەکییەکانی تر بکرێ، هەندێك لەو تایبەتیانە تۆمار بکرێ، ئەگەر لەپێناوی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەراوردکاریش بێ، دەکرێ لە داهاتوودا سوودی لێوەربگیرێ و ون نەبێ، ئەمە یەکەم هەوڵ و تەقەلا بێت لەم شێوەزارەدا، چونکە تا ئێستا هیچ هەوڵێك نەدراوە بۆ ناساندنی شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکان بە خوێنەری کوردی.

**٤- سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

سنووری لێکۆڵینەوەکە لە کرۆکی ئاخاوتنی شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکانی کەرکوکدا، ئاخێوەرانی شێوەزاری ڕۆژبەیانی دابەش بوونە بە کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا، بەڵام زۆربەیان لە باشووری کوردستان نیشتەجێن و بڵاوبوونەتەوە لە شارەکانی هەولێر و موسڵ و خانەقین و کەلار و کەرکوکدا، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەدا ئاخێوەرانی ڕۆژبەیانییەکانی شاری کەرکوکمان وەرگرتووە وەك دابەشبوونیان بە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا و کاریگەری زار و شێوەزارەکانی ترەوە و دوورکەوتنەوەیان لە یەکتر جیاوازی ئاخاوتن لەنێوانیاندا بەدی دەکرێت، بۆیە بە باشمان زانی تەنیا ئاخێوەرانی ڕۆژبەیانییەکانی شاری کەرکوك و دێهاتەکانی دەوروبەری وەربگرین، بۆیە هەوڵدراوە ئەو گوند و جێگانەی ئەو خەڵکانە بدوێنین، کە ئەسڵی ئاخاوتن و درکاندنی شێوەزارەکەیان پاراستووە، نموونەشمان وەرگرتووە وەکو ڕستە نەك وەکو دەق.

**٥- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی ئێستای زمان کراوە، شیکردنەوەی ( ئێستای شێوەزارەکە) یە، ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی ئاخێوەرانی شێوەزارەکەیە، بەڵام لە قالبێکی ئەکادیمی زمانەوانی دراوە و بەسەر ئاستی دەنگی و وشە و ڕستەدا دابەشکراوە.

**٦- ئەو گیر و گرفتانەی  هاتە پێشمان لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا:**

لە نووسینی لێکۆڵینەوەکەدا چەند گیروگرفتێك هاتنە ئاراوە:

١- نەبوونی دەقی نووسراوە و پەرتوك بەم شێوەزارە.

٢- تێکەڵبوونی زۆریان لەگەڵ شێوەزارەکانی تری کوردی، بەهۆی بارودۆخی کوردستان و ناوچەکە و ڕاگواستنی خەڵکی کوردستان، ئایا بە زۆربیٚ، یاخود بە ئارەزوو بیٚ، گرفتێکی زۆری خستە پێشمان، بۆیە زیاتر ئەو کەسانەمان دواند کە بەتەمەن و کەمتر جێگایان گۆڕاوە.

٣- کەمی سەرچاوە لەسەر نەژادی خەڵکی ئەم شێوەزارە و ئەوەشی هەبوو زۆر کۆن و دەگمەن بوون.

٤-بە هیچ شێوەیەك لەسەر بوارەکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا لە کتێب و توێژینەوەکاندا بەردەستمان نەکەوت.

**٧- بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە پێشەکی و سیٚ بەش و ئەنجام پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەم باس لە ( چوارچێوەی تیۆری بابەتەکە) کراوە، کە باس لە چەمك و تێڕوانین و پێناسەی دیالێکت و هۆکارە ناوەکی و دەرەکی و ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوەی دیالێکت و چەندین دابەشبوونی جیاوازی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و ئەسلٚ و نەژادی ڕۆژبەیانییەکان.

بەشی دووەم کراوە بە دوو پار، پاری یەکەم: هەندیٚ لایەنی فۆنۆلۆجی خراوەتە ڕوو وەك گۆڕانی دەنگ و لەناوچوونی دەنگ و جێگۆڕکێی دەنگ و ئالۆزی دەنگ.

پاری دووەم: تەرخانکراوە بۆ لایەنی مۆرفۆلۆجی شێوەزارەکە، کە تێیدا باس لە بەشەکانی ئاخاوتن و مۆرفیمە وشە داڕێژەکانی ئەم زارە کراوە.

بەشی سێیەم کراوە بە دوو پار، پاری یەکەم: تایبەتە بە هەندیٚ تایبەتمەندی سینتاکسی، کە لە شێوەزارەکەدا بەدی دەکرێت.

پاری دووەمیش: تایبەتە بە فرێزی ناوی و فرێزی کاری، وەك دوو بەشی سەرەکی ڕستە،  هەروەها فرێزی ئاوەڵناوی و بەند و ئاوەڵکاری و پەیوەندی نێوان فرێزەکان لە رستەدا لەگەڵ ڕیزبوونی کەرەستەکان لە ڕستەدا و هەروەها شێوازی ناکردن و ئەرکی جێناوە لکاوەکانی ئەم شێوەزارە لە ڕستەدا.

لە کۆتاییدا کورتەی توێژنەوەکە بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی خراوەتە ڕوو، لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، کە لە چەند خاڵێکدا خراونەتە ڕوو.

### ١- دیالێکت، چەمك و تێڕوانین و پێناسە

### ١-١ زاراوە و چەمك و تێڕوانین و پێناسەی دیالێکت:-

زاراوەی دیالێکت (Dialect) لە بنەڕەتدا لاتینییە و دەگەڕێتەوە بۆ گریگەکان" بۆ یەکەمجار یۆنانییەکان بەشێوەی (Dialekas) بەکاریان هێناوە، یۆنانییەکان ئەو زاراوەیان بۆ جیاکردنەوەی زمانی نووسین لە زمانی چینیەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بەکارهێناوە". (عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد: ٢٠٠٩: ١٠)، واتە یۆنانییەکان بە زمانی فەرمی و ئەدەبییان گوتووە (Dialekas)، بەڵام ( زاراوەی (Patios) یان بۆ زمانی چینە نزمەکانی ناو کۆمەڵ بەکارهێناوە).
(J.k. charmbers and peter trudgil: 2994:30)

هەرچەندە دواتر (پاتویس – Patios)، " وەکو زاراوەیەك لە بواری دیالێکتۆلۆجیدا بەکارهاتووە، بەکارهێنانەکە بەمەبەستی بەشە دیالێکت بووە"(عەبدولمەناف ڕەمەزان: ٢٠٠٩: ١٠) ( پاتویس (Patios) : ئاماژەیە بۆ بەشێکی دیالێکت وەکو ئەوەی بەشە دیالێکتی تاکە گوندێك یان ناوچەیەکی بچووك بێت) (حسام البهناوی: ٢٠٠٤: ٦)، لەزمانی عەرەبیدا زاراوەی (اللهجە) بەکارهاتووە، لەپاڵ ئەمدا زۆر زاراوەی تر بەکارهاتووە، زاراوەی دیالێکتی گشتی (اللهجە العامیە)، دیالێکتی پەتی (اللهجە الفصحی) لە کۆنیشدا زاراوەی (اللهجە واللحن) لەجیاتی (اللهجە) بەکارهاتووە و پێناسەی جیاجیایان بۆکراوە. (گاصد یاسر الزیدی: ١٩٨٧: ٢٠٥).

جێی ئاماژەیە لە زمانی کوردیدا زاراوەی دیالێکت (Dialect) بەکار دەهێنرێت، هەرچەندە کۆمەڵێك زاراوەی تریش وەك (زار، زاراوا، زاراوە، شێوە، بەش، بن ، خوار، نیمچە، بێچۆ، لەهجە) بۆ دیالێکت و نیمچە دیالێکتە داتاشراوە، (حوسێن محەمەد عەزیز: ٢٠٠٥: ٣٢٩).

هەروەها هەندێك زاراوەی تر وەك (گۆڤەر، بەچکەزار، شێوەزار، دەڤۆك)ی لەبەرامبەر بەکارهاتووە، (عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد: ٢٠٠٩:١٠)، یان لەبری دیالێکت و نیمچە دیالێکتدا زاراوەی (زار، وەچەزار) بەکارهاتووە، (نیعمت عەلی سایە: ٢٠٠٤: ٥).

لەبارەی پەیدابوونی و سەرهەڵدانی دیالێکت، چەندین بیر و بۆچوونی جیاواز هەیە، زۆربەی ئەو تیۆر و بیروبۆچوونانە باس لە گۆڕانکارییانە دەکەن، کە بەسەر زماندا دێت، چونکە " دابەشبوونی زمان بۆ چەندین دیالێکت دەگەڕێتەوە بۆ هەست پێکردنی ڕاستەقینە لەلای دانیشتوانی هەرێمێك، هەستکردنیان بەوەی کە بەشێوەیەکی تایبەت قسە دەکەن و ئەو شێوەیە نییە، کە دانیشتوانی هەرێمەکانی دراوسێ قسەی پێدەکەن" (ج. ڤندریس: ١٩٥٠: ٣١٣)، بۆیە زۆرجار "هۆکاری سەرەکی بۆ پەیدابوونی دیالێکت بۆ جیاوازی هەرێمەکان دەگەڕێتەوە، یا ئەو بارودۆخەی لە چوارچێوەی هەرێمێکدا هەیە، و تایبەتمەندی مێژوویی و جوگرافی و ڕامیاری تایبەت بەخۆیەوە هەیە" (رمضان عبدالتواب: ١٩٩٧: ١٦٩).

دیاردەی هەبوونی دیالێکت لە زمانانی جیهاندا، دیاردەیەکی سروشتییە، بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندایە " جیاوازی نێوان زمان و دیالێکتدا لە قەبارەدا هەیە، ئەویش کە زمان لە دیالێکت گەورەترە، چونکە ئەوەی کە زۆرترین ژمارەی یەکە زمانەوانییەکان لەخۆ دەگرێت زمانە، بەڵام دیالێکت لە ڕووی قەبارە و چەشنەوە بچووکترە، هەروەها جیاوازییەکی تر ئەوەیە، کە زمان سەنگی (preslinge) خۆی هەیە، بەڵام دیالێکت ئەو سەنگەی لەدەستداوە" (هدسون:١٩٩٠: ٥٤).

لە ئاستی تاکیشدا، زمان ڕەنگدانەوەی چالاکی بیری مرۆڤە لەناو کۆمەڵگادا، بیری مرۆڤەکانیش لە یەکتر جیاوازن، چونکە "ناکرێت دوو قسەکەری هەمان زمان بەتەواوی وەك یەکتر قسە بکەن، چونکە هەمان بارودۆخ و ئەزموونیان دەربارەی زمانەکە بۆ ڕێك ناکەوێت، وەك هەندێ جیاوازی لە ئاخاوتنی تاکەکاندا هەیە کە بۆماوە ئەزموونی تاکە کەسی ڕۆڵی تێدا دەگێڕێت" (هدسۆن: ١٩٩٠: ٢٧)، بۆیە شێوەی ئاخاوتن و دەربڕینی مرۆڤێك لەگەڵ مرۆڤێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازە لە

یەکتر ناچێت، ئەمەیش دەبێت بەسەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی دیالێکتی تاکە کەسی، چونکە " شێوەی جیاوازی بەکارهێنانی زمانییە لەلایەن بەکارهێنەرانی یەك زماندا، هەر شێوەیەك تایبەتمەندی زمانەوانی بەخۆیەوە هەیە، کە لە شێوەکامنی تری هەمان زمان جیای دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە هەموویانەوە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندیدا هاوبەشن، واتە شێوەی جیاوازی بەکارهێنانی زمانییە لەنێو تاکە زمانێك لەگەڵ شێوەکانی تری هەمان زمان کۆمەڵێك تایبەتمەندی جیاواز و کۆمەڵێك تایبەتمەندی زمانی هاوبەشیان هەیە" (محمد محمد داود: ٢٠٠١: ٦٣).

زۆرجار دیالێکی چوارچێوەی تاکەکان دەبەزێنێت و دەردەچێت و سنور و ناوچەیەك لەخۆدەگرێت، بەم جۆرەش دیالێکی" شێوەی لێدوان و قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە لە نەتەوەیەکدا و ئەم شێوە لێدوانە و قسەکردنەش هەرچەندە، چەند تایبەتێکی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی خۆی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکە لە زمانی نەتەوەیی ئەو خەڵکە" (کامل حسن بصیر:١٩٨٤: ١٥).

ئەم جیاوازیانە دەبنە فاکتەری دروستبوونی دیالێکت لەناو زماندا، چونکە "کاتێك زمانی بەکارهێنراوی کۆمەڵێك لە کۆمەڵێکی تر لەنێو چوارچێوەی هەمان زمان جیاوازی ئاشکرای هەبێت، ئەوا ئەم جیاوازییە پێی دەگوترێت دیالێکت" (غازی عەلی خورشید:٢٠١١: ٣٤).

دیاردەی هەبوونی چەند دیالێکت و نیمچە دیالێکتێك لە زمانی کوردیدا، وەك هەموو زمانێکی تری جیهان، دیاردەیەکی زمانەوانی سروشتی و ئاساییە، چونکە "زمانی هەر میللەتێك بە تەنیا بگرێت، ئاوێنە و دەربڕی عەقڵ و هۆش و تێڕوانینی ئەو میللەتە خۆیەتی بەرامبەر بە سروشت و دەوروبەر و جیاوازە، لە زمانی میللەتانی تر، هەر ئەو تێگەیشتنە، جیاوازیشە کە دەبێت بە بناغەی سەرهەڵدانی ئەو نیشانە تایبەتی و گرنگ و دواتر لە ناوناندا، بەکاریان دەهێنێت" (فاروق عومەر سدیق:٢٠١١: ٣٩١).

زمانەوانان سەبارەت بە دیاردە و پێناسەی دیالێکی راوبۆچوونێکی یەکگرتوو لە نێوانیاندا نییە، چونکە" هەر یەك بەپێی ڕوانگەیەکی تایبەت پێناسەی کردووە، بەشێوەیەکی گشتی لە دەروونی و ئابووری و سیاسی و جوگرافی کراوە" (عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد:٢٠٠٩: ١١).

ئێمە لێرەدا هەندێك لەو پێناسانەی، کە زمانەوانان بۆ دیالێکت کردوویانە دەخەینەڕوو:

دیالێکت و نیمچە دیالێکت "کۆمەڵێك تایبەتمەندی زمانەوانیە کە کۆمەڵە کەسانی لە ژینگەیەکی دیاریکراوی جوگرافیدا قسەی پێدەکەن، ئەو تایبەتمەندیانە لە ئاستەکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی وسنیتاکس و سیمانتیکدا بەدی دەکرێت، و لە دیالێکتەکانی تری زمانەکە جیادەکاتەوە" (محمد شفیع الدین:٢٠٠٧: ٧٦).

"دیالێکت شێوەیەکی دیار و جیاکراوەی قسەکردن و ئاخاوتنە لە چوارچێوەی یەك زماندا، کە قسەکەرانی ناوچەیەك جیادەکاتەوە یاخود کاتێك چینێکی تایبەتی بەشێوەیەکی وا دەدوێن کە زۆر سیما و خاسیەتی جیاکەرەوەی لە چینەکانی دی هەیە" (کەمال میراودەلی:٢٠٠٧: ٤٥).

"دیالێکت شێوەیەکە لە شێوەکانی زمانی ناوچەیی یان کۆمەڵایەتی یان کاتی پێکهێن و دانەکانی رۆنان و ڕێزمان تایبەتی هەیە" (یوسف شەریف سەعید:٢٠١١: ٢٤٧ ).

"هەر زمانێك لە کۆمەڵێك دیالێکیتی جیاواز پێکدێت، هەر دیالێکتێکش لەو دیالێکتانە سیما و خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، کە جیاوازە لە دیالێکتەکانی تری زمانەکە، ئەم جیاوازیانەش هەموو ئاستەکانی ڕێزمانی و فەرهەنگی و واتایی زمان دەگرێتەوە" (تالیب حوسێن عەلی:٢٠١٤: ٢٩٧).

لە کۆی ئەم پێناسانەی کە باسمان کرد ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە هەموو زمانانی جیهان لە چەندین دیالێکت و نیمچە دیالێکت پێکدێت، هەر دیالێکتێك چەندین تایبەتمەندی هەیە لە دیالێکت و زمانی ستاندارد جیادەکاتەوە، لەو

تایبەتمەندییانە جیاوازی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سنتاکس و سیمانتیکی لە نێوانی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکاندا بەدی دەکرێت. بوونی چەندین دیالێکت و نیمچە دیالێکیتی جیاواز لە زماندا، نابێتە مایەی سیستی و لاوازی زمانەکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە بنەما و فاکتەرێکی دیار و گرنگ و ڕۆڵی گەورە و فراوان لە گەشەسەندن و دامەزراندن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی ستانداردی نەتەوەیەك دەگێڕێت.

## ١-٢ هۆکارە ناوەکییەکانی سەرهەڵدانی دیالێکت:

هۆکاری ناوەکی بۆ سەرهەڵدانی دیالێکت و نیمچە دیالێکیت مایەی جیاکردنەوەی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکان، ئەویش جیاوازی لە ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیکدا دەبێت.

### ١-٢-١ جیاوازی فۆنۆلۆجی:

جیاوازی فۆنۆلۆجی لە پلەی یەکەکمدا دێت، لە دروستبوونی دیالێکت و هەر جیاوازییەك لە زماندا ڕوویدات، لە فۆنۆلۆجیەوە سەرچاوە دەگرێت، " لە ڕاستیدا پێویستە ئەوە بزانرێ کە جیاوازی فۆنۆلۆجی بڵاوترین و فراوانترین جۆرەکانی جیاوازی زمانییە لە نێوان هەرێم و ناوچە جوگرافی و کۆمەڵە زمانییە جیاوازەکاندا " (یوسف شەریف سەعید: ٢٠٠٩: ٧٩)، دەبێتە هەنگاوی سەرەتا بۆ دیاری کردنی دیالێکت و نیمچە دیالێکت، چونکە گۆڕان و گەشەی دیالێکتەکان لە ئاستی فۆنۆلۆجی دا زیاتر و خێراتر بەدی دەکرێت، ئەم جیاوازیەش لە ژمارەی فۆنیمەکان. و چۆنیەتی دابەش بوونی بزوێن و نەبزوێن دەگرێتەوە،" بەشداربوونی فۆنیمەکان لە چوارچێوەی برگە و وشەدا و بوون و نەبوونی هێزو چۆنیەتی دابەش بوونی لە وشە و ڕستەدا " (محمد معروف فتاح: ٢٠١١: ١٠٩) ، بەپێی دیالێکت و نیمچە دیالێکت بەکارهێنانی فۆنیمەکان دەگۆڕێت باشترین نموونە دیالێکتەکانی زمانی کوردییە.

دەربارەی دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی چەندین ڕاوبۆچوونی جیاواز لەنێوان زمانەوانەکاندا هەیە، هەر یەکێك لە زمانەوانانە بەشێوەی فۆنیمەکانی دەست نیشانکردووە، ئەوڕەحمانی حاجی مارف و وریا عومەر ئەمین و کوردۆییڤ (٣٦) فۆنیمیان دەستنیشان کردووە، محەمەدی مەحوی و تۆفیق وەهبی (٤٠) فۆنیمیان دەستنیشان کردووە، تاهیر سادق و جەمال نەبەز (٣٤) فۆنیمیان دەستنیشان کردووە، شێخ محەمەدی خاڵ (٢٧) فۆنیمی دەستنیشان کردووە، کەمال فواد (٣٤) فۆنیمی دەستنیشان کردووە، جگە لە ( غ ، ع ، ح ) ، ئەم جیاوازییە لەنێوان ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی ئەوە دەردەخات زمانەوانان هاوڕا نییە لەنێوان خۆیان لەسەر دیاریکردنی فۆنیمەکان. [1]

لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە جیاوازی نێوان دیالێکتەکانی سەروو و ناوەڕاستدا لە بەکارهێنانی فۆنیمەکاندا بەدی دەکرێت وەك:

١- بوونی( /ك/ ،/ گ/ ،/ ب/،/ ی/) سووك لە دیالێکتەکانی ناوەڕاستدا، بەم پێیە سێ جۆر (ك) لە دیالێکتەکانی سەروودا بەدی دەکرێت، (ك) سووك، /ك/ قورس، /ك/ نەرم، بە پێچەوانەی دیالێکتەکانی ناوەڕاست تەنیا دوو /ك/ هەیە،/ك/ قورس،/ك/ نەرم، وەك لە وشەی (کا) و (کێ) دیالێکتەکانی ناوەڕاست وشەی کار(= کەر) کار (پارچە) لە زاری زاخۆ.

---

[1] ) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٦: ٢٥، وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٩: ١٢، کوردۆیڤ: ١٩٨٣: ٢٦، محەمەدی مەحوی: ٢٠٠٨: ٥٨-٦٠، تۆفیق وەهبی: ١٩٨٣: ١٢-١٤، کەمال فوئاد: ١٩٩٥: ٣٢- ٣٣، شێخ محەمەدی خاڵ: ٢٠٠٥: ١٨، محەمەد ئەمین هەورامانی: ١٩٨١: ٨٢- ١٢٣ ).

٢- بوونی نەبزوێنی گەورەکراوە لە دیالێکتەکانی سەروودا وەك (ص، ط) لە دیالێکتەکانی ناوەڕاستدا تەنیا ئەلەفۆنی (س- ت)، بەڵام ئەم دەنگانە و(ط) فۆنێمن لە دیالێکتەکانی سەروودا.

٣- زۆربەی دیالێکتەکانی ناوەڕاست جیاوازی / ل/،/ ڵ/ یان تێدایە وشەی (دڵ) (چڵ) بەراورد بکەین، لە دیالێکتەکانی سەروودا تەنیا فۆنیم (ل) هەیە، وەك وشەی (دل).

٤- بزوێنی/ ە/ شێوازی دەربڕینی جیاوازە لە دیالێکتەکانی سەروو و ناوەڕاستدا لە دیالێکتەکانی سەروودا بەپێشەوەی زمان دروست دەکرێ و لێوخرکردنەوەی لەگەڵدایە، بزوێنی وا لە دیالێکتی ناوەڕاستدا نییە.

٥- لە دیالێکتەکانی سەروودا هێشووە نەبزوێنەکان لە سەرەتای وشەدا زیاتر دێن وەك (شب، شك، شر، مر... هتد)، بەڵام تەنیا (کێو، جۆر، بۆر...هتد) لە دیالێکتەکانی ناوەڕاستدا دێن کە دەنگی دووەمیان نیوە بزوێنە.

٦- دەنگی/ ە/ تەنیا شێوەزاری سلێمانی لەگەڵ بزوێنێکی پێشتردا لەوانەیە نەگۆڕێت بەنێوە بزوێنی/ ی/ لە هەموو دیالێکتەکانی تری کوردیدا دوو بزوێنەکە بەهۆی نیوە بزوێنێکەوە جیادەکرێتەوە(دێ، کابرا، جۆ، دێیە، کابرایە، جۆیە... هتد)[1].

## ١-٢-٢ جیاوازی ڕێزمانی:

جیاوازی ڕێزمانی سێ ئاستی گرنگی ڕێزمان دەگرێتەوە، ئەویش فۆرمۆلۆجی وسینتاکسە و سیمانتیك لەخۆدەگرێت:

### ١- ٢ – ٢ -١ جیاوازی مۆرفۆلۆجی:

جیاوازی مۆرفۆلۆجی لە پلەی دووەمدا دێت، هەوڵدەدرێت یاسا فۆرمۆلۆجییەکانی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکان دیاری بکرێت، لەلایەنی لێکچوون و جیاوازەکانیش لە نێوانیان دەستنیشان بکرێت، بەتایبەتی گەردانەکردنی کار و کۆکردنەوەی ناو و گۆڕینی ئاوەڵناو و ئاوەڵکار... هتد، "جیاوازی نێوان وشە فەرهەنگییەکان و مۆرفیمە پێکەرەکانی وشەکان دەست نیشان بکەین، بەم شێوەیەش سنووری جیاوازی شێوەزارەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە" (یوسف شەریف سەعید:٢٠٠٩: ٧٩).

گرنگی دەستنیشانکردنی جیاوازی مۆرفۆلۆجی لەوەدایە، کە دەبێتە بنەمایەك بۆ ستانداردکردنی زمانەکە،" هەروەها لە ڕێگای دەرخستنی جیاوازی نێوان مۆرفیمەکان لە ڕووی بڵاوبوونەوەیاندا لە ناوچە و دەڤەرە جیاجیاکاندا دەتوانین ئەو مۆرفێمانە دەستنیشان بکەین، کە باشتر لەگەڵ ستانداردەکەدا دەگونجێت و سوودسیان لێوەربگیرێت" (یوسف شەریف سەعید:٢٠٠٩: ٧٩).

دیاردەی جیاوازی مۆرفۆلۆجی لە بەشەکانی ئاخاوتنی و دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە دیالێکتەکانی سەروودا بۆ کاری ڕانەبردوو

- دکەم- بۆ ڕانەبردووی ئێستایە.
- دێ کەم- بۆ ڕانەبڕدووی داهاتووە.

لە دیالێکتەکانی ناوەڕاستدا جیاوازە.-ئەکەم- بۆ ڕانەبردوو لە شێوەزاری سلێمانی.-دەکەم- بۆ ڕانەبردوو لە شێوەزاری هەولێر. (**محمد معروف فتاح**:٢٠١١: ١١٠- ١١١).

**١-٢-٢-٢ جیاوازی سینتاکس:**

لە ئاستی سینتاکسدا جیاوازی نێوان دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکان کەمتر بەدی دەکرێت بەراورد بە ئاستەکانی تری (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی)، چونکە جیاوازی سینتاکس زیاتر لەنێوان زمانی سەربەخۆ دیاری دەکرێت، نەك لەنێوان دیالێکتەکان، هەرچەندە جیاوازی سینتاکسی لەنێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا کەم یان زۆر بەدی دەکرێت " دیاردە سینتاکسیەکان لە شێوەزارەکاندا بە هەموو جیاوازییەکانیان بخەینەڕوو، بۆ نموونە دەتوانین ڕێژە و کات و ڕەگی مۆرفیمەکانی کار و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەیان هەروەها مۆرفیمەکانی بکەر نادیار و تێپەڕاندن و بانگکردن و دۆخی و نێر و مێ و ژمارە لە شێوەزارە جیاوازەکانی زمانەکەماندا بەپێی ناوچەکان دیاری بکەین" (یوسف شەریف سەعید: ٢٠٠٩: ٧٩).

لەنێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا جیاوازی ڕێژەکان و ڕەگی مۆرفیمەکانی کار و بکەر نادیار و بانگکردن و دۆخی نێر و مێ بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لە دیالێکتەکانی سەروودا

تۆ درۆکرد

مالا من

سندوقا هاتیە شکاندن

لە دیالێکتی ناوەڕاستدا

تو درۆت کرد

ماڵی من

**سندوقەکە شکێنرا.** (بڕوانە محمد معروف فتاح : ٢٠١١: ١١٤)

**١-٢-٢-٣ جیاوازی سیمانتیك:**

جیاوازی سیمانتیکی لە هەموو ئاستەکانی تری زمان زیاتر بەدی دەکرێت، دیاردەی گۆڕانی واتا و وەرگرتنی واتا دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە، "بە واتای ئەوەی گۆڕانی واتایی لە چەند شێوەیەکدا لە زمانە سروشتیەکاندا دووپات دەبێتەوە، گرنگترینی ئەو ڕووکارانە وەك، تەسك بوونەوەی واتا، فراوان بوونەوەی واتا، بەرزبوونەوەی واتا، نزم بوونەوەی واتا" (محمد معروف فتاح: ٢٠١١: ١٢٨ )، کەواتا بەکارهێنانی وشە و زاراوەکان لە ناوچەیەکەوە تر جیاوازە، چونکە سیستەمی سیمانتیك سیستەمێکی بەرفراوانی زمانە، ڕۆژانە بەدەیان وشەی نوێ دێتە ئاراوە لەلایەن کۆمەڵگاوە وەردەگرێت و بەکاردەهێنرێت،" دەتوانین بە ئاسانی وشەیەکی نوێ بەکاربهێنین و یاخود لە زمانێکی دیکەوە وەربگرن و گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدەن، ئەمەش بەو هۆیەوە، کە سیستەمی سیمانتیکی زمان، سیستەمێکی داخراو نییە وەکو سیستەمەکانی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس و دەکرێت ئەو جیاوازیانە لە نێوان دیالێکتەکان هەبێت، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر سیستەمی گشتی زمانەکە هەبێت" (عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد: ٢٠٠٩: ١٠٣) بەکارهێنانی وشەی نوێ و داڕشتنی زاراوە و وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانی ترەوە، دەبێتە مایەی دەوڵەمەندی زمانەکە، نەك لاوازی یان سیستی زمان، بۆ نموونە وشەکان

کچ – لە دیالێکتەکانی ناوەڕاستدا شێوەی سلێمانی.

کیژ – لە دیالێکتەکانی ناوەڕاستدا شێوەی هەولێر.

دۆت – لە دیالێکتەکانی سەروودا.

### ١-٣ هۆكارە دەرەكییەكان بۆ سەرهەڵدانی دیالێكت:

هەندێ هۆكاری دەرەكی هەیە، كە كاریگەری و ڕۆڵیان هەیە لەسەرهەڵدانی دیالێكت و نیمچە دیالێكت، كە دەكرێت بەم شێوەیە باسی لێوە بكرێت:

#### ١-٣-١ هۆكاری جوگرافی:-

جوگرافیا و سروشتی چیاو دۆڵ و ڕووبار و دەریا...هتد، هۆكاری گرنگن بوو لەیەك دابڕان لەنێوان ناوچە جیاجیاكاندا بە تێپەڕبوونی كات و دووركەوتنەوە لەیەكتر جیاوازی ئاخاوتن دەكەوێتە نێوانی ئاخیوەران جیاوازی لەنێوان دیالێكتەكانیان بەدی دەكرێت، واتە هەر ناوچەك دەبێتە خاوەنی سیما و خەسڵەتی تایبەتی بەخۆی لە ئاستە جیاوازەكانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاكس و سیمانیتكسیدا، " ئەگەر هاتوو خاوەن زمانێك لە ژینگەیەكی جوگرافی بەرفراواندا ژیان و ناوچەكە سروشتێكی جیاوازی هەبوو، چیا و دۆڵ كەوتە نێوانیان و لەیەكتر دابڕان، ئەوا جیاوازی ئاخاوتن لەنێوانیان بەدی دەكرێت) (عبدەالراجحی: ١٩٩٦: ٣٧) یان هەندێ جار ئەم دیالێكتە بە (دیالێكیتی خۆجێی دەناسرێت یان بە دیالێكتی جوگرافی ناودەبرێت وەكو دیالێكتی كوكنی.[1] ( cockeny) لە لەندەن" (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١١: ٢٤٨).

سروشت و ژینگە كوردستان زۆربەی كات بووەتە مایەی لەیەك دابڕان لەنێوان ناوچەكانی كوردستاندا، بەهۆی چیا و دۆڵە سەختەكانییەوە و بەفر بارینی زستان و ڕێگەگرتنی لەنێوان ناوچەكانی كوردستاندا، بووەتە هۆی لەیەك دابڕان و دووركەوتنەوە لەیەكتر، ئەمەش ڕۆڵ و كاریگەری لە ترازاندن و كەمبوونەوەی تێكەڵاوی خێڵەكاندا هەبووە، كەواتا هۆكاری جوگرافی دەبێتە مایەی " گۆشەگیر بوونی گروپێك لە ئاخیوەران بەتێپەڕبوونی كات جیاوازی دروست دەبێت و پێی دەگوترێت دیالێكت یان نیمچە دیالێكت" (عوسمان كەریم عەبدولڕەحیم: ٢٠١٤: ٤٠).

لە چەرخە كۆنەكاندا و لە چەرخەكانی ناوەڕاستدا، لە ئەنجامی ئەو دابڕان و دووركەوتنەوە و سەرهەڵدانی دیالێكتەكانی زمانی كوردی لێكەوتووەتەوە، بەشێوەیەك هەر ناوەچەیەك بۆ ناولێنانی كەرەستەكانی دەوروبەری هەندێك وشە و زاراوە و دەستەواژەی تایبەتی بەكاربهێنێت و سیمای زمانی تایبەتی پێ ببەخشێت، كە جۆرە جیاوازییەكی هەبێت لە شێوەی ئاخاوتنی خەڵكی ناوچەكانی تردا، هەر ناوچەیەك لەگەڵ دیالێكتی ناوچەكانی تردا جیایە بەجۆرێك هەندێك وشە و زاراوە لە ناوچەیەكی دیاریكراودا بەكاردێت بەبێ ئەوەی لە ناوچەكانی تر بەكاربێت.

#### ١-٣-٢ هۆكاری كۆمەڵایەتی:

زمان دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە، مەبەست لە هۆكاری كۆمەڵایەتی، دابەشبوونی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگایە، بە واتایەكی تر جیاوازی نێوان تاكەكانە لە ڕووی كۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریەوە، وەك چینی باڵادەست و خاوەن پیشە و بازرگانی و زانستكار هەن، هەروەها ئاستی خوێندەواری و نەخوێندەواری، ڕادەی جیاوازی ڕۆشنبیری و بیركردنەوەی جیاواز، لەمەشەوە دیالێكیتی كۆمەڵایەتی هاتەكایەوە " دیالێكتی كۆمەڵایەتی هەموو ئەو جیاوازییە زمانەوانیانە دەگرێتەوە كە لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵدا هەستی پێدەكرێت كە پشت بە جیاوازی چینەكانی كۆمەڵ و بۆنە و تەمەن و ڕەگەز و پیشە دەبەسێت لەبری جیاوازییە ناوچەیەكانی دابەشبوونی دانیشتوان" (بەكر عومەر عەلی و شێركۆ حەمەئەمین: ٢٠٠٦: ٢٢). بەم شێوەیە جیاوازی كۆمەڵایەتی و بە دیاردەیەكی ئاشكرا دادەنرێت، ڕۆڵێكی گرنگ و

---

[1]) **كوكنی** ( cockeny ) **دیالێكتی خۆجێی زمانی ئینگلیزییە**.

کاریگەری هەیە لە سەرهەڵدانی و دروستبوونی دیالێکت و نیمچە دیالێکیتدا،" ژینگەی کۆمەڵایەتی شار و شارۆچکە و گوند و هۆز و ناوچە جیاوازی لەنێوان قسەکەرانیان دروست دەکات" (یوسف شەریف سەعید: ٢٠١٢: ٦٨).

دوو کۆمەڵە ئاخێوەرانی زمانێك چەندین پەیوەندی زمانەوان لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، لە هەمان کاتدا جیاوازی لە ئاخاوتنیاندا بەدی دەکرێت،هۆکێت دەڵێت: "ڕێژەی پەیوەندی لەنێوان کۆمەڵە ئاخێوەرانی زمانێك مەرجە بۆ هەبوونی کۆمەڵێ تایبەتمەندی زمانەوانی، ئەگەر هاتوو دوو کۆمەڵە ئاخێوەرانی بەیەك زمانیش بدوێن، بەلام پەیوەندی لە نێوانیاندا نەبێت، ئەوا دەبنە دوو کۆمەڵە ئاخێوەری جیاواز لە یەکتر" (هدسۆن: ١٩٩٠: ٤٦).

پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکە، دەتوانین باشووری کوردستان وەك نموونە بهێنینەوە چەندین ناوچە و شار شارۆچکە و گوند و هۆز و تیرەی جیاوازی تێدایە، لەوی تر، خوو ڕەوشت و داب و نەریتی ناو کۆمەڵگا و دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ ئاستی بیرکردنەوە و ڕۆشنبیری جیاواز، فاکتەرێکی سەرەکین بۆ پەیدابوونی دیالێکیت و نیمچە دیالێکیت.

## ١-٣-٣ هۆکاری سیاسی:

سنوورە سیاسییەکان وەکو سنووری زمان تەماشا دەکرێت، یاخود دیاریکردن و دەستنیشانکردنی سنووری نێوان دیالێکتەکان بەهەمان پێڕەوی سنووری سیاسیەکان دیاری دەکرێت، هەر چۆن سنووری نێوان زمانەکانیش بە هێڵێك دیاری دەکرێت و دەستنیشان دەکرێت و ناوچەکانی لە یەکتر جیادەکرێتەوە، زمان و دیالێکیت وەکو کیانێکی سیاسی سەربەخۆ تەماشا دەکرێت. "هۆکاری سیاسی بۆ لایەنی کارگێڕیش بەهەمان شێوەیە و بەپێی سنوورە کارگێڕییەکان، سنووری نێوان دیالێکیت و بەشە دیالێکتەکان جیاوازەکان دادەنرێت، بۆیە دیالۆکتۆلۆجیادا زاراوەی ( hoteronomy) بەواتای (ئۆتۆنۆمی زمان) بەکارهاتووە" (عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد:٢٠٠٩: ٤١).

نموونەی لەم چەشنە زۆرە، فاکتەری سیاسی توانیەتی زمانێك و نەتەوەیەك بە چەند زمان و نەتەوەی سەربەخۆ بگۆڕێت، دەتوانین زمانی نەرویجی بە نموونە بهێنینەوە، لە سەدەی (١٣)ی زاینی تاکو سەدەی (١٩)ی زاینی نەرویج لەژێر دەسەلاتی دانیمارکدا بووە، زمانی دانیمارکی لە هەموو دام و دەزگا و خوێندن و نووسین و کلێسادا بەکارهاتووە، زمانی پێکهاتووە کە تێکەلاوی بوو لە نێوان زمانی دانیمارکی و نەرویجی لەو ناوچانەی ژێر دەسەلاتی دانیمارکدا بووە، بەلام لە گوند و شارۆچکە دوورەکانی دوور لە دەسەلاتی دانیمارکی زمانی نەرویجی تەنیا لە ڕووی قسەکردنەوە گەشەی دەکرد، پاشان یەکێتی نێوان نەرویج و دانیمارك هەڵوەشایەوە دیسان یەکێتی نێوان سوید و نەرویج پێکهێنرا و نەرویج کەوتە ژێر دەسەلاتی سوید، هەرچەند هێشتا زمانی نەرویجی لەژێر کاریگەری زمانی دانیمارکی بوو لە زمانی دانیمارکی نەرویجکراو) یان لێنابوو، لە هەمان کاتدا زانا ئایدیۆلۆجی زمانی (کنود و کنودسین) و لایەنگرانی هەنگاو بە هەنگاو توانییان ئەم زمانە دانیمارك بە نەرویجکراوە بگۆڕن. (ڕەفیق سابیر: ٢٠٠٨: ٥٦).

## ١-٣-٤ هۆکاری بەریەککەوتنی زمانەکان:

ململانێی زمان یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیالێکت، جیاوازییەکانیش بە ڕوونی لە ئاستەکانی دەنگسازی و ڕێزمان و واتادا بەدی دەکرێت، "گۆڕان و گەشەی زمان بەردەوامە، دوور لە هەموو گۆڕانکارییە دەرەکییەکان، مەحاڵە لە هیچ زمانێ بەدی نەکرێت، بەپێچەوانەوە دراوسێیەتی لە زماندا، ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گۆڕانی زماندا" (فندریس : ١٩٥٠: ٣٤٨) ئەگەر تەماشای مێژووی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو بکەین، کە چۆن زمانی کوردی زۆر لە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبی و فارسی و تورکیدا بووە، بەهۆی تێکەلاوی و داگیرکردنی خاکی

کوردستانەوە، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ز و نیمچە ئازادێك بۆ باشووری کوردستان و ڕۆڵی ڕاگەیاندن زمانی کوردی لە ڕووی خوێندن و نووسینەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەو ناوچانەی کە هاوسنوورن لەگەڵ ناوچە عەرەب نشینەکان زیاتر کاریگەرن بە زمانی عەرەبی وەك شارەکانی کەرکوك و خانەقین... هتد، لە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانیدا وشە و زاراوەی عەرەبی بەدی دەکرێت بەهەمان شێوەی شارەکانی تری کوردستان.

### ١-٣-٥ هۆکاری تاکە کەسی:

ئاشکرایە هەر تاکێکی کۆمەڵگا بەپێی هەندێ تایبەتمەندی جیاواز لەوانی تر قسە دەکات" هەر زمانێ کۆمەڵە کەسانێ قسەی پێدەکەن، ئەوەی جێی باوەڕە هەموو ئاخێوەرانی زمانەکە ناکرێت وەك یەك قسە بکەن، جیاوازی لە دەربڕینیان دەبێت" (ڤندریس: ١٩٥٠: ٢٩٠) کەواتا دەربڕینی وشە و دەستەواژە و شێوازی قسەکردنی کەسێك بۆ کەسێکی تر جیاوازە و لەیەکتر ناچێت،" ئاخاوتنی مرۆڤێك لە مرۆڤێکی تر ناچێت" (غازی فاتیح وەیس: ١٩٨٧: ١٢٥) شێواز و ئاخاوتن و دەربڕینی هەموو تاکێك ڕەنگدانەوەی سەرجەم تایبەتمەندی ئەو کەسەیە، لەم ڕوانگەیەوە دیالێکتی تاکە کەسی دەردەکەوێت، کە هەموو جیاوازییە کەسییەکان لەخۆدەگرێت، بێگومان ئاخاوتنی دکتۆرێك یان مامۆستایەك یان ئەندازیارێك یان نەخوێندەوارێك... هتد جیاوازن لە یەکتر،" ناکرێت دوو کەس ئاخێوەری یەك زمان بن، هەمان بارودۆخ و توانا و ئەزموونیان هەبێت لە زمانەکەدا" (هدسۆن: ١٩٩٠: ٢٧) لێرەدا جیاوازی لەنێوان تاکەکان بەدی دەکرێت دیالێکتی تاکە کەسی دێتە ئاراوە.

### ١-٣-٦ هۆکاری ئابووری:

یەکێك لە هۆکارە سەرەکی و گرنگەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی شێوەی ئاخاوتنی جیاوازە، دواتر سەرهەڵدانی دیالێکت و نیمچە دیالێکت لەنێو زماندا، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەهۆکاری ئابوورییەوە هەیە، دەکرێتە سەرچاوەی بۆ هەموو هۆکارەکانی تر وەك (جوگراف، سیاسی، کۆمەڵایەتی ...هتد) لە ژێر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئەم هۆکارانە، دیالێکت و نیمچە دیالێکت پەیدا دەبێت، چونکە باری ئابووری تاکەکان جیاوازی چینایەتی لەنێوان توێژەکانی ناو کۆمەڵگا دێتە ئاراوە، لە هەموو بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، بەهۆی ئەو جیاوازییەوە، جیاوازی کار و پیشە و ئاستی خوێندەواری و نەخوێندەواری و زانستی و زانیاری و ڕۆشنبیری دروست دەبێت، هەموو ئەم ئاستە جیاوازانەی ناو کۆمەڵگا ڕۆڵ دەگێڕن لە سەرهەڵدانی شێوەی ئاخاوتنی جودا جودا، کە دەبێتە بنەما و فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەرهەڵدانی دیالێکت و نیمچە دیالێکت، هەروەها دەوڵەمەندی و بەپێزی خاك و نیشتمان زۆر جار دەبێتە فاکتەری سەرەکی بۆ داگیرکردن و دابەشکردنی ناوچەکانی وڵات دوورکەوتنەوەی خەڵکەکە لە یەکتر.

ناوچەکانی کوردستان باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، لەڕووی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە لەیەکتر دابڕاون و "یەکێتی ئابووری لەنێوان هەموو بەشەکانی کوردستاندا نابینرێت تا بیانبەستێتەوە بەیەکتر، ئا ئەم بارودۆخە هۆی ڕاستەوخۆیە بۆ پەیدابوونی دیالێکت و گەشەسەندنی لە زمانی کوردیدا" (ڕەفیق شوانی : ٢٠٠١: ٧٤)، گەشەسەندنی باری ئابووری هەر وڵاتێ فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ لە یەکتر نزیکردنەوەی شێوەی ئاخاوتنی دانیشتوانەکەی، نموونە ئەم چەشنە زمانی ئینگلیزی بەچەندین قۆناغدا تێپەڕیوە و گەشەی سەندووە، لەسەرەتادا زاری دوو هۆزی باکوور و ڕۆژئاوایی ئەڵمانیا بووە، بۆ ماوەی پێنج سەدە ئەڵمانیا بەریتانیا داگیر کردبوو، پاشان بەریتانیا لەلایەن فەرەنساوە داگیرکرا و زمانی ئینگلیزی و زمانی فەرەنسی شان بەشانی یەکتر گەشان دەکرد، " هەرچەند زمانی فەرەنسی زمانی فەرمی بوو لە وڵاتدا و زمانی ئینگلیزی تەنیا زمانی چینی خواروو و ژێر دەست بووە، چەندین ڕووداوی گرنگ لە ئەوروپا و

بەریتانیا بەرپا بوو، ڕۆڵی گرنگی هەبوو وەك شەڕی سەد ساڵە و دەرکەوتنی نووسەران و شاعیران وەك (جیفری چۆسەر لە ١٣٤٠ – ١٤٠٠ ز، ولیام شەکسپیر لە ١٥٦٤ – ١٦١٦ز) و ڕێنیسانس و شۆڕشی پیشەسازی و داهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و سەدان وشەی نوێ هێنایە ناو زمانی ئینگلیزی، بەڵکو لە زمانی ئینگلیزی بەشێوەیەك داتاشینیان بۆ ئەو وشانە کرد، لەگەڵ سترەکچەری زمانی ئینگلیزی بگونجێت" (سەلام ناوخۆش: ٢٠١٠: ١٠– ١٣).

هەروەها ئەستەنبوول شارێکی گەورەی تورکیایە و دەکەوێتە سەر کەناری دەریایی ئیجە و هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەوروپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، "بەم هۆیەوە بوو بە شارێکی بازرگانی گەورە لەناوچەکەدا، لە هەموو شارەکانی تر دەهاتنە ئەستەنبوول، ئەم تێکەڵاویە بوو بە هۆکارێکی سەرەکی بۆ دروستبوونی دیالێکتی ئەستەنبوول و پاشان بوو بە زمانی ستانداردی نەتەوەی تورك" (ڕەفیق سابیر: ٢٠٠٨: ٤١) کەواتا کاریگەری هۆکاری ئابووری لەسەرهەڵدان و کاڵکردنەوەی دیالێکتدا دوو جەمسەرییە.

### ١-٤ تیۆرەکانی بڵاوبوونەوەی زمان و دیالێکت:

بەدرێژایی مێژوو لە گۆڕان و بڵاوبوونەوەی زمان و دیالێکتدا چەندین تیۆر و بۆچوونی جیاواز هاتنە کایەوە، سەبارەت بەسیستی زمانێك و چالاکبوونی زمانێکی تر، "هەر بۆچوون تیۆرێکیش بەپێی سەدە و فەلسەفەی ئەو سەردەمەی زمانرێژ کراون، درەختی خێزانە زمانییەکان لە داهێنانی ئۆگست شلایخەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٦٦ز، نواندن بەهۆی دار و لق و پۆپەوە" (محمد معروف فتاح:٢٠٠١: ١٥٨).

لایەنە بەشەکانی ئەم تێورە ئەوەیە، کە پەیوەندی مێژووی نێوان زمانەکان و ئەو گۆڕنکارییانەی بە تێپەڕبوونی مێژوو بەسەر زمانەکاندا دێت و پەیوەندی توند و تۆڵە، کە لە ئێستادا هەیە لە نێوانیان، بە ڕوونی دیاری دەکات، "کەواتا درەختی خێزانە زمانییەکان و بڵاوبوونەوەکەیان ستوونییە و پەیڕەوی ڕێبازی مێژووی دەکەن" (هدسۆن:١٩٩٠: ٦٣).

هەروەها ئەم تیۆرە کەم و کورتیشی لێ بەدی دەکرێت، "چونکە ناتوانرێت کام لە زمانەکان دیاری بکرێت وەك سەرچاوەێك بۆ هەموو زمانەکانی تر، یان هەندێ لە زمانە کۆنە مردووەکان کە جێگایان نییە، کە بەر هیچ پۆلێك لەو درەختە ناکەون وەك زمانی سۆمەری، بەهۆی لقەکانەوە یەکتر نابڕن، لەگەڵ یەکەم جیابوونەوە جارێکی تر هیچ کاریگەرییان بەسەر یەکەوە نامێنێ". (فەرەیدون بەرزنجی، سەباح ڕەشید: ٢٠١٣: ٢١– ٣١).

" زمانەوانەکان بۆ جێگیرەوەی درەختی خێزانە زمانییەکان تیۆرییەکی تریان گرتەبەر، ئەویش تیۆری شەپۆلەکانە بۆ نیشاندانی پەیوەندی نێوان دیالێکت و زمان، ئەویش لەسەر دەستی زمانەوانی وەکو (جیمس بیلی ١٩٧٣) و (بیکرتۆن ١٩٧٥) و (دیکامب ١٩٧٠) گەشەیان پێدا، بۆچوونەکانیان دەچێتە چوارچێوەی زمانەوانی مێژوویی وەکو زمانەوانی تیۆری شەپۆلەکان هەوڵی ئەوە دەدات بەیەکداچوون و تێکچڕژانی دیالێکتەکان بخاتەڕوو لە ڕێگەی گریمانەکردنی تیشکۆی جوگرافییە جیاوازەکان بۆ بڵاوبوونەوەی یەك زمانییە جیاوازەکان، ئەم تیۆرە لە بنچینەدا بە هەرێمی زمانەکان بە گۆمێکی ئاو دەچوێن،ی کاتێك بەردێك هەڵدەدرێتە ناو ئاو، ئەو شوێنەی بەردەکەی تێدەکەوێت بە خاڵی چەقی هەرێمی زمانییەکە ئەژمار دەکرێت" (هدسۆن: ١٩٩٠: ٦٩– ٧٠).

"هەر بەردێك سەنتەری زمانێك دەگەیەنێ بە هۆی ئەو شەپۆلی ئاو بەشێوەیەکی بازنەیی بە هەموو لایەکی دەوروبەری خۆی بڵاودەبێتەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کاریگەریی دیالێکت و زمانەکان بەسەریەکەوە هەیە، گەورە و بچووکی بەردەکە لەنێوان دوو دیالێکتدا ئاماژەیە بۆ زۆری و کەمی ژمارەی ئاخێوەرانی ئەو دیالێکت و نیمچە دیالێکتە، قووڵایی گۆمە ئاوەکە لایەنی شارستانی و کەلتووری ئەو دیالێکتە دەگەیەنێ، بڵاوبوونەوەی زمان و دیالێکت بەپێی ئەو تیۆرە ئاسۆیی دەبێت و دەچێتە بواری لێکۆڵینەوەی ئێستای زمان، مامەڵە لەگەڵ ئەو دیاردە زمانییە دەکات، کە ئێستا لەناو

دوو دیالێکتدا هەن، وشکبوونی هەر گۆمە ئاوێك مردن و لەناوچوونی دیالێکتێك یان زمانێك دەگەیەنێ" (فەرەیدون بەرزنجی، سەباح ڕەشید: ٢٠١٣: ٢٨– ٣٢).

یان " ئەگەر دوو بەرد فڕێی بدرێتە ناو گۆمە ئاوێکەوە ناوچەی هاوبەش هەموو لایەك دەگرێتەوە، ئەو ناوچەیەی کە شوێنی یەکتر بڕینەکەی نیشان دەدات، دەبێتە ناوچەی تێکەڵاوی لە هەر دوو دیالێکت یان هەر دوو زمان دروست دەبێ، شێوەی ئاخاوتنی ئەو ناوچەیە سیمای هەردوو دیالێکت یان زمانی پێوە دیارە" (هدسۆن: ١٩٩٠: ٧٠).

تیۆری ڕووەکەکان ئەگەر بمانەوێ دیالێکت و نیمچە دیالێکت وەك ڕووەك تەماشا بکەین، کە چەند جۆرە ڕووەکێکی جیاواز لە کێڵگەدا بچێنرێت، ئەوا هەندێکی گەورە دەبێ و گەشە دەکات و هەندێکی هەر لە شوێنی خۆیدا وشك دەبێتەوە و ئاسەواری نامێنێ، یان ڕووەك لە ناوچەیەکی ترەوە بهێنرێت و لە کێڵگەیەکدا بچێنرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە چەندین ڕووەکی جیاواز لەیەك کێڵگەدا پێکەوە دەژین و گەشە دەکەن و لەوانەیە نەتوانن لە ژینگە نوێکەدا بگونجێن و بژین و بەسستی و لاوازی لە سووچێکی کێڵگەدا گۆشەگیر بن، دیالێکت و نیمچە دیالێکتیش بەهەمان شێوە تەنیا لەلای کۆمەڵە کەسانێ کەم دەمێنێتەوە، "چونکە گەشەکردنی یەکەکانی زمان پشت بە بەکارهێنەرانی دەبەستێ بۆ بەکارهێنانیان بۆ ئەو دیالێکت و نیمچە دیالێکتانە، چونکە ئەو یەکە زمانییانە وەك ڕووەکەکان دەکەونە ژێر کاریگەری ژینگە و دەوروبەری" (هدسۆن: ١٩٩٠: ٧١).

### ١-٥ ڕێباز و جۆرەکانی ئەتڵەسی زمان : ([1])

دانانی ئەتڵەسی زمانی لایەنێکی گرنگی زانستی زمانە لە بواری دیاریکردنی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و سنوور لەنێوانیان دیاری دەکات، سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی دانانی ئەتڵەسی زمان بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە لە بواری زمانەوانیدا پێشەنگە، زانایانی زمانەوانی هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە سوودێکی گرنگی هەیە بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی کێشە زمانەوانییەکان، بەشێوەیەکی گشتی دوو ڕێبازی سەرەکی لە دانانی ئەتڵەسی زمانیدا هەر لەسەرەتاوە هەبووە، کە هەر یەکێکیان لە شوێنێکی دیاریکراو پەیڕەوکراوە، دواتر ئەو دوو ڕێبازە گەشەیان پێدراوە و گۆڕانکارییان تێدا ئەنجامدراوە و ڕێبازی نوێیان لێ دروستکراوە.

١– ڕێبازی ئەڵمانی.

٢– ڕێبازی فەڕەنسی.

### ١-٥-١ ڕێبازی ئەڵمانی:

داهێنەر و جێبەجێکەری ئەم ڕێبازە (جۆرج ڤینکەر – Georg wenker)[2] ە، هەستا بە کۆکردنەوەی داتە زمانییەکان، بەپێی ئەم ڕێبازە ئەتڵەسی زمانی بەم چەند هەنگاوێ ئامادەکرد.

هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئەتڵەسی زمان بەپێی ڕێبازی ئەڵمانی:–

یەکەم: دیاریکردنی چەند ڕستەیەك، کە دەربڕین لە گرنگترین ئەو وشانە دەکەن، ڕۆژانە لە سەر زاری ئاخێوەرانی زمان و دیالێکتەکانە و تۆمارکردنیان لە لێستێکدا، پاشان لیستی ڕستەکان ئامادە دەکرێت، پێویستە ئەو لیستە چەند

---

[1] **بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێباز و جۆرەکانی ئەتڵەسی زمان بڕوانە** ( رمضان **عبدالتواب: ١٩٩٧: ١٥١–١٥٧** )

[2] **جۆرج ڤینکەر لە ٢٥/ ١/ ١٨٥٢ز لە ئەڵمانیا لەدایکبووە، لە شارەکانی میونخ و بۆن و هامبۆرگ خوێندوویەتی، لە ساڵی ١٨٧٦ ز دکتۆرای بەدەستهێناوە، لەساڵی ١٩١١ ز کۆچی دوایی کردووە.**

زانیارییەك لەبارەی فۆرمانتی زمانی و تۆمارکەری ئەو کەسەی کە لستەکان پڕدەکاتـەوە، لـەخۆ بگرێـت، بـەم شـێوەیەی خوارەوە:–

لاپەڕەی یەکەم: تایبەتە بە فۆرمانتی زمانی و تۆمارکەر ئەو شوێنەی کە داتا زمانییەکانم لێ تۆمار کردووە... ... ...

ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی ... ... ...

| فۆرمانت، کە داتا زمانییەکانی لێ وەرگیراوە | تۆمارکەری زمانی کە داتا زمانییەکانی تۆمار کردووە |
|---|---|
| ناو: | ناو: |
| تەمەن: | تەمەن: |
| پیشە: | پیشە: |
| شوێنی لەدایکبوون | شوێنی لەدایکبوون |

لاپەڕەی دووەم: کە تایبەتە بە پرسیارەکان (دەقی چـەند ڕسـتەیەك وەکـو چـۆن لـە یەکـەم لیـستی ڕسـتەکانی ڤینکـەر هاتووە، وەرگێڕدراوی زمانی کوردی) [1] :

| ڕستەکە لەزمانی ئەڵمانی ستاندەردا (وەرگێڕانەکەی) | ڕستە لە دیالێکتی ناوچەیی |
|---|---|
| ١– زستانان گەڵای درەختەکان هەڵدەوەرێن و بەبادا دەچن. | |
| ٢– کەمێك خەڵووز بکە نێو ئاگردانەکە بۆ ئەوەی شیرەکە بکوڵێت. | |
| ٣– ئاگرەکە ئەوەندە بەگوڕ بووە، تا ئەو ڕادەیەی چێشتەکە ڕەش داهات | |
| ٤– هەموو کاتێ هێلکە بەبێ خوێ و بیبەر دەخوات | |
| ٥– قاچەکانم زۆر دێشن، دیارە لەبەر ئەوەیە کە زۆر هاتووچووم کردووە. | |
| ٦– ئایا ناکرێت چرکەیەك بوەستن بۆئەوەی ئێمەش لەگەڵتان بێین. | |
| ٧– قسەکە لەزاری دەرهات | |

دووەم : ناردنی لیستی پرسیارەکان بۆ هەموو ئەو دەڤەرانەی، کە دەکەونە ئەو ناوچەی ئەتڵەسی زمـانی بـۆ دادەنرێـت، لە ڕێبازی ئەڵمانیدا، تا زیاتر ڕستەکان لەناوچەکان بەشێوەیەکی گشتگیر و فراوان بڵاو بکرێنەوە باشترە.

سێیەم: تۆمارکەرەکان، ئەوانەی داتا و دیاردە زمانییەکان لەزاری فۆرمانتەکانەوە وەردەگرن و لـەو لیـستانەدا تۆماریـان دەکەن، کە پێشتر لە هەنگاوی یەکەمدا ئامادە کراون، پێویـستە لـە هەڵبـژاردنیان ڕەچـاوی ئـەوە بکرێـت، کـە ئاسـتێکی ڕۆشـنبیری باشـیان هـەبێت، بەشـێوەیەك کـە بتـوانن داتـا و دیـاردە زمانییـەکان وەکـو چـۆن لەلایـەن فۆرمانتەکانـەوە گۆدەکردێن، بەو شێوە تۆمار بکرێن.

چوارەم: دوای ناردنی لیستی ڕستەکان بۆ ئەو دەڤەر و هەرێمانەی کـە دەکەونـە چوارچـێوەی پرۆژەکـەدا و تۆمـارکردنی داتا زمانییەکان، دەگەڕێندرێنەوە بنکەی سەرەکی و دەست دەکرێت بە ڕیزکردن و پـۆلێنکردن و جیاکردنـەوەی داتاکـان

**[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( رمضان عبدالتواب: ١٩٩٧ : ١٥١– ١٥٢ ) لیستی ڕستەکانیش لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردراوە.**

بۆ هەر دیاردەیەك نەخشەیەكی تایبەت دادەنرێت و داتا و دیاردە زمانییەكان بەتەنیا لەسەر نەخشەی ناوچەكان تۆمار دەكرێن، بەم شێوەیە هەرێم و ناوچەی زمانی تایبەت دیاری دەكرێت.
پێنجەم: هەموو ئەو نەخشە تایبەتانەی بەهەرێم و ناوچە جیاوازەكان بەراورد دەكرێن و پۆلێن دەكرێن و جیاوازی و لێكچوونی نێوانیان دیاری دەكرێن و لە یەك نەخشەی گشتیدا دادەنرێن، بەمەش سنووری كۆتایی ناوچە و هەرێمە زمانییەكان دیاری دەكرێن.

### ١-٥-٢ ڕێبازی فەڕەنسی:

داهێنەر و ئامادەكەری ئەم ڕێبازە (چولز چیلیرون – Golz Gillieron) ە، بەپێی ئەم ڕێبازە ئەتڵەسی زمان بەم هەنگاوانەی خوارەوە ئامادە دەكرێت.
هەنگاوی ئامادەكردنی ئەتڵەسی زمان بەپێی ڕێبازی فەڕەنسی:
یەكەم: سەرەتا ئەو هەرێم و ناوچەیەی ئەتڵەسی زمانی بۆ دادەنرێت، دەستنیشان دەكرێت، چەند گوند و شار و شارۆچكەیەك لەو هەرێم و ناوچەیە هەڵدەبژێردرێت، بەشێوەیەك ئەو گوند و شار و شارۆچكانە و بەگوێرەی جیاوازی ژینگەی زمانییەكان و فراوانی ئەو ناوچەیەی كە ئەتڵەسی زمانی بۆ دادەنرێت، دەستنیشان دەكرێت.
دووەم: كتێبێكی تایبەت دادەنرێت، كە بە كتێبی پرسیارەكان (Frageduch) ناسراوە و نزیكەی (٢٠٠٠– ٢٥٠٠) هەزار پرسیار لەخۆدەگرێت، لە دانانی پرسیارەكانی نێو كتێبەكەدا پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بكرێت:
١– گشتگیر بێت و گرنگترین ئەو فەرهەنگیانە لەخۆ بگرێت، كە لە گوند و شارەكان بەدی دەكرێن و زۆر بەكار دەهێندرێن.
٢– ڕەچاوی ئەوە بكرێت، كە پرسیارەكان بەیەك وشە بەرسڤ بدرێتەوە.
٣– ڕیزكردنی پرسیارەكان بابەتیانە بێت، بەشێوەیەك هەر بەشێك لەو پرسیارانە تایبەت بێت بە بوارێك لە بوارەكان و بەشێك لە ئەتڵەسی گشتی پڕبكاتەوە، وەكو ئەوەی كێڵگە واتاییەكان بەڕیز لەدوای یەكتری دابنرێن، بۆ نموونە كێڵگە واتای خزمایەتی و وشەكانی وەكو (باوك، دایك ، برا، خوشك...هتد) بەدوای یەكتردا بێن، بەهەمان شێوە بۆ كێڵگەكانی دیكە، وەكو قۆناغەكانی تەمەنی مرۆڤ و بەشەكانی جەستەی مرۆڤ و ڕەنگ و ژمارەكان و... هتد.
دانانی كتێبی پرسیارەكان لە ڕێبازی فەڕەنسیدا بە گرنگترین قۆناغی دانانی ئەتڵەسی زمانی دادەنرێت.
سێیەم: لەم قۆناغەدا ئەوەی ژمارەیەكی پێویست لە كتێبی پرسیارەكان چاپ دەكرێن و پێشكەش بە تۆماركەری زمانی دەكرێن، ئەو تۆماركەرانە دەنێردرێنە ئەو گوند و شارۆچكە و شارانەی، كە وەكو نوێنەری ژینگەی زمانی بۆ ئەو هەرێم و ناوچانەی ئەتڵەسی زمانی بۆ دادەنرێت، هەڵبژێردراون، تۆماركەرەكان بۆ ماوەی (٤–٥) زۆر لەو شوێنانە دەمێننەوە، ئەو تۆماركەرانەی كە سەردانی ناوچە و گوندەكان دەكەن، پێشتر ڕاهێنانیان پێدەكرێت و لە هەردوو لایەنی زمانەوانی گشتی و فۆنۆلۆجی و ڕۆشنبیرییەكی باشیان پێشكەش دەكەن و لەكاتی پرسیاركردن چی ڕوونكردنەوە و ئاسانكاری پێویست هەیە بۆ فۆرمانتی زمانی ژینگە زمانییەكان، لەلایەن تۆماركەرەكانەوە پێشكەش دەكرێن، بەمەش هەموو ئەو تایبەتمەندی و داتا و دیاردە زمانییانەی لە ناوچە جیاوازەكان هەن، لە كتێبی پرسیارەكاندا تۆمار دەكرێن.
لە ڕێبازی فەڕەنسیدا گرنگییەكی زۆر بە فۆرمانتی زمانی دەدرێت، پێویستە لە هەڵبژاردنی فۆرمانتە زمانی ڕەچاوی ئەم خاڵانە بكرێت:
١– لە دانیشتوانە ڕەسەنەكانی ناوچەكە بێت.
٢– بۆ هیچ شوێنێكی دیكە كۆچی نەكردبێت.

٣- لە بەرسڤەکانیدا ڕاستگۆ بێت.

٤- بەهیچ بە هۆکارە ڕۆشنبیرییەکان کاریگەر نەبووبێت، کە کاریگەری لەسەر دیالێکت یان زمانە ڕەسەنەکەی کردبێت.

چوارەم: دوای ئەو سێ هەنگاوانەی سەرەوە، داتا و دیاردە زمانییەکان کۆدەکرێنەوە و وشە و دەربڕینە هاوواتاکان، بەپێی ناوچە و دەڤەر و شارە جیاوازەکان پۆلێن دەکرێن و دواتر ئەو تایبەمەندی و داتا و دیاردە زمانیانە، بەپێی شوێنی بەکارهێنانیان لەسەر نەخشەی جوگرافی ناوچەکە دادەنرێت و لە کۆتاییدا ئەتڵەسەکە بەشێوەی گشتگیر لە تێکەڵکردن و لێکدانی نەخشە جیاوازەکان ئامادە دەکرێت، بەمەش سنووری زمانی نێوان ژینگە زمانییە جیاوازەکانی ئەو هەرێم و ناوچانەی ئەتڵەسەکان بۆ دانراوە، دەستنیشان دەکرێت.

## ١- ٥-٣ جیاوازی نێوان ڕێبازی ئەڵمانی و فەڕەنسی:

وەك لە خستنە ڕووی هەردوو ڕێبازەکە بەدیار دەکەوێت، کە ڕێبازی ئەڵمانی لە ڕێبازی فەڕەنسی گشتی ترە و هیچ ناوچە و گوند و شار و شارۆچکەیەك بەجێ ناهێڵێت و دیاردە و داتا زمانییەکان لە هەموو شوێنێك وەردەگرێت و لەسەر نەخشەکان جێگایان دەکاتەوە، بەڵام ڕێبازی فەڕەنسی لە ڕێبازی ئەڵمانی وردتر و گشتگیرترە، چونکە هەم تۆمارکەرەکان بەباشی ڕاهێنراون و هەمیش هەڵبژاردنی فۆرمانتەکان زۆر بە وردی بووە، بەمەش وەرگرتنی دیاردە و تایبەتمەندییە زمانییەکان وردتر دەردەکەون و باشتر نوێنەرایەتی ناوچەکانیان دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم جیاوازییانەی خوارەوە لەنێوان هەردوو ڕێبازی ئەڵمانی و فەڕەنسیدا بەدیار دەکەوێت:

١- ڕێبازی ئەڵمانی گشتی ترە، چونکە نەخشەی زۆر گەورە و ڕووبەری فراوان لە ئەتڵەسی زماندا وەردەگرێت، بەڵام ڕێبازی فەڕەنسی گشتگیرترە و سەرەتا لە نەخشەیەکی سەرەتایی بچووکەوە دەست پێدەکات و هەنگاو لە دوای هەنگاو گەورەتر دەبێت.

٢- لەو قۆناغ و مەرجانەی کە بۆ فۆرمانت و پرسیار و تۆمارکەرەکان دانراوە دەردەکەوێت کە ڕێبازی فەڕەنسی وردترە لە ڕێبازی ئەڵمانی.

٣- لە ڕێبازی فەڕەنسیدا واتا و زانیاری و داتا زمانییەکان زۆرترن، چونکە پرسیاری زۆرتر ئاراستەی فۆرمانتەکان دەکرێت.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە زۆربەی وڵاتە ئەورووپی و ئەمریکییەکان، لە دانانی ئەتڵەسی زمانی وڵاتەکانیان پەیڕەوی ڕێبازی فەڕەنسییان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك گۆڕانکارییاتن تێدا ئەنجامداوە، بەشێوەیەك کە لەگەڵ سروشتی زمانی و جوگرافیایی وڵاتەکانیان و بارودۆخی کۆمەڵایەتییەکانیان بگونجێت و دوای ئەم دوو ڕێبازە و لە ئەنجامی گەشەکردنیان ڕێبازی نوێتر و جیاوازتر سەری هەڵداوە.

بۆ نموونە ئەو ئەتڵەسە زمانییەی، کە لەلایەن (برجپتراسەر Bergstraesser ) هوە بۆ دیالێکتەکانی سوریا و فەلەستین لەساڵانی (١٩١٤- ١٩١٥) دانراوە، هەمان ڕێبازی ئەڵمانی بەکارهێناوە، بەڵام هەندێك گۆڕانکاریشی تێدا ئەنجامدراوە، جیاوازی نێوانیان ئەوەیە، کە برجپتراسەر لە جیاتی بەکارهێنانی چەند پرسیارێکی دیاریکراوە لە لیستی پرسیارەکاندا، چەند پرسیارێکی تەواوکەری یەکتری لە شێوەی چیرۆکێك لە چیرۆکە بەناوبانگ و بەربڵاوەکانی ناوچەکەی بەکارهێناوە[1]، برجپتراسەر هۆکاری ئەو شێوازەی خۆی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە جۆرەکانی دیکەی پرسیارکردن و

[1] ) برجپتراسەر، چیرۆکی فۆلکلۆری ( جووتیار و کەر و کەڵەباب )ی بەناوبانگی شاری ( دیمەشق ) ی بۆ بەدەستهێنانی کەرەسە و دیاردە زمانییەکانی ئەو دیالێکتانە بەکارهێناوە، چیرۆکەکەی لە کتێبی ( Oestrup ) وەرگرتووە و دووبارە داڕشتنەوەی بۆکردووە، بەشێوەیەك، کە زۆر لە دیالێکتی دیمەشق ئەوکاتە بچێت و لە زاراوە و وشە پەتییەکان پاککردۆتەوە و دابەشی سەر ( ٩١ ) ڕستەی سەربەخۆی تەواوکەری یەکتری کردووە.

وەرگرتنی داتا و زانیارییەکان سوودیان بۆ لایەنی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و بگرە سیمانتیکی نییە، بەڵام ئەو شێوازەی ئەو جیاوازی لە هەموو ئاستەکان بەباشی بەرجەستە دەکات، بۆیە لە دانانی ئەتڵەسەکەی خۆیدا، تێکستی زمانی بەکارهێناوە، تێکستەکەی دابەشی سەر چەندین ڕستەی جیاواز و تەواوکەری یەکتر کردووە و لە ڕێگایانەوە هەموو دیاردە و تایبەتمەندییە زمانییەکانی ئەو دیالێکتانەی، لە هەموو ئاستەکانی زمانی (فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکس)، بگرە تا ئاستی بەکارهێنان و دەوروبەر بەدەرخستووە. (بڕوانە رمضان عبدالتواب: ١٩٩٧: ١٥٧).

لە زۆر شوێنی جیهاندا لە چەند لایەنێکەوە داهێنان لە ڕێبازەکانی دانانی ئەتڵەسی زمانیدا کراوە، بەڵام بەگشتی هەر هەموویان لە چوارچێوەی گشتی هەردوو ڕێبازە سەرەکییەکەی ئەڵمانی و فەڕەنسیدان، ئەگەر چی لە چەند ڕوویەکەوە گۆڕانکارییان، بەپێی پێویستی زمانەکە ئەنجامداوە. ئێمە لەبەشی پراکتیکی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەشێوەیەکی گشتی پەیڕەوی ڕێبازی فەڕەنسیمان کردووە، بەڵام بەچەند جیاوازییەکەوە و بەتایبەتیش لەلایەنی ئەو مەرجانەی بۆ فۆرمانتی زمانی لە ڕێبازی فەڕەنسیدا دانراوە، چونکە ئەو مەرجانە لەوانەیە بۆ هەرێمی کوردستان نەشێ و گونجاو نەبێت، بەتایبەتی لە خاڵی ڕەسەنایەتی دانیشتوان لە ناوچە جیاوازەکان و کاریگەر نەبوونیان بە دیالێکت و زمانەکانی دیکە، چونکە باری سیاسی ئەم هەرێمە وای کردووە ڕێژەی هەرە زۆری دانیشتوانی لە شوێنە ڕەسەنەکانیان کۆچ بکەن، لەلایەکی دیکەوە ئەو مەرجانەی ڕێبازی فەڕەنسی بە نزیکتر لە ڕێبازی پێوەری لە زمانەوانیدا دەزانێت وەك لە ڕێبازی وەسفی، چونکە بەپێی ڕێبازی ڕێبازە وەسفی لە زمانەوانیدا بەکارهێنەران، ئێستا چۆن زمانەکە بەکار دەهێنن، بەو شێوەیە داتا و دیاردە زمانییەکانمان لێ وەرگرتوون و لەسەر یاسا ڕێزمانییەکان زمانی کوردی جێبەجێمان کردووە.

## ١-٦ دابەشبوونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی:

چەندین دابەشبوون و لێکۆڵینەوە لەبارەی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی زمانی کوردی کراوە، بەپێی ئەو دیکۆمێنت و لێکۆڵینەوە زانستی و ئەکادیمیانە کە مێژوونووسان و زمانەوانانی کورد و گەڕۆکە بیانییەکان لەبارەی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردوویانە و لە ئێستادا لەبەردەستان، (شەرەف خانی بەدلیسی) بە یەکەم نووسەری کورد دادەنرێت، کە لە سەدەی شازدەهەمدا لە کتێبی (شەرفنامە) بۆ یەکەمجار دەربارەی دیالێتەکانی زمانی کوردی دوواوە، لە چوارچێوەی (لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی ڕەگەزی کورد و چۆنێتی ژیانیان). نووسەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا، چوار جۆر دیالێکتی بۆ زمانی کوردی دیاری کردووە، بەم جۆرە:

١- کرمانج.

٢- گۆران.

٣- لوڕ.

٤- کەلهوڕ. (شەرەفخانی بەدلیسی: ٢٠٠١: ٨٦).

ئەم کتێبە مێژووییە بە هەنگاوی یەکەم و بەردی بناغەی دیاریکردن و دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دادەنرێت، هەرچەندە تەنیا دیالێکتە سەرەکییەکانی بەشێوەیەکی کورت و سەرپێی دەستنیشان کردووە، بەبێ ئەوەی دەربارەی نیمچە دیالێکتەکانی ئەو دیالێکتانە بدوێ و سنووری ئاخاوتنی هیچ یەك لە دیالێکتەکانی دیاری بکات، ئەم دیاری نەکردنە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم مێژوونووس بووە دەربارەی مێژوو و ڕەگەزی میللەتی کوردی نووسیووە، نەك وەك کەسێکی زمانەوان باسی کردبێت، ئەمە جگە لەوەی نیمچە دیالێکتی کەلهوڕی بە دیالێکتێکی سەربەخۆ داناوە، کە لە ڕاستیدا لەوی زمانەوانییەوە، بەپێی ئەو دابەشکردنە نوێیانەی کە بۆ دیالێکت و نیمچە دیالێکتە کوردییەکان کراون، یەکێکە لە نیمچە دیالێکتەکانی دیالێکتی لوڕ، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە هەم لەڕووی مێژوویی و هەم لەڕووی

زمانەوانییەوە لە ڕۆژگاری خۆی و لە ئێستاشدا گرنگی و بایەخی گەورە و گرانی هەبووە و هەیە، بۆیە ناکرێت بەکەم سەیر بکرێت.

پاشان (محەمەد ئەمین زەکی) لە کتێبی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) دا، کە لە ساڵی (١٩٣١) یەکەم چاپی بڵاوکراوەتەوە، دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

١- بەشی ئێرانی:

أ- لەهجەی سنە- کرماشان.

ب- لەهجەی شاخی و بڵاوە: لەهجەی (گەروس) ە کانی خواچەوەندی مازەندەران، کالول عەبدوی فارس، کوردی خوراسان و تەهرانە، لەهجەی ئەبەش دواییە نزیك لەهجەی ئەرز ڕوومە.

٢- کرمانجی شەرقی: لەهجەی سلێمانی و موکریانە.

٣- کرمانجی شێخانی و غەربی: لەهجەی کوردی (ئەریوان) زمانی کوردانی (باروکلی)ی دەووری ئارارات و وڵاتی ئەرز ڕووم _ بایەزید: ئورمیە، هەکاری، شەمدینان: بادینان _ بۆتان، نورعابدین- ماردین- دیاربەکر، شیمالی سوریایە (محەمەد ئەمین زەکی: ٢٠٠٤: ١-٢، ٢١٧)، بەشێوەیەکی گشتی شێوەی زانستی لەم دابەشکردنەدا بەدی ناکرێت، بەڵکو "بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، ناوچەکانی کوردستانی مەزن، بەسەر دیالێکتەکاندا دابەش دەکات" (حوسێن محەمەد عەزیز: ٢٠٠٥: ٥٦).

دواتر (تۆفیق وەهبی) لە گۆڤاری (گەلاوێژ) دا و لە چوارچێوەی بابەتی (کرمانج لە کوردمانجەوە نەهاتووە) دیالێکتەکانی زمانی کوردی بۆ چوار دیالێکتی سەرەکی و هەر دیالێکتێکیشی بۆ چەند نیمچە دیالێکت دابەشکردووە، لەگەڵ دەستنیشان کردنی شوێن و سنووری هەر یەکەیان، بەم شێوەیە:

١- کرمکانجی: دابەشی کردووە بۆ دوو بەشی سەرەکی:

أ- کرمانجی ژووروو (شیمالی): دەکەوێتە سنووری هێڵی (ئەریوان- فارس- ئەرزە ڕووم- ئازەربایجان- مەلاتییە- مەرعەش- ئەسکەندەروونە) و نیمچە دیالێکتەکانی بریتین لە:-

١- بایەزیدی.

٢- هەکاری.

٣- بۆتانی.

٤- ئاشتی.

٥- بادینی.

ب- کرمانجی خواروو (جنوبی): دەکەوێتە نێوان سنووری هێڵی (کرماشان- خانەقین- قەشقەر- دجلە) نیمچە دیالێکتەکانی بریتین لە:

١- موکری.

٢- سۆرانی.

٣- سنەیی.

٤- سلێمانی.

٢- لوڕی: سنووری باکووری دەکەوێتە (سوڵتان ئاباد- دەوڵەت ئاباد- کرمانشان- خانەقین) سنووری نیوە ڕوویەکی دەکەوێتە نزیکی باکووری (شیمالی) (شیراز- کازوونە) نیمچە دیالێکتەکانی بریتین لە:

١-کەلهوڕی.

٢- لەكی.

٣- فەیلی.

٤- لوڕی.

٥- بەختیاری.

٦- مامەسەنی

٣- گۆڕان: دەكەوێتە هێڵی (سنە- كرمانشان) بەرەو ڕۆژئاوا و لە هەندێك لە دێهاتی سنووری عێراق و ئێران قسەی پێ دەكرێت نیمچە دیالێكتەكانی بریتین لە:-

١- هەورامی.

٢- زەنگەنە.

٣- كاكەیی.

٤- باجەلانی.

٤- زازا: دەكەوێتە ناو سنووری هەندێك لە پارچەی ویلایەتەكانی (ئەرز ڕووم- خەرپوت- بتلیس- دیاربەكر). (تۆفیق وەهبی: ١٩٤: ٢٧- ٣٠).

جێی ئاماژەیە (تۆفیق وەهبی) لەم دابەشكردنەدا كە بۆ دیالێكتەكانی زمانی كوردی كردوویەتی، ئاماژەی بۆ ئەو نیمچە دیالێكتانە كردووە كە لەیەكتر نزیكن، بۆ نموونە بەلایەوە نیمچە دیالێكتی (سنەیی و سلێمانی) لە زۆر ڕووەوە هاوبەشن، تەنانەت بەدەستەیەك دایناون، هەروەها پێیوایە نیمچە دیالێكتەكانی (لەكی، كەلهوڕی، فەیلی) لەگەڵ كرمانجی خواروودا نزیكن، (بڕوانە **تۆفیق** وەهبی: ١٩٤٠: ٢٧- ٣١). هەر ئەمەش وایكردووە، كە ئێمە لە لێكۆڵینەوەكەماندا پشت بەم دابەشكردنە ببەستین.

پاشان تۆفیق وەهبی (محەمەد مەردۆخی) لە كتێبی ( مێژووی كورد و كوردستان) دا، كە دێتە سەر باسی "دەربارەی نووسین و زمان و مەزهەب و داب و نەریتی كورد دیالێكتەكانی زمانی كوردی هاوشێوەی شەرەفخانی بەدلیسی دابەش كردووە، تەنیا ڕیزبەندی دیالێكتەكانی گۆڕیوە، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە، كە هەریەك لەم دیالێكتانە دەبن بە چەند بەشێكەوە (نیمچە دیالێكتێكەوە)، كە شێوەیان لەیەك جیاوازە، بەبێ ئەوەی ناو یاخود باسی هیچ یەك لەو نیمچە دیالێكتانە بكات، هەروەها سنووری زمانی كوردی دیاری كردووە، لە سەرچاوەكانی دیجلە و فورات تا كەنداوی فارس بووە و پایتەختی ئەم زمانە ئارارات، دواتر زاگرۆس، دواتر ئیپیەهان، دواتر نەهاوەند ودواتر هەمەدان بووە" (محەمەد مەردۆخی كوردستانی: ٢٠١١: ٤٧)، بۆیە هاوشێوەی دابەشكردنەكەی شەرەفخانی بەدلیسی، لەم دابەشكردنەشدا هەمان ئەو خەوش و ڕەخنانە بەدی دەكرێن، جگە لە بوونی ماوەی مێژووی نێوانیان، دابەشكردنەكەش بەم شێوەیەیە:

١- كرمانج.

٢- گۆڕان.

٣- لوڕ

٤- كەلهوڕ. (محەمەد مەردۆخی كوردستانی : ٢٠١١: ٤٧).

(جەمال نەبەز) لە کتێبی (دوو بابەتی زمانەوانی زمانی کوردی) دا، کە دوو بابەتی زمانەوانی لەخۆگرتووە، یەکێکیان کۆی ئەو بابەتانەیە کە وەك خۆی دەڵێت لە ماوەی ساڵانی(١٩٦٠- ١٩٦١) لە خوێندنگای مامۆستایانی سەرەتایی هەولێر و توویەتییەوە، کە هەر شێوەی دەستنووسی ئەوکات بڵاوی کردووەتەوە، تێیدا دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

١- شێوەی کرمانجی:

أ- کرمانجی سەروو.

دەبێت بە پێنج شێوەی بچووکەوە، بەم جۆرە.

١- بایەزیدی.

٢- بۆتانی.

٣- ئاشیتایی.

٤- هەکاری.

٥- بادینی.

ب- کرمانجی خواروو.

ئەمەش دەبێتە پێنج شێوەی بچووکەوە، بەم شێوەیە:

١- موکری.

٢- سۆرانی.

٣- سلێمانی.

٤- سنەیی.

٢- شێوەی لوڕ:

ئەمەش دەبێتە پێنج شێوەی بچووکەوە، بەم شێوەیە:

١- بەختیاری.

٢- لەکی.

٣- فەیلی.

٤- کەلهوڕی.

٥- مامەسەنی.

٣- شێوەی گۆران:

ئەم دیالێکتەش دەبێتە پێنج شێوەی بچووکەوە:

١- باجەلانی.

٢- کاکەیی.

٣- زەنگەنە.

٤- هەورامی.

٥- شێوەی زازایی. (جەمال نەبەز: ٢٠١٤: ٦٤).

ئەگەر بە وردی سەرەنجی ئەم دابەشکردنەی (جەمال نەبەز) بدەین، دەبینین هەمان دابەشکردنی (تۆفیق وەهبی)یە.

پاشان نووسەر شوێنی ئاخاوتن و قسەکردنی هەریەك لەم دیالێکتانەی دیاریکردووە، بەم شێوەیە:-

١- شێوەی کرمانجی:

أ- شێوەی کرمانجی سەروو: هەریەکە لە (ئەریڤان، فارسی، ئەزربایجان، ئەرز ڕووم، ملاییە، مەڕەش، ئەسکەندەروونە، گۆلی وان، بە درێژایی زێی گەورە، ڕووباری دیجلە) دەگرێتەوە.

ب- کرمانجی خواروو: هەریەکە لە (گۆلی وان، بەدرێژایی زێی گەورە، ڕووباری دیجلە، کرماشان، خانەقین) لەخۆدەگرێت.

٢- شێوەی لوڕ: ناوچەکانی (سوڵتان ئاباد، دەوڵەت ئاباد، کرماشان، خانەقین، ڕووباری دیجلە، شیراز، کازە ڕوون، نزیك خەلیجی فارس) لەخۆدەگرێت.

٣- شێوەی گۆران: ناوچەکانی (نزیك سنە، ڕۆژئاوای کرماشان، هەندێ گوندی نێوان سنە و سلێمانی) لەخۆدەگرێت.

٤- شێوەی زازایی: ناوچەکانی (هەندێ ناوچەی ئەرز ڕووم، خەرپووت، بتلیس، هەندێ ناوچەی دیاربەکر) دەگرێتەوە.

شێخ محەمەدی خاڵ لە (فەرهەنگی خاڵ) دا[1] باسی لە زمانی کوردی و دیالێکتەکانی کردووە، دیالێکتەکانی زمانی بۆ چوار دیالێکت دابەشکردووە، بەم شێوەیە:

١- زازایی.

٢- کرمانجی دەستە چەپ (شیمالی) کە (بۆتانی، بادینانی، بایەزیدی، شەمدینانی) یە.

٣- کرمانجی دەستە ڕاست کە (سۆران، بابانی، موکریانی، ئەردەڵانی، کەلهوڕی، گۆرانی) یە.

٤- لوڕی کە (بەختیاری، لەکی، فەیلی) یە.

پاشان نووسەر شوێنی ئاخاوتن و قسەکردنی یەك بەیەك دیالێکتەکان دیاری کردووە، بەم شێوەیە:

١- شێوەی زازایی: ناوچەکانی (ڕۆژئاوایی دیاربەکر و ئورفە و خەرپووت و دەرسیم) لەخۆدەگرێت.

٢- کرمانجی دەستە چەپ (شیمالی) لە زێی گەورەوە تا چیاکانی هەکاری بادینانە، ڕۆژهەڵاتی چیاکانی هەکاری شەمدینانە، لە ڕۆژئاوای زاخۆوە تا ماردین و نسێبین بەپانی و درێژی لە سێرتەوە تا دێر زوور بۆتانە.

٣- کرمانجی دەستە ڕاست: ناوچەکانی (بیجار، گەرووس، جوانڕۆ، بانە، ڕۆژهەڵاتی سیروان) ئەردەڵانە، ناوچەکانی(شنۆ و لاجان بەسەر سابڵاخ و سەردەشت تاوەکو میان دواو) موکریانە، لە مەریوانەوە تا سیروان هەورامانە، لە سیروانەوە تا زێی بچووك بابانە، لە زێی بچووکەوە تا زێی گەورە سۆرانە.

٤- شێوەی لوڕ: لە ڕۆژهەڵاتی خانەقینەوە تا عەلی غەربی لە پانی و لە درێژی تا کرماشان و نەهاوەند لەخۆدەگرێت.

(شێخ محەمەدی خاڵ: ٢٠٠٥: ١٧).

---

[1]) **فەرهەنگی خاڵ سێ جاری تر چاپ کراوە لە ساڵانی ١٩٦٠، ١٩٦٥، ١٩٧٦، بەڵام بەڕێنووسی نووسراو بووە کە ئەمڕۆ باوی نەماوە.**

ئەگەر بە وردی سەرەنج بدەینە ئەم دابەشکردنە زۆربەی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی زمانی کوردی لەخۆدەگرێت، بەگوێرەی ئەو مەڵبەندانەی ئاخاوتنی پێدەکرێت پۆلێن کراوە، بەڵام یەکێك لە خەوشەکانی ئەم دابەشبوونە ئەوەیە ناونانی دیالێکتەکانی بە کرمانجی (دەستە چەپ، دەستە ڕاست)، هەروەها نیمچە دیالێکتی (ئاشیتایی، هەکاری) باس نەکراوە، لەبری (شەمدینانی) ناسێنراوە، کەلهوڕیش پەیوەندی بە کرمانجی باشوورەوە نییە، بەڵکو نیمچە دیالێکتێکی لوڕییە (گۆران) یش دیالێکتێکی سەرەکییە، ناکەوێتە خانەی کرمانجی باشوورەوە، چونکە ئەم دیالێکتە سەنگی خۆی هەیە، ناوچەیەکی گەورە و بەرینی لەخۆگرتووە و چەندین نیمچە دیالێکتی لێ دەبێتەوە وەك (کاکەیی، زەنگەنە، باجەلانی، هەورامی)، کە لێرەدا باسی نەکراوە، لە دیالێکتی لوڕیدا باسی نیمچە دیالێکتی (مامەسەنی، کەلهوڕی) نەکراوە بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم دابەشبوونە سەنگ و گرنگی خۆی هەیە، دانانی ئەم فەرهەنگە هەنگاوێکی گەورە و گرنگ بۆ نزیك کردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و دانانی بەردی بناغە بۆ زمانی ستانداردی کوردی.

تاهیر سادق لە کتێبی (ڕێنووس– چۆنیەتی نووسینی کوردی) باسی دابەشبوونی دیالێکتەکانی کردووە، بەم شێوەیە:–

١– زازا.

٢– لوڕی: (بەختیاری، لەکیی، فەیلی، ڕۆژبەیانی).

٣– کرمانجی.

أ– کرمانجی سەروو: (بۆتانی، بادینانی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی).

ب– کرمانجی خواروو: (سۆرانی، موکریانی، ئەردەلانی، کەلهوڕی، گۆران). (تاهیر سادق: ١٩٦٩: ٩٢).

لەم دابەشبوونەدا ئەوەی بەدی دەکرێت نووسەر لە پۆلێنکردنەکەیدا پەیڕەوی مامۆستا (محەمەدی خاڵ)ی کردووە، لە هەڵە بە دوور نییە، بەهەمان شێوەی ئەو باسی لە دابەشبوونی دیالێکتەکانی کردووە، بەڵام جێی ئەوەیە باسی بکرێت، کە نیمچە دیالێکتێکی هێناوەتە پاڵ دیالێکتێکی لوڕی، ئەوەش نیمچە دیالێکتی (ڕۆژبەیان)یە، کە پێشتر بە هیچ شێوە نووسەرانی تر باسیان نەکردووە.

فۆاد حمە خورشید وەك شارەزایەکی جوگرافیای کوردستان لە کتێبی (دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی زمانی کوردی) دا، دیالێکتەکانی زمانی بۆ چوار دیالێکت دابەشکردووە، بەم شێوەیە:–

١– کرمانجی باکوور: (بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا).

٢– کرمانجی ناوەڕاست: ( موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی).

٣– کرمانجی باشوور: (لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسانی، کۆهگلۆ، لەك، کەلهوڕ).

٤– گۆران: ( گۆران ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا). (فۆاد حمە خورشید : ١٩٨٥: ٤٠).

پاشان بە وردی نەخشەی سنووری جوگرافیای سەرجەم دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی دیاری کردووە، بە گوێرەی ئەو مەڵبەندانەی ئاخاوتنی پێدەکرێت، پۆلێن کردووە و بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەر نەخشە خستوویەتییە ڕوو، بەڵام یەکێك لە خەوشەکانی ئەم دابەشبوونە ئەوەیە، کە بەگشتی پەیڕەوی دابەشبوونی جوگرافیایی نەکردووە، بۆ نموونە بەلامانەوە ناونان لە دیالێکتەکان بە کرمانجی (ژووروو و ناوەڕاست و خواروو)، لەگەڵ سروشتی کارەکە و جوگرافیای کوردستاندا دەگونجێ، بەڵام دەبوایە ناوی هەورامانی بەکاربهێنایە لەبری وشەی گۆران، وەك ناوچەیەکی بەناوبانگی کوردستان، هەروەها یەکێکی تر لە خەوشەکانی ئەم دابەشکردنە دانانی (زازا)یە بە نیمچە دیالێکت لە سنووری دیالێکتی گۆراندا، ئەمە جگە لەوەی باسی هەردوو نیمچە دیالێکتی زەنگەنە و کاکەیی نەکردووە لەناو ئەو دیالێکتەدا، هەرچەند بەلای هەندێك لە شارەزایان و زمانەوانەوە هەم دیالێکتی (زازا) یی بە دیالێکتێکی سەرەکی دادەنێن و هەمیش نیمچە

دیالێکتەکانی زەنگەنە و کاکەیی سەر بە دیالێکتی گۆران لە قەڵەم دەدەن،[1] هەرچەندە خودی لێکۆڵەریش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، "کە لە ڕووی جوگرافییەوە زازایی دەکەوێتە ناوچەی دەرسیمی ناوچەی باکووری کوردستان و دوورە لە ناوچەی هەورامان" (فۆاد حمە خورشید: ١٩٨٥: ٧٢)، "بۆیە چاکتر وابوو (زازا)یی بە دیالێکتێکی سەرەکی لە قەڵەم بدابایە" (حوسێن محەمەد عەزیز: ٢٠٠٥: ٥٩)، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە سەنگ و گرنگی خۆی هەیە و دەتوانرێت لە زۆر شوێندا پشتی پێ ببەسترێت و چەند هەنگاوێکی گەورە و گرنگی هاویشتووە، بۆ دانانی بەردی بناغەی زمانی یەکگرتووی کوردی لە داهاتوودا، لەگەڵ خستنەڕووی چەند ئەنجامێکی گرنگ.

نیعمەت عەلی سایە لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی زاری کەلهوڕی) دا، کە توێژینەوەیەکی زمانییە دەربارەی زاری کەلهوڕی، تیایدا دیالێکتەکانی زمانی کوردی بۆ سەر چوار دیالێکت دابەشکردووە بەم شێوەیە:

١- کوردی ڕۆژئاوایی: کوردی ئازەربایجان، ئەرمەنستان، تورکیا، سوریا و بادینانی عێراقی تا دەگاتە گۆمی ورمێ، قسەی پێدەکەن، لەم شێوەزارەدا وەچەزارێك دەبێتەوە.

٢- کوردی ڕۆژهەڵات: کوردی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە و باکووری چیای (حەمرین) و سیروان تا دەگاتە سنە و ئێران و لەورەوە بەرەو باکوور تا باشووری شاری ورمێ پێی دەئاخاوێن و لە چەند وەچەزارێك پێکهاتووە.

٣- کوردی گۆران: کوردی باشووری کوردی ڕۆژهەڵات تا ڕێگای کرماشان- خانەقین، جگە لە هەندێك ناوچەی تر قسەی پێدەکەن و ئەمیش لە چەند وەچەزارێك پێکهاتووە.

٤- کوردی باشووری: کوردی باشووری کوردی گۆڕان، واتە لە کرماشان تا عێراق بە ڕێگای کرماشانا، خانەقین و تا دەگاتە سنووری لوڕستانی گەورە و لەکستان لە چەند ناوچەیەکی تر قسەی پێدەکەن، کە لەم وەچەزارانە پێکهاتووە:

١- کولیایی.

٢- کرماشانی.

٣- فەیلی.

٤- کەلهوڕی. (نیعمەت عەلی سایە: ٢٠٠٤: ٥).

ئەگەر بە وردی بڕوانینە ئەم دابەشکردنەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، ئەوا چەند کەم و کورتی دیاری تێدا بەدی دەکرێت، لەوانە: ناوچەی ژووروی کوردستانی بە کوردی و ڕۆژئاوایی لە قەڵەمداوە، هەروەها جۆرە تێکەڵکردنێك بەدی دەکرێت لە دابەشکردنەکەدا، بۆ نموونە لە خاڵی دووەمدا لە ڕووی جوگرافییەوە باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەکات و بە دیالێکتەکانی ئەو ناوچەیە ناوەزەد دەکات، هەروەها لە خاڵی چوارەمدا نیمچە دیالێکتی لەکی و بەختیاری باس نەکردووە، کە دوو دیالێکتی کرمانجی خواروون بەپێی ئەو دابەشکردنە، ئەمە جگە لەوەی نیمچە دیالێکتەکانی هەرسێ خاڵی (یەکەم و دووەم و سێیەم)ی دیاری نەکردووە.

هەروەها (محمد ئەمین هەورامانی) لە کتێبی (زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوردا) دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەسەر دەستەدا دابەشکردووە، لەگەڵ دیاریکردنی و دەستنیشان کردنی شوێنی ئاخاوتنی هەر یەکەیان بەم شێوەیە:

---

[1] **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (تۆفیق وەهبی: ١٩٤٠: ٣٠)، (جەمال نەبەز: ٢٠١٤: ٦٤)، (شێخ محەمەدی خاڵ: ٢٠٠٥: ١٧)، (تاهر صادق: ١٩٦٩: ٩٢)، (عەبدولەناف ڕەمەزان ئەحمەد: ٢٠٠٩: ٥٩: ٦٠)، (تارا عەبدوڵڵا سەعید: ١٩٩٨: ٧٠).**

١– شێوەی کرمانجی سەروو یا ژووروو، کە ئێستا حاڵی حازر و بەشێوەی هەڵە– هەڵەیەکی باو– نێوی بادینانی وەرگرتووە، کە ناوچەکانی دیاربەکر و بەدلیس و ماردین و یۆنان و هەکاری و ئاکرە و شێخان و پارێزگای دهۆك ئاخاوتنی پێدەکەن.

٢– شێوەی کرمانجی ناوەڕاست: کە بەشێوەیەکی هەڵە زاراوەی (سۆرانی) وەرگرتووە، و ناوچەکانی موکریان و سۆران و پارێزگای سلێمانی و کەرکوك ئاخاوتنی پێدەکەن.

٣– شێوەی کرمانجی خواروو: یاخود بەشێوەیەکی هەڵە(گۆران)ی پێدەڵێن، و ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامانی عێراق و هەورامانی ئێران و لە نێوان کرماشان و سنە و پێنجوێن و بەرەو خواروو (کوردستانی خواروو) بەم شێوەزارە ئاخاوتن دەکەن، و نیمچە دیالێکتەکانیش بریتین لە (هەورامانی، لوڕی، باجەلانی، زازایی) هەروەها پێیوایە، زاری باجەلانی(زەنگەنە و شەبەك) دەگرێتەوە. (بڕوانە: محمد ئەمین هەورامانی: ١٩٨١: ٦٨– ٦٩).

ئەوەی لەم دابەشکردنی (محەمەد ئەمین هەورامانی) بەدی دەکرێت، جگە لە هەڵەی ڕێنووسی تێدایە، چەند خەوشێکی تری تێدا بەدی دەکرێت، وەك دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بەسەر سێ دیالێکتدا، لەکاتێکدا زۆربەی شارەزایان و زمانەوانانی زمانی کوردی بەسەر چوار دیالێکتی سەرەکیدا دابەشیان کردوونە، هەروەها لەم دابەشکردنەدا لەگەڵ ئەوەی دیالێکتی (گۆران)ی بە هەڵە سەر بە کرمانجی خواروو داناوە، لە هەمان کاتدا تەنیا ئەم دیالێکتەی بۆ چەند نیمچە دیالێکتێك دابەشکردووە، ئەویش دیسان بەشێوەیەکی هەڵە دابەشی کردوون، وەك دانانی هەردوو دیالێکتی (لوڕ و زازا) بە نیمچە دیالێکتەکانی سەر بە دیالێکتی گۆران، کە لە زۆربەی دابەشکردنەکانی زمانەوانان و شارەزایانی زمانی کوردیدا، کە بۆ دیالێکتە کوردییەکان کردوویانە، بە دوو دیالێکتی سەربەخۆ ئەژمار کراون، هەرچەندە ئەگەر لە ڕووی جوگرافییەوە سەرنج لە بۆچوون و دابەشکردنەکەی بدەین، ئەوا دەبینین هەریەك لە (لوڕ و زازا و هەورامان)ی لە ناوچەیەکی دوور لە یەکەوە هەڵکەوتوون، هەروەها یەکێکی تر لە خەوشەکانی ئەم دابەشکردنە، باس نەکردنی نیمچە دیالێکتەکانی (زەنگەنە و کاکەیی)یە وەك دوو نیمچە دیالێکتی سەربە دیالێکتی گۆران، ئەمە جگە لەوەی بەلایەوە زاری باجەلان، زەنگەنە و شەبەك دەگرێتەوە، کە لە ڕاستیدا بە دوو نیمچە دیالێکتی سەر بە گۆران دەژمێردرێن.

وەك دەردەکەوێت شارەزایان و زمانەوانان و لێکۆڵەرانی زمانی کوردی زیاتر لە ناوێکیان بۆ دیالێکتەکان داتاشیوە و بەکارهێناوە، هەروەها زۆربەی دابەشکردنەکانی دیالێکتە کوردییەکان لەسەر بنەمای زانستی و بە دیراسەی مەیدانی دانەنراون و دانەڕێژراون، وەك ئەوەی لە زمانانی تری جیهاندا کراوە، هەرچەندە لەلایەن زانایانی بیانییەوە زۆر باس لە زمانی کوردی و دیالێکتەکانی کراوە.

ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە کتێبی (چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە) باسی لە چەند دابەشکردنی زانایانی بیانی کردووە.

١– (گ– گیورنلی) لە ساڵی (١٨٢٦– ١٨٤٧) ز، زمانی کوردی دابەشکردووەتە سەر دوو دیالێکتی سەرەکی.

١– ژووروو: (هەکاری، بایەزیدی، شکاك).

٢– خواروو: (لەك، کەلهوڕ، گۆران، لوڕ، کرمانجی). (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٤: ١١).

٢– خ– ئا– بوڤیان لە ساڵی (١٨٤٧) ز، دوو دیالێکتی سەرەکی دەستنیشان کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ نیمچە دیالێکتێ دیاری بکات:

١– کرمانجی.

٢– زازا. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٤: ١٤).

٣– پ. لیرخ لە ساڵی (١٨٥٧) ز، زمانی کوردی دابەشکردووە بەسەر پێنج دیالێکتی جیاوازدا:

١– كرمانجی.

٢– لوڕی.

٣– كەلهوڕی.

٤– گۆرانی.

٥– زازایی.           (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٤: ١٩).

٤– ج. د. مورگات لە ساڵی (١٩٠٤) ز، دوازدە دیالێكت و نیمچە دیالێكتی جیاكردووەتەوە:

١– موكری.

٢– گەدۆستی.

٣– یەزیدی.

٤– بایەزیدی.

٥– سەحنەیی.

٦– كرماشانی.

٧– هەورامی.

٨– جافێتی.

٩– ڕێژاوەیی.

١٠– سلێمانی.

١١– لەك.

١٢– خۆجەرەندی.      (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٤: ٢٧).

٥– قەناتی كوردۆ لە ساڵی (١٩٦٥) ز، دوو دیالێكتی سەرەكی دەستنیشان كردووە و بەراوردی كردوون.

١– كرمانجی ژوورو.

٢– كرمانجی خواروو.      (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٤: ٥٤).

هەروەها (ئی– بی– سون) لە ساڵی (١٩١٢) ز دا زمانی كوردی بەسەر چوار دیالێكتی سەرەكی دابەشكردووە:

١– كرمانجی.

٢– گۆران.

٣– لوڕی.

٤– زازایی.           (E.B.Soane: 1913: 9)

باسیل نیكیتین لە ساڵی (١٩٢٦– ١٩٢٨) ز دا دیالێكتەكانی زمانی كوردی بەسەر چوار دیالێكت دابەشكردووە.

١– لوڕ.

٢– كەلهوڕ.

٣– سۆرانی.

٤– گۆران.         (Basile Nikitine : 1926- 1928: 121)

ئەولیا چەلەبی زمانی کوردی دابەشکردووەتە سەر پازدە دیالێکت، بەم شێوەیە:

١- زازا

٢- لولو

٣- هەکاری

٤- عەونیکی

٥- مەحمودی

٦- شیروانی

٧- جەزیری

٨- پەسانی

٩- شەنگاری

١٠- هەریری

١١- ئەردەڵانی

١٢- سۆرانی

١٣- خالدی

١٤- چەکۆتنی

١٥- ڕۆژەکی


ئەم دابەشکردنە زۆر جیاوازترە لەوانەی پێشوو، ئەولیا چەلەبی وەك گەڕۆکێك بە کوردستاندا گەڕاوە، گەیشتووە هەر ناوچە و شوێنی ئاخاوتنی ئەو شوێنەی بە دیالێکت داناوە، لەسەر بنەمای جوگراف بڕیاریداوە. (ئەولیا چەلەبی: ١٩٧٩: ٩١).

ئەوەی لەم دابەشکردنانە بەدی دەکرێن، کە مێژوونووس و زمانناسانی بێگانە کردوویانە بۆ زمانی کوردی، چەندین جیاوازی زەقی تێدا بەدی دەکرێت، هەر یەکێك بەشێوازێ دیالێکتەکانی دابەشکردووە، و تێکەڵاوییەکی زۆریان لەنێوان دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی کردووە، چونکە ئەمانەیش لەسەر بنەمای زانستی لێکۆڵینەوەی دیالێکتەکانیان نەکردووە، بەهەمان شێوەی مێژوونووس و زمانناسە کوردەکان، تەنیا دابەشکردنێکی جوگرافییان کردووە، بەڵام ئەوەی شایەنی باسە هەندێ لە زانا کوردەکان دابەشبوونی باش و وردیان کردووە بۆ دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکان. نکۆڵی لێ ناکرێت وەك (تۆفیق وەهبی، فواد حمە خورشید... هتد).

بەڵام لەهەموویان زانستتر ئەوەی تۆفیق وەهبیە، لەبەر ئەوەی بیری لەبارەی جوگراف و زمان و شوێن و کۆمەڵێك هۆکاری تر کردۆتەوە، کە لەو دابەشکردنەدا زۆر پێویست بوون و ئەوانەی پاش تۆفیق وەهبیش هەر زادەی بیروبۆچوون و دابەشکردنەکەی ئەون.

بۆیە پێمان باش بوو لەم توێژینەوەیەدا پشت بە دابەشکردنەکەی مامۆستا ( تۆفیق وەهبی) ببەستین، چونکە لەڕووی زانستییەوە پەسەندترە.

نەخشەی تۆفیق وەهبی بۆ دابەشکردنی دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی زمانی کوردی



### ١-٦-١ هۆكارەكانی هەڵبژاردنی دابەشكردنەكەی مامۆستا (تۆفیق وەهبی):

١- دیالێكتەكان و نیمچە دیالێكتەكانی بەشێوەیەكی زانستی دابەشكردووە، هەرچەندە ئەم دابەشبوونە بەشێوەیەكی پراكتیكی ئەنجام نەدراوە.

٢- لە دابەشكردنەكاندا ئاماژەی بۆ ئەو نیمچە دیالێكتان كردووە، كە لە یەكترەوە نزیكن وەك (سنەیی، سلێمانی) و(لەكی، كەلهوڕی، فەیلی).

٣- بەپێی دووری دیالێكتەكان ئاماژەی پێ كردووە، بۆ نموونە دیالێكتی (زازا) وەك دیالێكتێكی سەربەخۆ ئاماژەی پێكردووە.

٤- لە دابەشكردنەكەیدا شوێن و سنووری هەر دیالێكتێكی دیاری كردووە.

## ١-٧ ڕۆژبەیانییەكان

### ١-٧-١ واتای زاراوەی ڕۆژبەیانی:

زمانی كوردی زمانێكی دەوڵەمەندە بە هەزارەها وشە و دەستەواژەی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، هەر وشە و دەستەواژەیەك لە ڕەهەندێكەوە سەرچاوەی گرتووە، كە مانایەك دەبەخشێ و دەبێتە دەربڕی ئەو وشە و دەستەواژانە، دەربارەی لێكدانەوەی زاراوەی ڕۆژبەیانی ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە.

محمد جمیل الروژبیانی بەم شێوەیە لێكدانەوەی كردووە، ڕۆژبەیانی وشەیەكی لێكدراوی كوردییە و لە وشەی (روزبهانی) فارسییەوە هاتووە، بۆ نازناوی كەسێك دەگەڕێتەوە بەناوی (روزبهان)، كە كۆی زاراوەی (روزبە) یە ( محمد جمیل الملا احمد الروژبیانی: ٢٠٠١: ٢٤).

حسن عمید لە (فەرهەنگی عمید) بەم شێوەیە لێكدانەوەی بۆ كردووە (روزبە) وشەیەكی فارسییە پێكهاتووە لە وشەی (روز) بە واتای ڕۆژ، (بە) بە واتای خۆشی و شادی دێت، هەردوو وشەكە پێكەوە بە واتای ڕۆژێكی خۆش یان ڕۆژێكی شاد دێت (حسن عمید :١٩٢٨: ٦٤٦).

### ١-٧-٢ ڕۆژبەیانییەكان كێن:

نەتەوەی كورد لە هەزارەها هۆز و تیرە پێكهاتوون، بە ناوچەكانی كوردستاندا بڵاوبوونەتەوە، هەندێكیان كۆچەر و زۆربەیان نیشتەجێن، هەندێك لە هۆزەكان لەبەر هۆكاری تایبەت (كۆمەڵایەتی، ئابووری،...هتد) لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر كۆچیان كردووە، و هەندێكیان لەبەر هۆكاری سیاسی كۆچیان پێكراوە.

هۆزی ڕۆژبەیانی یەكێكە لە گەورە هۆزەكانی كورد، تائێستا هیچ سەرچاوەیەكی مێژوویی سەرەتای پەیدابوونی ئەم هۆزەی پشت ڕاست نەكردووەتەوە، بەڵام ئەوەی لە كتێبی (تجارب الامم)ی (ابن مسكویە)[1] دا دەربارەیان نووسراوە،

---

[1] ) **لە كتێبی ( تجارب الامم و تعاقب الهمم ) بەم شێوەیە باس لە ئبن مسكویە كراوە، ابن مسكویە : ئەحمەدی كوڕی محەمەدی كوڕی یەعقوبی مسكویە، مێژوونووس و لێكۆڵەرێكی عەجەمە خەڵكی شاری (ڕی) یە، لە ئەسفهان دانیشتووە و هەر لەوەی كۆچی دوایی كردووە، چەندین بەرهەمی بەنرخی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، لەوانە ( تجارب الامم و تعاقب الهمم ) لە چەند بەشێ پێكهاتووە، ( طهارة نفس، اداب العرب و الفرس، الفوز الاصغر في علم النفس ) ترتیب السعادات في الاخلاق، رسالة في ماهية العدال، ندیم الاحباب و جلیس الاصحاب، الحكمة الخالدة، تهذیب الاخلاق و تطهیر الاعراق ).**

دەردەکەوێ لە کوردەکانی (دەیلم)[1] ن، لە وڵاتـی چیا پـێش پەیـدابوونی ئیـسلام بەسـەدەها سـاڵ ژیـاون، ئەمـەش لـە ژیاننامەی ئەو کەسانە دەردەکەوێ، کـە ناویـان نازنـاوی (روزبـە) یـان (روزبهـان) هـەبووە. (ابـن مـسکویە: ١٩١٤: ١٢٣) هەروەها شەرەفخانی بەدلیسی لە شەرەفنامەدا دەڵێ: "روزبەهانی بەهۆزی لوڕی ئەژمار ناکرێت".
(شرفخان البدلیسی: ٢٠٠١: ١١٤).

چەند مێژوونووسێکی هاوچەرخ بە هیچ شێوەیەك ئاماژەیان بۆ هۆزی ڕۆژبەیانی نەکردووە، لەوانە محەمەد ئەمین زەکی و شێخ محەمەدی مەردوخی.

هەروەها مێژوونووسی عێراقی عەباسی عەزاوی، لە کتێبی (عشائر العراق) بەشـێوەیەکی هەڵـە باسـی هـۆزی ڕۆژبـەیانی و چەندین هۆزی دیکە کردووە، بۆ نموونە دووجار ئاماژەی پێکردووە، هەردوو جارەکەش بەهەڵە باسی کردووە، کە باس لە هۆزەکانی سنووری هەولێر دەکات هۆزی ڕۆژبـەیانی وەك تیرەیـەك دەیخاتـە پـاڵ هـۆزی دزەیـی بـەناوی ڕۆژبەیانییـەوە، (عباس العزاوي: بدون السنة الطبعة: ٣٠٤)، کە دێتە باسی هۆزەکانی سنووری کەرکوك، هۆزی لەك دەکاتە دوو بەشـەوە، بەشێکیان بەناوی روزبەهانییەوە ئاماژەی پێکردووە، ئەوەی تریان بەناوی شێخ بزێنییەوە، (عباس العزاوي: بدون الـسنة الطبعة : ٣٠٩)، وادیارە عەزاوی بەشێوەیەکی ورد و بابەتیانە لە ڕەگ و ڕیشەی ئەم هۆزانـەی نەکۆڵیوەتـەوە، پرسـی بـە پیاوماقوڵان و ڕۆشنبیرانی کورد نەکردووە.

هۆزی ڕۆژبەیانی لە چەند تیرەیەك پێکهاتوون (قووڵ، ڕەعیە)، ڕۆژبەیانی دانیـشتووی گـەڕەکی پیریـادی شـاری کـەرکوك خۆیان بە(سەید) لە قەڵەم دەدەن، هەرچەندە زۆربەی زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کورد سەیدی نییە، بەڵام ئەم تیرانەی ڕۆژبەیانی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە زۆر تێکەڵن لەناو یەکتردا و داپچراوە نین.

### ١-٧-٣ سنووری نیشتەجێ بوونی ڕۆژبەیانییەکان:

هۆزی ڕۆژبەیانی وەك هەموو هۆزەکانی تری کورد بە هەموو کوردستاندا دابەشـبوونە، بەشـێکیان نیـشتەجێی ڕۆژهـەڵاتی کوردستانن، لە کرماشان و هەروەها لـە شـوێنەکانی تـری ئێـران وەك شـیراز و گـیلان و رامهرمـز، و بەشـەکەی تریـان لـە باشووری کوردستان وەك (موسڵ، هەولێر، خانەقین، گەرمیان، کەرکوك).

ئەوانی نیشتەجێی موسڵن لە گوندەکانی (خاتون ئاوا، چەمە ڕەش، کانی سارتك، ژیلکان، تەل جومەرد، گریگـە، زینـاوا، سەیدان، ئەشکەفەت بن دیان). هەندێکیان گوازرانەتـەوە گونـدەکانی (تـەل یـارە، بـاش پیتـە، گوگجـەلی، کەبـەرلی) وە هەندێکی تریان نیشتەجێی شارۆچکە قرەقوش (الحمدانیە) ناو شاری موسڵن، هەروەها ئەوانی کە لەناو شاری نیشتەجێن لە دانیشتوانی گونـدەکان دەوورووبـەری موسـڵن بـەهۆی کۆچـکردنەوە چـوونەتە هـەولێر، ئـەوانی نیـشتەجێی خانـەقین و شارۆچکەی قورەتون لە گوندەکانی (سەوزە بلاخ، قەڵەم، ئاوایی گەورە، تازە دێ، گـاکول، هەنـدێکی تریـان لـە کـەلار و گوندەکانی (گورە قولێ، زەردە، توران، میل قاسم، شاکەل).

(ئەمانە پاش کوشتنی سەرۆکەکەیان، زایەر بەگی جاف دەستی بەسـەر ناوچـەکەیان گرتـووە و پەرتـەوازەی ناوچـەکانی تری کوردستان بوونە) (محمد جمیل الملا احمد الروژبیاني:٢٠٠١ : ٢٨)، ئەوانی کە لە کەرکوك نیشتەجێن لـە گونـدەکانی سـەر بـە شارۆچـکەی قەرەحەسـەنە، "فـەرقان مەڵبەنـدی سـەرەکی نیـشتەجێ بـوونی ڕۆژبەیانییـەکانی کەرکوکـە، کـە لەبنەڕەتدا ناوەکەی لە (فەروخان) ەوە هاتووە بەناوی بنیاتنەرەکەیەوە، کە ناوی (فەروخان روزبە) بووە" (محمد جمیل الملا احمد الروژبیاني: ٢٠٠١: ٢٩)، پاشان بڵاوبوونەتەوە بە گوندەکانی (تەپەلو کۆنە، عەلی ئاوا، بـان لـەیلان، یـەحیاوا،

---

[1] ) **دەیلم: ناوچەیەکی شاخاویيە دەکەوێتە نزیکی قەزوین.**

خدر بەگ ژووروو، خدر بەگی خواروو، خدر بلاخ، بەیانلو، وەسمان لەك، باوا، خالۆ بازیانی، تەرجیل، باداوە)، وە هەروەها چەند خێزانێکیان نیشتەجێ گوندەکانی (مەتارە)ن، سەر بە شارۆچکەی داقوق و (بەشیر)، سەر بە شارۆچکەی (تازە)یە، وە گوندی ڕۆژبەیانی سەربە شارۆچکەی شوان بوونە، وە لەناو شاری کەرکوك لە چەند گەڕەکێك نیشتەجێن (شۆرجە، ڕاپەڕین، ئازادی، ڕزگاری، ئیسکان، ڕەحیماوا، روناکی) زۆرینەی ڕۆژبەیانییەکانی ناو شاری کەرکوك نیشتەجێ گەڕەکی شۆرجەن، وە چەند خێزانێکیان دەتوانین بڵێین لەو خێزانانەن، کە ڕۆڵیان هەبووە لە بنیاتنانی ئەو گەڕەکە.

### ١-٧-٤ بیروباوەڕی ئاینی ڕۆژبەیانییەکان:

زۆرینەی هۆزی ڕۆژبەیانی موسڵمانن، نیشتەجێ بووانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران زۆربەیان شیعە مەزهەبن، ڕۆژبەیانی خانەقین و کەلار و کفری و کەرکوك سونە مەزهەبن، جگە لەوانی گوندی بەشیر کە شیعە مەزهەبن، ئەوان دانیشتووی گوندەکانی موسڵ (کەبەرلو، تەلیارە، گوگجەلی، باشتەپە) شیعە مەزهەبن، وە یەزیدی هەن دەڵێن ڕۆژبەیانین (محمد جمیل الملا احمد الروژبیانی: ٢٠٠١: ٢٩).

وەك باسمان کرد گوندی فەرقان مەڵبەندی سەرەکی نیشتەجێبوونی ڕۆژبەیانییەکانی کەرکوکە لەسەرەتای سەدەی ڕابردوو مزگەوت و قوتابخانەی ئاینی لەو گوندە هەبووە، چەندەها قوتابی تێدا خوێندویانە، پاشان بوونە بە زانای ئاینی بەناوبانگ وەك ( مەلا عەبدولڕەحمان ڕۆژبەیانی، مەلا ئەحمەدی گەورە، مەلا سەید یوسف، محەمەد جەمیل مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی) (محمد جمیل الملا احمد الروژبیانی: ٢٠٠١: ٢٠).

### ١-٧-٥ ڕۆژبەیانییەکان لە مێژوودا:

لە چەندین سەرچاوەی مێژوویی ئیسلامی و ئاشووریدا وەك (تاریخ طبري، الضوء الامع، عبهر العاشقین، رۆزبهاننامە، مێژووی کلدواشور) ناوی کەسایەتی و ناوداری ڕۆژبەیانی هاتووە، بەناوی (روزبە) و(روزبهان)، کە ڕۆڵێکی دیاریان گێڕاوە لە بواری ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و هەروەها سیاسی و سەربازیشدا، هەریەکە لەوانە لە بوارەکەی خۆیاندا خزمەتی باشیان کردووە، ژمارە بە ژیاننامە و بەسەرهاتی هەندێ لەو کەسایەتییانە دەدەین.

لە ساڵی ٦٢٥ز هەرقلی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بە سوپاکەیەوە هێرشی کردە سەر ئەرمینای فارسی، خوسرەو ئەبرویز پاشای فارس سوپایەکی بەفەرماندەی کەسێك کە ناوی (روزبهان) بوو ناردە سەری، لە نزیك ڕووباری زێی گەورە بەیەك گەیشتن، شەڕێکی قورس لە نێوانیاندا ڕوویدا، لە ئەنجامدا سوپای فارس هەڵهات پاش ئەوەی فەرماندەکەیان (روزبهان) کوژرا، سوپای ڕۆم توانیی (حدباب)[1] (بێت گرمای)[2] و شارەزوور داگیر بکات (ادی شیر: ١٩١٣: ٢٣٨).

تەبەری لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی سیازدەی کۆچیدا، دەڵێت: "سوپای ئیسلام هێرشی کردە سەر ناوچەی (عەجەم)، سوپای عەجەم بە فەرماندەی (روزبە) و(زەرمیهر) بەرەنگاریان بوونەوە لە ناوچەی جەحید[3] بەشەڕهاتن، لە شەڕەکەدا سواری عەجەم زۆری لێکوژراوە، قەعقاع (زەرمیهر)ی کوشتووە، (روزبە) بەدەستی عەسمە کوڕی عەبدوڵڵا کوژراوە، لەم جەنگەدا موسڵمانەکان دەستکەوتێکی (غنائم) زۆریان بەدەست کەوتووە. (محمد بن جریر طبري: ١٩٢٣: ١٥١٩).

---

[1] حدباب: شاری هەولێری ئێستایە.

[2] بێت گرمای: ناوچەی گەرمیانی ئێستایە.

[3] جەحید: ناوچەیەکە لە دەوروبەری عێراق لەلای جەزیرەوە.

شێخ شەرەفەدین ئیبراهیم شێخ سەدرەدین روزبهان، یەکێ بووە لە واعیزە ناودارەکان، چەندین نامەی لەسەر وەعز و ئیرشاد نووسیوەتەوە لەوانە (الموهبة الرباهية، الكرمة السجانية)[1]

بەقلی: روزبهان کوڕی ئەبی نەسری شیرازی کازەرونی، لە ساڵی ٥٢٢ کۆچی بەرامبەر ١١٢٧ زاینی لەدایکبووە، لە بەرهەمەکانی (عرائس البيان في حقائق القرآن) لە ساڵی ٦٠٦ کۆچی بەرامبەر بە ١٢٠٩ زاینی کۆچی دوایی کردووە[2]

ئەبو زەکەریا دەبسائی: یەحیا محەمەد روزبهان، لە بەغدا دانیشتووە، یەکێك بووە لە وتار خوێنەکانی، لە ساڵی ٣٨٠ کۆچی بەرامبەر (٩٨٩) زاینی کۆچی دوایی کردووە (احمد بن علي: بدون سنة الطبعة: ١٠٤).

ئەحمەد محەمەد محەمەد ئەحمەد روزبە کازەرونی: لە چواری مانگی سەفەری ساڵی ٨٢ کۆچی لە شاری مەدینە لەدایکبووە، قورئانی خەتم کردووە و کتێبی (منهامين الفرعي والاصلي) خوێندووە، لە ساڵی ٩٦٣ ك کۆچی دوایی کردووە. ( شمس الدين محمد بن عبدالرحمن سخاوى:١٩٣٤:٣٤٧).

لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا چەندین کەسانی زانا و خوێندەواری تێدا هەڵکەوت، وەك مەلا عەبدولڕەحمانی حوسێن بەگ ڕۆژبەیانی، لە گوندی فەرقانی ناوچەی قەرەحەسەن لە پارێزگای کەرکوك لەدایکبووە، لە قوتابخانەی ئاینی لەو گوندە خوێندوویەتی، چووەتە کەرکوك بۆ خوێندنی زانستی ئاینی، پاشان گەڕاوەتەوە گوندی فەرقان و بووەتە پێشنوێژ و مامۆستا لە مزگەوتی گوندەکە، لە ساڵی (١٢٤٢) کۆچی بەرامبەر ١٨٢٦ زاینی) بووە بە مامۆستا لە قوتابخانەی سلێمانی لە قەڵای کەرکوك، پاشان چووەتە بەغدا و لەوێ نیشتەجێ بووە، تا کۆچی دوایی کردووە لە ساڵی (١٢٧٠ کۆچی بەرامبەر ١٨٥٤ زاینی) وە لە گۆڕستانی سەهرە وەردی لە بەغدا نێژراوە. (محمد جميل الملا احمد الروژبياني: ٢٠٠١: ٥٢).

محەمەد جەمیل مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانی لە (٢٧)ی ڕەجەبی ساڵی ١٣٣١ کۆچی بەرامبەر (٣)ی تەموزی ١٩١٣ زاینی لە گوندی فەرقان لەدایکبووە، لەلای دایکی قورئانی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٢٥ ز باوکی بە مامۆستا و پێشنوێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی منارە نەخشینە لە کەرکوك دامەزراوە، مەلا جەمیل لەگەڵ خۆی دەبات لەوێ درێژە بە خوێندن دەدات، لە چەندین شوێنی تر خوێندوویەتی وەك مزگەوتی نائب لە گەڕەکی ئیمام قاسم و مزگەوتی(حەسەن مەکی ) قەڵا و ئاڵتون کۆپری و پاشان هەولێر و کفری.

مەلا جەمیل بەهۆی هەڵوێستی کوردانەی چەندەها جار گیراوە و دوورخراوەتەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق، لە ساڵی ١٩٦٣ چووەتە ڕیزی شۆڕشی کوردستانەوە لە پاش ئەوە ئاوارەی ئێران دەبێ، تا ساڵی ١٩٧٩ز دەگەڕێتەوە بۆ عێراق و لە بەغدا نیشتەجێ دەبێ، ڕۆژبەیانی مرۆڤێکی بەئەمەك و مێژوونوسێکی زۆر بەتوانا بووە، توانیویەتی بە پشت بەستن بەسەرچاوە مێژووییە کۆنەکان چەندین گرێ کوێرەی مێژوویی بکاتەوە و چەندەها هەڵە ڕاست بکاتەوە و کوردستانیەتی چەندین شار و شارۆچکە بسەلمێنێ، لەپای نووسینەکانی یەکێتی مێژوونووسانی عەرەب مەدالیای زێڕینی پێ بەخشیووە لە ساڵی ١٩٩٤ز، چەندین بەرهەمی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، هەندێکی بڵاوکراوەتەوە و هەندێکی تری تاکو ئێستا بە دەستنووسی ماوەتەوە لە کتێبخانەی خۆی. لە ڕۆژی ٢٠٠١/٣/٢٧ لە ماڵەکەی خۆی بە شێوەیەکی دڕندانە و دوور لە مرۆڤایەتی شەهید دەکرێت.

---

[1]) بڕوانە: (**عبهر العاشقين** ١٩٥٨، ٣٩) (**روزبهاننامه**: ١٩٢٨: ٥٩).

[2]) بڕوانە: (**الاعلام اللزرگلي**: ١٩٨٠: ٣٥) (**معجم المؤلفين: سنه؟** : ١٧٥).

### ١-٧-٦ جێ و شوێنی ئاخاوتنی ڕۆژبەیانییەکان لەناو دیالێکتەکانی زمانی کوردی:

شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژبەیانییەکان بەگشتی تاکو ئێستا باسێکی ئەوتۆی لێ نەکراوە، هەرچەندە ئەگەر بمانەوێ لە نزیکەوە سەرەنج بدەینە ئەم نیمچە دیالێکتە، دەبینین چەندین جیاوازی هەیە لە ئاخاوتنیان بەراورد بە ئاخاوتنی دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی، ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە تاکو ئێستا زۆربەی زۆریان پابەندی شێوەی ئاخاوتنی ڕۆژبەیانین، ڕۆژبەیانییەکانی دانیشتووی دەوروبەری شاری موسڵ تاکو ئێستا پابەندی شێوەزارەکەیانن، ئەوانەی وا کۆچیان کردووەتە ناو شاری هەولێر دەستبەرداری شێوەزارەکە بوون و قسەی پێ ناکەن، هەروەها ئەوانی دانیشتووی ناوچەکانی گەرمیان و خانەقین بەهەمان شێوە قسە بەشێوەزاری ڕۆژبەیانی ناکەن، ئەمانە بۆ هۆکاری تێکەڵبوونی زیاتر لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەر و دوورکەوتنەوەیان و دابڕانیان لەیەکتر بۆ ماوەیەکی زۆر، زۆربەی کات دابڕان و دوورکەوتنەوەش بەهۆی هۆکاری سیاسی و ئابوورییەوە بووە.

بەڵام ئەوانی وا دانیشتووی شاری کەرکوك و دوروبەرین، کە مەڵبەندی سەرەکی نیشتەجێ بوونیان گوندی (فەرقان) ە، لەوێوە بڵاوبوونەتەوە بۆ گوندەکانی دەوروبەری شاری کەرکوك و ناو شاری کەرکوك، تا ئێستا پابەندی شێوەزاری ڕۆژبەیانین، بەتایبەتی لەنێوان خۆیان قسەی پێدەکەن.

زۆربەی ئەو دابەشبوونانەی بۆ دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی زمانی کوردی کراوە، پێشتر باسمان کرد پڕ بە پێستی خۆی هەموو کون قوژبنەکانی پڕ نەکردووەتەوە، چونکە ئەم دابەشبوونانە بە ڕێگای زانستی لێکۆڵینەوەی بۆ نەکراوە، شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکان، کە باسی ئەم لێکۆڵینەوەیە تاکو ئێستا زۆر بە کەموکورتی باسکراوە.

(محمد جمیل الملا احمد الرۆژبیانی) بەم شێوەیە باسی لە نیمچە دیالێکتی ڕۆژبەیانییەکان کردووە، دەڵێ: "دیالێکتی ڕۆژبەیانییەکان کوردەکان تێکەڵێکە لە دیالێکتی (گۆران– کەلهوڕی) دانیشتوانی ئەو ناوچانەی نزیکی لوڕستانە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری دیالێکتی لوڕی، بەداخەوە دیالێکتی ڕۆژبەیانی بەرەوە کاڵبوونەوە ڕۆیشتووە بەهۆی ڕاگەیاندن و پەرەسەندنی ئەدەبیاتی دیالێکتی کرمانجی خواروو بە گشتی" (محمد جمیل الملا احمد الروژبیانی : ٢٠٠١: ٢٩).

مامۆستا (محمد جمیل) وەکو مێژوونووسێ باسی لە نیمچە دیالێکتی ڕۆژبەیانی کردووە، نەك وەك زمانەوانێ بەپێی بۆچوونی خۆی ئاماژەی پێکردووە، لەسەر بنەمایەکی زانستی و دیراسەکراوەوە ساغی نەکردووەتەوە، کە ئەم نیمچە دیالێکتە سەر بە چی دیالێکتێکە، تەنیا بەپێی تێبینییەکانی خۆی ئەم لێکدانەوەی کردووە.

جەمال ڕەشید لە کتێبی (ظهور الکورد في التاریخ) باسی لە مێژووی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی دەکات دەڵێ: "دیالێکتەکانی دەیمەلی[1] و هەورامانی و ڕۆژبەیانی و شەبەك و شێخانی بەهەر شێوەیەك بێت داب و نەریتی ئێرانی خۆیان پاراستووە". (جمال رشید احمد: ٢٠٠٥: ٣١٥).

ئاشکرایە زمانی کوردی و زمانی فارسی سەر بەخێزانە زمانی هیند و ئێرانین و ئەمش لقێکە لە خێزانە زمانی هیند و ئەوروپی، بەڵام ئەم دیالێکتانە کە نووسەری ناوبراو ئاماژەی پێکردووە، دیالێکت و نیمچە دیالێکتی زمانی کوردین بەپێی کۆمەڵێ یاسایی ڕێزمانی کوردییان پێوە دیارە، هەرچەندە کوردستان چوار پارچەیە و دابەشکراوە بەسەر چوار دەوڵەتی خاوەن سێ زمانی جیاواز و کاریان کردووەتە سەر زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، بەڵام زمانی کوردیش تاڕادەیەکی باش خۆی پاراستووە.

---

[1] ) **دەیمەلی: هەڵەی چاپە ڕاستییەکەی ( دەیلم ) ە.**

سەرکەوت عەبدوڵڵا حوسێن لە کتێبی ( شێوەزارەکانی شاری کەرکوك) ئاماژەی بەهۆزی ڕۆژبەیانی کردووە، وەك یەکێك لە هۆزەکانی شاری کەرکوك(سەرکەوت عەبدوڵڵا حوسێن:٢٠١١:٤٢)، بەڵام زۆر بەکورتی باسی کردووە، هیچ گرنگێکی بەلایەنی شێوزارەکەیان نەداوە.

سیروان سەمین ئەحمەد لە نامەی ماستەرەکەیدا بە ناونیشانی ( دروستەی سینتاکسی لە شێوە ئاخاوتنی ناوچەی کەرکوکدا) باسی ڕۆژبەیانییەکان، لەڕووی نیشتەجێبوونیان لە شاری کەرکودا، وە هەروەها باس لە شێوە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانی دەکات و ڕاستەوخۆ دەیگەڕێتەوە سەر دیالێکتی گۆران) (سیروان سەمین ئەحمەد:٢٠١٥:٧)، بەڵام پێ دەچێت مامۆستای ناوبراو بەبێ وردبوونەوەی زانستی ئەم بۆچوونەی هەیە، هەرچەندە ڕاستە زەنگەنە و کاکەیی و ڕۆژبەیانی لەڕووی شێوەی ئاخاوتنەوە لە یەکترەوە نزیکن و بەئاسانی لە یەکتری تێدەگەن و لە زۆر ڕووەوە هاوبەشی لەنێوانیان هەیە، بەڵام ئەمە بەڵگە نییە بۆ ئەوەی ئەم شێوەزارە بدرێتە پاڵ دیالێکتی گۆران.

لە زمانەوانە کوردەکاندا تەنیا (تاهیر سادق) لە کتێبی (ڕێنووس– چۆنیەتی ڕێنووسی کوردی) دا ئاماژەی بە نیمچە دیالێکتی ڕۆژبەیانی کردووە، وەك لقێك لە دیالێکتی لوڕی، (تاهیر سادق: ١٩٦٩: ٩٢)، ئەوەی جێی سەرەنجە، کە مامۆستای ناوبراو لە دابەشکردنەکەیدا نیمچە دیالێکتی کەلهوڕی و نیمچە دیالێکتی گۆرانی داوەتە پاڵ دیالێکتی کرمانجی خواروو.

وەکو پێشتر باسکراوە ڕۆژبەیانییەکان بەزۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا پەرش و بڵاون، بۆیە ئێمە وەك سنوور دانانێ بۆ لێکۆڵینەوەکەمان تەنیا باس لە ئاخاوتنی ڕۆژبەیانییەکانی کەرکوك دەکەین، هەرچەندە زمانی هاوبەشی ڕۆژبەیانییەکان و دانیشتوانی شاری کەرکوك شێوەی ئاخاوتنی شاری کەرکوکە، تا ڕادەیەکی باش شارەزاییان لێی هەیە و دەیزانن و بەکاری دێنن، بەتایبەتی لە دام و دەزگا حکومی و فەرمییەکان و هەر لە بواری خوێندندا (زانکۆ و پەیمانگا و خوێندنگاکان)، هەرچەندە شاری کەرکوك بەهۆی سیاسەتی تەعریبەوە و نەتەوەی تری تێدا نیشتەجێیە، وەك (عەرەب، تورکمان...هتد)، بەڵام ئەوەی جێی سەرەنجە ڕۆژبەیانییەکانی کەرکوك بەتایبەتی زۆر پابەندن بەشێوەی ئاخاوتنی خۆیان، بەراورد بە هۆزەکانی تری شاری کەرکوك، وەك (زەنگەنە و شێخانی)، کە ئەمانە زیاتر دەستبەرداری شێوەی ئاخاوتنی خۆیان بوونە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین هەندێ لایەنی ڕێزمانی ئەم نیمچە دیالێکتە ڕوون بکەینەوە.

## ٢- ١ فۆنۆلۆجیای شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکان:

وشەی فۆنۆلۆجی لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە لە (phnoe – دەنگ) و ( log– زانست) پێکهاتووە، بەشێکە لە زمانناسی و زانستێکە دەربارەی پێکهاتنی دەنگی زمان و لە دروستبوونی و ئەرکی بچووکترین دانەی بێ واتای زمانە لە (فۆنیم – بڕگە) دەکۆڵێتەوە.

فۆنۆلۆجی یەکێکە لە ئاستەکانی زمان " کە لە دەنگەکانی زمانێکی تایبەتی دەکۆڵێتەوە لە ڕووی دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی ئەو زمانە، لەگەڵ لێکدان و ڕیزبوونیان لە قاڵبی بڕگەی فۆنۆلۆجیدا، هەروەها لە کاتی لێکدانی فۆنیمەکاندا چەند دیاردەیەکی گۆڕان ( لە گونجان و دوورکەتنەوە و سوان) پەیدا دەبێت" (تاڵب حوسێن: ١٩٨٩: ٣).

"فۆنۆلۆجی لە نیشانەکانی بەجێهێنانی ئەرکی واتا گۆڕینی (نیشانە گۆکەرییەکانی) یەکە دەنگییە شاراوە و نادیارەکانی (سەگمێنتەکانی) پێڕەوی زمان دەکۆڵێتەوە بەشێوەیەکی سەرەکی، جیاکردنەوەی واتای یەکە زمانییەکان (واتای وشەکان) بە بەجێهێنانی ئەرکی واتا – گۆڕینی فۆنیمەکان ناسراوە (گۆکردنی جیاکەرەوەیی فۆنیمەکان" (محەمەد مەحوی: ٢٠٠٨: ٦٥).

فۆنۆلۆجی گرنگی بەوە نادات دەنگەکانی ئاخاوتن لەڕووی فیزیۆلۆییە بناسێنێ، "بەڵکو مەبەستی نیشاندانی دەور و ئەرکی ئەم دەنگانەیە کە لە ئاخاوتندا بەر گوێ دەکەون، واتا کە دەبنە ماك و کەرەستەی ئاڵۆزتر و واتاداری وەك (مۆرفیم، وشە) هەر لەبەر ئەوەشە هەندێ لە زانایان فۆنۆلۆجیان بە فۆنەتیکی ئەرکی ناو بردووە" (ئەوڕەحمانی مارف: ٢٠٠٠: ٣)، تەنانەت ئەگەر لە زار و شێوەزارەکان وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ لەنێوان شێوەزارەکانی یەك زمانیشدا جیاوازی بەدی دەکرێ، هەر لەبەر ئەوەشە جیاوازی لەناو یاسا فۆنۆلۆجییەکانیشدا هەیە، لە شێوەزاری ڕۆژبەیانیشدا چەند دیاردەیەکی فۆنۆلۆجی بەدی دەکرێن کە هەندێك لەم دیاردانە بەتەنیا لەم شێوەزارەدا نین، بەڵکو لە شێوەزارەکانی تریشدا هەن.

زمان هەمیشە لە گۆڕاندایە، ئەو گۆڕانکارییانەی زمانیش لەسەر بنەمای (ئابووری زمان) هەموو زمانێك بەرەو ئاسان بوون دەبا، ئاسان بوونی زمانیش بەهۆی نەمان و لەدەستدانی هەندێ لە دەنگەکان یاخود گۆڕینی دە نگێك بۆ دەنگێکی تر لەکاتی ئاخاوتندا دەبێت و زۆریش لە گۆڕانکارییەکان تەواو دەچەسپێن و لە ئاخاوتن و نووسینیشدا پیادە دەبن.

ئەو گۆڕانکارییانەی دەنگەکانی زمان لە چەند یاسایەکی فۆنۆلۆجیدا دەردەکەون، ئەوانەی کە لە شێوەزارەکەدا دەردەکەون بریتین لە:

١– گۆڕینی دەنگ.

٢– لەناوچوونی دەنگ.

٣– جێگۆڕکێی دەنگ.

٤– زیادبوونی دەنگ.

٥– ئاڵۆزی دەنگ.

### ٢-١-٢ گۆڕانی دەنگ:

لە ئاخاوتندا هەندێ لەو دەنگە زمانییانەی دەکەونە پاڵ یەکتر بەچەند جۆرێ کارگەرییان لەسەر یەکتری دەبێت و دەبنە هۆی گۆڕانی فۆرمی وشەکە بەبێ ئەوەی واتای وشەکە بگۆڕێت، یەکێك لەو گۆڕانکارییانەش گۆڕینی دەنگە.

دەنگە گۆڕکێ " بریتییە لەوەی کە دەنگێکی وشەیەك لە قسەی هەندێ کەسدا یاخود خەڵکی هەندێ ناوچەی سەر بە زمانێك یان دیالێکتێك، دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر لە قسەی خەڵکی تردا، بێ ئەوەی ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕانی واتای

وشەکە". (محەمەد مەعروف: ١٩٨٤: ١١٨)، کەواتا مەرج نییە ئەم گۆڕانە لە هەمان وشەدا لەلای هەموو قسە پێکەرانی زمانەکە ڕوو بدات، تەنانەت لەناو هەموو قسە پێکەرانی زارێکیشدا، چونکە " هەندێ جار دوو فۆڕمی وشەکە لە یەك زاردا هەن، جاری واش هەیە هەر فۆڕمەی لە زارێکی تایبەتیدا بەکاردێ" (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٤: ١٥٨)، واتە هەمان وشە دوو فۆڕم یان زیاتری دەبێ بەهەمان واتا.

لەم شێوەزارەشدا نموونەی گۆڕانی دەنگیمان زۆرە و دەتوانین بە دوو جۆر دەستنیشانی بکەین.

**١) گۆڕان لە دەنگە نەبزوێنەکاندا:**

ئەم گۆڕانە لە کاتی لێکدانی دوو مۆرفیم، یان زیاتر ڕوو دەدات، واتە لە هەر دوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجیدا کە بە گۆڕانی (مۆرفۆفۆنۆلۆجی) دادەنێت، لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگەکان لەناو مۆرفیمەکاندا دێنە کایەوە، لێرەدا فۆنیمێکی نەبزوێن دەگۆڕێ بە فۆنیمێکی نەبزوێن تر، بۆ ئەوەی لە درکاندا ئاسان بێت ئەم گۆڕانانەش بەچەند شێوەیەد ڕوو دەدەن ئەوانیش:

**١- گۆڕانی فۆنیمی کپ بە فۆنیمی گڕ:**

لەم گۆڕانەدا دەنگێکی کپ دەگۆڕێت و دەبێت بە دەنگێکی گڕ، بۆ ئەم دیاردەیە چەند نموویەکی زمانی نووسین بەراورد دەکەین لەگەڵ شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکاندا، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

| وشەی لە (ش.ر) | وشەی (ش.ن) | فۆنمی کپ | فۆنیمی گڕ |
|---|---|---|---|
| خراو | خراپ | / پ / | / و/ |
| سوزیان | سوتان | / ت / | / ز / |
| گزگ | گسك | / س / | / ز / |

هۆکاری ئەم گۆڕانکارییانەش دەگەڕێتەوە بۆ سازگەی دەنگەکان.

**٢- گۆڕانی فۆنیمی گڕ بە فۆنیمی کپ:**

ئەم گۆڕانە بە پێچەوانەی گۆڕانەکەی ترە، لێرەدا فۆنیمێکی کپ، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیاریکراوە:

| وشەی (ش.ڕ) | وشەی (ش.ن) | فۆنیمی گڕ | فۆنیمی کپ |
|---|---|---|---|
| مزگەفت | مزگەوت | / و / | / ف / |
| کوش | کوژ | / ژ / | / ش / |
| پشمین | پژمین | / ژ / | / ش / |
| دوشمن | دوژمن | / ژ / | / ش / |
| پەس | پەز | / ز / | / س / |

**٣- گۆڕانی فۆنیمی گڕ بە فۆنیمێکی گڕی تر:**

لەم گۆڕانەدا فۆنیمێکی گڕ لە زمانی نووسیندا دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی گڕی تر لە شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکاندا. ئەم گۆڕانەش زۆر بڵاوە و لە هەموو شوێنێکی وشەدا دەبینرێ، هۆکاری ئەم گۆڕانەش سازگەیە، وەك:

| فۆنیمی گر | فۆنیمی گڕ | وشەی (ش.ن) | وشەی (ش. ڕ) |
|---|---|---|---|
| / و / | / ب / | بەهار | وەهار |
| / و / | / ب / | بە | وە |
| / م / | / و / | زاوا | زاما |
| / م / | / و / | دوا | دما |
| / م / | / و / | نێوە | نێمە |
| / و / | / گ / | ئاگر | ئاور |
| / و / | / گ / | سەگ | سەو |
| / گ / | / د / | ددان | دگان |
| / ز / | / ژ / | ژەهر | زەهر |
| / و / | / د / | قەد | قەو |
| / و / | / د/ | زاد | زاو |
| / ی / | / م / | ئەمە | ئەیە |
| / و / | / م / | زمان | زوان |
| / م / | / د / | دەچم | مەچم |

• لە گۆڕانی دەنگە نەبزوێنەکاندا فۆنیمی / و / نەبزوێن دەگۆڕێت بۆ / م / دەتوانین بڵێین هەمان یاسایی / و / نـەبزوێنی کرمانجی خواروو کە لە کرمانجی ژوور دەگۆڕێت بۆ / ڤ /.

• دەچم ← مەچم مۆرفیمی { دە }ی کاری ڕانەبردوو تەنیا ئەم / د / دەگۆڕێت بۆ / م /.

**٤- گۆڕانی فۆنیمی کپ بە فۆنیمێکی کپ:**

لێرەشدا فۆنیمێکی کپ لە زمانی نووسیندا دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی کپی تر لە شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکاندا، وەک:

| فۆنیمی کپ | فۆنیمی کپ | وشەی (ش.ن) | وشەی (ش.ر) |
|---|---|---|---|
| / خ / | / ك / | نۆك | نۆخ |
| / خ / | / ق / | قارچك | خارچك |
| / هـ / | / خ / | خاڵ | هاڵۆ |

**٥- گۆڕانی فۆنیمی / ك / بە فۆنیمی / ع /.**

لەم شێوەزارەدا فۆنیمی / ك / دەگۆڕێت بە / ع / لەسەرەتای وشـە و مۆرفیمەکانـدا، هەرچـەند فـۆنیمی / ع / لـە زمـانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا بـەکاردێت، هۆکـاری ئـەم گۆڕانـەش کاریگـەری زمـانی عەرەبییـە لەسـەر زمانی کوردی و دیالێتەکانی، وەک:

| وشەی ( ش. ڕ ) | وشەی (ش. ن) | گۆڕانی فۆنیمەکە |
|---|---|---|
| عەزیت | ئەزێت | / ك / ← / ع / |
| عاسمان | ئاسمان | / ك / ← / ع / |
| عەدەب | ئەدەب | / ك / ← / ع / |
| عەڤداڵ | ئەوداڵ | / ك / ← / ع / |

**٦- گۆڕانی فۆنیمی / خ / بە فۆنیمی / غ / .**

لەم شێوەزارەدا فۆنیمی / خ / دەگۆڕێت بە فۆنیمی / غ / لەسەرەتای وشە و مۆرفیمەکاندا و یان لە کۆتایی وشە و مۆرفیمەکاندا، هەرچەند ئەم فۆنیمە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە و لە زمانی کوردیدا بەکاردێت، هۆکاری ئەم گۆڕانەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی، وەك:

| وشەی (ش. ڕ) | وشەی (ش. ن) | گۆڕانی فۆنیم |
|---|---|---|
| غەمگین | خەمگین | / خ / ← / غ / |
| غەمبار | خەمبار | / خ / ← / غ / |
| وجاغکوێر | وجاخکوێر | / خ / ← / غ / |

**٢) گۆڕان لە دەنگی بزوێندا:**

لە شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکاندا بە بەراورد لەگەڵ زمانی نووسیندا بزوێنەکان گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەردا دێت، چونکە بزوێن لە ئەنجامی کاریگەری دەوروبەرەوە دەگۆڕێت، هۆکاری ئەم گۆڕانەش بۆ ئاسانکاری لە دەربڕیندا.

١- گۆڕانی بزوێنی درێژ بە بزوێنێکی کورت:

لەم شێوەزارەدا گۆڕانی بزوێنی درێژ بە بزوێنێکی کورت بە بەراورد لەگەڵ زمانی نووسیندا.

| وشەی (ش. ڕ) | وشەی (ش.ن) | گۆڕانی بزوێنەکان |
|---|---|---|
| کەڕە | کەڕوو | /وو / ← / ە / |
| مردە | مردوو | / وو/ ← / ە / |
| پەنج | پێنج | / ێ / ← / ە / |
| نەرگس | نێرگس | / ێ / ← / ە / |
| بین | بوون | / وو/ ← / ی/ |
| زوخاو | زاخاو | / ا/ ← / و / |
| کەژمار | کاژی مار | / ا / ← /ە/ |
| تو | تۆ | / ۆ / ← / و / |
| سابین | سابوون | / وو / ← / ی / |

٢- گۆڕانی بزوێنی کورت بە بزوێنێکی درێژ. لەم شێوەزارەدا گۆڕانی بزوێنی کورت بە بزوێنێکی درێژ بە بەراورد لەگەڵ زمانی نووسیندا.

| گۆڕانی بزوێنەکان | وشەی (ش.ن) | وشەی (ش. پ) |
|---|---|---|
| / ە / ← / ا / | عەبا | عابا |
| / ی / ← / ا / | هاوڕێ | هامرا |
| / ە / ← / ا / | عەرەبانە | عارەبانە |

٣- گۆڕانی بزوێنی درێژ بە بزوێنێکی درێژ:

لەم شێوەزارەدا گۆڕانی بزوێنی درێژ بە بزوێنێکی درێژی تر دەبێ بەبەراورد لەگەڵ زمانی نووسیندا.

| گۆڕانی بزوێنەکان | وشەی (ش.ن) | وشەی (ش. پ) |
|---|---|---|
| / ێ/ ← / ا / | مێ | ما |
| / ێ/ ← / ا / | ئەستێرە | هەستارە |
| / ێ/ ← / ۆ / | پستە | پۆستە |
| / ا / ← / ێ / | پان | پێن |

**٤- گۆڕانی بزوێنی کورت بە بزوێنێکی کورت.**

لەم شێوەزارەدا گۆڕانی بزوێنی کورت بە بزوێنێکی کورتی تر بەبەراورد لەگەڵ زمانی نووسیندا:

| گۆڕانی بزوێنەکان | وشەی (ش.ن) | وشەی (ش. پ) |
|---|---|---|
| / ە/ ← / i / | زەنجیر | زنجیر |
| / i/ ← / ی / | زچکاو | زیچکاو |
| / و/ ← / i / | زولف | زلف |
| / i / ← / و / | ترش | تورش |
| / ە/ ← / ی / | ئەمشەو | ئیمشەو |
| / i/ ← / ی / | ورد | ویرد |

### ٢- ١ – ٢ لەناوچوونی دەنگ:

لەم یاسایەدا، کە تێدا دەنگێك، یان زیاتر لە وشە و مۆرفیمەکاندا لەناودەچێ، ئەمەش لە ئەنجامی بەراوردکردنی وشەکان لەنێوان دوو زار و شێوەزاردل، یان لەنێوان زارێك و شێوەزارێکدا ئەم یاسایە " بەمەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین دێتەکایە، لە ئەنجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لە شوێنی جیاوازدا دروست دەبن و لە هەندێ باردا شێوە و قاڵبی جیاواز وەدەگرن" ( تاڵب حوسێن: ١٩٨٩:٥٨) یاسای لەناوچوونی دەنگ تەنیا لە شوێنێکی وشەدا نابینرێ، بەڵکو "ئەم یاسایە لە هەموو شوێنێکی وشەدا ڕوودەدات، بەڵام لەناوەڕاست و کۆتایی وشەدا زۆر بڵاوە" (ڕەحمان ئیسماعیل: ١٩٩١:٧٤).

یاسای لەناوچوونی دەنگەکان لەم شێوەزارەدا بەبەراورد لەگەڵ زمانی نووسیندا لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشە و مۆرفیمەکاندا بەرچاو دەکەوێت، ئەم یاسایە لە بزوێنەکان و نەبزوێنەکاندا ڕوودەدات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**١) لەناوچوونی دەنگە نەبزوێنەکان:**

| لەناوچوونی نەبزوێن | وشەی ( ش. ن) | وشەی ( ش. پ) |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| وارد | خوارد | / خ / |
| ڕێوار | ڕێبوار | / ب / |
| بازن | بازنگ | / گ / |
| دەس | دەست | / ت / |
| پیا | پیاو | / و / |

**١- لەناوچوونی فۆنیمی / د /**

أ – لەناوچوونی فۆنیمی / د / لەناوەڕاست و کۆتایی وشە و مۆرفیمەکاندا، وەك:

| وشەی ( ش. ڕ ) | وشەی (ش . ن) | لەناوچوونی فۆنیمی / د/ |
|---|---|---|
| خوێنن | خوێندن | / د / |
| تون | توند | / د / |
| سوێن | سوێند | / د / |

ب – لەناوچوونی فۆنیمی / د / لە مۆرفیمی { اندن } کە دەچێتە سەر کاری تێنەپەڕ و دەیکاتە بە تێپەڕ و هەروەها دەچێتە سەر دەنگە سروشتییەکان دەیکاتە کاری تێنەپەڕ ، وەك:

| وشەی ( ش. ڕ ) | وشەی (ش . ن) | لەناوچوونی فۆنیمی / د/ |
|---|---|---|
| سوزیانن | سوتاندن | / د / |
| شکانن | شکاندن | / د / |
| ورشانن | برژاندن | / د / |
| قیژانن | قیژاندن | / د / |
| نالآنن | نالآندن | / د / |
| گرمانن | گرماندن | / د / |

**٢) لەناوچوونی دەنگە بزوێنەکان:**

لەم شێوەزارەدا بە زۆری بزوێنی ( ە، ی ، ێ) لەناو دەچن، هۆکاری لەناوچوونەکەش بۆ ئاسانکاری لە دەربڕیندا، وەك لەم نموونانەدا ڕوونکراوەتەوە.

| وشەی ( ش. ڕ ) | وشەی (ش . ن) | لەناوچوونی بزوێن |
|---|---|---|
| شۆن | شوێن | / ێ / |
| دانش | دانیشە | / ە / |
| کەژ مار | کاژی مار | / ی / |
| ئالك | ئالیك | / ی / |

**٢- ١- ٣ جێگۆڕکێی دەنگ:**

لەم یاسایەدا دەنگێك یان زیاتر شوێنی

خۆیان دەگۆڕنەوە لە سنووری هەمان وشە و مۆرفیمدا " لە سنووری وشە و مۆرفیمدا بە پاش و پێشی خستنی دەنگەکان لە وشەدا دەگۆڕێت جێگۆڕکێی دەنگ، کە وەکو زاراوە بە هەموو شێوەیەك دەگۆڕێت کە دەنگێك یان زیاتر لە شوێنی خۆیەوە دەچێتە شوێنێکی تر لە هەمان وشەدا" ( نەسرین فەخری: ٢٦٣:١٩٨٥) یاسای جێگۆڕکێی دەنگ لە هەموو زمانێکدا ڕوو دەدات و زیاتر لە شێوەزارەکاندا دەبینرێ، هەروەك لە وشەی (aesk) دا ئەم وشەیە لەلای ڕەشپێستەکانی ئەمریکا بە شێوەی (aesk) دەردەبڕدرێت بەم شێوەی خوارەوە.

{s } { k } → { k } {s } ( شحدة فارع والاخرون: ١٠٣:٢٠٠٣).

ئەم یاسایە تەنیا لە وشەی ڕەسەنی کوردیدا ڕوو نادات، بەڵکو لە هەندێ وشەی بێگانەشدا بەدی دەکرێت، کە هاتوونەتە ناو زمانەکەمانەوە، کە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی نەخوێندەواری و نەزانینەوە هەیە، وەك:

| خوێندەوار | نەخوێندەوار |
|---|---|
| جومعە | جومعە |
| روبع | روعب |
| لەعنەت | نەعلەت |

| وشەی ( ش. ڕ ) | وشەی (ش . ن) | جێگۆڕکێی دەنگ |
|---|---|---|
| زوخاڵ | خەڵووز | / خ /، / وو /، / ز / |
| نیزك | نزیك | / ز /، / ی / |
| نویر چەم | نوری چاو | / ر / ، / ی / |
| فو | وف | / و / ، / ف / |

**٢- ١ – ٤ زیادبوونی دەنگ :**

١– زیادبوونی دەنگی نەبزوێن :

أ – زیادبوونی دەنگی نەبزوێن :

| وشەی ( ش. ڕ ) | وشەی (ش . ن) | فۆنیمی زیادکراو |
|---|---|---|
| چراخ | چرا | / غ / |
| سویر | سور | / ی / |
| پویك | پوك | / ی / |
| دویکەڵ | دوکەڵ | / ی / |

ب – زیادبوونی دەنگی نەبزوێنی / ی / :

لەم شێوەزارەدا بەتایبەتی لە چاوگی ( ئەلفی ) دا وە پێش نیشانەی چاوگەکە فۆنیمی / ی / پێدا دەبێ، وەك:

| وشەی ( ش. ڕ ) | وشەی (ش . ن) | فۆنیمی / ی / |
|---|---|---|
| سوزیان | سووتان | / ی / |

| | | |
|---|---|---|
| هەژیان | هەژان | / ی / |
| ترازیان | ترازان | / ی / |
| دڕیان | دڕان | / ی / |
| ڕزیان | ڕزان | / ی / |

٢– زیادبوونی دەنگی بزوێن:

| وشەی ( ش. ڕ ) | وشەی (ش . ن) | فۆنیمی زیادبوو |
|---|---|---|
| کەمۆتر | کۆتر | / ە / |
| هاڵۆ | خاڵ | / ۆ / |

**٢- ١- ٥ ئاڵۆزی دەنگ:**

١– زیادبوونی دەنگ و گۆڕانی دەنگێکی تر:

لەم شێوەزارەدا لە هەندێ وشەدا دەنگێکی نەبزوێن زیاد دەکات وە زۆربەی وشەکان دەنگی بزوێنەکەش دەگۆڕێت لە هەندێ بارە ناگۆڕێت، وەك:

| وشەی ( ش. ڕ ) | وشەی (ش . ن) | فۆنیمی نەبزوێنی زیادکراو | فۆنیمی بزوێنی گۆڕاو |
|---|---|---|---|
| جویێ | جۆ | / و / | / ۆ / ← / ێ / |
| کوێن | کۆن | / و / | / ۆ / ← / ێ / |
| کوێسەڵ | کیسەڵ | / و / | / ی / ← / ێ / |
| سیمۆڵ | سمێڵ | / ی / | / ێ / ← / ێ / |
| بوێستان | بێستان | / و / | / ێ / ← / ۆ / |

٢– ئەو وشانەی کە دەنگی / وو / تێدایە، تەنیا یەك / و / دەمێنێتەوە و دەنگێکی / ی / ی نەبزوێن زیاد دەبێ، وەك:

| وشەی ( ش. ڕ ) | وشەی (ش . ن) | لەناوچوو | فۆنیمی زیادکراو |
|---|---|---|---|
| رویت | رووت | / و / | / ی / |
| مازوی | مازوو | / و / | / ی / |
| موی | موو | / و / | / ی / |
| گەردەلویل | گەردەلوول | / و / | / ی / |

## ٢-٢ مۆرفۆلۆجیی شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکان:

لەناو دیالێکت و زمانی هەر نەتەوەیەکدا لایەنی لێکچوون و جیاوازی هەیە، لەهەمان کاتیشدا جیاوازی هەیە کە تایبەتە بەهۆی ئەمەیە دیالێکت لە زمانی جیادەکاتەوە و تایبەت دەبێت پێوەی لەهەمان کاتیشدا وشە و مۆرفیمی لێکچووی هەیە لەگەڵ زمانەکەدا، ئەم دوو دیاردەیە لایەنی لێکچوون و جیاوازی ڕومای لێکچوون و جیاکەرەوەی دیالێکتەکەن لە زماندا، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەندێ لایەنی ڕێزمانی دیالێکتەکە دەخەینەڕوو وەك (مۆرفیمەکانی ناسراوی و نەناسراوی و کۆکردنەوەو بەشەکانی ئاخاوتن،.... هتد).

مۆرفۆلۆجی ( علم الصرف morpholgy ). زاراوەی مۆرفۆلۆجی کە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، لە ( morphe– شێوە، فۆرم) و ( logas– زانست، لێکۆڵینەوە) پێکهاتووە، بەم جۆرە مۆرفۆلۆجی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەبارەی وشەوە لەڕووی پێکهاتن و گۆڕانەوە. لە مۆرفۆلۆجیدا ئاماژە بۆ بەشەکانی ئاخاوتن (ناو، جێناو، کار، ئاوەلکار،...هتد) دەکرێت، هەر بەشێکی ئاخاوتنیش تایبەتمەندی ڕێزمانی خۆی هەیە، لە سستەمی کارکردنیان لە زماندا، شیکردنەوەی تەواوی مۆرفۆلۆجی لە هەر زمانێکدا دەبێ سێ ئەرك بەجێ بێنێ ئەوانیش:

١– دەستنیشان کردنی مۆرفێمەکانی Morpheme مۆرفیمەکان سادەترین کەرەسەی ئاستی مۆرفۆلۆجین.

٢– دەستنیشان کردنی ئەو یاسایانەی ئەم مۆرفیمانە لێك دەدات بۆ داڕشتنی وشەکان.

٣– کە مۆرفیمەکان دەکەونە پاڵ یەك، دەنگەکانیان کارلێك دەکەن، شێوەیان دەگۆڕێ بەپێی ئەو ژینگە فۆنۆلۆجییە بە کەوتنە پاڵ یەك دروست دەبن، واتا دەستنیشان کردنی مۆرف morph و ئەلەمۆرفەکانی Allomorph مۆرفیمەکان، ئەم بەشەی زمانەوانی بە مۆرفۆفۆنێم morphonemic ناو دەبرێ. (وریا عومەر ئەمین: ٢٠١١: ١٤).

لەبەر ئەوەی کەرەسە خاوەکانی مۆرفۆلۆجی مۆرفیمەکانن، بۆیە بەپێویستی دەزانین لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا بەکورتی پێناسەی و جۆرەکانی (مۆرفیم) بخەینەڕوو.

### ٢-٢-١ مۆرفیم ( Morpheme )

ڕۆنانکارەکان لە بواری مۆرفۆلۆجیدا جێ پەنجەیان دیارە، گرنگترین دەستکەوتیان دۆزینەوەی ئەو ڕاستیەیە، کە وشە خاوەنی ڕۆنانێکی ناوخۆیە. لەکاتێکدا کە دێرینەکان وشەیان بە بناغەی تیۆری زمان و ڕێزمان دادەنا، ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە وشە کەرت دەکرێ بۆ پارچەی وردتر کە واتایان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت. بەم جۆرە ڕۆنانکارەکان مۆرفۆلۆجیان کرد بە بەشێك لە زمانەوانی و ئەرکی لێکرانەوە و ڕێکخستنی مۆرفیمیان لەناو چوارچێوەی وشەدا پێ سپارد. (بڕوانە: محەمەد مەعروف، سەباح ڕەشید: ٢٠٠٦:٧) سەبارەت بە پێناسە کردنی مۆرفیم زۆر پێناسەی بۆکراوە، لەلایەن زمانەوانانەوە لەوانە:

– مۆرفیم: بچووکترین دانەی واتادارە، کە ئەرکی ڕێزمانی هەیە ناتواندرێت لەوە زیاتر بچووکبکرێتەوە( ١١٤: ١٩٨٨: Frmkin). ئەم پێناسەیە کەموکورتی تێدایە، بەڵام دەبێ ئاماژەش بەوە بکرێ هەموو کاتی کەرتکردنی وشە ناپەسەند نییە، بۆ نموونە وشەیەکی وەك (چوو) یەك بڕگەیە، بەڵام دوو مۆرفیمی (چ، وو) واتە مۆرفیمی ڕەگ (چ) و مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (وو) پێکهاتووە، هەر بۆیە هەموو کات کەرتکردنی وشە ناپەسەند نییە.

– مۆرفیم: بە بچووکترین دانەی دابەش نەکراوی زمانی دادەنێت، کە دەبێت ئەرکێکی واتایی یان ڕێزمانی ببینێت و بەشداری لە پێکهاتنی وشەی تردا بکات. (٢٠: ١٩٩٣: katamba).

– مۆرفیم: زنجیرە فۆنیمی پێکەوە واتا دەبەخشن، بە دابەشکردنیان واتایان دەگۆڕێت، یان تێکدەچێت. (ماریۆ پایی: ١٠١:١٩٩٨) ئەم پێناسەیە کەموکورتی تێدا بەدی دەکرێت، مەرج نییە هەموو مۆرفیمەکان زنجیرە فۆنیمی بێت، لەوانەیە تەنیا فۆنیمی ئەرکی مۆرفیمی ببینێ لە ئاستی ڕێزماندا وەك (مۆرفیمی بەستنەوە، مۆرفیمی ناساندن،... هتد).

– مۆرفیم: بچووکترین دانەی ڕێزمانییە. (ئازاد ئەمین: ١٩٩٨:٥٣).

کەواتە مۆرفیم بچووکترین دانەی زمانە، کەواتە یان ئەرکی هەبێت، ناکرێت بۆ پارچەی بچووکترین لەت بکرێت، لەبەر ئەوەی واتا و ئەرکی لەدەست دەدات.

مۆرفیم: بچووکترین دانەی واتاداری زمانە. لە فۆنیمی یان زیاتر پێکدێت و دەورێکی لە ڕێزماندا هەیە بە گۆڕین و لابردنی هەر فۆنیمێکی یان بە لەت لەتکردنی مانا و دەورە ئەسڵییەکەی برز دەکات. (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤:٣٦٤).

## ٢-٢-١-١ جۆرەکانی مۆرفیم:

زمانەوانەکان چەند جۆرێك لە مۆرفیمیان لەیەکتری جیادەکاتەوە، بەلاّم لە هەموویان گرنگتر مۆرفیمی (ئازاد و بەند)ە، هەرچەندە تا ئێستا کێشە ماوە لەنێوان مۆرفیمی بەند و مۆرفیمی ئازاد بەتایبەتی سەبارەت بە وشە ئەرکییەکان و بنکەی بەندەوە.

١– مۆرفیمی ئازاد: ئەو مۆرفیمەیە، کە بەتەنیا دەردەکەوێت و مانادارە، دەتوانین بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە شوێنی وشەیەکدا بەکاربێت، واتایەکی سەربەخۆی هەیە لە فەرهەنگدا دیارە، مۆرفیمی ئازاد تایبەتی خۆی هەیە و قەبارەی فیزیاوی هەیە و فۆرمی هەیە و کەرەسەی خاوی پێکهێنانی رستەیە و واتایەك هەڵدەگرێ، هەموو زمانانی جیهان مۆرفیمی ئازادیان تێدایە. (شهاب شێخ طیب: ٢٠١٤:٩٩) وەك (نان، چاو، دەست، ئاگر،....هتد).

٢– مۆرفیمی بەند: ئەو مۆرفیمانەن، کە سەربەخۆ بەکار نایەن لە زمانەکەدا، دەبێ لەگەڵ کەرەسەی تردا بەکاربێن (محمەد مەعروف: ٢٠١١:٨٩). کەواتە مۆرفیمی بەند واتایان نییە، بەلاّم ئەرکیان هەیە، هەندێ مۆرفیمی بەند هەیە تەنیا یەك فۆنیمە، مۆرفیمە بەندەکان ئەمانە دەگرنەوە:

مۆرفیمی بەند ←
- بنکەی بەند
- گیرەکەکان
- نوسەکەکان

لێرەدا هەموو گیرەکێك مۆرفیمی بەندە، بەلاّم هەموو مۆرفیمێکی بەند مەرج نییە گیرەك بێ، گیرەکەکان دوو جۆر پۆل کردنیان هەیە، ئەوانیش:

أ– بەپێی ئەرك ←
- گیرەکی ڕێزمانی
- گیرەکی وشە دارێژ

ب – بەپێی شوێنی پێوەلکان ←
- پێشگر
- ناوگر
- پاشگر

* دەربارەی پێناسەی مۆرفیم و جۆرەکانی لەلایەن زمانەوانی جیهان و کوردەوە باسی زۆری لێکراوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
– ابراهیم خلیل (٢٠٠٧) في اللسانیات ونحو النص، دار السیرة للنشر والتوزیع والطباعة، الطبعة الاولی، الاردن.
– ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧) وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا.
– شهاب شیخ طیب (٢٠١٤) دەربارەی زمانەوانی، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر.
– ئازاد ئەمین باخەوان (١٩٩٨) مۆرفێمەکانی ( ە) لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا.

بەشێوەیەکی گشتی مۆرفیم یەکەیەکی نابەرجەستەیە، بوونی تەنیا لە مێشکی قسەکەردا هەیە و هەستی پێدەکرێت، وەك بیرۆکە کار دەکات، کەواتە مۆرفیم " یەکەیەکی نابەرجەستەیە، وشەیەك یان واتایەکی نوێ دادەڕێژێ، یان ئەرکێکی ڕێزمانی هەیە" (محەمەد مەعروف فەتاح، سەباح رەشید: ١٢:٢٠٠٦) لێرەدا مۆرفیم ئەبستراکە و شێوە راستەقینەکەی (مۆرف)ە.

لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا باس لەو بەشە ئاخاوتنانە دەکەین، کە جیاوازییان تێدا دەبینرێ لەم شێوەزارە، چونکە بەشەکانی ئاخاوتن و ناوەڕۆك و کاکڵەی بنەڕەتی مۆرفۆلۆجی پێکدێنن لەو بەشە ئاخاوتنانەش.

## ٢-٢-٢ ناو ( Noun )

(ناو) بۆ ناسینەوەی شتێکی بەرجەستە، یان واتای بەکاردێت " ناو ئەو وشەیەیە کە ئاماژە بە گیانلەبەرێك، یان شتێك، یان شوێنی و دیاردە و بیرێك دەکات" (جورج یول: ١٣٨٥– ٢٠٠٦: ١٠٤) وەك (دار، بەرد، ئازاد، مەڕ، خەم، هەولێر،...هتد)، یان دەتوانین بڵێین کە (ناو) ئەو بەشە ئاخاوتنەیە کە دەتوانێ مۆرفیمی ناسراوی و نەناسراوی و کۆ وەربگرێت، ئەم بەشە ئاخاوتنە پۆلێن کراوە بۆ چەند جۆرێك لەوانە لە ڕووی ژمارەوە (تاك، کۆ) لە ڕووی دروستبوونەوە (سادە، داڕێژراو، لێکدراو)، لە ڕووی ڕەگەزەوە (نێر، مێ، دوولایەن، بێلایەن) لە ڕووی هەبوونەوە،....هتد ( بڕوانە سادق بەهائەدین: ١٩٨٧: ١٥٢–١٦٠) ئەم پۆلێکردنەش ئاساییە بۆ هەموو دیالێکت و بەشە دیالێکتەکان دەست دەدات، ئێمەش هەوڵدەدەین لە شێوەزارەکەدا هەندێ لەو پۆلێنکردنانە بخەینە ڕوو هەروەها تایبەتمەندی و جیاوازییان دەستنیشان بکەین:

### ٢-٢-٢-١ ناو لە ڕووی ژمارەوە:

لە ڕووی ژمارەوە ناو بەسەر دوو بەشدا پۆلێن دەکرێت: ناوی تاك و ناوی کۆ.

**١) ناوی تاك:**

ئەو ناوەیە کە تەنیا کەسی یان شتێ پیشان دەدات، وەك ( قەل، بەرازێ، هەنارەکە، سەرباز،... هتد) لە زمانی کوردیدا فۆرمی ناوی گشتی ئەگەر نیشانەیەك یاخود وشەیەکی بۆ دووپاتکردنەوەی لەگەڵ نەبێت، ئەوا چۆن بۆ تاك بەکاردێ، هەر بەو جۆرەش بۆ هەموو رەگەزی هاو چەشنەکەی بەکاردێ. "ئەگەر بەدوای فۆرمی ناوی تاکەوە (ەکە) و (ە)ی نیشانەی نەناسراوی و (ێك – ێ) نیشانەی نەناسراوی بلکێن بەناوەکەوە، یاخود جێناوی نیشانەی (ئەم – ئەو)ی ژمارەی (یەك) لەپێشیەوە بێن، ئەوکاتە ناوەکە جەخت لەسەر تاك دەکات و واتای تاك دەگەیەنێ". (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٤٢:١٩٧٩). هەروەها بەکارهێنانی وشەی (دەنکێك) لەگەڵ ئەو ناوانەی کە ژمێردراون، واتای تاکی دەگەیەنن(نوری عەلی ئەمین: ١٤٩:١٩٥٨).

- لەم شێوەزارەدا بەکارهێنانی وشەی (دەنکێك) واتای تاکی دەگەیەنێ.

**– دەنکێك سێوم لاباره – دەنکێك سێوم بۆ بێنە.**

- هەروەها بەهۆی جێناوی نیشانەوە ناوی تاك دیاری دەکرێت.

– ئەی ژنە – ئەو ژنە

– ئەم ژنە – ئەم ژنە

هەروەها لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی { ێك} و ئەلۆمۆرفەکانی وەك { یێ، ە ، ە ك} کاتێ بچێتە سەر ناوێك ئەوا ناوەکە واتای تاکی و نەناسراوی دەگەیەنێ، ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگێکی نەبزوێن هاتبێ، ئەوا بە ئاسانی مۆرفیمی نەناسراوی وەردەگرێ، بەڵام لەم شێوەزارەدا { ێك} بۆ ئەو وشانەی کە بە نەبزوێن کۆتاییان دێت.

| | ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|---|
| – دار + ێك > | دارێك | – دارێك |
| – کەمر + ێك > | کەمرێك | – بەردێك |
| – دام + یك > | دامێك | – خانووێك |

• مۆرفیمی { یێ} کە دەچێتە سەر ئەو ناوانای کۆتاییان بە دەنگی نەبزوێن دێت.

| | ش.ڕ | ش. ن |
|---|---|---|
| – بازن + یێ > | بازێ | – بانگێ |
| – سەو + یێ > | سەوێ | – سەگێ |

• بەڵام ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگێکی بزوێن هاتبوو ئەوا بەچەند ڕێگایەك مۆرفیمی تاکی و نەناسراوی وەردەگرێ.

١– ئەگەر ناوەکە کۆتایی بەو دەنگە بزوێنانە {یێ، ا، ۆ، ی} ی هاتبوو، ئەوا دەنگی { ی} نیمچە بزوێن دەکەوێتە نێوان ئەو دەنگە بزوێنانە و نیشانەی (ەك) وەردەگرێ.

| | ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|---|
| – مێ + ی + ەك > | مێیەك | – مەڕێك |
| – چۆ + ی + ەك > | چۆیەك | – دارێك |
| – زەمی + ی + ەك > | زەمییەك | – زەوییێك |

♦ (مێ) لەم شێوەزارەدا بەواتای (مەڕ) دێت.

♦ (چۆ) بە واتای داری وشك دێت.

٢– ئەگەر ناوەکە کۆتایی بەدەنگی (ە) هاتبوو، ئەوا دەنگی (ی) نیمچە بزوێن لەنێوان ناوەکە و نیشانەی تاکی و نەناسراوی دەردەکەوێت.

| | ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|---|
| – دتە + ی + ە > | دتەیە | – کچێك |
| – کورە + ی + ە > | کورەیە | – کوڕێك |

• بەزۆری ئەو ناوانەی بە دەنگێکی بزوێنی (ە) کۆتاییان هاتووە بەم شێوەیە دەبێت، کەم جار (ەك) وەردەگرێ.

**٢) ناوی کۆ:**

بەو ناوانە دەگوترێت کە لە ڕووی ژمارەوە لە یەکێك (یەك دانە)ی زیاتر بێت وەکو (میللەت، دارەکان، کوڕان، کچان،... هتد) لەزمانی کوردیدا مۆرفیمی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی ناو بریتییە لە {ان} کاتێ بچێتە سەر ناوێکی تاك دەیگۆڕێت بۆ ناوێکی کۆ، هەرچەندە جگە لە {ان} ئەلەمۆرفیمی تر هەن بۆ کۆکردنەوە وەك ( گەڵ، ە ها، ات، ... هتد)، بەڵام ڕێژەی بەکارهێنانیان زۆر کەمتر لەچاو {ان}دا وەکو{ان} چالاك نین، بەڵام لەم شێوەزارەدا مۆرفیمی {ان}ی کۆ بەبێ {ە کە } ناسراوی دەرناکەوێت، بەڵام ئەو ناوانەی کە بەبێ {ە کە } کۆدەکرێنەوە بە ئەلەمۆرفیمی {ەڵ } کۆدەکرێنەوە، کەواتا هەر دوو مۆرفیمی {ان} و {ەڵ } وەکو یەك چالاکن لەم شێوەزارەدا.

١– ئەو ناوانەی کە بە دەنگێکی نەبزوێن کۆتاییان دێت ڕاستەوخۆ مۆرفیمەکانی {ە کە} ی ناسراوی و { ان } ی کۆی دەچێتە سەر وەکو:

| ش . ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – ئایل + ە کە + ان > ئایلەکان | – منداڵەکان |
| – زوخاڵ + ەکە + ان > زوخاڵەکان | – خەڵوزەکان |
| – خارچك + ەکە + ان > خارچکەکان | – قارچکەکان |

♦ (ئایل) لە (عیال) ی عەرەبی وەرگیراوە و کەوتووەتە ژێر کاریگەری فۆنۆلۆجی کوردی.

٢– ئەو ناوانەی کە بە دەنگە بزوێنەکان (ۆ، ێ ، ا، ....هتد) تەنیا (ك) بۆ ناسراوی بەکاردەهێنرێت و (ە) دەرناکەوێت، یان (ی) نیمچە بزوێن دەردەکەوێت لەنێوان ناوە و مۆرفیمی (ەکە)ی ناسراوی وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – دێ + کە + ان > دێکان | – گوندەکان |
| دێ + یـ + ەکە ان > دێیەکان | |
| – هامرا + کە + ان > هامراکان | – هاوڕێکان |
| – هامرا + یـ کە+ ان > هامرایەکان | – هاوڕێیەکان |

٣– لەم شێوەزارەدا مۆرفیمی (ەڵ) بۆ کۆکردنەوەی ناو زۆر بەکاردێت بەتایبەتی بۆ ناوە گشتییەکان.

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – ژن + ەڵ > ژنەڵ | – ژنان |
| – خۆیشك + ەڵ > خۆیشکەڵ | – خوشکان |

٤– ئەو ناواناى کە بە دەنگی بزوێن کۆتاییان دێت، دەنگی (ی) نیمچە بزوێن دەکەوێتە نێوان ناوەکە و مۆرفیمی کۆوە.

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – پیا + ی + ەڵ > پیایەڵ | – پیاوان |
| – برا+ی + ەڵ > برایەڵ | – برایان |

بەڵام ئەو ناوانەی کە بەدەنگی بزوێنی کورت (ە) کۆتاییان دێت، دەنگی (ی) نیمچە بزوێن دەرناکەوێت کە مۆرفیمی (ەڵ) ی کۆی دەچێتە سەر ناوەکان و یەکێك لە دەنگەکانی بزوێنی (ە) لەناو دەچێت، چونکە وەك دەزانین بەپێی یاسای زمانی کوردی دوو بزوێن بەدوای یەکتر دەرناکەوێت. وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – دتە + ەڵ > دتەڵ | – کچان |
| – کورە + ەڵ > کوڕەڵ | – کوڕان |

{ەڵ} کورتکراوەی مۆرفیمی {گەڵ} ، چونکە بەتەنیا دەردەکەوێت و بەهیچ شێوەیەك نیشانەی ناسراوی دەرناکەوێت لەگەڵی وەك مۆرفیمی {ان} ی کۆ کە {ەکە} ی ناسراوی لەگەڵدا دەردەکەوێت.

مۆرفیمی (گێلە) بۆ کۆکردنەوەی ناوی ئاژەڵ بەکاردێت وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – گێلە + مێ > گێلە مێ | – مێگەڵ بزن |
| – گێلە + بزن > گێلە بزن | – مێکەل بزن |

♦ (گێلە) لەم شێوەزارەدا بەرامبەر بە (مێکەل) بەکاردێت، بەڵام لە شێوەزارەکانی تری بەواتای ( کەسێکی گەمژە یان بێ ئەقڵ) بەکاردێت.

### ٢-٢-٢-٢ ناو لەڕووی ناسینەوە

ناو دەتواندرێت لە ڕووی ناسینەوە بۆ ناوی نەناسراو و ناوی ناسراو دابەش بکرێت:

**١) ناوی ناسراو:**

لە زمانی کوردیدا مۆفیمی ناسراوی {ەکە} و ئەلۆمۆرفەکانیەتی، کە دەکەونە دوای ناو، ناوەکە لە نەناسراوییەوە دەگۆڕن بۆ ناسراوی، "کەواتە مۆرفیمی ناسراوی ئەو مۆرفیمەیە کە لەگەڵ ناودا بەکاردێت بۆ ئەوەی ئەو ناوەی کە مۆرفیمەکەی چووەتە سەر لای گوێگر دەستنیشانی بکات". (جورج یول: ١٣٨٥– ١٠٤) لەم شێوەزارەدا {ەکە} مۆرفیمی سەرەکی ناسراوییە.

١– ئەو ناوانەی کە بە دەنگێکی نەبزوێن کۆتاییان دێت ڕاستەوخۆ مۆرفیمی ناسراوێك دەچێتە سەری، وەك:

| | ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|---|
| – کەمۆتر + ەکە > | کەمۆترەکە | – کۆترەکە |
| – چراخ + ەکە > | چراخەکە | – چراکە |

٢– ئەو ناوانەکە بە دەنگە بزوێنەکانی (ا، ۆ، ێ، ی) کۆتاییان دێت، هەندێ جار دەنگی (ی) نیمچە بزوێن لەنێوان ناوەکە و مۆرفیمی {ەکە} ی ناسراوی دەردەکەوێت، هەندێ جار بزوێنی (ە)ی مۆرفیمی {ەکە} ی ناسراوێك لەناو دەچێت وەك:

| | ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|---|
| – جوێ + ی + ەکە > | دوێیەکە | – جۆیەکە |
| – جوێ + کە > | جوێکە | – جۆکە |
| – زاما + ی + ەکە > | زامایەکە | – زاوەکە |
| – زاما + کە > | زاماکە | |

٣– ئەو ناوانەی کە بە دەنگی بزوێنی (ە) کۆتاییان دێت ئەو تەنیا (کە) وەردەگرێت، وەك:

| | ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|---|
| – هەستارە + کە > | هەستارەکە | – ئەستێرکە |
| – جامە + کە > | جامەکە | – کراسەکە |
| – نۆخە + کە > | نۆخەکە | – نۆکەکە |

**٢) ناوی نەناسراو:**

نیشانەی نەناسراوی {ێك} "ئەو مۆرفیمەیە کە بەدوای ناو یان ئاوەڵناوەوە دەلکێندرێت پێیەوە بۆ ئەوەی بکرێت بە ناسراو، تایبەتیەتی نیشانەی نەناسراوی لە زمانی کوردیدا ئەوەیە کە جگە لە نەناسراوی تاکیش نیشان دەدات". (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠٢:١٩٧٩) مۆرفیمی نەناسراوی باس لە کەسێك یان شتێکی نەناسراو دەکات، بۆ ژمارە (یەك) دەگەڕێتەوە، هەر بۆیەش تاکەیەتی پیشاندەدات "مۆرفیمی نەناسراوی لەو کاتەدا بەکاردێت کە شتێك وە یا کەسێکی نەناسراو دەدوێت بۆ ئەوەی کەسەکە یان شتەکە جیابکاتەوە لەنێوان کۆمەڵێکی وەکو خۆی، ئەم مۆرفیمەش بۆ ژمارە ، ئەم مۆرفیمەش بۆ ژمارە (یەك) دەگەڕێتەوە". (ك . ك. کوردۆییڤ : ٦٢:١٩٨٤).

لەم شێوەزارەدا (یَ، ەك ، ە) ئەلۆمۆرفی مۆرفی {ێك} ی نەناسراوین و دەچنە سەر ناو نەناسراوی دەکەن.

• مۆرفیمەکانی ( یَ / ێك ) دەچنە سەر ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بە دەنگی نەبزوێن دێت و ناناسراوی دەکات. وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – کارد+ ێك / یَ > کاردێك / کاردیَ | – چەقۆێیك/ چەقۆێی |
| – گابڕ+ ێك / یَ > گابڕێك / گابڕیَ | – دارزەلێك / دارزەلیَ |
| – قازان + ێك / یَ > قازانێك / قازانیَ | – مەنجەڵێك / مەنجەڵیَ |

♦ (قازان) ئەم ناوە لە زمانی تورکمانییەوە وەرگیراوە، نەك تەنیا ئەم شێوەزارە، بەڵکو لە زۆربەی ناوچەکانی کەرکوك و گەرمیان بەکاردێت.

♦ (گابڕ) ناوێکی لێکدراوە لە (ناو+ ڕەگی کار) پێکهاتووە ( گا ← ناو)، (بڕ ← ڕەگ) بەرامبەر بە (دارزەل) دێت.

• مۆرفیمی ( ە ك) دەچێتە سەر ئەو ناوانەی کە بە دەنگی بزوێن کۆتاییان دێت و (ی) نیمچە بزوێن لەنێوان ناوەکە و مۆرفیمی نەناسراوەکە دەردەکەوێت. وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – گوزگی + ی + ەك > گوزگیەك | – ئاوێنەیەك |
| – قاچی + ی + ەك > قاچییەك | – مقەسێك |
| – گزە + ی + ەك > گزەیەك | – گسکێك |

♦ ( گوزگی ، قاچی،) لە زمانی تورکمانییەوە هاتوونەتە ناو شێوەزارەکە وە هەروەها ( قاپی) لە ناوچەی کەرکوك و گەرمیان زۆر بەکاردێت.

### ٢ – ٢ – ٢ – ٣ ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە:

بەشێوەیەکی گشتی ناو بۆ چوار جۆر ڕەگەز دابەش دەکرێت ( ناوی نێر، ناوی مێ، ناوی دوولایەن، ناوی بێ لایەن).

**١) ناوی نێر:**

١– ناوی کەسانی نێرینە: ئەو ناوانە دەگرێتەوە کە بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – کوڕە | – کوڕ |
| – کاکە | – باوکە |
| – بابا | – باپیر |
| – پیا | – پیاو |
| – هالۆ | – خاڵ |
| – زاما | – زاو |
| خەزویر | – خەزور |

٢– ناوی تایبەتی کوڕان و پیاوان:

بەهۆی کاریگەری ئاینی ئیسلام لەلایەکەوە و بوونی دەسەڵاتێکی عەرەبی لەلایەکی ترەوە، زۆربەی ناوی تایبەتی هەردوو ڕەگەزەکە ناوی عەرەبی بوون، بەتایبەتی ناوی پێغەمبەران و ئەسحابەکان، و زیاتر ناوەکانی وەك ( عەلی، محەمەد، ئەحمەد، عومەر، بەکر،... هتد)، بەڵام هەر ناوێکی عەرەبی لە کوردیدا بەکاربهێنرێت ئەوا دەکەوێتە ژێر کاریگەری

فۆنۆلۆجی زمانی کوردی، تەنانەت ئێستاش تا ڕادەیەك ناوی عەرەبی بەکاردێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ناوە کوردیەکان فەرامۆش کرابێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ناوی کوردیش بەکارهێنراوە وەك (شێرزاد، نەوزاد، بەختیار، ئازاد، ... هتد) بەڵام وەك تێبینی دەکرێت ئێستا لە جاران زیاترە.

٣- ناوی گیانلەبەری نێر:

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| - وەران | - بەران |
| - گا | - گا |

کەڵەشێر کەڵەشێر

٤- ناوی هەندێ پیشەی پیاوان:

(گاوان ، شوان، وەستا ، دارتاش، ڕاوچی ، پاسەوان ، سەپان، ئاسنگەر، نانەوا، ... هتد).

**٢) ناوی مێ:**

١- ناوی کەسانی مێینە: ئەو ناوانەیە کە بۆ کەسانی مێینە بەکاردێت.

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| - دالك | - دایك |
| - خۆیشك | - خۆشك |
| - باوەژن | - باوەژن |
| - هالۆژن | - خالۆژن |
| - هاپۆژن | - ماموژن |
| - هەسویرە | - خەسوو |
| - ئامك | - پور |

٢- ناوی تایبەتی کچان: بەهەمان شێوەی ناوی تایبەتی پیاوان جاران زیاتر ناوی عەرەبی بوون و چەند ناوێکی کەمی کوردی هەبوونە، نموونەی ئەو ناوە عەرەبییانەی کە بەکارهاتوون لەناوچەکەدا وەك: (فاتم، ئامین، فەخری، خەجێ،....هتد).

لە نموونەی ئەو ناوە کوردییانەی جاران بەکارهاتوون و ئێستاش زۆر بەکاردێن ئەمانەن، کە لەناوچەکەدا دەبینرێت (خونچە، نەسرین، خانم، شیرین، خەرمان، مەهیە،... هتد).

٣- ناوی گیانلەبەری مێ:

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| - مامر | - مریشك |
| - مێ | - مەڕ |
| - شەك | - شەك |
| - مانگا | - مانگا |
| - بزن | - بزن |
| - گامێش | - گامێش |

♦ (مانگا) لەم شێوەزارەدا هەندێ جار ( گ ) گۆناگرێت.

٤– ناوی هەندێ پیشەی ژنانە:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – مامان | – مامان |
| – کەیوانۆ | – کابان |
| – پاوەویو | – بەربووك |

**٣) ناوی دوولایەن:**

١– ناوی کەسان بەجۆرێك هەتاوەکو پرسیاری نەکرێت کوڕە یان کچە یاخود پێشر باسلێکراو نەبێت نازانرێت بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| – ئامکزا | واتا منداڵی پور ( کوڕ بێت یان کچ ) |
| – هاڵۆزا | واتا منداڵی خاڵ ( کوڕ بێت یان کچ ) |
| – خۆیشکزا | واتا منداڵی خوشك ( کوڕ بێت یان کچ ) |
| – برازا | واتا منداڵی برا ( کوڕ بێت یان کچ ) |
| – ئامۆزا | واتا منداڵی مام ( کوڕ بێت یان کچ ) |
| – دتەزا | واتا منداڵی کچ ( کوڕ بێت یان کچ ) |
| – کوڕەزا | واتا منداڵی کوڕ ( کوڕ بێت یان کچ ) |

– هامرا ، ئایل ، مامۆستا، .... هتد.

٢– ناوی گیانلەبەر:

زۆرجار دەتوانین هەندێك لەو ناوە دوولایەنانە بەهۆی بەکارهێنانیلا پەیڤێك لەگەڵیاندا بکەین بە نێر یان مێ. ئەو پەیڤانەی بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێن لەم شێوەزارەدا بریتین لە ( نێر، ما، دەڵ، گەماڵ).

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – کەوما ، ماکەو | – مێ کەو |
| کەونێر، نێرکەو | نێرکەو |
| – ماخەر | – مێ کەر |
| نێرەخەر | نێرەکەر |
| – قازەما | – مێیە قاز |
| قازە نێر | نێزە قاز |
| – قەلەما | – مێ قەل |
| قەلەنێر | نێرە قەل |
| – دەڵەسەو | – دەڵە سەگ |
| گەماڵە سەو | گوڵە سەگ |

♦ پەیڤی نێر و مێ لەم شێوەزارەدا بۆ باڵندە زیاتر دەکەوێتە دوای ناوەکەوە.

**٤) ناوی بێ گیان:**

ئەو ناوانەی کە بە هیچ شێوەیەك ڕەگەزی نێر و مێیان نییە، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – واران | – باران |

| | |
|---|---|
| – چەم | – چاو |
| – گۆش | – گوێ |
| – پا | – پێ |
| – کەمر | – بەرد |
| – قاتوخ | – ماست |

## ٢- ٢- ٣ جێناو ( PRONOUN )

جێناو بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو دەبینێ لە زماندا، لە جێگە ناو کەسێك یان شتێك دێت و دەبێتە جێگرەوەی، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بۆ کەسی یەکەمی تاك دەوترێت (من) کەوا هێمایە بۆ قسەکەر، "چونکە ئەم کەسە بەم جێناوە دەناسرێ لە زمانەکەدا، کەواتە جێناوە: وشەیەکە لە شوێنی ناوی کەسێك بەکاردێت". ( جك ریچارد دیگران: ١٣٧٥– ١٩٩٦: ٤٥٠) جێناو ئەگەرچی لە ( ناو، ئاوەڵناو، ژمارە) ەوە نزیکە و لە ڕووی واتاوە پەیوەندی پێیانەوە هەیە، بەڵام گروپێکی سەربەخۆیە، لەلایەنی واتاوە جێناو خاسیەتی ئەوەیە کە جێگەی پەیوەندی واتای گشتی نێوان ئەو شتانە دەکاتەوە کە لە واقیعی جیهاندا هەن، هەر بۆیەش لە ڕستەدا دێت و هەمان ئەرکی ناو دەبینێ، جێناو چەند جۆرێکی هەیە، وەك جێناوی ( کەسی سەربەخۆ، کەسی لکاو، پرس، خۆیی، هەیی، نیشانە،... هتد).

### ٢- ٢- ٣- ١ جێناوی کەسی:

**١) جێناوی کەسی سەربەخۆ:**

جێناوەکان لەجیاتی هەرسێ کەسەکانی ( یەکەم، دووەم، سێیەم) ی تاك و کۆ لە رستە و دەربڕینەکاندا ڕۆڵ دەگێڕن "جێناو ئەو کۆمەڵە وشەیە کە ڕاستەوخۆ بۆ کەسانی یەکەم و دووەم و سێیەم ( و یا قسەکەر و قسەبۆکراو)دانراوە، هەر یەکێك لەو وشانەش لە وێنەیەکی تایبەتیدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی واتای تەواو لە ئاخاوتنی کوردیدا " (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٧٩). لە دیالێکتی کرمانجی خواروو دا تەنیا یەك کۆمەڵە جێناوی سەربەخۆ هەیە، بەڵام لە کرماجی ژووروودا دوو کۆمەڵە جێناوی سەربەخۆ هەیە. ( بڕوانە ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧: ٧٩– ٨٨). لەم شێوەزارەدا تەنیا یەك کۆمەڵە جێناوی سەربەخۆ هەیە وەك لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە.

| کەس | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| یەکەم | من | ئێمە |
| دووەم | تو | ئۆمە |
| سێیەم | ئەو | ئەوان |

جێناوە سەربەخۆکان لەم شێوەزارەدا هەر وەك هەموو شێوەزارەکانی تر هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێ لە ڕستەدا، وەك:

| | |
|---|---|
| <u>ش. ڕ</u> | <u>ش.ن</u> |
| **بکەر:** | |
| – من مەچم لا هەولێر. | – من دەچم بۆ هەولێر. |
| بەرکاری ڕاستەوخۆ: | |
| – ئازاد ئێمە مەناسی. | – ئازاد ئێمە دەناسێ. |

بەرکار ناڕاستەوخۆ:

– نەسرین کتابی لاتو هاورد. – نەسرین کتابی بۆتۆ هێنا.

دیارخەری ناو:

– کورەی ئۆمە هاتییە. – کوڕی ئێوە هاتووە.

نیهاد:

– ئەو ماموستان. – ئەو مامۆستایە.

تەواوکەری کاری ناتەواو:

– شیرین مامۆستای ئەوانەن. – شیرین مامۆستای ئەوانە.

♦ ( لا) مۆرفیمی پێشبەندە ئەرکی ( بۆ) دەبینێ لە شێوەزاری نووسیندا.

جێگری بکەر:

– ئەو کوشیا/ ئەو کوشریا. – ئەو کوژرا.

**٢) جێناوی کەسی لکاو:**

جێناوی لکاو، ئەو جێناوەیە کە لەبری کەسێ یان شتێ بەکاردێت لە زمانـدا هـەمان ئـەرکی نـاو و جێنـاوە سـەربەخۆکان دەبینێت."بریتین لەو جێناوانەی کە لـەجیاتی جێنـاوی سـەربەخۆ و نـاوی کەسـی بـەرکاردێن، وەك وشـەیەکی واتـاداری سەربەخۆ لەناو ڕستەدا بەکار نایەن، بەڵکو بە وشـەیەکی تـرەوە دەلکێنـرێن، بـۆ دەربڕینـی دەوری کەسـی و پەیوەنـدی وەسفی پێبکرێت" (تارا موحـسین: ٢٠٠٤:٥)، جێنـاوی کەسـی لکـاو لـەم شـێوەزارەدا دوو کۆمەڵـە جێنـاوی لکـاو هەیـە، "هەروەك ئەوەی دوو کۆمەڵ هەیە لە زمانی نووسیندا، لەڕووی ئەرك و شوێن و جـۆری بـەکارهێنان هـیچ جیاوازییـەکیان نییە، لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا دوو کۆمەڵ جێناوی لکـاو هەیـە". ( وریـا عومـەر ئـەمین ٢٠٠٤:٣٣٣) هـەمان دوو کۆمەڵ زیاتر لە زمانی نووسیندا بەکاردێن، وەك لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

جێناوە لکاوەکانی شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکان

| ژمارە | | ج. ك. ل A | ج. ك. ل B |
|---|---|---|---|
| تاك | ١ | م | م |
| | ٢ | ت | یت |
| | ٣ | ی ، ەی | Ø – ێ - یّت |
| کۆ | ١ | مان | ین - مان |
| | ٢ | تان | تان |
| | ٣ | یان ، نەی | ن |

**١) ئەرکەکانی کۆمەڵە جێناوی کەسی لکاوی (A)**

جیاوازی فۆرم لە کە سی سێیەمی تاك و کۆ دا بەرچاو دەکەوێ:


| ش . ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – واردم | – خواردم |
| – واردمان | – خواردمان |
| – واردت | – خواردت |
| – واردتان | – خواردتان |
| – واردی/ واردەی | – خواردی |

– واردیان / واردنەی          – خواردیان

کۆمەڵە جێناوە کەسی لکاو (A) هەمان بەکارهێنانی جێناوەکانی کۆمەڵەی (A) زمانی نووسینیان هەیە:

١–دەچنە سەر ناو و خاوەنداریەتی نیشان دەدەن:


| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئامکم هات. | – پورم هات. |
| – قەڵەمێکت لا بارەم. | – قەڵەمێکت بۆ بهێنم. |
| – ئایلەکەی چویی. | – منداڵەکەی چوو. |
| – دلّتان خۆشە. | – دلّتان خۆشە. |
| – کتابەکەیانم لا نەوزاد نارد. | – کتێبەکەیانم بۆ نەوزاد نارد. |




♦ پێشبەندی ( لا) دەکەوێتە پێش بەرکاری ناڕاستەوخۆ هەمان ئەرکی ( بۆ ) ی زمانی نووسینی هەیە.

٢– دەچنە سەر ئاوەڵناو:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – جامەێیکی کەوەم سەن. | – کراسێکی شینم کڕی. |
| – چایی گەرمی واردۆ. | – چایی گەرمی خوارەوە. |
| – دامێگی گەورەمان سەن. | – خانوێکی گەورەمان کڕی. |
| – هالۆژنێکی خاسیان هاوردۆ. | – خالۆژنێکی باشیان هێناوە. |





٣– لەگەڵ جێناوە سەربەخۆکان دێن و دەلکێت بە بەرکارەوە، ئەگەر کاری ڕستەکە رابردووی تێپەڕ بوو، هەروەها بەبێ جێناوە سەربەخۆکان ئەرکی ئەوان دەبینن.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – من نانم وارد. | – من نانم خوارد. |
| – تو دامەکەت سەن. | – تۆ خانوەکەت کڕی. |
| – ئەو کتابی خونیۆ. | – ئەو کتێبی خوێندووە. |
| – ئێمە سێومان فرۆشت. | – ئێمە سێومان فرۆشت. |
| – ئۆمە دارتان چەقانۆ. | – ئێوە دارتان چەقاندووە. |

– ئەوانە زەمییان جفتکرد. – ئەوان زەوییان جووتکرد.


٤– لەگەڵ جێناوی خۆییدا بەکاردێت:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – هوێژم واردم. | – خۆم خواردم. |
| – هوێژت شوشت. | – خۆت شوشت. |
| – هوێژی هوێست. | – خۆی نوست. |
| – هوێژمان هاوردمان. | – خۆمان هێنامان. |
| – هوێژتان موێریتان. | – خۆتان خواردتان. |
| – هوێژیان مەچن. | – خۆیان دەچن. |




٥– لەگەڵ جێناوی نیشانەدا:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئەیەم لێردا دویۆ. | – ئەمەم لێرەدا بینی. |
| – ئەوەت لە هویر نەچویٚ. | – ئەوەت لەبیر نەچوو. |
| – ئەیەی لات هاورد. | – ئەمەی بۆت هێنا. |
| – ئەیانەمان لا رەنگ بکە. | – ئەوانەمان بۆ بۆیە بکە. |
| – ئەوانەتان لا کیٚ هاوردیە. | – ئەونەتان بۆ کیٚ هێناوە. |
| – ئەیانەیان لا ورگر. | – ئەمانەیان بۆ وەرگرە. |




٦– لەگەڵ جێناوی پرسیاردا:

لە ڕستەی پرسیاردا ئەم کۆمەڵە جێناوە لکاوە دەردەکەوێت و هەندیٚ جار دەلکێت بە جێناوەکەوە وە هەندیٚ جاریش نالکێت پێیەوە. وەك:


| ش . ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – کێم لیردا مایە لا بازار؟ | – کێم لەگەڵدا دێت بۆ بازاڕ؟ |
| – چەت وەی کرد؟ | – چێت پیٚ کرد؟ |
| – چێکی وەی خۆشە؟ | – چەندی پیٚ خۆشە؟ |
| – چەنیٚ پارەمان وەی مەنیە؟ | – چەندیٚ پارەمان پیٚ ماوە؟ |

– چوی وەتای خۆشە هانە بکەن؟ – چیتان پێ خۆشە وەها بکەن؟

– کامیان لیر هوێژتا برد؟ – کامیان لەگەڵ خۆتا برد؟


♦ ( لیر) پێشبەندی پێش بەرکاری ناڕاستەوخۆیە بەرامبەر بە (لەگەڵ) ی شێوەی زمانی نووسینە.

♦ ( مە ) مۆرفیمی کاری ڕانەبردووی شێوەزاردا بەرامبەر بە مۆرفیمی ( دە ) شێوەی زمانی نووسین.




٧– لەگەڵ فۆرمی نەفی دا ، وەك:

| ش. ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – هیچم لا نماری. | – هیچم بۆ ناهێنیَ. |
| – هیچت لام نەناردیە. | – هیچت بۆم نەناردووە. |
| – هیچی لە مالیا نییە. | – هیچی لە ماڵیدا نییە. |
| – هیچمان نییە. | – هیچمان نییە. |
| – هیچتان مێنی. | – هیچتان دەویَ. |
| – هیچیان لامان نەوردیە. | – هیچیان بۆمان نەبردووە. |




٨– لەگەڵ ئاوەڵکاردا، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| أ – ئاوەڵکاری شوێنی: | |
| – ماڵتان لە کەرکوێکە. | – ماڵتان لە کەرکوکە. |
| ب – ئاوەڵکاری کاتی: | |
| – ئیمسالمان وە رێکرد. | – ئەمساڵمان بە ڕێکرد. |
| ج – ئاوەڵکاری وەسفی: | |
| – فرە عەجەتان کرد لە چووین. | – زۆر پەلەتان کرد لە ڕۆیشتن. |

٩– لەگەڵ ژمارەدا، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – هەرسێکتان بەون. | – هەرسێکتان وەرن. |
| – هەریەکیکیانی لا مۆت. | – هەریەکێکیانی بۆ دێت. |

کۆمەڵەی دووەم ( B) جێناوە لکاوەکان لەم شێوەزارەدا، هەمان ئەرکی کۆمەڵەی (B) زمانی نووسینی هەیە.

♦ لەم شێوەزارەدا زیاتر ( ی ) بۆ کەسی دووەمی تاك لەبری ( یت) و ( یٚ) بۆ کەسی سێیەمی تاك لەبری ( ێت) بەکاردێت، هەندێ جار ( یت ، ێت) یش بەکاردێن، بەڵام زۆر بە کەمی.

کۆمەڵە جێناوە لکاوی (B) هەمان بەکارهێنانی کۆمەڵەی (B) زمانی نووسینیان هەیە:

١– لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ وەکو بکەر دەردەکەوێت و بۆ کەسی سێیەمی تاك ( Ø) دەرناکەوێت.

| ش. ڕ | ش ٠ ن |
|---|---|
| – من هاتم. | – من هاتم. |
| – تو هاتی . | – تۆ هاتی. |
| – ئەو هات Ø . | – ئەو هات. |
| – ئێمە هاتمان. | – ئێمە هاتین. |
| – ئۆمە هاتتان. | – ئێوە هاتن. |
| – ئەوانە هاتن. | – ئەوان هاتن. |

ئەوانە    هات ن

جێناوی سەربەخۆ بکەر    کاری ڕابردووی تێنە پەڕ    جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ

٢– لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕدا وەکو بکەر دەردەکەوێت، وەك:

| ش ٠ ڕ | ش ٠ ن |
|---|---|
| – خەمیر مەشێلم. | – هەویر دەشێلم. |
| – خەمیر مەشێلی. | – هەویر دەشێلی. |
| – خەمیر مەشێلیٚ . | – هەویر دەشێلیٚ. |
| – خەمیر مەشێلین . | – هەویر دەشێلین. |
| – خەمیر مەشێلیتان.* | – هەویر دەشێلن. |
| – خەمیر مەشێلن. | – هەویر دەشێلن. |

٣– لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕدا وەکو بکەر، وەك:

| ش ٠ ڕ | ش ٠ ن |
|---|---|
| – مەچم. | – دەچم. |
| – مەچوی. | – دەچی / دەچیت. |
| – مەچویٚ . | – دەچیٚ/ دەچێت. |
| – مەچین. | – دەچین. |
| – مەچویتان. | – دەچن. |
| – مەچن . | – دەچن. |

• لە ڕەگی کاری ( چوون ) دا لەکاتی دەرکەوتنی لەگەڵ کەسی دووەمی تاك و کۆ و سێیەمی تاکدا دەبێتە ( چو) بە پێچەوانەی دەرکەوتنەکانی ترەوە ( چ ) ە.

* ( مەشێلیتان ) دەرکەوتنی ( ی ) ناوبەند لەنێوان ڕەگی کارەکە و جێناوە لکاوی کەسی دووەمی کۆ.

**٢- ٢- ٣- ٢ جێناوی خۆیی:**

جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا جگە لە دیالێکی سەروو، "وەکو جێناوەکانی دیکە و وەکو جێگرەوەیەکی ناو، جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم ( خاوەنداریەتی) پێوە دەلکێ، ئەمەش بەمەبەستی دیاریکردنی کەس و ژمارەی جێناوی خۆیی کەس و ژمارەی تێدا نییە، لە ڕێگای جێناوە لکاوەکەوە و ژمارەکەی بۆ دیاری دەکرێت". (بەدرخان سلێمانی : ٤٩:٢٠٠٦).

ئەوڕەحمانی حاجی مارف باسی لەوە کردووە کە هەندێك لە نووسەرانمان تەنیا (خۆم ، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان) ئەوەندەیان بەجێناوی خۆی ناوبردوون، وە هەندێکی تریش تەنیا ( خۆ) یان دیاری کردووە، ئەویش هەر ئەو ڕایەیە کە تەنیا ( خۆ) جێناوەکەیە، چونکە بە تەنیاش بەکاردێ وە بێجگە لە ( م، مان، ت، تان، ی ، یان) جێناوەکان و شتی تریشیان لەگەڵدا بەکار دێ. جێناوی خۆیی لەم شێوەزارەدا بریتییە لە ( هوێژ/ وێژ ) بەم دوو شێوە بەکاردێت:

١- لەگەڵ کۆمەڵەی یەکەمی جێناوە لکاوەکان و هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێ.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| - هوێژم | - خۆم |
| - هوێژت | - خۆت |
| - هوێژی | - خۆی |
| - هوێژمان | - خۆمان |
| - هوێژتان | - خۆتان |
| - هوێژیان | - خۆیان |

• جێناوی ( خۆیی ) لەم شێوەزارەدا ( هوێژ) بەکاردێت و هەندێ جار بۆ کورتکردنەوە و ئابووری کردن لە قسەکردندا ( وێژ) دەردەبڕن.

| ش . ڕ | ش. ن |
|---|---|
| بکەر: | |
| - ئەگەر بچوێت هوێژی مەڵەقنی. | - ئەگەر بچێت خۆی دەلەقێنی. |
| بەرکاری ڕاستەوخۆ: | |
| - من هوێژیم هاورد. | - من خۆیم هێنا. |
| بەرکاری ناڕاستەوخۆ: | |
| - بەی ئاهانە لە هوێژت مەکەی. | - بوو وەها لە خۆت دەکەی. |
| دیارخەری ناو: | |
| - کورەی هوێژی کوشت. | - کوڕی خۆی کوشت. |
| نیهاد: | |
| - هوێژتان مامۆستان. | - خۆتان مامۆستان. |
| تەواوکەری کاری ناتەواو: | |
| - دتەی هوێژیانە. | - کچ خۆیانە. |
| جێگری بکەر: | |
| - هوێژی کوشیا/ هوێژی کوشریا. | - خۆی کوژرا. |

- هوێژی مەکوشرێ.　　　　　　　　　- خۆی دەکوژرێ

• (کوشیا) و (کوشریا) لەم شێوەزارەدا (کوش) ڕەگی ( کوشتن) و مۆرفیمی ( ریا) بۆ کاری ڕابردووی بکەر نادیار و هەندێ جار تەنیا ( یا) دەردەکەوێت.

٢- لەگەڵ مۆرفیمی ( یش) بۆ جەختکردنەوە ( تأکید) کردن.

| ش. ڕ | ش . ن |
|---|---|
| - هوێژمیش | - خۆمیش |
| - هوێژتیش | - خۆتیش |
| - هوێژیشی | - خۆیشی |
| - هوێژمانیش | - خۆمانیش |
| - هوێژتانیش | - خۆتانیش |
| - هوێژیانیش | - خۆیانیش |

• ( هوێژیشی ) جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک جێناوەکە دەکەوێتە دوای مۆرفیمی ( یش) ەوە.

بەکارهێنانی جێناوی ( خۆیی) لەگەڵ مۆرفیمی ( یش) لە ڕستەدا، وەک:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| - هوێژمیش هاتم. | - خۆمیش هاتم. |
| - هوێژتیش وە بێ ئێمە نمەچووێت. | - خۆتیش بەبێ ئێمە ناچیت. |
| - هوێژیشی شتەکانی حازرکرد. | - خۆیشی شتەکانی ئامادەکرد. |
| - هوێژمانیش لیرتانا ماین. | - خۆمانیش لەگەڵتاندا دێین. |
| - هوێژتانش بەون. | - خۆتانش وەرن. |
| - هوێژیانیش وەعەجەلەنان موێرن. | - خۆیانیش بەپەلە نان دەخۆن. |

٣- بۆ خاوەنداریەتی وەک دیارخەری ناو دەردەکەوێت، وەک

| ش. ڕ | ش . ن |
|---|---|
| - دتەی هوێژم | - کچی خۆم |
| - کورەی هوێژت | - کوڕی خۆت |
| - دالک هوێژی | - دایکی خۆی |
| - ئامك هوێژمان | - پوری خۆمان |
| - هاپۆی هوێژتان | - مامی خۆتان |
| - هالۆی هوێژیان | - خاڵی خۆیان |

## ٢- ٢- ٣- ٣ جێناوی نیشانە :

جێناوەکانی نیشانە لە دیالێکتی لە زمانی نووسیندا، لە شێوەی ئەم خشتەیەی خوارەوەدا دەبینرێت ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٨٧:٢٤٦).

| | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| نزیك | ئەم....ە | ئەم.... انە |

| | | |
|---|---|---|
| | ئەمە | ئەمانە |
| دوور | ئەو... ە<br>ئەوە | ئەو... انە<br>ئەوانە |

جێناوی نیشانە لەم شێوەزارەدا وەك لەم خشتەیەدا ڕوونكراوەتەوە:

| | تاك | كۆ |
|---|---|---|
| نزيك | ئەيـ .... ە<br>ئەيە | ئەيـ.... انە، ە ڵ<br>ئەيانە |
| دوور | ئەو.... ە<br>ئەوە | ئەو..... انە، ە ڵ<br>ئەوانە |

١– فۆرمی ئەو جێناوە نیشانانەی كە بە تەنیا لە ڕستەدا بەكاردێن، وەك:

ش . ڕ
– ئەیە وەچ زوانی قسەمەكێ.
– ئەوە لاچێ مەچوێ.
– ئەیانە فرە وەجەرگن.
– ئەوانە لەشار دەرچووین.

ش . ن
– ئەمە بەچی زمانی قسە دەكەی.
– ئەوە بۆ كوێ دەچێ.
– ئەمانە زۆر بەجەرگن.
– ئەوانە لەشار دەرچووین.

٢– لە ڕستەی پرسیار و وەڵام دانەوەشدا بەكاردێت، وەك:

ش . ڕ
– ئەیە دتەكەی ئازادە؟
– ئا ، ئەیەیە.
– ئەوە كورەی نەسرینە؟
– ئا ، ئەوە.

ش . ن
– ئەمە كچەكەی ئازادە؟
– بەڵێ ، ئەمەیە.
– ئەوە كوڕی نەسرینە؟
– بەڵێ ، ئەوە

٣– لەگەڵ جێناوە لكاوەكانی كۆمەڵەی یەكەم (A) لە ڕستەدا دەردەكەوێت، وەك:

ش . ڕ
– ئەوەم هاورد
– ئەوەت دی
– ئەوەی چووی.
– ئەوەمان باشترە.
– ئەوەتان وەكەلك منەنێ.
– ئەوەیان نمایە.
– ئەیەم دییە.
– ئەیەت فرە پاكە.
– ئەیەی وەك تۆوە.
– ئەیەمان فرە لەسەر هوێژیە.
– ئەیەتان گۆشی گرانە.

ش. ن
– ئەوەم هاورد
– ئەوەت بینێ.
– ئەوەی چوو.
– ئەوەمان باشترە.
– ئەوەتان بەكەلك نایت.
– ئەوەیان نایەت.
– ئەمەم بینیە.
– ئەمەت زۆر پاكە.
– ئەمەی وەك تۆوە.
– ئەمەمان زۆر لەسەرخۆیە.
– ئەمەتان گوێشی گرانە.

– ئەیەیان وەخراو مەچوێ.    – ئەمەیان بەخراپ دەچێ.

٤– جێناوی نیشانە کاتێك دەکەوێتە دوای پێش بەندی(بە، لە) ئەوا (ئە) جێناوی نیشانەکە تێدەچێ، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – وە ئەیە > وەیە بێشە. | – بە ئەمە > بە مە بڵێ. |
| – لە ئەیە > لەیە بوێرە | – لە ئەمە > لەمە بخۆ |
| – وەئەیانە > وەیانە بشۆرەی | – بە ئەمانە > وەمانە بیشۆرە. |
| – لە ئەیانە > لەیانە لام بارە | – لە ئەمانە > لەمانە بۆم بهێنە. |
| – وە ئەوە > وە وەبنویس | – بەئەوە > بەوە بنوسە. |
| – لە ئەوە > لەوە ورگر | – لە ئەوە > لەوە وەربگرە. |
| – وە ئەوانە > وە وانە ئاو موێرێ | – بە ئەوانە > بەوانە ئاو دەخوات. |
| – لە ئەوانە > لەوانە بارە | – لە ئەوانە > لەوانە بینە. |

٥– جێناوی نیشانە لەگەڵ ئاوەڵکاری کاتیدا:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – ئەی ساڵ > ئیمساڵ ساردە. | – ئەم ساڵ > ئمساڵ ساردە. |
| – ئەی ڕۆژ > ئیمڕۆ هاتم. | – ئەم رۆژ > ئەمڕۆ هاتم. |

٦– جێناوی نیشانە دەبێتە دوو بەشەوە ناوەکە دەکەوێتە نێوانی ، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – ئەی ....ە > ئەی دامە. | – ئەم ....ە > ئەم خانوە. |
| – ئەو .... ە > ئەو زاوە. | – ئەو .... ە > ئەو زادە. |
| – ئەی .... انە > ئەی ژنانە/ ئەی ژنەڵ. | – ئەم .... انە > ئەم ژنانە. |
| – ئەو .... انە > ئەو پیایانە / ئەو پیایەڵ | – ئەو ....انە > ئەو پیاوانە. |

لەم شێوەزارەدا(ەڵ) بۆ کۆکردنەوەی ناو دێت و هەروەها لەکاتی دابەش بوونی جێناوی نیشانەدا بە هەردوو شێوەکە بەکاردێت.

## ٢-٢-٣-٤ جێناوی پرسیار:

لەم شێوەزارەدا جێناوی پرسیار بریتیە لە:

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – کێ | – کێ |
| – چە | – چی |
| – چ | – چی |
| – کام | – کام |
| – کامە | – کامە |
| – چوی | – چۆن |
| – چوێن | – چۆن |

| | |
|---|---|
| – کوا | – کوا |
| – کەی | – کەی |
| – چیَ | – کویَ |
| – چەتیَ | – چەند |
| – چەن | – چەند |
| – بەی | – بۆ |
| – لەوەرچە | – لەبەرچی |

١– کیَ: بۆ پرسیاری ئەو کەسە بەکاردەهێنرێت، کە کارێکی کردبیَ یان کارێك ئەنجام بدات، لەم شێوەزارەدا، وەك:

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – ئەوەکێن قسە مەکیَ؟ | – ئەو کێیە قسە دەکات؟ |
| – ئەوە کیَ بی هاتۆ؟ | – ئەوە کیَ بوو هاتەوە؟ |

♦ (کێن ) لەم شێوەزارەدا مۆرفیمی کاری ناتەواوی (ە) دەگۆڕێت بۆ(ن) لە هەندیَ باردا لە هەندیَ باری تردا وەك خۆی(ە) دەمێنیَ.

♦ (هاتۆ) لەم شێوەزارەدا مۆرفیمی(ەوە) گۆڕاوە بۆ( ۆ )

٢– چ/ چە: بەکاردێت بۆ پرسیارکردن لە شت و هۆی ڕوودانی کارێك، وەك:

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – تو چەمێشی؟ | – تۆ چی دەڵێ؟ |
| – چ مەخۆنیۆ؟ | – چی دەخوێنیەوە؟ |

٣– کام/ کامە: بەکاردێن بۆ جیاکردنەوەی کەسێك یان شتێك لەنێو کۆمەڵێکدا، وەك:

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – کام دام ماڵ ئومەن؟ | – کام خانوماڵ ئێۆیە؟ |
| – کامە ئایل ئەوە؟ | – کامە منداڵی ئەوە؟ |
| – کامتان لە هیچ دەرنەچووی؟ | – کامتان لە هیچ دەرنەچوو؟ |
| – کامەیان لا بێشم؟ | – کامەیان بۆ بڵێم؟ |

٤–چوی/ چوین: بۆ پرسیارکردن لەبارەی چۆنیەتی ڕووداوێك یان شتێك بەکاردەهێنرێن، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – دتەکە چوی مەچوی؟ | – کچەکە چۆن دەچیَ؟ |
| – ئایلەکە چوی نان موێری؟ | – منداڵە چۆن نان دەخوات؟ |

• (وەی) مۆرفیمی پێشبەندە بەرامبەر بە (پیَ) دێت و هەمان ئەرکی ڕێزمانی هەیە.

٥– کوا : بۆ پرسیارکردن لە کەس و شوێن و شت بەکاردەهێنرێت، وەك:

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – کوا؟ ماڵتان ها لەچیَ؟ | – کوا؟ ماڵتان وا لە کوێیە؟ |

٦– کەی: بۆ پرسیارکردن لە کات بەکاردێت، وەك:

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|

- کەی مایۆ؟ — کەی دێتەوە؟
- کەی قاتوخ پەیامۆ؟ — کەی ماست پێدا دەبێ؟

♦ (قاتوخ) بە مانای ماست دێت هەندی لەوانە وا لەناو شار دەژین (ماست) بەکاردیت، بەڵام ئەوانی وا لە گوندەکان ماون و زۆر نەکەوتونەتە ژێر کاریگەری شێوەزارەکانی تر (قاتوخ) بەکاردێنن.

٧- چێ : بۆ پرسیارکردن لە شوێن بەکاردێت، وەك:

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|
| - ئەو پیایە لاچێ چوی؟ | - ئەو پیاوە بۆ کوێ چوو؟ |
| - تاوستان لەچێ موێتیان؟ | - هاوین لە کوێ دەخۆن؟ |

٨- چەن/ چەنێ: بۆ پرسیارکردن لە ئەندازە و ژمارە و چەندایەتی بەکاردێت، هەندێ جار نابێ بەجێناو پرسیار، دەبێتە جێناوی چەندیەتی.

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|
| - چەن سەعات وەخت مەنیە؟ | - چەند سەعات کات ماوە؟ |
| - چەنێ مەنیە بگەینە جێ؟ | - چەندی ماوە بگەینە جێ؟ |

نموونە بۆ جێناوی چەندایەتی، وەك:

- لە ماڵ چەنێ گرم شتەکەم لا نەینوریاوە؟ — لە ماڵ چەند گەرام شتەکەم بۆ نەبێژایەوە
- چەنی وەی مێشم لە هیچم نمەگەییە؟ — چەندی پێ دەڵێم تێناگات؟

٩- بەی/ لەوە/ چە: بۆ پرسیارکردن لە هاوکاری ڕۆنەدانی کارێك یان شتێك، وەك:

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|
| - بەی مێکەت لەڕە؟ | - بوو مەڕەکەت لاوازە؟ |
| - لەوەرچە نەچوی لامەکتب؟ | - لەبەرچی نەچوی بۆ قوتابخانە؟ |

جێناوی پرسیاریش وەکو جێناوی خۆی، جێناوی لکاو وەردەگرێ.

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|
| - من چەم وەی مەکرێ؟ | - من چیم پی دەکرێ؟ |
| - چێت مێشێ؟ | - کوێت دێشێ؟ |
| - ئەیە چەیان لاکریایە؟ | - ئەمە چییان بۆ کراوە؟ |
| - کامەت مێتی؟ | - کامەت دەوێ؟ |

مـــن ← جێناوی سەربەخۆ
چــە ← جێناوی چەندی و
م ← جێناوی لکاوی بکەر
وەی ← پێشبەند
مـــەکرێ ← کاری رابردووی بەردەوام


♦ (مێشی) بەمانای ئازاری لەش دێت، وە هەروەها بەمانای ( دەڵێ) دێت وەکو کاری ڕانەبردوو پێکدێت لە

مە+ ڕەگی کار + جێناوی لکاو )

مە + ێش + ێ

لە هەندێ باردا بەگوێرەی بەکارهێنانی لە ئاخاوتندا، دوو جێناو وەردەگرێ، وەك:

| ش. ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئەیانە چەمانن؟ | – ئەمانە چیمانن؟ |
| – ئەوانە چەتانن؟ | – ئەوانە چیتانن؟ |




کاتێ جێناوی پرسیارەکە جێناوی لکاوی دەچێتەسەر دەتوانێ مۆرفێمی(ش، یش) وەربگرێ، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – چەشم وەی شك مەوەی وەتان مێشم؟ | – چیشم پێ شك دەبی پێتان دەڵێم؟ |
| – کامەتانش لەگەشتان ئازاتر بێ خەڵاتی مەکەم؟ | – کامەتانیش لە هەمووتان ئازاتر بێ خەڵاتی دەکەم؟ |
| – چەنێکشم وەی وت، کورە هاتە مەکە؟ | – چەنێکشم پێ وت، کورە وا مەکە؟ |

### ٢-٢-٣-٥ جێناوی چەندیەتی:

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵەی وشە هەن، کە بۆ مەبەستی گەیاندنی مانای چەندیەتی بەکاردێن و دەکرێ بە(جێناوی چەندیەتی ناوببرێن، وەك:

| ش . ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – چەنە > چەنەمێشی. | – چەنی > چەنی دەلێ. |
| – ئەو قەرە > ئەو قەرە چاکەی لابکە. | – ئەوەندە > ئەوەندە چاکەی بۆ بکە. |
| – چکێ > چکێ نانم لابارە. | – هیندێ > هیندێ نانم بۆ بینە. |

### ٢-٢-٣-٦ جێناوی هەیی:

جێناوی هەیی ئەو جێناوەیە کە خۆیەتی(تملك) ڕادەگەیەنی لەم شێوەزارەدا هەر(هی، هین) بەکاردێت کە لە شێوەزاری کرمانجی خوارووداا بەدی دەکرێن، بەڵام(هی، هین) لەم شێوەزارەدا بۆ تاك و کۆ بەکاردەهێنرێن، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – هی > دامەکە هی ئەوانە | – هی > ماڵەکەهی ئەوانە. |
| – هین > ماینەکە هین ئۆمەن | – هین > ماینەکە هین ئیۆیە. |

### ٢-٢-٣-٧ جێناوی نەفی:

جێناوی نەفی بریتین لە( هیچ، چ) زۆر جاریش وشەی (کەس، کەسێ، شتێك، یەکێك، ... هتد) یان لەگەڵی بەکاردێت، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – پارەم هیچ وەی نەمەنیە. | – پارەم هیچ پێ نەماوە. |

| | |
|---|---|
| — چ شتێکیشک وەی نەمەنیە. | — چ شتێکم پیێ نەماوە. |

لەگەڵ جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم (A) دا بەکاردێ، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| — هیچم لا غارێ. | — هیچم بۆ ناهێنێ. |
| — هیچمت لام نادریە. | — هیچت بۆم ناردووە. |
| — هیچت لە ماڵیا نییە. | — هیچیت لە ماڵدا نییە. |
| — هیچمان نییە. | — هیچمان نییە. |
| — هیچتان مێتی. | — هیچتان دەوێ. |
| — هیچیان لامان نەدوردیە. | — هیچیان بۆمان نەبردووە. |

### ٢-٢-٣-٨ جێناوی هاوبەش:

جێناوی هاوبەش هاوبەشی لەنێوان دوو کەس یان دوو شت دەردەخات و جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی(A) پێیەوە دەلکێت و مۆرفیمی(ش، یش) وەردەگرێت، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| — یەکترش مەناسن. | — یەکتر دەناسن. |
| — یەکترمانیش دی. | — یەکترمان بێنی. |
| — یەکتریمانش ناچارکرد ڕازین بەوێن. | — یەکتریمان ناچارکرد ڕازین بین. |
| — یەکتریشمان بێزار نەکردیە. | — یەکتریشمان بێزار نەکردووە. |

### ٢-٢-٣-٩ جێناوی نادیار:

جێناوی نادیار بۆ نەناساندنی کەسێك یان شتێك بەکاردێ ، وەك:

| ش . ڕ | ش. ن |
|---|---|
| — یەکێ > یەکێ مایە. | — یەکێ > یەکێ دیت. |
| — کەسێك > کەسێك مەنویسی. | — کەسێك > کەسێك دەنوسی. |
| — کەسێ > کەسێ چووی. | — کەسێ > کەسێ چوو. |
| — چلێك > چکێك ئاو بوێرنێ. | — هێندێك > هێندێك ئاو بخۆنەوە. |
| — چکێ > چکێ پارەم لابارە. | — هێندێ > هێندێ پارەم بۆ بێنە. |

## ٢-٢-٤- کار ( Verb )

### ٢-٢-٤-١ کار لەڕووی ڕۆنانەوە:

لەڕۆی ڕۆنانەوە لە زمانی کوردیدا کار بۆ سێ جۆر دابەش دەکرێن: کاری سادە، کاری داڕێژراو و کاری لێکدراو.

لێرەدا هەوڵدەدەین ڕۆنانی هەریەکەیان لە شێوەزارەکەدا باس بکەین و تایبەتمەندی و جیاوازییان دەست نیشان بکەین.

**١) کاری سادە:**

ئەو کارانەن کە تەنیا لە وشەیەکی سادە واتادار و سەربەخۆ پێکهاتوون، وەکو (هات، وارد، هاورد، سەن، فرۆشت، سوزیا، درشان، کرد،... هتد)

**٢) کاری داڕێژراو:**

بریتییە لە کارێکی سادە و گیرەکێکی داڕشتن، کارە سادەکەش لە ڕووی ڕۆنانەوە لەم مۆرفیمانە پێکهاتووە" ڕەگی کار، مۆرفیمی کەس– جێناوی لکاوەکان، مۆرفیمی کات، ئەسپێکتەکان" (بێستون حەسەن: ٢٠٠٨ : ٤٦)

– ڕا+ خست > ڕاخستن

– دا + گرت > داگرتن/ دارتن

– لەی + چوی > لە یچوی.

– ورچەرخان+ ۆ > وارچەرخانۆ.

• (داگرتن) بە(دارتن) گۆدەکرێت.

لەبەر ئەوەی ڕۆنانی کاری داڕێژراو بەهۆی پێشگر یان پاشگرەوە هەریەکە یان ڕێسا و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە لێرەدا هەر یەکەیان بەجیا باس دەکەین.

**١) ڕۆنانی کاری داڕێژراو بەهۆی پاشگرەوە:**

١– پاشگری ( ۆ )

پاشگری( ۆ ) کاتێ دەچێتەسەر چاوگز هەندێك واتای جیا جیا دەبەخشێ بەپێی کارەکە:

أ– واتای دووبارە بوونەوە:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – شۆرینی + ۆ > شۆرینۆ | – شوشتنەوە |
| – هوێتن + ۆ > هوێتۆ | – نوستنەوە |

♦( ۆ ) هەمان ئەرکی پاشگر(ە وە) هەیە لە زمانی نوسیندا.

ب– واتای نوێ و جیاواز دێنێتە ئاراوە:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – واردن + ۆ > واردنۆ | – خواردنەوە |
| – هاوردن + ۆ > هاوردنۆ | – هێنانەوە |

ج– ئەوکارانەی کە لەگەڵ پاشگری ( ۆ ) دا واتا دەبەخشن، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – شاردنۆ | – شاردنەوە |
| – وەبیرهاتنۆ | – بەبیرهاتنەوە |

٢– پاشگری (انن)

سەرەڕای ئەوەی کە وەکو پاشگر دەچێتەسەر چاوگ و گرنگی ئەم پاشگرە لەوەدایە کاری تێنەپەڕ دەگۆڕێ بۆ کاری تێپەڕ، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – کەفتن + انن> کەفتانن | – کەواندن |
| – ورشان + انن > ورشانن | – ڕشاندن |

♦ (انن) هەمان (اندن) ی زمانی نوسینە کە دەچێتە سەرکاری تێنەپەڕ و دەیکاتە تێپەڕ و هەمان ئەرکی هەیە، تەنیا گۆڕانکارێکی فۆنۆلۆجی هەیە کە ئەمیش لەناو چوونی دەنگی (د)، هەروەها پاشگری (انن) کاری تێنەپەڕ لە دەنگە سروشتیەکان دروست دەکات.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – قیژە + انن > قیژانن | – قیژاندن |
| – ناڵان + انن > ناڵانن | – ناڵاندن |

**٢) ڕۆنانی کار بەهۆی پێشگرەوە:**

ئەو پێشگرانەی کە لە ڕۆنانی کاری داڕێژراودا بەشداری دەکەن بۆ دوو جۆر دابەش دەکرێن:

أ – پێشگری سادە:

لەم شێوەزارەدا پێشگری سادە بریتین لە مانەی خوارەوە.

١– دا : لە هەندێك کاردا واتای جوڵانەوەیەك لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەگەیەنێن، وەك (دارتن ، داخزیان، داروخیان، داماڵین، داتاشین، داڕزین، دامرکیان، داهاتن، داکەفتن، داشۆرین، داوەزین، دروشیان، دارمیان، داڕنین، داکەنین، داوەران، داتەکانن، ...هتد).

٢– ڕا : وەك:

ڕاماڵین، ڕاوان، ڕاگرتن، ڕاخستن، ڕاگواستن، ڕاڕانن، ڕابواردن... هتد.

٣– هەڵ: ئەم پێشگرە بەزۆری واتای جوڵانەوەیەك بەرەو سەرەوە دەگەیەنێ، وەك: (هەڵچون، هەڵدان، هەڵهاویشتن، هەڵاوێشتن، هەڵفڕین، هەڵهاتن، هەڵنان، هەڵبڕین، هەڵماڵین،.... هتد).

لەگەڵ هەندێ کاری تردا واتای جۆراوجۆری هەیە، وەك: هەڵهێنان، هەڵبین، هەڵدرێن، هەڵدریان، هەڵخزان، هەڵوەران،.... هتد. کاری ( هەڵکردن) کارێکی تری لە بەرامبەردا هەیە ئەویش ( دارسان) بەواتای (داگیرسان) بۆ نموونە بۆ ( ئاگر، چرا، گڵۆپ، سۆپا، تەباخ، ... هتد). بۆ نموونە – چراخ دارستانە.

٤– ور/ wir / : واتای پێچکردنەوە و گەڕانەوە و هەڵگێرانەوە و گوێزانەوەی تێدایە، وەك: ورچەخیان، ورگرتن، ورچەخان،... هتد.

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – سەیارەکە ورچەرخان. | – سەیارەکە گەڕایەوە. |
| – هیلاکی ئیسراحت هوێژت ورگرە. | – ماندووی، ئیسراحەتی خۆت وەرگرە. |

٥– ڕێ: لەم شێوە ئاخاوتنەدا ئەم پێشگرە هەندێ واتای جیاجیای هەیە، وەك:

| ش. ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ڕێکردن – هالۆ چکێ ڕێکە. | – خاڵە کەمێك ڕێکە. |
| – ڕێکەفتن – لەناو هوێژتان ڕێکەفتان. | – لەناو خۆتان ڕێکەوتان. |

٦– وێ :

– ملکەفتن: بەمانای لە یەك کەوتن

– وێدان : بەمانای پێدان.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – وێی مەکەفە. | – لە یەك مەکەون. |

– کوا جامەکەت وێدە.                    – کوا کراسەکەت پێدا.

ئەگەر سەرنجێکی پێشگری ( وێ) بدەین هەمان مانای پێشگری ( پێ) دەبەخشێ، بەڵام مەرج نییە لە هەموو کاتێکدا بتوانین لەبری یەکتری بەکاریان بهێنن و هەمان واتا بدەن بەدەستەوە، بۆ نموونە لە وشەی ( پێداوان) ناتوانین بڵێین (وێدادان) چونکە خۆی ( پێکدادان) لە بنەڕەتدا، یان ( پێگەیشتن، پێزانین، ... هتد). ئەمە بکەین، ئەمە لەلایەك، بەکارهێنانی هەر یەکێکیشیان سنوور و ڕێسایەکی تایبەتی و دیاریکراوی نییە لەو شوێنانەدا کە هەمان واتا دەبەخشن، بەڵکو ئاخێوەر ئارەزوومەندانە و سروشتیانە بەگوێرەی هەلومەرج و کاتی قسەکردن، یەکێکیان بەکاردێنێ.

ب – پێشگری ناسادە:

سێ جۆرن:

یەکەم – ئەم پێشگرە ناسادانەی ( لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پێشبەندی وەی ( ئەو) بەرامبەر ( پێ) ی زمانی نووسین دێت، ئەویش لە ( بە، ئەو) پێکهاتووە، لەی (لەئەو) بەرامبەر بەبێ ( تێ، لێ) ی زمانی نووسین دێت، ئەویش لە ( وە ئەو، لە ئەو) پێکهاتوون.

١– وەی : – واتا جۆراوجۆرە دەگەیەنێ.

– بە مانای جوڵانەوەی ڕوودانێك بەرەو کارێك.

| ش . ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – وەیگەیشتن | – پێگەیشتن |
| – وەیناسین | – پێناسین |
| – وەیزانین | – پێزانین |

– هەندێ جار ( وەی) لەبری بەرکاری ڕستە بەکاردێ، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئیشم وەی نییە. | – ئیشم پێی نییە. |
| – ئەی قەڵەمە خۆش مەنوسی وەی بنوسم. | – ئەم قەڵەمە خۆش دەنووسێ، پێی بنووسم. |
| – دتەکەهات، قایەکانی وەی بشۆم. | – کچەکە هات، دەرگاکانی پێ بشۆم. |

٢– لەی : کورتکراوەی ( لەیەك) ە.

لەیکەفتن، لەیکردن، لەیگەیشتن، لەیبرین، لەیدان، لەیخشان، لەیرشان،... هتد.

دووەم: ئەو پێشگرە ناسادانەی لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پێشگرێکی (وەی، لەی) لەگەڵ پاشبەندی(ڕا، ۆ، ا) دروست بوون، وەکو:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – وەیا | – پێدا |
| – لەیا | – تێدا |
| – وەیۆ | – پێوە |
| – لەیرا | – لێرا |

١– وەیا: ئەم پێشگرە واتای ڕوودانی کارێك دیاری دەکات بەجۆرێك ئاراستەی جوڵانەوەی شتێك بۆ ناو شتێکی تر، یاخود شتێك بەسەر ڕووی شتێکی تر دیاری دەکات، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|

– وەیارشیان – پێدارشیان

– وەیاکردن – پێداکردن

– وەیاچووین – پێداچوون

بۆ نموونە:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – زۆر ئاوی وەیاکە. | – زۆر ئاوی پێداکە. |
| – ئەمە دەسی درکەی وەیاچووی. | – ئەمە دەستی درکەی پێداچوو. |

٢– لەیا: ڕوودانی کارێك نیشان دەدات لەناوچوونی شتێك یان کەسێك، وەك :

لەیا چوین، لەیابین، لەیامان، ... هتد.

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – پیاکە لە خۆڕایی لەیاچوو. | – پیاوەکە بەخۆڕایی تێداچوو. |
| – شەرێ بی خێری ئۆمەی لەیابی. | – شەرێ بوو خێری ئێوەی تێدابوو. |
| – تاقەتی لەیانەمان. | – تاقەتی تێدا نەماوە. |

٣– وەیۆ: جوڵانەوەی ڕوودانی کارەکە دیاری دەکات بەرەو بەرکارەکەی واتە ڕووی بزوێنەوە بەرەو بـەکار نیـشان دەدا، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – وەیۆنان | – پێوەنان |
| – وەیۆبین | – پێوەبوون |

بۆ نموونە:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – ئایلەکە نیشانی وەیۆنا. | – منداڵەکە نیشانی پێوەنا. |
| – پیاکە وەیۆبی . | – پیاوەکە پێوەبوو. |
| – دەسی وەیۆگرت. | – دەستی پێوەگرت. |

– (وەیۆ) بەرامبەر بە(پێوە)ی زمانی نووسین دێت.

٤– لەیرا:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – لەیراهاتن | – لێراهاتن |
| – لەیرا چوین | – لێرا چوون |

سێیەم: ئەو پێشگرە ناسادانەی لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پێشبەندی( وە، لە) لەگەڵ ژمارەی ( ێك، یەك) پێدابوون، وەك:

١– وەیەك: وەیەککەفتن، وەیەکچوین، وەیەکهاتن، وەیەکدادان، ... هتد.

٢– لەیەك: لەیەکچون، لەیەکبین، لە یەککەفتن، ... هتد.

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – ئەیانە لەیەکبین | – ئەمانە لەیەکبوون. |
| – ئاێلەکان وەیەکمە چووین | – منداڵەکمان بەیەکدەچن. |

٣- کاری لێکدراو:

" کاری لێکدراو لە دوو بناغەی سەرەکی ساز دەبێ، یەکێك لەم دوو بناغەیە(کار) سەرەیە و ئەوی تریشیان(ناو، ئاوەڵناو، ... هتد) تەواوکەرە، واتا بەبێ بوونی فۆرمی کارکاری لێکدراو بەرهەم نایەت" (محەمەد عومەر: ٢٠٠١: ٤١)

بەچەند ڕێگایەك دروست دەبن:

١- ئەو کارە لێکدراوانە بەیارمەتی ناو دروست دەبن: [1]

أ- ناو + کار > کاری لێکدراو.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| - دەس + گرتن > دەسگرتن | - دەستگرتن |
| - سەر + کەفتن > سەرکەفتن | - سەرکەوتن |

ب- ناوی دارێژراو + چاوك سادە > کاری لێکدراو

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| - پرسیار + کردن > پرسیارکردن | - پرسیارکردن |
| - ڕێگا + گرتن > ڕێگا گرتن | - ڕێگا گرتن |

٣- بەیارمەتی ئاوەڵناو:

| ش . ڕ | ش. ن |
|---|---|
| - فرەکردن | - زۆرکردن |
| - کەم بێنۆ | - کەم بوونەوە |

٤- بەیارمەتی ئامرازی سەرسوڕمان:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| - خۆزگە خواستن | - خۆزگە خواستن |
| - ئاخ کێشان | - ئاخ کێشان |
| - داخ واردن | - داخ خواردن |

٥- بەیارمەتی ژمارە:

| ش . ڕ | ش. ن |
|---|---|
| - یەکگرتن | - یەکگرتن |
| - یەکبین | - یەکبوون |

٦- بە یارمەتی ئەو وشانەی کە بەتەنیا دەرناکەون:-

| ش . ڕ | ش. ن |
|---|---|
| - فێربین | - فێربوون |
| - هاندان | - هاندان |
| - تویشبین | - توشبوون |
| - فێربین | - فێربوون |

---

[1]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠: ١٠١ )

**٢-٢-٤ – ٢ ڕێژەی کار:**

لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە سێ ڕێژەی کار هەیە:

– ڕێژەی ڕاگەیاندن.

– ڕێژەی دانانی.

– ڕێژەی داخوازی.

**١) ڕێژەی ڕاگەیاندن:**

ئەو ڕێژەیەیە، کە ڕاستی ڕوودانی کارەکە لە باروودۆخێکی دیاریکراودا نیشان دەدات، ڕێژەی ڕاگەیاندنی لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە "هیچ نیشانەیەکی تایبەتی نییە، بەڵام لەوەدا لە ڕێژەکانی دی جیادەبێتەوە، کە ڕێژەی ڕاگەیاندنی بەرێك و پێکی بەپێی کات دەگۆڕێ، بەڵام ڕێژەکانی دی بەو شێوەیە نین" (ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٨٦:٢٠٠٠).

ڕێژەی ڕاگەیاندنی لە ڕووی کاتەوە بەسەر دوو جۆر کات دابەش دەبێ: کاتی ڕابردوو و کاتی ڕانەبردوو.

١– کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن:

"لە کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن تێپەڕ بێ یان تێنەپەڕ، سادە بێ یان داڕێژراو یان لێکدراو مۆرفیمی (دە) دەخرێتە پێش ڕەگی ڕانەبردووی کارەکە و جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم" ( ئەورەحمانی حاجی مارف: ١٩١:٢٠٠٠) لە دوای ڕەگەکەوە دادەنرێ.

لەم شێوەزارەدا لەکاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بەهەمان شێوەی زمانی نووسین مۆرفیمی هەیە، کە دەکەوێتە پێش ڕەگی ڕانەبردووەوە ئەویش کۆرفیمی ( مە) و کۆمەڵەی دووەمی جێناوە لکاوەکان لە دوای ڕەگەکەوە دادەنرێ.

– مە + ڕەگی کار + جێناوی ( ك . B)

| | |
|---|---|
| – موێرم | – دەخۆم |
| – موێری | – دەخۆی |
| – موێرێ | – دەخوات |
| – موێرین | – دەخۆین |
| – موێریتان | – دەخۆن |
| – موێرن | – دەخۆن |

– پێشگر + مە + ڕەگی کار + جێناوی ( ك . B)

| ش . ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – دەرمەکەفم | – دەردەکەوم |
| – دەرمەکەڤی | – دەردەکەوی |
| –دەرمەکەڤێ | – دەردەکەوێ |
| – دەرمەکەفین | – دەردەکەوین |
| – دەرمەکەفیتان | – دەردەکەون |
| – دەرمەکەفن | – دەردەکەون |

– مە + ڕەگی کار + جێناوی ( ك . B).

| | |
|---|---|
| – مەمێنمۆ | – دەمێنمەوە |
| – مەمێنیۆ | – دەمێنیەوە |

– مەمێنیۆ – دەمێنێتەوە

– مەمێنینۆ – دەمێنیتەوە

– مەمێنیتانۆ – دەمێننەوە

– مەمێننۆ – دەمێننەوە

– پێشگر + مە + ڕەگی کار + جێناوی ( ک . B).

– هەڵامەگرم – هەڵدەپەڕم

– هەڵامەگری – هەڵدەپەڕی

– هەڵامەگرێ – هەڵدەپەڕێ

– هەڵامەگرین – هەڵدەپەڕین

– هەڵامەگریتان – هەڵدەپەڕن

– هەڵامەگرن – هەڵدەپەڕن

لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا کاتی ڕانەبردوو دوو کاتی جیادەگرێتەوە، ئەویش (ئێستا و داهاتوو) ە، " لە زمانی کوردیدا لە دیالێکتی خوارووا لەڕووی فۆرمەوە جیاوازییان نییە، بەڵام بە یارمەتی هەندێ وشە بەتایبەتی ( ئاوەڵکار) ئەو دوو کاتە لە یەکتر جیادەکرێتەوە، بەڵام لە کرمانجی ژووروودا. هەر بە ئاسانی ئەو دوو کاتە لە یەکتری جیادەکرێتەوە بەهۆی نیشانەی مۆرفۆلۆجییەوە". ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠:١٩٧).

لەم شێوەزارەدا ئەم ئاوەڵکارانە بەکاردێن، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئەوا مام | – ئەوا دیم |
| – وا مام | – وا دیم |
| – ئێستە مام | – ئێستا دیم |
| – دمایی مام | – دوایی دیم |

٢– کاری ڕابردووی ڕاگەیاندن:

کاری ڕابردوو ئەو کارانە دەگرێتەوە کە ڕوودانی کارەکە لە پێش ئاخاوتنەکەدا ڕوویداوە و چوار جۆریان هەیە، وەك:

١– کاری ڕابردووی سادەی ڕاگەیاندن:

ئەم کارانە لە کار و جێناوی لکاو پێکدێن، بەجۆرێك ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بێ جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم وەردەگرێ، جێناوە لکاوەکە دەکەوێتە دوای کارەکەوە، جا کارەکە سادە بێ یان داڕێژراو یان لێکدراو، وەك:

| ش . ڕ | ش .ن |
|---|---|
| سادە: قەدی چاوگ + جێناوی لکاو | |
| – فریم | – فریم |
| – ترسیات | – ترسای |
| – لەرزی | – لەرزیت |
| داڕێژراو: پێشگر + قەدی چاوگ + جێناوی لکاو | |
| – ورچەخیاوە | – گەڕایەوە |
| – وەیاگەیمان | – پێڕاگەیشتین |

– لێکدراو: بەشی یەکەمی کارەکە + کاری رابردوو + جێناوی لکاو

– تێکەڵبین – تێکەڵبوون

– ڕزگاربین – ڕزگاربوون

ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێ ئەوا جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم وەردەگرێ، ئەگەر کارەکە سادە بێ جێناوەکە دەچێتە دوای کارەکە، بەڵام ئەگەر کارەکە داڕێژراو یان لێکدراو بێ، ئەوا جێناوە لکاوەکە دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکە.

ش . ڕ ش . ن

سادە: کاری رابردوو + جێناوی لکاو ( ک . A)

– واردم – واردم

داڕێژراو: پێشگر + جێناوی لکاو + کاری رابردوو

– وەیم کرد – پێمکرد

لێکدراو: بەشی یەکەمی کارەکە+ جێناوی لکاو + کاری رابردوو

– سەرم دالەی – سەرم لێدا

٢– کاری ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن:

شێوەی بنەڕەتی ئەم جۆرە کارەش بریتییە لە مۆرفیمی ( مە) لەم شێوەزارەدا بەهیچ شێوەیەك ( دە، ئـە) بەکارنایـەت، لەگەڵ کار و جێناوی لکاو.

أ– ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بێ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی (B) وەردەگرێ، وەك:

ش. ڕ ش . ن

– سادە: مە + کاری رابردوو + جێناوی لکاو

– مەلەرزی – دەلەرزی

– داڕێژراو: پێشگر + مە + کاری رابردوو + جێناوی لکاو

– دەرمەکەفت – دەردەکەوت

– دەرمەکەفتمان – دەرکەوتین

– لێکدراو: وشەی مە تەنیا واتا نابەخشێ + مە+ کاری رابردوو + جێناوی لکاو

– تەمام مەویم – تەواو دەبووم

– تەمام مەویتان – تەواو دەبوون

ب– ئەگەر کار تێپەڕبێت جێناوی لکـاوی کۆمەڵـەی یەکـەم وەردەگرێ، ئەگـەر کارەکـە سـادەبێ ئـەوا جێنـاوە لکاوەکـە دەکەوێتە کۆتایی کاری ڕابـردووی بەردەوامـەوە، بـەڵام ئەگـەر کارەکـە داڕێـژراو یـان لێکـدراو بـێ ئـەوا دەکەوێتـە پـێش کارەکەوە.

ش. ڕ ش . ن

– سادە: مە + کاری رابردوو + جێناوی لکاو

– مەورە نمەێ – دەمخست

– مەشوشتمەی – دەم شوشت

– داڕێژراو: مە + پێشگر + جێناوی لکاو + کاری رابردوو

– مەورە نتانۆی – هەڵتاندەخست

| | |
|---|---|
| – مەورە نمانۆی | – هەڵمان دەخست |

– لێکدراو: بەشی یەکەمی کارەکە + جێناوی + ک (A) + کاری رابردوو + جێناوی لکاو ک (B)

| | |
|---|---|
| – سەریان ماڵەتان | – سەریا لێدەدان |
| – سەرتان ماڵەیان | – سەرتان لێدەدان |

٣– کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن:


ئەم کارە لە کاری رابردووی نزیك و نیشانەی (ە) لەگەڵ جێناوی لکاو پێکدێت، ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بێ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم وەردەگرێ، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – من لە سنف سێ کەفتمە. | – من لە پۆلی سێ کەوتوومە. |
| – تو لە سنف چوار کەفتیتە. | – تو لە پۆلی چوار کەوتوویتە. |
| – ئەو لە سنف یەك کەفتیە. | – ئەو لە پۆلی یەك کەوتووە. |
| – ئێمە لە دەرس حساب کەفتمانە. | – ئێمە لە وانەی بیرکاری کەوتووینە. |
| – ئۆمە لە دەرس کوردی کەفتمتانە. | – ئێوە لە وانەی کوردی کەوتوونە. |
| – ئەوانە لە دەرس کوردی کەفتنە. | – ئەوانە لە وانەی کوردی کەوتوونە. |

ئەگەر کارەکە تێپەڕبێت لەکاتێکدا هەردوو کۆمەڵەی جێناوە لکاوەکان وەردەگرێ، وەك:

– ئەگەر کارەکە سادەبێ:

کاری رابردوو + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم (بکەر) + مۆرفیمی بۆشO + جێناوی لکاوی کۆمەڵەی دووەم (بەرکار)




| ش. ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – رشانمە ستەی | – ڕشتوومە |
| – رشانتە ستەی | – ڕشتووتە |
| – رشانیە ستەی | – ڕشتوویەتی |
| – ڕشانمانە ستەی | – ڕشتووینە |
| – ڕشانتانە ستەی | – ڕشتوونە |
| – رشانیانە ستەی | – ڕشتوویانە |

– ئەگەر کارەکە داڕێژراو بێ (بەهۆی پێشگرەوە)

– پێشگر + کاری رابردوو + جێناوی لکاوی ك (A) بکەر + پاشگری کاری تەواو + مۆرفیمی بۆشەO + جێناوی لکاوی ك (B) بەرکار.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – داگرتمە سەی | – دامگرتووە |
| – داگرتتە سەی | – داتتگرتووە |

| | |
|---|---|
| – داگرتیە سەی | – دامگرتووە |
| – داتگرمانستەی | – دامانگرتووە |
| – داگرتتانە ستەی | – داتانگرتووە |
| – داگرتیانە ستەی | – دایانگرتووە |

**دا + گــــــرت + م + ە + ســـتـــە + ی**

**پێشگر** ← دا، **کاری رابردوو** ← گرت، **جێناوی لکاو ک.A** ← م، **پاشگری کاری** ← ە، **مۆرفیمی بەتاڵ O** ← ستە، **جێناوی لکاوی ک.B بەرکار** ← ی

♦ (سە) و (ستە) مۆرفیمی بۆش تەنیا ئەرکی فۆنەتێکی هەیە کە ئەندامەکانی ئاخاوتن دەریدەبڕن بەڵام ئەرکی ڕێزمانیان نییە و هیچ ئەرکێکی مۆرفولۆجی نابینن.

♦ وەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە (داگرتن) هەندێ جار (دارتن) ش دەردەبڕێت.

– ئەگەر کارەکە لێکدراو بێ:

– ناو + جێناوی لکاوی ك. A بەرکار + جێناوی لکاوی ك.B بکەر + کاری رابردوو.

| ش . ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – ڕێگاوبان گرت | – ڕێگایان گرتم |
| – دەستانی گرت | – دەستتان گرتی |

٤– کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن:

شێوەی بنەڕەتی ئەم کارە لە قەدی هەرکارێك و فۆرمێی(یو، وی) و جێنـاوی لکـاو پێکـدێت، ئەگـەر کارەکـە تێنەپـەڕبێ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی یەکەم وەردەگرێ.

– رەگی کاری تێنەپەڕ + رەگی (بین) + جێناوی لکاوی ك (A)

| | ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|---|
| سادە: | – ترسیاویم | – ترسابووم |
| | – ترسیاویمان | – ترسابووین |
| داڕێژراو: | – دەرکەفتیووم | – دەرکەتبووم |
| | – دەرکەفتیومان | – دەرکەتبووین |
| لێکدراو: | – تەمامویم | – تەواوبوو بووم |
| | – تەمامبیویمان | – تەواوبوو بووین |

**تـــــەمام بــــیـ ویــ م**

**وشەیەکی واتا دار** ← تەمام، **رەگی ( بین )** ← بی، **مۆرفیمی کاری رابردووی دوور** ← وی، **جێناوی لکاو** ← م

♦لەم شێوەزارەدا و لە کاری ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن مۆرف (یو، وی) ی بەکاردێت، بەرامبەر بە قەدی چاوگی (بـوون) لە زمانی نووسیندا (ویـ) بۆ کاری سادە و لێکدراو، ( بو) بۆ کاری داڕێژراو.

♦ ئەو کارە لێکدراوانەی کە بەیارمەتی قەدی چاوگی (بین) لەکاتی ڕابردووی دووردا بە دەربکەون، بـەڵکو قـەدی چـاوگی (بین) دەبێ (ب) و مۆرفیمی کاری ڕابردووی دوور دەبێ بە (وی/ بو)

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – تەمام بیوم | – تەواوبوو بووم |
| – گەرمای بویی | – گەرمای بوو بوو |
| – سەرمای نەویو | – سەرمای نەبوو |

---

♦ چاوگی (بین) چاوگی (بوون) ی زمانی نزوسین.

– ئەگەر کارەکە تێپەڕبوو جێناوی لکاوی ک . (A) وەردەگرێ:

– سادە: کاری رابردوو + مۆرفیمی(بو/ وی) + جێناوی لکاو ک. (A)

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – کەفاتیومەی | – حنستبوم |
| – کەفاتیوتەی | – خستبووت |
| – کەفاتویەی | – خستبووی |
| – کەفاتویمانەی | – خستبوومان |
| – کەفایتوتانەی | – خستبووتان |
| – کەفاتوییانەی | – خستبوویان |


– داڕێژراو: پێشگر + کاری رابردوو + جێناوی لکاو ک (A) + مۆرفێمی یو / وی

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ورە نیموی | – هەڵم خستبوو |
| – ورە نیتوی | – هەڵت خستبوو |
| – ورە نیویوی | – هەڵی خستبوو |
| – ورە نیماتوی | – هەڵمان خستبوو |
| – ورە نیتانوی | – هەڵتان خستبوو |
| – وەرەنییانوی | – هەڵیان خستبوو |

• لەم شێوەزارەدا پێشگر ( ورە) بەرامبەر بە ( هەڵ)ی زمانی نووسینە.

– لێکدراو: بەشی یەکەمی کارەکە + جێناوی لکاو ک. A + کاری رابردوو + مۆرفیمی ( یو/ ویـ ).

| ش . ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – سەرم کەفانوی | – سەرم خستبوو |
| – سەرمان کەفانوی | – سەرمان خستبوو |



**٢) ڕێژەی دانانی ( ئینشائی):**

ڕێژەی ئینشائی کار ئەو ڕێژەیەیە، " کە بۆ مەبەستی دەربڕینی هیوا و ئاوات و خۆزگە بەکاردێ، کە ئەنجامدانی کارەکە بەستراوە بە هاتنەدی ئەو هیوا و ئاوات و مەبەستانەی، کە ئاخێوەر خۆزگەی بۆ دەخوازێت" ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠:٢١٦).

١– کاتی ڕانەبردووی ئینشائی:

– کاری تێنەپەڕ:

– سادە: ب (Bi) + ڕەگی کار+ جێناوی لکاو ل (B)

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – بوێسم | – بنووم |
| – بوێسین | – بنووین |

– داڕێژراو: پێشگر + ب + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی ك (B)

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – هەلکەفتن | – هەڵکەوتن |
| – هەلبکەفم | – هەڵبکەوم |
| – هەڵبکەفین | – هەڵبکەوین |
| – وەرکەفتن | – بەرکەوتن |
| – وەربکەفم | – بەربکەوم |
| – وەربکەفین | – بەربکەوین |

– لێکدراو: بەشی یەکەمی کارەکە + ب + ڕەگی کار + جێناوی لکاوی ك (B).

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – سەرکەفتن، سەربکەفم، سەربکەفین | – سەرکەوتن، سەربکەوم، سەربکەوین |

– کاری تێپەڕ:

– سادە: ب + ڕەگی کار تێپەڕ + جێناوی لکاوی ك (B).

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – کەفانن، بکەفانم، بکەفانین | – خستن، بخەم، بخەین |

♦ کەفانن – خستن

کەفتن – کەوتن

– داڕێژاو: پێشگر+ ب + ڕەگی کار + جێناوی لکاو ك (B)

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – داگرتن / دارتن | – داگرتن |
| – دابگرم/ دابرم | – دابگرم |
| – دابگرین/ دارین | – دابگرین |

– لێکدراو: بەشی یەکەمی کارەکە + جێناوی لکاوی ك (A) + ب + ڕەگی کار + جێناوی لکاو ك (B).

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|

– سەرکەفانن، سەری بکەفانم، سەری بکە فاین – سەرخستن، سەرییخەم، سەری بخەین

شێوەی کاتی ڕانەبردووی ئینشائی دەشێ ئەو مەستانەی دیکـەی وەکـو : " نیـاز و نـزا کـردن، جـەخت کـردن، گومـان و دوودڵی و هەڕەشە و پرس و پەسەندکردن و مەرجی تێدا بەدی دەکرێت". (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠:٢١٧).

٢– کاتی ڕابردووی ئینشائی:

أ– ڕابردووی نزیکی ئینشائی:

– تێنەپەڕ:

– سادە: ب + کاری رابردوو + مۆرفیمی ( ایویـ) جێناوی لکاو ک (B).

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – وریّزن، بورێزایویم، بورێزایویمان | – هەستن، هەستبام، هەستباین |

– داڕێژراو: پێشگر+ کاری رابردوو + مۆرفیمی ( ایو/ یاو) + جێناوی لکاو ک (B).

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – هەڵکەفتن، هەڵکەفتایوم، هەڵکفتیاوین | – هەڵکەوتن، هەڵکەتبام، هەڵکەوتباین |

– لێکدراو: بەشی یەکەمی کارەکە+ ب + کاری رابردوو + مۆرفیمی ( یاو/ ایو) + جێناوی لکاوی ک (B).

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – سەرکەفتن، سەربکفتایوم، سەربکفتیاوین | – سەرکەوتن، سەرکەوتبام، سەرکەوتباین |

– تێپەڕ:

– سادە: کاری رابردوو + مۆرفیمی ( یا/ ایو) + جێناوی لکاوی ک (A).

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – کەفانن ، کەفایام، کەفایومان | – خستن، خستبام، خستباین |

– داڕێژراو: پێشگر + کاری رابردوو + مۆرفێمی ( ا یو)

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – ورەنەوە ورەنیایوم، ورەنیایومان | – هەلخستن، هەلخستیا، هەڵمان خستیا |

– لێکدراو: بەشی یەکەم کارەکە + جێناوی لکاوی ک (A) + ب + کاری رابردوو + مۆرفێمی (وی)

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – سەرکەفتن، سەرم بکفاناوی، سەرمان یکفتاناوی | – سەرخستن، سەرم خستبا، سەرمان خستبا |

ب– ڕابردووی بەردەوامی ئینشائی:

– تێنەپەڕ:

– سادە: ب + کاری رابردوو + مۆرفێمی( ایو) بەردەوامی + جێناوی لکاو ک (A)

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – چوین، بچویایوم، بچویا یومان | – چوون، بچووبام، بچووباین |

– داڕێژراو: پێشگر + ب + کاری رابردوو + مۆرفێمی بەردەوامی( ا و ی) + جێناوی لکاوی ک (A)

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – هەلکەفتن، هەلبکەفتاویم، هەلبکەفتاویمان | – هەڵکەوتن، هەڵبکەوتبام، هەڵبکەوتباین |

– لێکدراو: بەشی یەکەمی کار +ب + کاری رابردوو + مۆرفێمی بەردەوامی( ا و ی) + جێناوی لکاوی ک ( A)

ش ٠ ڕ — سەرکەفتن، سەربکەفتاویم، سەربکەفتاویمان

ش ٠ ن — سەرکەوتن، سەربکەوتبام، سەربکەوتباین

ج– کاری ڕابردووی تەواوی ئینشائی:

تێنەپەڕ:

– سادە: کاری ڕابردوو + مۆرفێمی دانانی(ی) + جێناوی لکاو ك (B)

ش ٠ ڕ — چوین، چوییم، چوییمان

ش ٠ ن — چوون، چووبم، چووبین

– داڕێژراو: پێشگر + کاری ڕابردوو + مۆرفێمی(ی) + جێناوی لکاو ك ( B)

ش ٠ ڕ — هەڵچوین، هەلچوییم، هەلچوییمان

ش ٠ ن — هەڵچوون، هەڵبچووبم، هەڵچووبین

– لێکدراو: بەشی یەکەمی کارەکە + کاری ڕابردوو + مۆرفێمی (بەو) + جێناوی لکاو ك (B)

ش ٠ ڕ — سەرکەفتن، سەرکەفتەیەوم، سەرکەفتەبەوین

ش ٠ ن — سەرکەوتن، سەرکەوتم، سەرکەوتبین

– تێپەڕ:

– سادە: ب + کاری ڕابردوو + جێناوی لکاوی ك (A)

ش ٠ ڕ — کەفانن، بکەفانم، بکەفتاویما

ش ٠ ن — خستن، خستبم، خستبمان

– داڕێژراو: پێشگر+ کاری ڕابردوو + جێناوی لکاوی ك (A) مۆرفێمی (وی) بەردەوامی

ش ٠ ڕ — ورەنتەوە، ورەنۆموی، ورەنۆمانوی

ش ٠ ن — هەڵخستت، هەڵمخستبێ، هەڵمانخستبێ

– لێکدراو: بەشی یەکەمی کارەکە+ کاری ڕابردوو + جێناوی لکاو ك(A) + مۆرفێمی بەردەوامی ( وی)

ش ٠ ڕ — سەرکەفانن، سەری وەنۆموی، سەری وەنۆمانوی

ش ٠ ن — سەرخستن، سەرم خستبێ، سەرمان خستبێ

• (کەفانن) لێرەدا بەرامبەر بە (وەنۆ) دێت، چونکە زیاتر لەکاتی دەکرێت بە داڕێژراو و لێکدراو زیاتر بەدی دەکرێت.

ء – ڕابردووی دووری ئینشائی:

– تێنەپەڕ:

– سادە: ب + کاری ڕابردوو + ڕەگی (بین) (ا و ی) + جێناوی لکاو ك (A)

ش ٠ ڕ — چوین ، بچوویاویم، بچوویاویمان، بچویاویتان

ش ٠ ن — چوون، چوو بووبام، چوو بووباین، چوو بووبان

– داڕێژراو: ب + کاری ڕابردوو + ڕەگی بین ← ( ا یو) + جێناوی لکاوی ك (A)

ش ٠ ڕ — ڕەمین ، برەمیاویوم برەمیاویومان برەمیاویتان

ش ٠ ن — ڕاکردن، ڕامیکرد بووبا، ڕامان بکردبووبا، ڕاتان بکردبووبا

– لێکدراو: بەشی یەکەمی کارەکە+ ب + کاری ڕابردوو + ڕەگی بین ( اویو) + جێناوی لکاوی ك (A)

ش . ڕ　　　　ش . ن

–سەرکەفتن، سەربکەفتاویوم، سەربکەفتاویومان، سەربکەفتاویوتان　– سەرکەوتن، سەربکەوتبووبام، سەربکەوتبووباین، سەربکەوتبووبان

– تێپەڕ:

– سادە: ب + کاری رابردوو + رەگی (بین) – (ایو) + جێناوی لکاوی ک (A)

ش . ڕ　　　　ش . ن

– گرتن ، بگرتاویومەی، بگرتاویومانەی ، بگرتایویانەی　– گرتن، گرتبووبام، گرتبووبامان، گرتبووبایان

– داڕێژراو: پێشگر + قەدی چاوگ+ رەگی (بین) ⟵ (اویو) + جێناوی لکاو ک (A)

ش . ڕ　　　　ش . ن

– دارتن، دارتاویومەی ،دارتایومومانەی، دارتایویانەی　– داگرتن، دامگرتبووبا، دامانگرتبووبا، دایانگرتیووبا

– لێکدراو: بەشی یەکەمی کارەکە+ جێناوی لکاوی ک (A) + ب + کاری رابردوو + رەگی (بین) ⟵ (ا وی)

ش . ڕ　　　　ش . ن

– ڕێگرتن، ڕێمبگرتاوی، ڕێتگرتاوی، ڕێیانگرتاوی　– ڕێگاگرتن، ڕێگامگرتبووبا، ڕێگا تگرتبووبا، ڕێگایانگرتبووبا

**٣) ڕێژەی داخوازی:**

ئەم ڕێژەیە بریتیە لە فەرمان دانی کارێکە بەسەر کەسێك (کەسی دووەمی تاك – تۆ) یان چەند (کەسی دووەمی کۆ – ئێوە) یاخود داواکردنی ئەنجامدانی کارەکەیە لەك کەسانە یان بەشێوازی تکاکردنی و ورياكردنەوە دەبێ بۆ کەسی بەرامبەر (کە کەسی دووەمی تاك/ کۆیە) " ئەم ڕێژەیە لە ڕووی کاتەوە تەنیا کاتی ئێستا و داهاتووی هەیە و ڕابردووی نییە" (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٠ :٢٣٨)

شێوەی گشتی ئەم ڕێژەیەش پێدێ لە ڕەگی کار کە نیشانە(ب ، ب )ی دەکەوێتە پێش و جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك و کۆ بە دوای کارەکەوە دەلکێ، وەك:

**ب + ڕەگی + جێناوی لکاو**

| | ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|---|
| چاوگ: | – نویسین | –نوسین |
| ڕەگی چاوگ: | – نویس | – نویس |
| ڕێژەی داخوازی: | – بنویسە ، بنویسن | – بنوسە، بنوسن |

ئەگەر هاتوو ڕەگی کارەکە کۆتایی بەدەنگێکی بزوێن بێت، ئەوا بە ئاسانی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ(ن) وەردەگرێ، بەڵام بۆ کەسی دووەمی تاك (ە) وەرناگرێ و دەرناکەوێ.

| | ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|---|
| چاوگ: | – چوین | – چوون |
| ڕەگی: | – چو | – چ |
| ڕێژەی داخوازی: | – بچو ، بچون | – برۆ ، برۆن |

لەم شێوە ئاخاوتنەدا لە هەندێ ڕەگی چاوگدا بە دەنگی نەبزوێن کۆتایی دێت، بەڵام جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك (ە) دەرناکەوێت، زۆرکات ئەم حاڵەتە بۆ ئابۆری کردنی وزەیە.

| | ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|---|
| چاوگ: | ١– هوێتن | – نوستن |

٢ – واردن − خواردن

ڕەگی چاوگ: ١ – وێس نو

٢– وێر خۆ

ڕێژەی داخوازی: ١ – بوتیس ، بوێسن بنو، بنون

٢ – بوێر، بوێرن بخۆ، بخۆن

لەم شێوەزارەدا ئەو کارانەی کە پاشگری( ۆ ی) یان پێوەیە، کاتێك ڕێژەی داخوازیان لێ دروست دەکرێت نیشانەی(ب)ە کە دەکەوێتە پێش ڕەگی چاوگەکەوە و (ۆ ی) ە کە لە گەڵ جێناوی کەسی دووەمی تاکدا جێناوەکە دەر ناکەوێت، بەڵام بۆ کەسی دووەمی کۆ پاشگرەکە دەکەوێتە دوای جێناوەکەوە، وەك:

| ش . ن | | ش . ڕ | |
|---|---|---|---|
| ڕێژەی داخوازی | چاوگ | ڕێژەی داخوازی | چاوگ |
| – بشارەوە | – شاردنەوە | – بشارۆی | – شاردنۆ |
| – بشارنەوە | | – بشارنۆی | |
| – بخوێنەوە | – خوێندنەوە | – بخوێنۆی | – خوێننۆ |
| – بخوێننەوە | | – بخوێننۆی | |

• پاشگری (ە وە) لەم شێوەزارەدا دەبێتە (ۆ ی) لە کۆتایی کاری داخوازییەوە، بەڵام وەك پاشگرێ کە لە کۆتایی چاوگ بەدی دەکرێت تەنیا( ۆ ) یە

♦ (ی) نیمچە بزوێن نێوان ڕەگی چاوگ و پاشگرەکە دەردەکەوێت وەك زانراوە دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نایەن.

ئەو کارانە کە تێپەڕن زۆر کلێتکی بەرکار لە شێوەی جێنـاوێکی لکـاوی کەسـی سـێیەمی تـاك (ی) یـان کەسـی سـێیەمی کۆ(یا) لەناو کارەکەدا دەردەکەوێت، کە دەکەوێتە دوای جێناوی کەسی دووەمەوە، وەك:

| ش . ن | ش . ڕ |
|---|---|
| – بیخۆ، بیخۆن | – بوێرەی ، بوێرنەی |
| – بیان خۆ، بیان خۆن | – بوێرەیان ، بوێرنەیان |
| – بیشارەوە، بیشارنەوە | – بشارەیۆی ، بشارنیۆی |
| – بیانشارەوە، بیانشارنەوە | – بشارەیانۆی، بشارنیانۆی |

### ٢ – ٢ – ٥ **ئاوەڵکار** ( Adverbil )

" ئاوەڵکار: ئەو زەرفەیە، کە ڕووداوەکەی تێدا ڕوودەدات، واتە دەبێت بە زەرف بـۆی یـان ئـەو چـوار چـێوەیەی دەوری دەدات، جا شوێن بێت یان کات، یان حاڵ و هەیئەتێکی تایبەتی بێت" (نەسرین فەخری و کوردسـتان موکریـانی :١٩٨٢: ١٦٧ ) توفیق وەهبیبەم شێوەیە پێناسەی ئاوەڵکـاری کـردووە" زەرف کەلیمەیەکـە بـە تـەواوکردنی مـەعنای فیعلـێ یـا سیفەتی یا زەرفێکی تر بەکەڵك ئەهێنرێ سیفەتی چۆن مەعنای ناوی تەواو ئەکا ئەمیش هی سـیفەت و فیعـل و زەرف وا تەواو" (توفیق وەهبی:١٩٢٩: ١٧ ) ئاوەڵکاریش هەروەکو بەشەکانی تری ئاخاوتن گەلێك پێناسەی جیاجیای بۆ کـراوە و

هەر زمانەوانە و لە ڕوانگەیەکەوە باسی کردووە و ناوی جیاجیایان بۆ داناوە.[1] زۆربەی ئەو پێناسانەی بۆ ئاوەڵکار کراون بەشێکی هاوبەشیان تێدا بەدی دەکرێ کە ئەویش ئەوەیە ئاوەڵکار وشەیەکی وەسفی کارێك یان ئاوەڵناوێك یان ئاوەڵکارێکی تر دەکات، بەڵام ئازاد ئەحمەد حوسێن لە نامەی ماستەرەکەیدا بەناوی ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ئاوەڵکار وەسفی ناوێك یان ئاوەڵناوێك یان ئاوەڵکارێکی تر بکات بەڵکو پێناسەکەی ئەو بریتییە لەوەی کە "ئەدڤێربڵ تەنیا وەسفی کار دەکات" (ئازاد ئەحمەد حوسێن ٢٠٠١) هەروەك چۆن ئاوەڵناو وەسفی ناو دەکات بەهەمان شێوەش ئاوەڵکار وەسفی کار دەکات لایەنەکانی ڕوودانی کارەکە روون دەکاتەوە و دیاری دەکات. کەواتا ئاوەڵکار بەشێك لە بەشەکانی ئاخاوتن وەسفی کار دەکات و پەیوەندییەکی تەواوی بەکارەوە هەیە و ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر دەبەخشێتە گوێگر لەکاتی قسەکردندا لە ڕووی کات یان کارەکە، بەڵام لە هەموو بارێکدا نەبوونی ئاوەڵکار نابێتە مایەی تێکچوونی واتا و مەبەستی سەرەکی ڕستە.

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵکار بەچەند جۆرێك دەتوانین دابەش بکەین بۆ نموونە لەڕووی واتاوە، لە ڕووی ڕۆنانەوە.

### ٢-٢-٥-١ ئاوەڵکار لەڕووی ڕۆنانەوە:

**١) ئاوەڵکاری سادە:**

ئەو ئاوەڵکارانەن کە تەنیا لەیەك وشەی سەربەخۆی واتادار پێکهاتوون. وەکو: ئێستە بەیانی، خێرا، لای، ... هتد.

لەم شێوەزارەدا هەندێ ئاوەڵکاری سادە هەن.

– لای: واتە لەلای یان لە تەنیشت.

| ش. ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – نەسرین لەلای ئازاد دانیشتیە. | – نەسرین لەلای ئازاد دانیشتووە. |
| – ئەگەر هاتنۆ وەلای هەولێرا بۆرۆ. | – ئەگەر هاتنۆ بەلای هەولێردا وەرەوە. |

– وەر: بە واتای لەپێش یان لە ژێر سایە و سێبەری شتێك دێ:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – شیلان وەر قاپیێ ماڵ هوێژیان مەشۆرێ. | – شیلان بەر دەرگاری ماڵی خۆیان دەشوات. |
| – وە وەر ڕەحمەتی خوا بکە وای. | – بە بەر ڕەحمەتی خوا بکەوی. |

–دەشتۆ: بەواتای دەرەوە دێ:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئەگەر لە مەکتەب ورچەخیاتۆ. | – ئەگەر لە قوتابخانە گەڕایتەوە. |
| – نەچویە دەشتۆ سەرمات مۆ. | – نەچێتە دەرەوە ئەگینا سەرمات دەبێ. |

**٢) ئاوەڵکاری داڕێژراو:**

ئەو ئاوەڵکارانەن کە لە ئاوەڵکاری سادە و پاشگرێك یان پێشگرێك یاخود هەردووکیان پێك دێن، وەك: ڕۆژانە، شەوانە، دمایە لێردا، ... هتد.

---

[1] ) سەعید صدقی کابان (اسم مکان و اسم زمان) ی بەکارهێناوە، تۆفیق وەهبی (ظرفي عەرەبی) بەکارهێناوە، نوری عەلی ئەمین (ئاوەڵکار) ئەورەحمانی حاجی مارف و محەمەد ئەمین هەورامی ئاوەڵکار کوردستان موکریانی و شلێر رەسول بەرزنجی ئاوەڵگوزارە لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ئاوەڵفرمان و ئازاد ئەحمەد حوسێن ئەدڤێربڵ یان بەکارهێناوە.

بەزۆری ئەو پێشگرانەی کە بەکاردێن بریتیین لە بێ، وە، لە ، ... هتد

١- پێشگر(بێ)

بێشك، بێناز، بێگومان، ..هتد.

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - بێشك ئەو کەسانەی بێناز پەروەردە بوێن، گش وەخت غەمبارن. | - بێشك ئەو کەسانەی بێناز پەروەردەربوون، هەمیشە خەمبارن. |

- پێشگری (وە)

وەخۆر، وە تەنیا، وە کولْ، وە گوڕ،... هتد.

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - بە وشە و بەی هیشتت وەتەنیا بچوێتۆ. | - بە وشە و بوو هێشت بە تەنیا بڕواتەوە. |
| - ئاویْ وەخوڕ وەیاکە تاهیچ وەیۆ نەمێنیْ. | - ئاوێکی بەخوڕ پێداکە تا هیچی پێوە نەمێنیْ. |

لەم شێوەزارەدا (بە)ی زمانی نوسین وەك پێشگر بێ یان وەك پێشبەند بێ ئەوا دەبێتە (وە) هەروەها لەو بارانەدا کە دەلالەت لە شوێن دەکات، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - وەنام | - بەناو |
| - وەهوزار | - بەژوور |
| - وەوەر | - بەبەر |
| - وەبن | - بەبن |

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - نام وەنام وە وەر چەمم مەهات. | - ناو بەناو بەبەرچاوم دەهات. |

هەروەها لە هەندێ باری جیاجیادا ئەو ڕوودەدا، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - زوی وریْز وەهوێژت حازکە و بچو. (ئامادەیە) | - زوو هەستە بکەو خۆت و برۆ. |
| - ئەوە وەت مێشم تەنیا وە هوێژمی مەیۆ. (دەدەیەوە) | - ئەوە پێت دەڵێم تەنیا وە خۆمی دەدەیەوە. |

٣- پێشگری (لە)

لەم شێوەزارەدا هەندێ لە ئاوەلکارە داڕێژراوەکان کە بە یارمەتی پێشگری (لە) دروست بوونە، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - ئەو ئایلە لەوەرچە مەگرێویْ. | - ئەو منداڵە لەبەرچی دەگریا. |
| - ئاوەکە لەبانۆ بۆنی خۆشترە. | - ئاوەکە لەسەرەوە بێنی خۆشترە. |
| - ئەو ژنەی لەنام دامەکەیە، خوێشکی ئەوبێ. | - ئەو ژنەی لەنێو ماڵەکەیە، خوشکی ئەو بوو. |

٤- پاشگری ( ان)

مۆرفیمی ( ان) کە لە بنەڕەتدا نیشانەی کۆیە، "کاتێك دەچێتە سەر ناوی کات، دەیکاتە ئەوەڵکاری داڕێژراوی کات و وەك پاشگر خۆی دەنوێنیْ" ( ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩٨:١٥٦).

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – تاوستانان مەچینە سەیران. | – هاوینان دەچینە سەیران. |
| – زمستانانیش مەچینە گەرمیان. | – زستانانیش دەچینە گەرمیان. |

لەم شێوەزارەدا هەروەك زمانی نووسینی کوردی ( ان) نیشانەی کۆیە، هەروەها وەکو پاشگری دەچێتە سەر ناوی کات و دەبێتە ئاوەڵکاری داڕێژراوە، ئەوش لەبیر نەکەین، کە خەڵکی فەرقان و لەیلان تاکو ئێستا بۆ کۆکردنەوەی ناو لە هەندێ باردا مۆرفیمی (ە ڵ) بەکاردێنن وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا.

٥– پاشگری ( ێ، ێك ، ە ك).

کە نیشانەی نەناسراوی و تاکین، "دەچێتە سەر هەندێ ناو و جێناو و ئاوەڵناو، ئاوەڵکاری چەندیەتییان لـێ سـازدەکرێ واتە لەم بارەدا دەوری پاشگر دەبینێ". (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٩٨:١٥٧).

لەم شێوەزارەدا ( ە ك) بەدی ناکرێت زیاتر ( ێ، ێك) بەکاردیێن، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – ڕۆژێك لیردا کەفتم. | – ڕۆژێك لێرە کەوتم |
| – ڕۆژێ مایە دونیا لەهویرمەکەی. | – ڕۆژێ دێت دونیا لەبیر دەکەی |
| – جارێکی تر بەو لا ماڵمان. | – جارێکی تر وەرە بۆ ماڵمان |
| – ساڵێ جارێ بۆرۆهانە نمۆ . | – ساڵی جارێك بێرەدا نایی. |

٦– پاشگری ( انە)

دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵنـاو، ئاوەڵکـاری داڕێـژراو دروسـت دەکـات، وەك شـێرانە، پیاوانـە، گێلانـە،...هتـد لێـرەدا هـیچ جیاوازییەك بەدی ناکرێت.

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – وەخوا ئەو پیایە وەپیاوانە ئیشەکەی راپەران. | – بەخوا ئەو پیاوە پیاوانە کارەکەی ئەنجام دا. |
| – فرە سەیرە ئەهانە وەگێلانە ئیش مەکەی . | – زۆر سەیرە، ئەوا بە گێنە کار بکەی. |

٧– پاشگر ( ەکی)

هەمان پاشگری ( ەکی) وەك زمانی نووسین لە شێوەزارەدا بەکاردێت، وەك: دەشتەکی، جووتەکی، شەوەکی،....هتد.

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – بەیانی بەڕانەکە جووتەکی مەوەشان. | – بەیانی بەڕانەکە جووتەکی مەوەشان. |
| – ئەی کەسە لەی لێردان فرە دەشتەکیانە مەژن. | – ئەم کەسانەی لێرەن زۆر دەشتەکیانە دەژین. |

٨– پاشگری ( ئاسایی )

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – هوێژت ئاسایی فرە ئازان. | – خۆت ئاسایی زۆر ئازان. |
| – شیرین ئاسایی مەچوی وەرێوە. | – شیرین ئاسایی دەچێتە بەڕێوە. |

٩– ئەوە ئاوەڵکانەی کە ( پێشگر و پاشگر) تێدا بەشدارن، واتە هەردووکیان پێکەوە دەردەکەون، زوك:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – وە درێژی | – بە درێژی |
| – لە بانۆ | – لە سەرەوە |

– له هوارۆ — له خوارەوه
– وەره و هوار — بەرەو خوار
– بێ بەری — بێ وەری
– بێ هۆشی — بێ ئاگایی
– وه ویردی — به وردی
– وه خراوی — بەخراپی

**٣) ئاوەڵکاری لێکدراو:**

ئەو ئاوەڵکارانەی که له دوو وشەی واتادار یان زیاتر پێکهاتوون، ئاوەڵکاری لێکدراو به چەند جۆرێك پێکدێ، وەك:

١– دووبارەکردنەوەی ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار:

بۆ نموونه:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – دووبارەکردنەوەی ناو، وەك: | |
| – دەنك دەنك | – دەنك دەنك |
| – دلیم دلیم | – لەت لەت |
| – دووبارەکردنەوه ژماره، وەك: | |
| – دوو دوو | – دوو دوو |
| – پەنج پەنج | – پێنج پێنج |
| – دووبارەکردنەوه ئاوەڵناو، وەك: | |
| – ویرد ویرد | – ورد ورد |
| – هێواش هێواش | – هێدی هێدی |
| – دووبارەکردنەوه ئاوەڵکار، وەك: | |
| – وەره وەره | – بەره بەره |
| – ویرده ویرده | – ورده ورده |
| – زوی زوی | – زوو زوو |

٢– دووبارەکردنەوه بەیارمەتی ناوبەندێك، وەك:

| | ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|---|
| – ناوبەندی (ا و) | | |
| | – دەسا و دەس | – دەستا و دەست |
| – ناوبەندی (ه و) | | |
| | – بانه و بان | – بانه و بان |
| – ناوبەندی (له) | | |
| | – دەس له دەس | – دەست له دەست |
| – ناوبەندی (وه) | | |
| | – ساڵ وه ساڵ | – ساڵ به ساڵ |

له هەندێ باردا بزوێنی(ە) لەگەڵ دووبارەکردنەوەی ناوەکەدا دێ، بەجۆرێك له هەندێ باردا دەکەوێتە سەر ناوی یەکەم، واتە دەکەوێتە نێوان دوو ناوەکە لە هەندێ باردا دەکەوێتە سەر ناوی کۆتایی و لە هەندێ باری تردا بەبێ ناوبەند پێکدێت، ئەویش تەنیا بە دووبارەکردنەوەی ناوەکە، وەك:

| | ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|---|
| –(ە) لەسەر ناوی یەکەم: | – سستەسست | – سستە سست |
| | – تاوە تاوە | – تاوە تاوە |
| – (ە) لەسەر ناوی کۆتایی: | – نام نامە | – ناو ناوە |
| | – کەم کەمە | – کەم کەمە |
| – بەبێ ناوبەند: | – خۆشی خۆشی | – خۆشی خۆشی |

بۆ نموونە:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ڕۆژ وە ڕۆژ خراوتر مۆ. | – ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ. |

هەندێ جار ( لە دمای) لەنێوان وشە دووبارەکراوەکاندا بەکاردێت، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ڕۆژ لە دمای ڕۆژ | – ڕۆژ لە دوای ڕۆژ |
| – ساڵ لە دمای ساڵ | – ساڵ لە دوای ساڵ |

٣– وشەی (ئەم) + ناو:

لەم شێوەزارەدا کۆبوونەوەی وشەی(ئەم) لەگەڵ ناودا دەگۆڕێت بۆ(ئیم) وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئیمشەو | – ئەمشەو |
| – ئیمجا | – ئەمجا |

٤– وشەی(ئەو) + ئاوەڵکار

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئەو وەخت | – ئەو کات |
| – ئەو شۆن | – ئەو شوێنە |

٥– پێشگری(لە) + سەر + ناو

بۆ نموونە:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – گۆزەیان لەسەرشا دامەنا. | – گۆزەیان لەسەر شان دادەنا. |
| – لەسەر زگ مەکەف. | – لەسەر زگ مەکەوە. |
| – لەسەر دەم موێن. | – لەسەر دەم دەنوێ. |

• ئەو ئاوەڵکارانەی کە ب(ئەو + ئاوەڵکار و(لە + سەر + ناو) دروست دەبن هیچ جیاوازییان نییە لەگەڵ زمانی نوسین بەهەمان شێوە و ڕێگا پێکهاتون.

٦- پێشگری(وە) + بان (سەر)

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - چایەکەی وەبان دەسیا ڕشان. | - چایەکەی بەسەر دەستیدا ڕشان. |
| - وەبان داماهاتمۆ. | - بەسەرباندا هاتمەوە. |
| - ئایلەکە وە سەردەم کەفت. | - منداڵەکە بەسەردەمدا کەوت. |

٧- بەیارمەتی ناوبەندی (و)

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| بۆ نموونە | |
| - نان وەپیسی و پۆخڵی موێر. | - نان بەپیس و پۆخڵی مەخۆ. |
| - تێر و پڕ نانم واردیە. | - تێر و پڕ نانم خواردووە. |
| - هاپۆ حاجی جاروبار لاماڵمان مایەت. | - خالۆ حاجی جاروبار بۆ ماڵمان دێت. |

٨- ئاوەڵناو+ ناوبەندی (وە) + وە:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - پڕ وە دەم | - پڕ بە دەم |

٩- ناو + و + ئاوەڵکاری سادە:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - سەر و هوار | - سەر و خوار |

١٠- سەر + وەرەو+ ئاوەڵکاری سادە

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - سەر وەرەو هوار | - سەر بەرەو خوار |
| - سەر وەرەو ژێر | - سەر بەرەو ژێر |

١١- سەر + ان + سەر:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - سەران سەر | - سەران سەر |

١٢- ژمارە + ئاوەڵکار + ئاوەڵکاری نادیار:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - دوو ڕۆژتر | - دوو ڕۆژ تر |
| - سێ هەفتی تر | - سێ حەفتی تر |

١٣- ژمارە + ئاوەڵکار یان ناو:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - دوو ڕۆژ | - دوو ڕۆژ |
| - دوو بەیانی | - دوو بەیانی |
| - دوو شمە | - دوو شمە |
| - نیمە شەو | - نیوە شەو |

– نیمە ڕۆ – نیوەڕۆ

• ئەو ئاوەڵکارانەی کە پێکدێت لە (سەر + ا ن + سەر ) و (ژمارە + ئاوەڵکار + ئاوەڵکاری نادیار) و (ژمارە + ئاوەڵکار یان ناو) جیاوازیان نییە لەگەڵ زمانی نوسیندا لە ڕووی پێکهاتنەوە.

١٤ – بەیارمەتی ناوبەندی (لە)

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – سەرلەنۆ | – سەر لە نوێ |
| – سەر لەوەر | – سەر لەبەر |

١٥– بەیارمەتی ناوبەندی(ە و)

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – دەسەوزرانی | – دەستە و ئەژنۆ |
| – وەرە و بان | – بەرەو بان |

**٤) ئاوەڵکاری دەستەواژەیی:**

ئەو ئاوەڵکارانەن کە پێکهاتەکەیان لە ئاوەڵکاری لێکدراو زیاترە، واتە لە کۆمەڵە وشەیەك پێکهاتبێ یان بەهۆی پێشبەند و پاشبەندەوە دروست دەبن.

١– پێشبەندی (لە)

أ– (لە ... ۆ)

لەم شێوەزارەدا پاشبەندی(ە وە) دەگۆڕێت بۆ (ۆ) تەنیا لە هەندێ بار نەبێ کە بەهۆی دەرکەوتنی دەنگێکی بزوێن لە پێشییەوە، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – لەنامۆ | – لەناوەوە |
| – لە ڕاستۆ | – لە ڕاستەوە |
| – لە عاسمانۆ | – لە ئاسمانەوە |
| – لیرداوە | – لێرەوە |
| – لۆرداوە | – لە ئەویەوە |

ب– (لە ... ا)

لەم شێوەزارەدا پێشبەندی(لە) تەنیا پاشبەندی (... ا) ی لەگەڵ، بەبێ (د) لە هەندێ باردا یەکەمی پاشبەندی (... دا) بەدی دەکرێت، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – لە ماڵا | – لە ماڵدا |
| – لە عاسمانا | – لە ئاسمانا |
| – لە زستانا | – لە زستاندا |
| – لۆردا | – لەوێدا |

بۆ نموونە:

– من ئیمساڵ لەنام زمستانا نەخۆش کەفتم. – من ئەمساڵ لەنێو زستاندا نەخۆش کەوتم.

– لەی ڕۆرانا لە مال دەرنەچوی باشترە.　　　　– لەم ڕۆژگاردا لە ماڵی دەرنەچی باشترە.

– ئەوە لۆردام ئێستە مەوچەر خومۆ.　　　　– ئەوە لە ویدام ئێستا دەگەڕێمەوە.

ئەم پێشبەند و پاشبەندانە بەم شێوەیە بەرامبەر بە زمانی نوسین.

(لە ... ۆ)　(لە ... ە وە)

( لە ... ا)　(لە ... دا)

٢– پێشبەندی (وە)

أ– (وە ... ۆ)

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – وە زەمیۆ | – بەزەویەوە |
| – وە عاسمانۆ | – بە ئاسمانەوە |
| – وەدیوارۆ | – بەدیوارەوە |

ب– (وە ... ا)

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – وە عاسمانا | – بە ئاسماندا |
| – وە زەمیا | – بە زەویدا |
| – وە هەولێرا | – بە هەولێردا |

(وە ... ۆ) ئەم پێشبەند و پاشبەندە بەرامبەر بە (بە ... ە وە) ی زمانی نوسین دێت.

(وە ... ا) ئەم پێشبەند و پاشبەندە بەرامبەر بە (بە... دا)ی زمانی نووسین دێت.

٣– پێشبەندی (هەتا، تا، تاكو، ... هتد)

لەم شێوەزارەدا ئەم پێشبەندانە پاشبەندی لەگەڵدا بەكارنایەت بە تەنیا پێشبەندەكە بەكاردێ لەگەڵ ئاوەڵكارەكەدا، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – هەتا شەو | – هەتا شەو |
| – تا هەولێر | – تا هەولێر |
| – تا ساڵێكی تر | – تا ساڵێكی تر |
| – تاكو هەولێر | – تاكو هەولێر |
| – تاكو ساڵێكی تر | – تاكو مانگی تر |

• (هەتا، تا، تاكو) هەمانە پێیەندان كە زمانی نوسیندا بەكاردێن.

هەندێ نمونەی ئاوەڵكاری دەستەواژەیی:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – لەلای بانۆ | – لەلای بانەوە |
| – لەلای هوارۆ | – لەلای خوارەوە |
| – لە گەشت لایەكۆ | – لە هەموو لایەكەوە |
| – لەیە و دما | – لە مەودوا |

| | |
|---|---|
| – لەقە دارەکە | – لە تەنیشت دارەکە |
| – لالای هوارۆ | – بۆ لای خوارەوە |
| – وەهیچ شێوەی | – بەهیچ شێوەی |
| – ئیمساڵ بایەتۆ | – ئەمساڵی داهاتوو |
| – ئەی هەفتە بایەتۆ | – حەفتی داهاتوو |
| – هەفتەکە تر | – هەفتی تر |

هانە: ئەم ئاوەڵکارە نیشانەکردنی یان ئاڕاستەکردنی بەدەست یان دەم و چاوی لەگەڵە، چونکە لەکاتی ئاخاوتن لەبەر چاو نەبێت لە نوسیندا ئاڕاستەی جولانی کارەکە نازانرێت، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – هانە بەو. | – واوە وەرە. |

**٢-٢-٥-٢ جۆرەکانی ئاوەڵکار لە ڕووی واتاوە:**

هەموو زمانەوانان لەسەر پۆلێن کردنی ئاوەڵکار لە ڕووی واتاوە کۆك نین و چەند جۆرە پۆلێنکردنێکی جیاواز لە ئارادایە[1] ئەورەحمانی حاجی مارف لە ڕووی واتاوە بەم جۆرە ئاوەڵکاری پۆلێن کردووە (ئەورەحمان حاجی مارف: ١٩٩٨: ١٣٥)

**١) ئاوەڵکاری دیار خەری:**

ئاوەڵکاری دیارخەری لەسێ جۆر پێکهاتوە:

١– ئاوەڵکاری چۆنیەتی:

ئەو ئاوەڵکارانەن کە چۆنیەتی ڕوودانی کار دەست نیشان دەکەن، زۆربەی زۆری ئاوەڵکارە چۆنیەکان ئاوەڵناوی چۆنیەتین، بەڵام کاتێك لە ڕستەدا وەسفی چۆنیەتی ڕوودانی کار دەکەن وە دەبن بە ئاوەڵکاری چۆنیەتی (وەدڵشکیایی، وە دڵخۆشی، وەبیری، وە عەجلە وە سەرچەرمۆ، ... هتد)

بۆ نموونە:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – وەسەر چەرمۆ هاتیەوە لات. | – بەسەری سپیەوە هاتەوە لات. |
| – ئاورەگە فرە وەکوڕ و تینە. | – ئاگرەکە زۆر بەگڕ و تینە. |
| – وە لەنگە لەنگا مەچوێ. | – بە لەنگە لەنگ دەڕۆیشت. |
| – وە دڵشکیایۆ چویە ماڵۆ. | – بە دڵشکاوی چووە ماڵەوە. |
| – وە کوڵ مەوریوا. | – بەکوڵ دەگریا. |

٢– ئاوەڵکاری چەندیەتی:

ئەو ئاوەڵکارانەن کە ڕادە و چەندیەتی ڕوودانی کارەکە دەست نیشان دەکەن لە ڕستەدا، وەکو (فرە، پڕ، گەلێ، نیمەی، گەلێ جار، پڕییە، نیمە بییە، ... هتد)

---

[1] ) **ئازاد ئەحمەد حوسێن نۆزدە جۆری ئاوەڵکاری لە ڕووی واتاوە جیاکردۆتەوە کە ئەمانەن: (چۆنیەتی، پێوانە، وەسیلە، هۆی، دووبارەکردنەوە، مەبەست، تەرتیبی، بەراورد، هاوڕێیەتی، لێکچوون، سەرچاوە، هێندێتی، هیواوئاوات، دوو دڵی و شیان ، دەرهاویشتن، ئەنجام، پرسیاری، گۆڕینی حاڵەت لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر، پێچەوانە) بڕوانە (ئازاد ئەحمەد: ٢٠٠١: ٣٤)**

| ش . ن | ش . ڕ |
| --- | --- |
| – بەرمیلە نەوتەکە نیوە بووە. | – بەرمیلە نەفتەکە نیمە بییە. |
| – قوتابخانەکەمان زۆر لێ دوورە. | – مەکتەبەکەمان فرە لەی دویرە. |
| – کراسەکە پان بۆ درویوم. | – جامەکە پێن لام دیوریە. |

قویل، پێن، بەرز، نزم، رادە و پێوانە و چەندیەتی نیشان دەدەن و دەچنە ڕیزی هەردوو ئاوەڵکاری چۆنیەتی و چەندیەتیەوە.

٣– ئاوەڵکاری شێوە یان جۆری جێبەجێ بوون.

ئەو ئاوەڵکارە شێوەیەك یان جۆرێ جێبەجێ بوونی کارێك نیشان دەدا، پاشگری ( انە) ی دەچێتە سەر.

ئەو نموونانە هەموویان جۆرێ جێبەجێ بوون نیشان دەدەن، وەك:

| ش. ن | ش. ڕ |
| --- | --- |
| – پیاوانە | – پیاوانە |
| – منداڵانە | – ئایلانە |
| – هەرزەکارانە | – نۆجوانانە |
| – کچانە | – دتانە |
| – پیرێژنانە | – پرێژنانە |

♦ پاشگری ( انە) هەمان پاشگرە لە زمانی نووسیندا ناو دەگۆڕێت بۆ ئاوەڵکار.

بەشێکی تریان لە ڕستەدا بەدوای یەکتردا هانی کارەکە نیشان دەدەن.

٤– دووبارەکردنەوەی ئاوەڵکارە: ئەو ئاوەڵکارانە کە لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی وشەیەك وەك( یەك یەك، لەت لەت، ....هتد).

| ش. ن | ش. ڕ |
| --- | --- |
| – پێش نانخواردن دەستەکانت جوان جوان بەسابونی بشۆن. | – وەلە نان واردن دەسەکانت جوان جوان وەسابین بشۆن. |
| – یەك یەك وەرنە ژوورەوە. | – یەك یەك بەونە ماڵۆ. |
| – ئەوا بەفرەکە وردە وردە بۆخۆی دەتوێتەوە. | – ئەوا وەفرەکە ویردە ویردە لاهوێژی مەتاوێتۆ. |
| – پەتاتەکە لەت لەت کە. | – پەتاتەکە قاش قاش کە. |
| – ئەوانە تازە چەقاندوومانە، هێدی هێدی ئاویان لەبن کە. | – ئەوانە تازە چەقانمانەستۆی هێدی هێدی ئاوەکە لەبنیان. |
| – تەماتەکە قاش قاش کە | – تەماتەکە لەت لەت کە. |

♦( قاش قاش) بۆ شتێکی کەمی وشك و تون بێت بەکاردێت، وەك : تور، شێلم... هتد. بەڵام ( لەت لەت) بۆ شتێکی نەرمتر و شلتر بەکاردێت، وەك تەماتە، سێو،...هتد.

بەشێکی تریان گەشتیەتی شێوەی ڕوودانەکە دیاری دەکەن.

| ش. ن | ش. ڕ |
| --- | --- |
| – وەڵا هەموو پێیان باش بوو. | – وەڵا گشتیان وەیان باش بی. |
| – تێکڕا وەڵامیان دایەوە. | – لەبن جوابیان داوۆ. |
| – بەجیا دانیشتوین. | – وەجیا دانیشتویمان. |
| – بەدوو قۆڵی دەڕۆین بۆسەربان | – وە دوو قۆڵی مەچین لابان دام. |

دایەوە ⟵ داوۆ، لەم شێوەزارەدا ( ی) نیمچە بزوێن نێوان کارەکە و پاشگری (ۆ) گۆڕاوە بۆ ( و) نەبزوێن وەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە کە پاشگری (ەوە) دەگۆڕێت بۆ (ۆ).

**٢) ئاوەڵکاری بارودۆخ:**

١- ئاوەڵکاری کاتی:

ئەو ئاوەڵکارانەی کە کاتی ڕوودانی کار بوون دەکەونەوە و دەستنیشان دەکەن، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| ئێستە، ئەلحان، ئەلعان | - ئێستا |

♦ ( ئێستا) ⟵ ( ئەلحان، ئەلعان) لە ( الأن) ی زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، کەوتووەتە ژێر کاریگەری فۆنەتیکی کوردی، بەڵام ( ئێستە) تەنیا گۆڕانی فۆنۆلۆجی تێدا بەدی دەکرێت.

| | |
|---|---|
| - بەیانی ، چاشتنا | - سبەینێ، چاشتەنگا |
| - سارە | - سبەینێ |

♦ لەم شێوەزارەدا ئاوەڵکاری ( بەیانی) بۆ دوو کاتی جیاواز بەکاردێت( بەیانی) کاتێکی دیاریکراوە، هەروەها ( بەیانی) ی کە مەبەستی ( سبەینێ)ی دەگەیەنێ لە زمانی نووسیندا.

| | |
|---|---|
| - دوێنێ، پێرێ، ئێوارە | - دوێنێ، پێرێ، ئێوارە |
| وەئێوارە ، وەئێواران | وەئێوارە، بەئێواران |

♦( دوێنێ، پێرێ، ئێوارە) هەمان ئەو ئاوەڵکارانەن و بۆ هەمان مەبەست بەکاردێن، بەڵام ( وەئێوارە، وەئێواران) تەنیا جیاوازی (وە) کە لە زمانی نووسیندا ( بە) ە، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکردووە.

| | |
|---|---|
| - عەسر، عەسران، | - عەسر، عەسران، |
| وەشەو، وەشەوان | بەشەو، بەشەوان |

♦ ( عەسر، عەسران، شەو، شەوان) جیاوازی نییە لەگەڵ زمانی نووسین، (وەعەسران، وەعەسران، وەشەو، وەشەوان) جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی نووسیت لە پێشبەندی (وە) وەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە.

| | |
|---|---|
| - نیمەڕۆ، نیمەڕوان | - نیوەڕۆ، نیوەڕوان، |
| وەنیمەڕۆ، وەنیمەڕوان | بەنیوەڕۆ، بەنیوەڕوان |

♦ ئەم ئاوەڵکارانە جیاوزان لەگەڵ زمانی نووسیندا.

| | |
|---|---|
| - تاوستان، زمستان، پایز، وەهار | - هاوین، زستان، پایز، بەهار، |
| وەتاوستان، وەزمستان | بەهاوین، بەزستان، |
| وەتاوستانان، وەزمستانان، | بەهاوینان، بەستانان، |
| لەتاوستانا، لە زمستانا، | لە هاویندا، لە زستاندا، |
| لەتاوستانانا، لە زمستانانا، | لە هاویناندا، لە زستاناندا |
| وە وەهارا، وە وەهارانا | لە بەهاردا، لە بەهاراندا. |
| - لەو ڕۆژانا، لەی ڕۆژانا، | - لەو ڕۆژاندا، لەم ڕۆژاندا |
| ڕۆژی تر، ڕۆژێکی تر | ڕۆژێ تر، ڕۆژێکی تر |
| - وەی زویانە، وەوزویانە | - بەم زووانە، بەو زووانە |

( تاوستان، زمستان) لەگەڵ زمانی نووسیندا جیاوازە، بەڵام لەناوچەکانی گەرمیان هەمان بەکارهێنانیان هەیە.
( وەهار) جیاواز لەگەڵ زمانی نووسیندا.
• بە ⟵ وە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە
• لە... دا ⟵ لە ....ا ، پێشتر ئاماژەمان پێکردووە.
• پێشبەندەکان لەگەڵ جێناوی نیشانەدا وەک:
لەو = لەو
لەم ⟵ لەی
بەم ⟵ بەی جیاوازن لەگەڵ زمانی نووسیندا.
بەو ⟵ وەو
ڕۆژێکی تر = ڕۆژی تر

| | |
|---|---|
| – دەس وەجیٚ، کوت وپڕ | – دەسبەجیٚ، کوت پڕ |
| – ئەو ساڵ، پار، پێرار، پەسترپێرار | – ئەوساڵ، پار، پێرار، پەسترپێرار |
| – تابەیانی، تا ساڵیٚ تر، تا مردن | – تا بەیانی، تا ساڵیٚ تر، تا مردن |

دەسبەجیٚ ⟵ دەس وەجیٚ
( ئەوساڵ، پار، پێرار، پەسترپێرار، تا بەیانی، تا ساڵیٚ تر، تا مردن) هەمان ئاوەڵکارن کە لە زمانی نووسین بەکاردێن.

| | |
|---|---|
| – لەودەما، لەو وەختا، | – لەو دەمەدا، لەوکاتەدا |
| لەی دما، ئەو وەختی | لەم دەمەدا، ئەوکاتەی |
| – هەروەخت، دایمە، گشت وەختی، | – هەردەم، هەمیشە، هەموو کاتیٚ |
| گشت وەختێکی، | هەموو کاتێکی |
| – دەمێکە، لەزویۆ، | – دەمێکە، لە زووەوە، زۆر |
| فرە لەزویۆ، فرە لە زویۆ نییە | لە زووەوە، زۆر لە زووەوە نییە |

♦ لە .... ەوە ⟵ لە .... ۆ، لەگەڵ زمانی نووسیندا جیاوازە.
♦ کات ⟵ وەخت لەم شێوەزارەدا ئەویش لە ( وقت) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.

| | |
|---|---|
| – چکیٚ جار، لەو وەختیۆ، | – هەندیٚ جار، لەو کاتەوە |
| لەو دەمۆ، لە ئەوەڵۆ | لەو دەمەوە ، لە سەرەتاوە |

بۆ نموونە، وەک:

| <u>ش. ڕ</u> | <u>ش. ن</u> |
|---|---|
| – بەیانی زوی بامیەکانم لەی کردۆ. | – بەیانی زوو بامیەکانم لێکردووە. |
| – ئەلعان وەم بێش تو کوڕەی کێی؟ | – ئێستا پێم بڵیٚ تو کوڕی کێی؟ |
| – وەخوا بانگی عیشا گەینە ماڵە. | – بەخوا بانگی عیشا گەینە ماڵ. |
| – مال هاپۆ ئەحمەد شەو لێرە بین. | – ماڵی مام ئەحمەد شەو لێرە بوون. |
| – وەخوا دوو ڕۆژ نەوی سەنییمەی هەڵەجێی هوێژیان تێك چویٚ. | – بەخوا دوو ڕۆژ نەبوو کڕیبووم هەڵەجیٚ خۆیان تێکچوو بوو. |

٢– ئاوەڵکاری شوێنی:
ئەو ئاوەڵناوانەن شوێنی ڕوودانی کارەکە دیاری دەکەن، وەک:

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – بان، لەبان، لەبانی، لەبانێ، وە بانیا،.. هتد. | – سەر، لەسەر، لەسەری |
| لەبانێ، وەبانیا.... هتد | لەسەریەوە، بەسەریدا....هتد. |
| – بن، لەبن، لەبنیا، لەبنێ، وەبنیا،....هتد | – بن، لەبن، لەبنیا، لەتەنیشت، لەبنەوە، بەبندا،..... هتد |
| – ژێر، لەژێریا، وەژێریێ... هتد | – ژێر، لە ژێریدا، بەژێریدا،...هتد |
| – هوار، وەهوارا، لە هوارێ، ....هتد | – خوار، بەخواردا، لەخوارەوە،... هتد |
| – دما، لەدمای، لادماوە، | – پاش، لەپاش، بۆ پاشەوە |
| وەردەم، لەوەردەمێ، لە وەردەمی،....هتد | پێش، لەپێشەوە، لە پێشی،.....هتد. |
| – لا، لەلا، وەلا، لەلای، ....هتد | – لا، لەلا، بەلادا، لەلایدا،....هتد |
| – نام، لەنام، وەنام، ...هتد | – ناو، لەناو، بەناو، ....هتد. |

٣– ئاوەڵکاری هۆ و مەبەست:

ئەو ئاوەڵکارانە مەبەستی ڕوودانی کارەکە یاخود هۆکاری ئەنجامدانی کارەکە یان هۆی ڕوودانی کارەکە دەستنیشان دەکات، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – لەوەر ئەوە | – لەبەر ئەوەی |
| – چونیکە | – چونکە |
| – وەئەنقەس | – بەئەنقەست |
| – لەبێ عەقڵی هوێژت | – لەبێ عەقڵی خۆت |
| – لە خوشیا | – لە خۆشیدا |
| – لە بێ ئیحراجی هوێژی | – لەبێ ڕێزی خۆی |
| – لە تویرەییان | – لە توڕەییان |
| – لە تویرەیا | – لە توڕەییدا |
| – لە قارا | – لە ڕقان |

٤– ئاوەڵکاری تەئکیدی ( جەختکردن)

ئەو ئاوەڵکارانەی کە دڵنیابوونەوەی ڕوودانی کارەکە دەردەخات، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – بێ چەن و چووین | – بێ چەند و چوون |

٥– ئاوەڵکاری دووبارە بوونەوە:

بەهۆی ئەم ئاوەڵکارانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کارە جارێکی تر ڕوودەدات، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – هەمیسان | – دیسانەوە |
| – فرسەتێ تر | – هەلێکی تر |
| – وەهیچ شێوەیە | – بەهیچ شێوەیەك |
| – وەهیچ نوعێ | – بەهیچ جۆرێ |

## ٣- سینتاکسی شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکان:

سینتاکس لە چۆنیەتی ریزبوونی وشەکان دەکۆڵێتەوە لە چوارچێوەی ڕستە و ئاخاوتندا، بەواتایەکی تر لەو پەیوەندییە ئاسۆییە دەکۆڵێەوە، کە لەنێوان وشەکاندا هەیە، کاتێ دەکەونە پاڵ یەکتری بۆ دروستکردنی فرێز و ڕستە، کە ئەمانیش ئاخاوتن دروست دەکەن.

هەر دانەیەکی زمانی چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، هەریەکێکیش لەم پێناسە لە روانگەیەکەوە باسی دانە ڕێزمانییە کردووە، لەبەر ئەوە هیچ یەکێك لە پێناسەکان هەموو لایەنێکی دانە ڕێزمانییەکە دەرناخەن، بەواتایەکی تر هیچ پێناسەیەك بەجۆرێك بێبەش نییە لە کەموکوڕی، بەڵام هەر پێناسەکیش چەند لایەنێکی ڕاستی بابەتەکە دەخەنە ڕوو، بۆ نموونە لە خوارەوە هەندێ لەو پێناسانە دەخەینە ڕوو: "ڕستە بریتییە لە ڕەگی کار و پێویستیتەکانی". ( عبداللە حوسێن:٢٠٠٦:٤٠). کەواتە ڕستە گەورەترین و فراوانترین کەرەستەی ڕێزمانییە، واتایەکی تەواو دەبەخشێ.

لەم بەشەدا بۆ زیاتر وردبوونەوە و شیکردنەوەی لایەنە سینتاکسیەکانی شێوەزارەکە دابەش دەکەین بۆ سەر دوو پارِ، کە لە هەر پارێکیاندا هەوڵدەدەین لایەنە پەیوەندیدارەکانی بابەتەکە بخەینەڕوو:

### ٣- ١ دۆخ (case)

ڕستە (Sewtence) لە هەموو زمانانی جیهاندا لە ( کار) و چەند بەشێکی بنجی، وەك ( بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئاوەڵکار، و... هتد) پێکدێت. "هەریەکە لەم بەشە بنجیانە ئەرکێك پیشان دەدات و هەر یەکێك لەم ئەرکانە دۆخێکە (case) دۆخەکان پەیوەندییە سینتاکسییەکان دەستنیشان دەکەن". (وریا عومەر ئەمین: ١٨:٢٠١٥).

زاراوەی دۆخ (case) لە وشەیەکی زمانی لاتینییەوە هاتووە بەشێوەی (casus)، "کە لە بنەڕەتدا وەرگێڕانی وشەی (ptōsis)ی گریکییە کە بەواتای (fall) ئینگلیزی دێت، واتە ( کەوتن، نزمبوونەوە) یە. ئەو بیرۆکەیە لە زاراوەی (Declension) ڕەنگی دایەوە، واتە گەردان، کە بۆ ئاماژەکردن بۆ پۆلە گەردانییەکان (Inflectional) بەکار دەهێنرێت و لە (Dēclinātiō) هاتووە کە واتاکەشی ( چەمانەوە، نوشتانەوە، نزمبوونەوە) یە". (Blak,B.J:2004:18)

بەواتایەکی تر زاراوەکانی (Declination) و (Inflection) گەردانکردن کە گۆڕانی شێوەی وشە دەگەیەنێت، بۆ مەبەستی ئاماژەدان بەدۆخ بەکارهاتوون، ئەم دوو زاراوەیەش بەشێوەی خوازراو ( مێتافۆری) بۆ ئەو گۆڕانانە بەکارتوون، کە بەهۆی گۆڕانی دۆخی ڕێزمانییانەوە لە شێوەی وشەکان ڕوو دەدات.

سەرەتا زاراوەی دۆخ بۆ ئاماژەکردن بەکار و بە هام شێوەش بۆ ناو بوو، لەگەڵ ناو: دۆخی ناوی یان بکەری و لەگەڵ کاردا کەسی سێیەمی تاکی دەمی کاتی ئێستا کە بەشێوەی بنەڕەتی دادەنرا.

بیرۆکەی چەمکی (ptōsis) بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە بۆ گەردانکردنەکان و داڕشتنە ئاوەڵکارییەکانی، پاشان لەسەدەی سێیەمی پێش زایین زاراوەکە سنووردار بووە بە گەردانکردنی ناوی (Blsk,J2004:18).

لەوکاتەدا بۆ ئاماژەکردن بۆ دۆخی ناوی وشەی (orthē) بەکاردەهێنرا، کە واتای ( ڕاست، ڕاستەوخۆ) بوو، یان وشەی (Eutheia) کە واتاکەی فۆرمی( ڕاست، ڕاستەوخۆ)، پاشان بوو بە (ptōsis orthē , ptōsis eutheia)، دواتر بووە بە (ptōsis onomas tikē) بە ئینگلیزیش دەبێت بە (Nominative case).

زاراوەی دۆخ (case) کە بە واتای ( کەوتن و نزمبوونەوە) بوو. خزاوەتە نێو زمانی ئەڵمانی بەشێوەی (fall) و دواتریش زمانی ڕووسی بە شێوەی (padež) وەریگرت و لە هەردوو زمانەکە هەمان واتای ( کەوتن و نزمبوونەوە) دەدات.

(Hzspel math , m,:2006:1). ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، کە ئەم زاراوەیە لەو زمانانەدا وەرگێڕانێکی وەرگیراوە[1]، پێدەچێت ڕەنگدانەوەی ئەو بیرۆکەیە بێت کە هەڵی گرتووە و ئەو بیرۆکەیەش بریتییە لە " کەوتن و نزمبوونەوەی فۆرمی وشەیەك لە فۆرمە باو و ستاندەرەکەی خۆی" (Blak , B: 2004:18).

دۆخ لە ڕێزمانی فارسی بە (حالت) و دۆخی ڕێزمانی بە ( حالت دەستوری) دەناسرێ (مصطفی عاصی و محمد عبد علی: ١٩٩٦: ٦٦، ٨١). لە ڕێزمانی عەرەبیشدا بە ( **الحالة**) و دۆخی بە ( **الحالة الاعرابية**) ناسراوە ( شحده فارع والاخرون:١٩٨٣:٣٣)، لە زمانی کوردیدا بە (دۆخ) و ( دۆخی ڕێزمانی) دەناسرێتەوە.

### ٣ - ١ -١ پێناسەی دۆخ:

لە ڕێزمانی چاولێکەریدا دۆخ بریتییە لەو گۆڕانکارییەی بەهۆی ئەرکی ناو لە ڕستەدا لە کۆتاییەکەیدا ڕوو دەدات، کە بریتییە لە خستنەسەری زیادەیەك بۆ سەر فرێزە ناوییەکان، بۆ مەبەستی لێکدانەوەی وشەکانی ناو ڕستە و ناسینەوەی پەیوەندی نێوان وشەکانی ڕستەیەك لەڕێی کەرەستەکانی وەك: بکەر، بەرکار،.... هتد. چەمکی دۆخ لەلایەن چەندین زمانەوان پێناسەکراوە، هەر زمانەوانێك و بەجۆرێك پێناسەی دۆخی کردووە، بۆ نموونە:

– بلەیك، دەڵێت: دۆخ سیستەمی دیاریکردنی جۆری پەیوەندی ناوکانە، بەتایبەتی ئەو پەیوەندییانەی کە سەرەی ناوەکان هەیانە: لە شێوەی نەریتییەکەیدا زاراوەی دۆخ ئاماژە بۆ دیاریکردن و دەستنیشانکردنی گۆڕینی شێوەی وشە، واتە گەردانکردنی بۆ پیشاندانی باری کرداری بووە، یان بۆ دیاریکردنی ئەو پیت و بڕگانە بووە ، کە دەچنە سەر وشە وەکو نیشانەیەك بۆ دەرخستنی ئەرك و واتای جیاوازی ئەو وشەیە. دۆخ پەیوەندی نێوان ناو و کار دیاری دەکات، لە ئاستی لاڕستە، یان دیاریکردنی پەیوەندی لەنێوان ناو و پێشبەند دا، یان دیارخستنی پەیوەندی نێوان پاشبەند و ناوە لە ئاستی فرێزدا (Blak , B,J.:2004:1).

– دەیڤید کریستاڵ، دەڵێت: دۆخ پۆلێکی ڕێزمانییە لە شیکردنەوەی پۆلەکانی وشەدا بەکاردێت، یان ئەو فرێزانەی کە پەیوەندیدارن بەوان، بۆ مەبەستی دەستنیشانکردنی پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان وشەکان لەنێو ڕستەدا، بۆ نموونە دەرخستنی پەیوەندیی سینتاکسی وشەکان (وەك دۆخی بکەری، دۆخی بەرکاری،....هتد، ئەم جۆرە پۆلێنکردنە باوە سەرەتا لە ڕێزمانی زمانی لاتینیدا دۆزرایەوە، کە پشتی بە بنەمای هەبوونی فۆرمی مۆرفۆلۆجی جیاوازی وشەکان بەستبوو. (Crystali , B.:2012:66-67).

– وریا عومەر ئەمین دەڵێت: دۆخ بریتییە لەو ئەرکەی کە هەریەکە لە بەشە بنچینەکانی ڕستە ( وەك: بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئاوەڵکار،...هتد). پیشانی دەدەن، کە پەیوەندییە سینتاکسییەکان دەستنیشان دەکەن. ( وریا عومەر ئەمین:٢٠١٥:١٨).

لەو پێناسانەدا دەردەکەوێت کە دۆخ سیستەمی دیاریکردنی ناوی دیارخەرە بۆ ئاماژەکردن بەو جۆرە پەیوەندییەی کە لەگەڵ سەرەدا هەیە، واتە دیاریکردنی ئەو پەیوەندییە یە کە ناوێك بەرامبەر بەکارێك هەیەتی لە ئاستی ڕستەدا، یان ناوێك بەرامبەر بە ئامرازی بەند (پێشبەند و پاشبەند) لە ئاستی فرێزی بەند دا.

---

[1] ( **وەرگێڕانێکی وەرگیراوە** ) **واتا ڕاستەوخۆ لە زمانە ڕەسەنەکەوە وەرنەگیراوە.**

* **سەبارەت بە ( دۆخ ) لەلایەن زمانەوانی جیهان و کوردەوە چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە.**

لەلایەکی تریش دۆخ ئاماژە بە سیستەمێکی گەردانی دەکات، واتە سیستەمێکی گۆڕینی شێوەی دەرکەوتنی وشەیە لەناو ڕستەدا لەبەر هۆیەکی ڕێزمانی، ئەو گۆڕانە لە تەواوی شێوەی وشەکە، یان بە کەمکردنەوە و زیادکردنی گیرەك، یان بەهۆی گۆڕینی پۆلی وشەوە، یان ئەرکی وشە، یان بۆ مەبەستی تاك و كۆ/ یان بەهۆی ڕێزبوونی وشەبێت.

دۆخ ئاماژە دەکات بەشێوەی وشە گۆڕدراوەکە بەپێی ئەرکە ڕێزمانیەکەی لە ڕستەدا، یان ئاماژە بەو پیت و نیشانانە دەکات، کە دەخرێتە سەر وشە بۆ مەبەستی گەردانکردن، یان واتای وشە کاتێك ئەرکە ڕێزمانییەکەی دەگۆڕێت لە ڕستەدا.

**٣-١-٢ پۆلێنکردنی دۆخ و جۆرەکانی:**

سەبارەت بە جۆرەکانی دۆخ لەلایەن چەندین زمانەوانەوە ئەژمار کراوە، هەر زمانەوانێك ژمارەیەکی دۆخی داناوە و بۆ چەند گروپێك دابەشی دۆخەکانی کردووە، لەبەرئەوەی زمانەوانەکان هاوڕانین لەسەر ئەوەی دۆخی نموونەیی چۆن لەو بەشە ڕێزمانییانە جیابکرێنەوە کە هاوشێوەی دۆخن لێرەدا سێ نموونە بۆ دابەشکردنی دۆخەکان دەخرێنەڕوو:

**١) بلەیك (Blake)**

باسی جۆرەکانی دۆخ دەکات و دابەشیان دەکات بۆ:

أ- دۆخە ڕێزمانییەکان (Grammtical cases)

ب- دۆخە سیمانتیکییەکان (semantic cases)

**٢) نۆز (Nose)**

باسی(25) جۆری دۆخی جیهانی دەکات کە بەشێوەیەکی جیهانگیری ئەرکی ئەو جۆرە دۆخانە زانراوە، ئەرك و جۆری دۆخەکان بە گوێرەی ئەرکەکانیان وەسفکراوە و پۆلێنکراوە. نۆز دەڵێت: بەشێوەیەکی سەرەکی سیستەمە دۆخییەکان بەسەر سێ پۆلی سەرەکی دابەش دەکرێن، کە ئەوانیش:

أ- دۆخی ڕێزمانی (Grammtical cases) ئەم پۆلە شەش جۆرە.

ب- دۆخی شێوەی (Locative cases) ئەم پۆلە دە جۆرە.

ج- دۆخی ئاوەڵکاری (Advevrbial cases) ئەم پۆلە نۆ جۆرە.

**٣) هاسپیلمات (Haspelmath):**

باسی جۆرەکانی دۆخ دەکات و دەڵێت: بە شێوەیەکی گشتی دۆخ بەسەر سێ پۆلدا دابەش دەبێت، ئینجا هەر پۆلێك دەکرێت چەند لقێك جۆری تری دۆخی لێ ببێتەوە:

أ- دۆخە ڕێزمانییەکان (Grammtical cases) دۆخە کۆنکریتییەکان (concrete cases)

ب- دۆخی پێکهاتەیی (structural cases) و دۆخی زگماکی (Inherent cases)

ج- دۆخی ڕاستەوخۆ (Dierct cases) و دۆخی ناڕاستەوخۆ(ئۆبلیك)(obliquecase cases)

**٣-١-٣ دۆخی ڕێزمانی: ( Grammtical cases )**

بەپێی هەموو ئەو جۆرە دۆخانەی کە خستمانەڕوو، ئەوەی بەلای ئێمەوە مەبەستە دۆخی ڕێزمانییە، شێوەزاری ڕۆژبەیانیەکان لە ڕووی سینتاکییەوە هەندێ دیاردەی تێدا بەدی دەکرێ کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێ بەتایبەتی لەڕووی دۆخی ڕێزمانییەوە، چونکە هەندێ دۆخی ڕێزمانی هەیە لە شێوەزارەکانی تری کوردیدا هەیە، لەم شێوەزارەدا بەدی ناکرێت، چونکە لەم لایەنەوە لەگەڵێك زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا نزیك دەبێتەوە و هەندێك لێکچوونی تیایاندا بەدی دەکرێ وەکو(هەورامی، زەنگەنە، ماچۆ، لەکی، کەلهوری، فەیلی.. هتد) ئەم زار و شێوەزارانە بەڕێژەیەکی جیاواز

پاشماوەی نیشانەکانی دۆخیان تێدا بەرچاو دەکەوێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ" کە لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی وردە وردە خەریکە بەرەو نەمان دەچێ و بەتایبەتی لە زاری سلێمانی ئێستادا ئەم دیاردەیە بەدی ناکرێت" (جەمال نەبەز: ١٩٧٦: ٣٣)، کە لە ئێستادا بەشێوەیەکی بەرچاو لە نوسین و ئەدەب و خوێندندا بەکاردێ، "ئەمەش لە ئەنجامی گەشەکردنی و گۆڕانی زمانەوە ڕوودەدات و زمان بەرەو ئاسان بوون دەڕوات". ( سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩: ٧٢).

ئەم شوێنانەش کە تائێستا ئەم دۆخە ڕێزمانیانەیان تێدا نەماوە و زیاتر بەو گۆڕانکارییانەدا تێپەڕ بوون، ئەم گۆڕنکارییانەی زمانیش لە دەنگەکاندا ڕوو دەدات، بەڵام لەپشت دەنگەکانەوە ئەرکی ڕێزمانی بەدی دەکرێ بەتایبەتی ئەو پاشگرانەی کە بە کۆتایی ناوەکانەوە دەنوسێن و بەشێك لە پەیوەندی سینتاکسی دەگرنە ئەستۆ و نیشانەی دۆخن، بەڵام هەندێ لە نیشانەکانی دۆخی ڕێزمانی نەماوە لەم شێوەزارەدا.

**٣-١-٤ تیۆری دۆخ**

مەبەست لە تیۆری دۆخ ئەوەیە کە دەبێت " هەر فرێزێکی ناوی نیشانەیەکی دۆخی ئاشکرا یان ئەبستراکتی لەشێوەی ڕۆنانێکی دیاری کراودا هەبێت". (Chomsky : 1986 a:6)

" تیۆری دۆخ لقە تیۆرییەکی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە کە مەودای کارکردنی لە چوارچێوەی دەسەڵات و بەستنەوەدا دەکەوێتە ئاستی دەرەوەی ڕستە" (ڤیان سلێمان: ٢٠٠٩ : ٩٧).

**٣-١-٥ پێدانی دۆخ** (Case Assigner)

بەپێی تیۆری دۆخ، تەنیا سەرەکان دۆخ دەبەخشن بەفرێزە ناوییەکان کار لە نواندنی پەیوەندییەکانی دۆخدا، "دۆخی بەرکاری دەدا بە بەرکارەکانی خۆی لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان سەرەو تەواوکەرەکەیدا، هەروەها پێش ناویش(p) دەسەڵاتی بەسەر تەواوکەرەکەیدا واتە دۆخ پێبدرێ تەواوکەرەکەیەتی" (سەباح ڕەشید: ٢٠٠٩: ٩١).

ئەگەر بکەریش وەکو فرێزێکی ناوی دەرکەوتنی هەبێت، ئەوا (jp) دۆخی بکەری بەبکەر دەدا، کەواتا بکەر کاری(V) ڕستەکە حوکمی دەکات.

"کەرەستە حوکم کەرەکانیش سەرە فەرهەنگیەکانی (V.N.P.A) مۆرفیمە گەردانیەکانی کات و کەسن" (حاتەم ولیا ٢٠٠٩: ١٩٧)

بۆ نموونە:

١- دۆخی بکەری کەرەستە گەردانیەکانی کات و کەس دەیبەخشێت بەبکەری ڕستەکە.

٢- دۆخی بەرکاری کاری، کاری ڕستەکە حوکم دەکات

٣- دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەلایەن پێشناوەوە کە حوکم دەکرێ.

ئاراستەی دۆخەکەش بەپێی ئەلف و بێی عەرەبی بنوسرێت یەکەم و دووەم لە چەپەوە بۆ ڕاستە، بەڵام سێیەم و چوارەم لە ڕاستەوە بۆ چەپە.

"زمانی کوردی زمانێکی ناو کەوێنە، سیستەمێکی دەوڵەمەندی کاری هەیە بۆ ناسینەوە و دەست نیشانکردنی سیمای بکەرەکە و بزاوەکانی ڕستە، بۆ نموونە بکەری بەتاڵ لە ڕێی خاسیەتە گەردانیەکانی کەسەوە دەستنیشان دەکرێت ئەمانەش بۆ زمانی کوردی بەم شێوانە دەنەخشێنرێن و دەخرێنەڕوو" (محەمەد مەحوی: ٢٠٠١: ١٦)

**٣-١-٥-١ دۆخی ڕێزمانی بکەری** ( Namine tive case )

ئەو دۆخەیە کە بە دۆخی ئەبستراکت ناو دەبرێ " هەروەها دۆخی ڕاستەوخۆ، ڕەهاش پێدەگوترێ) و هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆجی لەسەر ئەو فرێزە ناوییە دەرناکەوێ کە دەوری بکەر دەبینێ، بەڵام لەسەر بنەمای پالێوەری دۆخ کە دەبێت هەموو فرێزێکی ناوی دەرکەوتوو دۆخ وەربگرێت بەپێی بەفرێزە ناوییەکان، بکەر لە چوارچێوەی دەسەڵاتی (VP) ییەوە دەبێ بەهۆی کارەوە (V) حوکم بکرێ (ناچار بکەر بۆ ئەوەی دۆخ وەربگرێ دەجولێ بۆ شوێنی (Spec) لە (IP) دا لەژێر دەسەڵاتی (IP) دا دۆخی بکەری پێدەدرێ" (سەباح ڕەشید: ٢٠٠٩: ٨٣).

دۆخی بکەریش لەم شێوەزارەدا بکەری کاری تێپەڕ و تێنەپەڕی ڕابردوو و ڕانەبردوو لەم دۆخەدا هیچ نیشانەیەکی دیاری نییە واتە بە مۆرفیم دەرناکەوێ.

– کاری تێنەپەڕ:

| | ش. ڕ | ش . ن |
|---|---|---|
| – ڕابردوو | – شیلان هات. | – شیلان هات. |
| | – نەوزاد هوێت. | – نەوزاد نوست. |
| | – ئایلەکان چوین. | – منداڵەکان ڕۆیشتن. |
| | – ژنەلێ کەفتن. | – ژنان کەوتن. |
| – ڕانەبردوو | – پیاکان مەچن. | – پیاوەکان دەچن. |
| | – ئەوان مان. | – ئەوان دێن. |
| | – گوڵەکان سەوزمەون. | – گوڵەکان سەوز دەبن. |
| | – ژنەکە هالێرە. | – ژنەکە لێرەیە. |

کاری تێپەڕ:

| | ش. ڕ | ش .ن |
|---|---|---|
| – ڕانەبردوو | – شێرزاد نان موێری. | – شێرزاد نان دەخوات. |
| | – پەروین جل مەشۆری. | – پەروین جل دەشوات. |
| | – ژن دویك مەرێسێ. | – ژن تەشی دەڕێسێت. |
| | – دتەکە ئاو لە خانی ماڕێ. | – کچەکە ئاو لەکاتی دێنێ. |

– جێناوە نیشانەکانی:

- ئەوانەی بەبێ ناو بەکاردێن:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئەوە بی هات لامالێ ئێمە. | – ئەوە بوو هات بۆ ماڵی ئێمە |
| – ئەوانە مەخۆنن. | – ئەوانە دەخوێنن |

- ئەوانەی لەگەلێ ناودا بەکاردێن:

| | |
|---|---|
| – ئەو ئایلە کەفت. | – ئەو منداڵە کەوت. |
| – ئەی ژنەڵە لێرەبین. | – ئەم ژنانە لێرە بوون. |

هەروەها بەپێی ئەوەی کە جێناوە سەربەخۆکان لە پێکهێنانی فرێزی ناویدا ڕۆڵیان هەیە، بەواتایەکی تر دەتوانن بـبن بـە فرێزی ناوی ئەوا ئـەو دۆخـە ڕێزمانییانـەی لـەژێر ڕۆشـنایی تیـۆری دۆخـدا بـە فرێـزە ناوییـەکان دەدرێ، جێناوەکـانیش دەتوانن ئەم دۆخانە وەربگرن.

- جێناوی کەسی سەربەخۆ، وەك:

| ش. ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – من سێو موێرم. | – من سێو دەخۆم. |
| – تو کاغەز مەنوسی. | – تۆ نامە دەنوسی. |
| – ئەو مانگا مەدۆشێ. | – ئەو مانگا دەدۆشێ. |
| – ئێمە دام مەسەنین. | – ئێمە خانوو دەکڕین. |
| – ئۆمە حویجرەکە پاك مەکەیتانۆ. | – ئێوە ژوورەکە خاوێن دەکەنەوە. |
| – ئەوان تویتن مەکەن. | – ئەوان توتن دەکەن. |

- جێناوی نیشانە:

جێناوی نیشانەش تەنیا بێ یان لەگەڵ ناودا، کاتێ ئەو ئەرکانە دەبینـێ، کـە فرێـزە ناوییـە بکەرییـەکان دەیبیـنن، ئـەوا بەپێی جۆری دۆخەکان دۆخ وەردەگرن، تەنیا لە دۆخی بکەردا هیچ نیشانەیەکی تێدا دەرناکەوێ.

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – ئەو کورە کتاب مەخۆنیتۆ. | – ئەو کوڕە کتێب دەخوێنێتەوە. |
| – ئەو دتە ئاش مەکێ. | – ئەو کچە چێشت لێدەنێ. |
| – ئەو کوڕەڵە چۆ مەورنۆ. | – ئەو کوڕانە دار دەبڕنەوە. |
| – ئەو دتەڵە قاپ مەشۆن. | – ئەو کچانە قاپ دەشۆن. |

ئەو جێناوە نیشانانەی بەتەنیا بەکاردێن.

| ش. ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئەوە چای موێرێتۆ. | – ئەوە چای دەخواتەوە. |
| – ئەیە سەیارەکەی مەشۆرێ. | – ئەمە سەیارەکەی دەشوات. |
| – ئەوانە لا شار مەچن. | – ئەوانە بۆ شار دەچن. |
| – ئەیانە مێ مەدۆشن. | – ئەمانە مەڕ دەدۆشن. |

**٣-١-٥-٢ دۆخی دانە پاڵ ( خستنەسەر ) – ( Genitive case )**

لەم دۆخەدا دۆخی جێنەتیف بە سەرەی گرێ ناوییەکەی دەدرێ، وەرگرتنی دۆخی جێنەتیڤیش لەسەر سەرەی فرێزە ناوییەکە بەندە بە شوێن و ئەرکی سینتاکسی فرێزە ناوییەکە لە ڕستەدا.

(چۆمسکی) دەڵێ هەموو جێکەوتەیەکی مەزن (xp) کە دەسەڵات بەسەر (NP) یەوە هەیە، کە دۆخ وەردەگرێ هەروەها دەسەڵات ئەو ( سەر)یەیشی هەیە، کە دۆخەکە دەدا، ئەگەر هیچ نرخێ نەدەینە ئەو (IP) یە، کە دەکەوێتە نێوان (NP) یەکە و (G)ی لێکدەدەرەوە (سەباح رەشید:٢٠٠٩:٨٨).

لە دۆخی دانەپاڵدا پێویستە ڕەچاوی سێ کەرەستە بکەین:

١– دیارخراو حوکم دەکاتە سەر جۆری ئامرازی دانەپاڵەکە.

٢– ئامرازەکانی دانەپاڵ بەپێی تاک و کۆی دیارخراو یان توخمی دیارخراوە وە دەستنیشان دەکرێ و بەکار دەهێنرێ.

٣– دیارخەرەکە بەپێی توخم و ڕەگەزەکەی مۆرفیمی مۆرفۆلۆجی دۆخ وەردەگرێ، کاتێ فرێزەکە لە دۆخی ڕێزمانی ناڕاستەوخۆدا بێ.

♦ لەم شێوەزارەدا لە دۆخی دانەپاڵدا دۆخی ڕەگەزی نێر و مێ بەدی ناکرێت.

هەروەها (ڤیان سلێمانی حاجی) لە ڕێککەوتنی دیارخراو و دیارخەردا لە سنووری فرێزدا ئاماژە بەو سێ خاڵە دەکات:

١– جۆری دیارخراوەکە لەڕووی واتاوە ( تایبەتی یان گشتی بە هەموو جۆرەکانیەوە).

٢– دۆخی فرێزەکە لە ڕستەدا ( دۆخی ڕاستەوخۆ یان دۆخی ناڕاستەوخۆ یان دۆخی بانگکردن).

٣– سروشت و تایبەتییەکانی دیارخەرەکان. ( ڤیان سلێمان:٢٠٠١:٣٣).

**١) سیما و جۆری دیارخراوەکە ( ناوەکە) لە ڕووی واتاوە:**

• ئەگەر دیارخراوەکە ناوێکی تایبەتی بێت، ئەوا لە دۆخی دانەپاڵدا ناوە تایبەتییەکە مۆرفیمی نەناسراوی (ێك) و مۆرفیمی ( ان) ی کۆ وەرناگرێ، چونکە ناوی تایبەتی ئاماژە بە تاکە کەسێك یان شتێکی دیاریکراو دەکات، وەك:

– ڤیان ( ڤیانێك ، ڤیانەکان) *

– کەرکوك ( کەرکولێك ، کەرکوکەکان) *

– هەڵگورد ( هەڵگوردێك ، هەڵگوردەکان) *

• بەڵام ئەگەر هاتووە دیارخراوەکە ناوێکی گشتی بوو، ئەوا مۆرفیمی ( ێك)ی نەناسراوە دەچێتە سەر ناوەکە و تاکی و نەناسراوی ناوەکە دەردەخات، وەك:

– قاپێك گەنم

– گڵاسێك شیر

• ئەگەر دیارخراو ناوی تایبەتی بێ و دیارخەر جێناوی نیشانە بێ، ئەوا جێناوی نیشانە لەگەڵ ناوی تایبەتیدا بەکار نایەت، چونکە ناوی تایبەتی بۆخۆی ناوێکی تاک و ناسراوە، لە دۆخی دانەپاڵدا دەبێ جێناوە نیشانەکە تاك بێ بۆ ناوی تایبەتی.

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – ئەو سامانە فرە کوڕەیە خاسە. | – ئەو سامانە زۆر کوڕی چاکە. |
| – ئەی ئازادە کوڕەی هاپۆمە. | – ئەم ئازادە کوڕی مامم. |
| – ئەو چنارە دتەیە خاسە. | – ئەو چنارە کچێ چاکە. |

– ئەی شیلانە هامسالْ مالْ ئامکمە.		– ئەم شیلانە دراوسێی مالْی پورمە.

– ئەو کەژالاڵە *		– ئەو کەژالانە *

– ئەی سامانەڵە *		– ئەم سامانانە *

• ئەگەر دیارخراو ناوێکی گشتی بێت و دیارخراویش جێناوی نیشانە یان ڕادە بێت، ئەوا بەپێی دۆخی فرێزەکە جیاوازی دەبێت، چونکە ڕادە دیارخەرێکە خۆی هەمیشە چەمکی کۆی تێدا بەدی دەکرێت و جێناوی نیشانەش دیارخراوەکە دەناسێنێت، واتە وەکو نیشانەی ناسراو کاردەکات، لەبەر ئەوە لە دۆخی دانەپاڵدا ئەگەر دیارخراو ناوێکی گشتی بێت ئەوا دیارخەرەکانی ڕادە جێناوی نیشانە لەگەڵ ناوە گشتییەکە لەڕووی تاك و کۆیی ڕێکناکەون:

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – ئەو ژنە | – ئەو ژنە |
| – ئەو پیایە | – ئەو پیاوە |
| – ئەو کوڕەڵە | – ئەو کوڕانە |
| – ئەو دتەڵە | – ئەو کچانە |
| – گشت پیایە | – هەموو پیاوێك |
| – کوتیێ نان | – پارچەیەك نان |
| – گلاسیێ شیر | – پەرداخێك شیر |
| – قاپیێ گەنم | – قاپێك گەنم |
| – چکیێ ئایل | – هەندێك منداڵ |

* ناوی گشتی نەژمێردراو هیچ کاتێك نە نیشانەی تاك ( یێ، ێك) نە نیشانەی (ان)ی کۆ وەرناگرێت، وەك:

– گلاسیێ شیر، گونێك ئارد، قاپێك خۆ.

• ئەگەر دیارخراو ناوێکی ناسراو بێت، ئەوا دیارخەری جێناوی نیشانەی لەگەڵدا بەکار نایەت، وەك:

– ئەو پیاکە *		– ئەو خۆیشکەکە *

**٢) ئامرازەکانی دانەپاڵ :**

لەم شێوەزارەدا ئامرازەکانی دانەپاڵ بەپێی ژمارە و ناسراوی و نەناسراوی ناوی دیارخراوەوە دەستنیشانکراون.

ئامرازەکانی دانەپاڵ لەم شێوەزارەدا ( ە ، ی ، بەبێ ئامراز )

**أ ) ئامرازی دانەپاڵی (ە):**

• ئامرازی ( ە ) کاتێ بەکاردێ، "کە سەرەی گرێ ناوییەکە ناوێکی تاکی ناسراوبێت یان ناوێکی کۆی ناسراوبێت" (کوردۆیف:١٩٨٤:٩٣). وەك:

| ش . ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – دتە ئازا بالا بەرزەکە هات. | – کچە زیرەکە بەرزەکە هات. |
| – گوڵە سویرە قنجەکانم هاورد. | – گوڵە سورە جوانەکان هێنا. |

♦ لە یەکەم دا (دتە) ناوێکی تاکی ناسراوە و سەرەی گرێ ناویەکە هەردوو ئاوەڵناوی ( ئازا) و ( بالابەرز) بەهۆی ئامرازی (ە) بەسەرکەوە بەستراونەتەوە نیشانەی ناسراویەکەش چۆتە دوای دەرخەرەکان.

له نموونەی دووەمدا ( گوڵ) ناوێکی کۆی ناسراوە هەردوو ئاوەڵناوی ( سوێر) و (قنج) بەهۆی ئـامرازی دانـەپاڵی (ە)ەوە بەوشەی (گوڵ) بەستراونەتەوە و نیشانەی (ەکە)ی ناسراوی و (ان)ی کۆش دەکەونە کۆتایی دوا دیارخەرەوە.

• "هەروەها کاتێك دیارخەرەکە ناوێکی تاکی نەناسراوبێت واتە دیارخەر کۆتایی بە نیـشانەی نەناسـراوی ( ێـك) هـاتبێ" (کوردستان موکریانی:١٩٨٦: ١٣٧).

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – خویشکم دەستە گوڵێ جوانی هاورد. | – خوشکم دەسکە گوڵێکی جوانی بۆم هێنا. |
| – گرتە نانێك رەقی لا ئایلەکەی هاورد. | – پارچە نانێکی رەقی بۆ منداڵەکەی هێنا. |

نیشانەی نەناسراوی دەچێتە سەر دیارخەرەکە.

• کاتێ دیارخراو بە جێناوی نیشانە دیارخرا بێت لە پێشەوە، "هەر کاتێ فرێزی ناوییەکە فراوان کرا بە کەرەستەیەکی تر لـــەدوای ســـەرەی گـــرێ ناوییەکـــە، ئـــەوا بـــەهۆی ئـــامرازی (ە) ەوە بەســـەرەوە دەبەســـترێتەوە" (کوردســـتان موکریانی:١٩٨٦: ١٣٧).

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – ئەی جامە چەرمە. | – ئەم کراسە سپییە. |
| – ئەو ئایلە چەم کەوەن. | – ئەو منداڵە چاو شینە. |

**ب) ئامرازی دانەپاڵی (ی):**

ئیتمۆلۆژی ئامرازی دانەپاڵی (ی) دەگەڕێتەوە بۆ جێناوی هەیی ( هی – ئی) لە شێوەی کرمانجی خواردوودا، " بنچینە و ئەسڵی جێناوی هەییش دەگەڕێتەوە بۆ جێناوی پەیوەسـتی و هـەیی (ya¯) لـە زمـانی ئاڤێستا. جێنـاوی پەیوەسـتی و هـەیی ئاڤێستاش دەوری خـستنە سـەر و دانـەپاڵ و پەیوەسـتی نێـوان دیارخـەر و دیـارخراوی بینیـوە". (کوردسـتان مورکیانی:١٩٨٦: ١٢٩).

ئامرازی دانەپاڵ (ی) لەم شێوەزارە دیارخەر بە دیارخراوەوە دەبەستێنەوە بـەجۆرێك ڕەگـەز و ژمـارەی نـاوی دیـارخراو نیشان دەدات لە هەندێ زار و شێوەزاری کوردیدا وەك ( کرمانجی ژووروو، هەولێر،...هتد) بەڵام لەم شـێوەزارەدا بـەهیچ شێوەی ڕەگەز دیاری ناکات، بەڵکو ئەرکی دانەپاڵ بۆ هەردوو ڕەگەز دەبینێ.

• ئەگەر دیارخراو ناوێکی گشتی بێ و کۆتایی بەدەنگێکی بزوێن بێ، وەك (باوە، برا، هاڵۆ،... هتد) وە دیارخـەر نـاوێکی تایبەتی بێ، وەك (ئازاد، ئاسۆ، چنار، نازدار،...هتد) ئەوا ئامرازی دانەپاڵ (ی) پێکەوە یان دەبەستێتەوە، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – کاکەی هێمن | – باوکی هێمن |
| – برای کاکەم | – برای باوکم |
| – پیای نازدار | – پیاوی نازدار |
| – ئاوایی فەرقان | – گوندی فەرقان |
| – دتەی هاپۆم | – کچی مامم |

**ج) دانەپاڵ بەبێ ئامراز:**

لە زمانی کوردیدا "ناو بەناو بێ ئەوەی ئامرازی دانەپاڵ هاریکاری بکات دیارخەر بەدوای دیارخراوێکدا دی کە ناو بێ و حاڵەتی دانەپاڵ ساز دەبێ، ئەگەر دوا دەنگی وشەی دیارخراو نەبزوێن بێ" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩:٢٤٠). لەم شێوەزارەشدا ئەم دیاردەیە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی بەدی دەکرێت.

• ئەگەر دیارخراو ناوی شوێنێك بێ و کۆتایی بە نەبزوێن بێ هیچ نیشانێکی ناسراوی و نەناسراوی لەگەڵدا نەبێ، ئەوا دیارخەر بەبێ ئامرازی دانەپاڵ بەدوایدا دێت، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – لەماڵ هاڵۆم دانیشتیوم. | – لەماڵی خاڵم دانیشتبووم. |
| – دوکان زانا شت خاس هالەی. | – دوکانی زانا شتی چاکی لێیە. |
| – گەراج نام بازاریان قەپاتکردیە. | – گەراجی ناو بازڕیان داخستووە. |

• ئەگەر هاتوو دیارخراو ناوی تایبەتی نەبێت، بەڵکو ناوی شتومەك بێ، بەڵام دیارخەر ناوی کەسان بێ، یان ناوی تایبەتی هەر ڕەگەزێ بێ، بەبێ نیشانەکانی ناسراوەی و نەناسراوی ، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – قەڵەم ئاسۆ شکیا. | – قەڵەمی ئاسۆ شکا. |
| – کتاب ئازاد بخۆنۆ. | – کتێبی ئازاد بخوێنەوە. |

• ئەگەر هاتوو دیارخراوەکە ناوێکی تایبەت بێ و کۆتایی بە دەنگێکی نەبزوێن بێ، ئەوا دیارخەرەکە بەدوایدا دێت، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – غەزور ئاسۆ پێرن. | – خەزووری ئاسۆ پیرە. |
| – خۆیشك باوەم مەزانێ نان بکێ. | – خوشکی باوکم دەزانێ نان بکات. |

• ئەگەر هاتوو دیارخراو ناوێکی تایبەت بێ، وەك ناوی کەسان بە دەنگێکی نەبزوێن کۆتایی بێ، ئەوا دیارخەرەکە بەدوایدا دێ، بەبێ هیچ ئامرازێکی دانەپاڵ.

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – هێمن برام | – هێمنی برام |
| – ژیان هامسامان | – ژیانی دراوسێمان |

• ئەگەر هاتوو دیارخراو ناوی شوێن بێ یان ناوی گشتی بێ و نیشانی ناسراوی کۆی لەگەڵدا بێ، ئەوا دیارخەر بەدوایدا دێ و بەبێ ئامرازی دانەپاڵ، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – ماڵەکان دەوروپشتی | – ماڵەکانی دەوروبەری |
| – دتەکان ئازاد | – کچەکانی ئازاد |

• ئەگەر دەرخەر ئاوەڵناو بێ و واتای ئاوەڵناوی ( وەسفی) بگەیەنێ، دیارخراو ناوێکی گشتی بێ یان تاکی نەناسراو بێ، ئەوا دیارخەرەکە بەبێ ئامرازی دانەپاڵ بەدوایدا دێ، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – هەورسێ هاوردیە. | – هەوری ڕەش هێنای. |
| – گوڵ سویر فرەیە. | – گوڵی سوور زۆرە. |

– گوڵێکی سویر لەلایەز                    – گوڵێکی سووری پێیە.

• ئەگەر دەرخەر جێناوێکی کەسی سەربەخۆ بێ، دیارخراو ناوێکی گشتی بێ، ئەوا دەرخەر بەبێ ئامرازی دانەپاڵ بەدوایدا دێ، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – داڵك تو | – دایکی تۆ |
| – خوسیو من | – خەسوی من |

**٣) سروشت و تایبەتمەندییەکانی دیارخەر:**

ئەگەر ناوێك بوو بەدیارخەری ناوێکی تر لە دۆخی دانەپاڵدا ( جێنەتیف) دا هەردوو ناوەکە لەڕووی ژمارەوە لەگەڵ یەکتریدا ڕێکناکەون، بەڵکو هەریەکێکیان بەپێی تایبەتمەندی خۆیان نیشانەی ( مۆرفیمی) تاك و کۆ وەردەگرن، هەندێ جار دیارخراو و دیارخەر بەشێوە لەیەك دەچن، وەك هەردووکیان تاك بن یا هەردووکیان کۆ بن، بەڵام ئەمە لێکچوونێکی شێوەییە نەك ڕێککەوتن، چونکە" لەڕێککەوتندا دەبێ کەرەستەی بێدەسەڵات و بەدەسەڵاتمان هەبێ و کەرەستە بە دەسەڵاتەکە زاڵ بێ بەسەر کەرەستە بێدەسەڵاتەکە، تایبەتییە ڕێزمانییەکانی لە ڕێگەی کۆپی کردنەوە بەسەردا بسەپێنێت". (ڤیان سلێمان:٢٠٠١:٣٣).

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – دام ئاوایەکان. | – خانووی لادێیەکان. |
| – مامۆستای مەکتەب ئێمە. | – مامۆستای قوتابخانەی ئێمە. |
| – ئاو بیر موێرۆ. | – ئاوی بیر مەخۆوە. |

هەندێك دیارخەر وەك ئاوەڵناو و جێناوی خۆیی و جێناوی کەسی سەربەخۆ لەڕووی ژمارەی دیارخراوەکەوە ڕێکناکەون دیارخراوەکانیان و فۆرمەکەیان هەر بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| • ئاوەڵناو | |
| – کوڕەی ئازا | – کوڕی زیرەك |
| – کوڕە ئازاکان | – کوڕ زیرەکەکان |
| – ئایلێ قنج | – منداڵێکی جوان |
| – دتەی قنج | – کچێ جوان |
| – ڕۆژێ خۆش | – ڕۆژێکی خۆش |
| – کوڕە ئازاکە | – کوڕە زیرەکەکە |
| – دتەیێك قنج | – کچێکی جوان |
| – کەسە خاسەکە | – کەسە باشەکە |
| – خەڵك باش | – خەڵکی باش |
| – کەسێك باش | – کەسێکی باش |

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |

• جێناوی خۆیی

| | |
| --- | --- |
| – کوڕەی هوێژت | – کوڕی خۆت |
| – دتەکەی هوێژم | – کچێکی خۆم |
| – ئاش هوێژم | – چێشتی خۆم |
| – دتەی هوێژت | – کچی خرت |
| – باغ هوێژمان | – باخی خۆمان |
| – کوڕەیە هوێژم | – کوڕێکی خۆم |

• جێناوی کەسی سەربەخۆکان ڕۆڵی خاوەنداریەتی دەبینێ:

| | |
| --- | --- |
| – ماڵ ئێمە | – ماڵی ئێمە |
| – دتەی من | – کچی من |
| – بەرگەکەی من | – جلەکەی من |
| – دوکان ئەو | – دوکانی ئەو |
| – دتەکەی تو | – کچەکەی تۆ |
| – باغ ئۆمە | – باخی ئێوە |
| – کوڕەی ئەوان | – کوڕی ئەوان |

دیارەکانی ( ڕادە و ژمارە و جێناوی نیشانە) لە هەندێ باردا دەتوانن لەگەڵ سەرەی فرێزەکەدا پێك بکەون لەڕووی ژمارەوە، ئەم دوو دیارخەرەش، کە لە دیارخەرەکانی پێش سەرەن ڕێککەوتنی هەر یەکێکیان لەگەڵ دیارخراوەکەدا بێجگە لە تایبەتمەندی دیارخراوەکەی خۆی، پەیوەستە بە دۆخی فرێزەکە لەناو ڕستەدا و هەروەها جۆری ناوەکە لە ڕووی واتاوە.

**٤) دۆخی فرێزەکە:**

دۆخی فرێز ڕۆڵی گرنگ دەبینێ لە ڕێککەوتنی یان ڕێکنەکەوتنی ئەو دیارخەرانە لەگەڵ سەرەی فرێزەکانە ( دیارخراوەکانیان لە چوارچێوەی فرێزەکەدا).

ئەو فرێزانەی لە دۆخی دانەپاڵدا، هەمیشە لەڕووی ( کەس، ژمارە)وە لەگەڵ کاری ڕستەکەدا ڕێکدەکەون، بەڵام لەناوی سنووری فرێزەکەدا دیارخراو و دەرخەر لەگەڵ یەکتردا ڕێك ناکەون.

ل"ە دۆخی دانەپاڵدا جێناوی نیشانە و دیارخراوەکەی تەنیا کاتێك ڕێکدەکەون، کە هەردووکیان (تاك) بن، هەروەها کاتێ جێناوی نیشانە بۆ کۆ بێت، ئەوا ناکەوێتە ژێر دەسەڵاتی دیارخراوەکە سیمای ژمارەی کۆی لەلا کۆپی نابێتەوە" (ڤیان سلێمان:٢٠٠١:٣٥) واتە نیشانەی ( ان) ی کۆ دووبارە نابێتەوە.

• لەدۆخی دانەپاڵدا جێناوی نیشانە بۆ تاك و کۆ لەڕووی ژمارەوە لەگەڵ دیارخراوەکەیدا ڕێکدەکەوێ.

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – ئەو کوڕە | – ئەو کوڕ |
| – ئەی ژنە | – ئەم ژنە |
| – ئەو کوڕەڵە، ئەو کوڕانە | – ئەو کوڕانە |
| – ئەی ژنەڵە، ئەی ژنانە | – ئەم ژنانە |

● ئەگەر دیارخەر  یەکێ لە وشەکانی ڕادە و پێوانە بێت، فرێزەکەش لە دۆخی دانەپاڵدا بێت، ئەوا دیارخراو لەگەڵ دیارخەرەکەی ( ڕادەکە) دا ڕێك ناکەون، بەڵام ئەگەر لەباری کۆدا ڕێك دەکەون، بەڵام نیشانەی (ان) ی کۆ لە ڕادەکەدا دووبارە نابێتەوە، چونکە " واتای کۆ سیمایەکی نەگۆڕی وشەی ڕادەیە" ( ڤیان سلێمان:٢٠٠١:٣٦) لەبەر دیارخەری ڕادە لەباری تاکدا لەگەڵ ناوەکەدا ڕێك ناکەون:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| دۆخی دانەپاڵ: | |
| – شیلان گشت جلەکەی شۆری. | – شیلان هەموو جلەکەی شوشت. |
| کۆ تاك | |
| – گشت ساوەرەکە هاوردیە. | – هەموو ساوەرەکەی هێناوە. |
| دۆخی ناڕاستەوخۆ: | |
| – مامۆستا گشت ئایلەکان مەنێرێتۆ. | – مامۆستا هەموو منداڵەکان دەنێرێتەوە. |
| کۆ کۆ | |
| – گشت ئایلەکان وازیان مەکرد. | – هەموو منداڵەکان یارییان دەکرد. |
| کۆ کۆ | |

● بە شێوەیەکی گشتی لە دۆخی دانەپاڵدا، ئەگەر دیارخراو ناوێکی تاکی بێت، ئەوا هیچ ئامرازێکی دانەپاڵ بەردەناکەوێ لەنێوانی دیارخراو و دیارخەردا، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – ئازاد هاپۆم بەرگ پیاوانە مەدوێرنێ. | – ئازادی مامم جلی پیاوان دەدورێ. |
| – نازدار هامسامان شوی مەکێ. | – نازدار دراوسێمان شو دەکات. |

● ئەگەر دیارخەر ناوێکی تایبەتی یان گشتی بێت لەدۆخی دانەپاڵدا، هیچ ئامرازێکی دانەپاڵ بەدی ناکرێت، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – شێرزاد کتابی شیلان مەخۆنێتۆ. | – شێرزاد کتێبی شیلان دەخوێنێتەوە. |
| – نازدار کتاب شێرزادی دڕیی. | – نازدار کتێبی شێرزادی دڕاند. |

● ئەگەر دیارخراوەکە ناوێکی گشتی ناسراو وەکو بێ، ئەوا دیارخراو و دیارخەر بەبێ هیچ ئامرازێکی دانەپاڵ بەیەکەوە دەسترێنەوە وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – دتەکان ئامکم وازی مەکەن. | – کچەکانی پورم یاری دەکەن. |
| – کوڕەکان نازدار پەنجەرەکەیان شکان. | – کوڕەکانی نازدار پەنجەرەکەیان شکاند. |

### ٣-١-٥- ٣ دۆخی بانگکردن ( Vocative Case )

لەم دۆخەشدا نیشانەی بانگکردن زۆر بەکەمی بوونی هەیە، ئەویش تەنیا لەگەڵ ناوی تایبەتی مێ دا، بەڵام لەگەڵ ناوی گشتی بۆ هەردوو ڕەگەز و ناوی تایبەتی نێر هیچ نیشانەی بەدی ناکرێت، گوێگر بەهۆی ئاوازە و دەنگێکی بەرزتر لە دەنگی ئاخاوتنی ئاسایی بانگی کەسێك دەکرێت، وەك:

• ناوی گشتی بۆ مێ:

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|
| — خواڵە چوێنی. | — خوشکە چۆنی. |
| — نەنە بەوەلا ئێرە. | — نەنکە وەرە بۆ ئێرە. |
| — ئامك ئەوهەی لەچێ؟ | — پوری ئەو لە کوێ؟ |
| — دایە. | — دایکە. |
| — تاتە. | — دادە. |

• ناوی گشتی بۆ نێر:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| — کوڕە دانیش. | — کوڕە دانیشە. |
| — هالۆ چونی. | — خاڵە چۆنی. |
| — هاپۆ بەولا ئێرە. | — مامە وەرە بۆ ئێرە. |

♦ لەم شێوەزارەدا وشەی (کاکە) بۆ باوك بەکاردێت، بۆ نموونە لەناو خۆیاندا ئەگەر بڵێ ئەم چێت دەبێ بۆ وەڵامدانەوە بڵێ (کاکە)م کەسی بەرامبەر ڕاستەوخۆ دەزانی مەبەستی (باوك) نەك برا گەورە، بەڵام وشەی ( برا) بۆ برا گەورە بەکاردێت، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| — برا شێرزاد | — کاکە شێرزاد |
| — برا نەوزاد | — کاکە نەوزاد |

هەندێ جار لەکاتی بانگکرندا ئامرازی ناسراوی بە ناوەکەوە دەلکێنرێت و بەهۆی ئاوازە و دەنگێکی بەرزتر لە دەنگی ئاخاوتنی ئاسایی بانگی کەسێك دەکرێت، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| — دتەکە | — کچەکە |
| — کوڕەکە | — کوڕەکە |

بەڵام بۆ بانگکردنی کۆ نیشانەی (ەڵ) بەدی دەکرێت، هەرچەند ئەم نیشانەیە لە بنەڕەتدا نیشانەی کۆش لەم شێوەزارەدا، بەڵام بۆ بانگکردن بەهۆی ئاوازە و دەنگێکی بەرزتر لە ئاخاوتنی ئاسایی بانگی کەسێك دەکرێت، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| — ژنەڵ بەون. | — ژنینە وەرن. |
| — کوڕەڵ بەون لائێرە. | — کوڕینە وەرن بۆ ئێرە. |
| — دتەڵ ئەو چەن. | — کچینە ئەوە چییەز |

زۆرجار بۆ بانگکردنی ئافرەتان و لە کاتی قسەکردنی ئاساییشدا و ئەگەر هاتوو کەسەکە نەناسراو و گەنج بێ ئەو وشەی (تاتە، خواڵە) بەکاردێت، بەڵام ئەگەر هاتوو کەسەکە نەناسراو و تەمەن و پیر بێ، ئەوا وشەی (ئامك) بەکاردێت، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| — خواڵە بەو. | — خوشکە وەرە. |
| — ئامك چمە مەکەی؟ | — پورێ چی دەکەی؟ |

• هەروەها بۆ بانگکردنی پیاوان و لەکاتی قسەکردنی ئاسایشدا و ئەگەر کەسەکە نەناسراو و گەنج بێ ئەوا وشەی ( برا) زیاتر بەکاردێت، بەڵام ئەگەر هاتوو کەسەکە نەناسراو و بەتەمەن و پیر بێ، ئەوا وشەی ( هاڵۆ، هاپۆ) بەکاردێت، وەك:

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – هاپۆ بەو لائێرە. | – مامە وەرە. |
| – هاڵۆ چەمێشی. | – خاڵە چی دەڵێ. |

**٣-١-٦ڕێككەوتنی ڕێزمانی:**

بریتییە لە دیاردەیەکی ڕێزمانی لە چوارچێوەی ڕستەدا کە دەرکەوتنی کەرەستەیەك بەند دەکات بە کەرەستەیەکی ترەوە، کاتێك پەیوەندییەکی ڕێزمانی لەنێوان هەردوو کەرەستەکەدا هەبێت. (Trask , R-L:1993:12).

ڕێککەوتن لە سنووری ڕستەدا: لە هەندێ زماندا لە چوارچێوەی ڕستەدا ئەو فرێزە ناوییەی کە ئەرکی بکەر یا بەرکار دەگێڕێت "هەندێ لە سیما ڕێزمانییەکانی وەك ( کەس، ژمارە، ڕەگەز) بەڕێگەی یاسا گوازانەوەییەکانەوە بەسەر کاری ڕستەدا دەسەپێنن، واتا لەگەڵ یەکتردا ڕێك دەکەون" ( ڤیان سلێمان:٢٠٠١:٤٥).

لەم شێوەزارەدا ڕێککەوتن لە چوارچێوەی ڕستەدا یا لە نێوان بکەر و کاردا دەبێت، یا لەنێوان بەرکار و کاردا دەبێت، ڕێککەوتنی هەریەکێك لەم دوو کەرەستانەش پەیوەستە بەکاری ڕستەکەوە:

١– جۆری کاری ڕستەکە لەڕووی هێزەوە ( تێپەڕ، تێنەپەڕ).

٢– کاتی ڕوودانی کارەکە ( ڕابردوو، ڕانەبردوو).

ئەگەر ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێ، ئەوا دوو ڕێککەوتنی ڕێزمانی بەرکار و کار و ڕێککەوتنی بکەر و بەرکار، بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە هەر جۆرێکی تر بێ جگە لە ڕابردووی تێپەڕ، ئەوا ڕێککەوتنەکە لەنێوان بکەر و کاردا دەبێت.

**٣-١-٦-١ ڕێككەوتنی نێوان بەرکار و کار:**

• ئەگەر بەرکار ناوێکی تایبەت بێ:

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – دالْکت چناری نارد لابازار. | – دایکی چناری نارد بۆبازاڕ. |

دالْکت ↓ بکەر — چناری ↓ بەرکار (ناوی تایبەت/ تاك) — نارد ↓ کار ( تاك)

↓ ڕێککەوتن لەڕووی ژمارەوە

• ئەگەر بەرکار ناوێکی گشتی بێ:

| ش.ڕ | ش.ن |
|---|---|
| تابان بەرگەکەی شۆریە . | – تابان جلەکەی شوشتوە. |

بەرگەکەی ↓ بەرکار (ناوی تایبەت/ تاك) — شۆریە ↓ کار ( تاك)

↓ ڕێککەوتن لەڕووی ژمارەوە

• ئەگەر بەرکار ناوێکی نەژمێردراو بێ:

– چکیٚ ئاردم رشانیه.
↓ ↓
بەرکار کار
(ناوی تایبەت/ تاک) ( تاک)
ڕێککەوتن لەڕووی ژمارەوە

– هەندێك ئاردم ڕشتووە.

• ئەگەر بەرکار ناوێکی ژمێردراو بیٚ:

– من جامەیەکم سەن.
↓ ↓
بەرکار کار
(ناوی تایبەت/ تاک) ( تاک)
ڕێککەوتن لەڕووی ژمارەوە

– من کراسێکم کڕی.

### ٣- ١- ٦- ٢ ڕێککەوتنی نێوان بکەر و بەرکار:

مۆرفیمی کەس و ژمارەی بکەر لەو ڕستانەی کە کارەکانیان ڕابردووی تێپەڕە لەسەر بەرکار دەردەکەویٚ، چونکە بەرکار لەگەڵ کاردا ڕێکدەکەویٚ و جێناوێکی لکاوی سەر بەهەمان کەس و ژمارەی خۆی بەرکاری ڕستەکە دەبەخشیٚ، لەبەر ئەوە کێشێکی بکەری لەسەر بەرکارەکە دەردەکەویٚ " دەرکەوتنی بەرکاری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو جۆرە کارانەدا بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی گوێزانەوەی مۆرفیەکە لەبەشەکانی کارەوە بۆ بەرکار" ( ئەحمەد حەسەن:١٩٩٠:٩٨).

لەم شێوەزارەدا ئەم دیاردەیەی بەئاشکرا و بەرچاو تێدا دەردەکەویٚ، کە لەو بارانەی خوارەوەدایە:

١– کاتێك بکەر بەشێوەیەکی سەربەخۆ و ئاشکرا دەرنەکەوتبیٚ، و لە شێوەی مۆرفیمێکی جێناوی لکاوی سەربە هەمان کەس و ژمارەی بکەر دەچێتە سەر کۆتایی بەرکارەکە، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – کتابەکانم خۆنۆ. | – کتێبەکانم خوێندووەتەوە. |
| – بەرگەکانی شۆری. | – جلەکانی شوشت. |

٢– ئەگەر ڕستەکە دوو بەرکاری تێدا بیٚ، بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ئەوا مۆرفیمی کەس و ژمارەی بکەرەکە ڕاستەوخۆیەکەوە دەلکیٚ، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – سێوەکەم لا ئایلەکەی پاککرد. | – سێوەکەم بۆ منداڵەکەی پاککرد. |
| – کاغزەکانت وە ئازادا نارد. | – نامەکانت بە ئازادا نارد. |

٣– ئەگەر لە ( بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ) تەنیا بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەرکەوتبیٚ.

– گوڵەکەم لا تو هاورد.
↓ ↓ ↓
(بەرکاری راستەوخۆ) (بکەر) (بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

– گوڵەکەم بۆتۆ هێنا.

– لا تۆم هاورد/ لام هاوردی.

– بۆ تۆم هێنا/ بۆتم هێنا

### ٣-١-٦- ٣ ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کار:

ڕێککەوتنی نێوان بکەر و کار لە هەموو جۆرەکانی کاردا دەبێت، تەنیا لە کاری ڕابردووی تێپەڕدا نەبێ.

• ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕ بێ:

– دالــکم جامەکەم لا مەدویرێ . ← کەسی سێیەمی تاک / کەسی سێیەمی تاک ← ڕێککەوتن لەڕووی کەس و ژمارەوە

– دایکم کراسەکەم بۆ دەدورێ.

• ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێنەپەڕ بێ

تـــو هـــویتت . ← (کەسی دووەمی تاک) / کەسی دووەمی تاک ← ڕێککەوتن لەڕووی کەس و ژمارەوە

– تۆ نوستی.

• ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێنەپەڕ بێ:

– ئێمە زوی مەچین . ← (کەسی یەکەمی کۆ) / (کەسی یەکەمی کۆ) ← ڕێکەوتن لەڕووی کەس و ژمارەوە

– ئێمە زوو دەچین.

### ٣- ١- ٧ تۆپیکالێزەیشن ( بەلوتــکە کردن ):

ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا (بکەر + بەرکار+کار) ە، بەڵام زۆرجار بەپێی مەبەستی قسەکەر لەسەر (بکەر) یاخود (بەرکار) دەگۆڕێت و (بەرکار) دێتە پێش (بکەر)ەوە، واتا دەبێت بە (بەرکار + بکەر + کار )، " لەبەر ئەوەی مەبەستی قسەکەر باسکردنی (بەرکار) ەکەیە، نەك (بکەر) ە، کە لەبەر ئەوە دەهێنرێتە پێشەوەی ڕستە، بەمەرجێك کار لە واتای گشتی ڕستەکە نەکات. (دەکرێ) بەرکاری ڕستەیەك بەڕێگای لوتکاندنەوە_ بەپێی یاسایەکی گواستنەوە بخرێتە سەرەتای ڕستەکەوە" (تالب حوسێن : ١٩٩٨ : ١٢).

کەواتا تۆپیکالیزەیشن دیاردەیەکی زمانەوانییە، کە پەیوەندی هەیە بە گۆڕینی شوێنی باسلێکراو یان ئەو شتەی، کە قسەکەر زۆر مەبەستیەتی (تۆپێك) وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – پاڵاکەم ئاو بردویە. | – پێڵاوەکەم ئاو بردووی. |

لەم ڕستەی سەرەوەدا وشەی (ئاو) بکەری ڕستەکەیە و بەپێی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە لە زمانی کوردیدا دەبێ بکەر لە سەرەتاوە بێ، بەڵام لەم ڕستەیەدا بەرکار (پاڵاکەم) پێش بکەر کەوتووە، لەبەر ئەوەی مەبەستی قسەکەرەکە باسکردنی بەرکارەکەیە (پاڵاکەم) ئەم دیاردەیە لەم شێوەزارەدا بەشێوەیەکی ئاسایی زۆر بەرچاو دەکەوێ، هەندێك جار بکەرەکە دەکەوێتە دوای بەرکارەکە و زۆر جاریش بکەری ڕستە دەخرێت، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئایلەکە وەترەمیل دا لەی. (سەیارە) | – منداڵەکە سەیارە لێیدا. |
| – ئەرێوەڵڵا کڵاوەکەت وابردی. | – ئەرێوەڵڵا کڵاوەکەت بابردی. |
| – جویلەکە هیتلەری کوشتیە. | – جولەکە هیتلەری کوشتووە. |
| – شوانەکە گورگی واردیە. | – شوانەکە گورگی خواردووە. |

سەرەڕای ئەوەی کە لەو زستانەدا بەرکار پێش بکەر دەکەوێت، بەڵام لە ئاخاوتندا ناسینەوەیان ئاسان نییە، یەکێك لەو جیاوازیانەی ئەو ڕستانەی کە تۆپیکالیزەیشنی تێدا ڕوودەدات " جیاوازییان لە رووی خێرایی کات و وێنەوە بکەر خێراترە دەردەبڕێت لە سەرتۆپ، چونکە سەرتۆپ لە دەربڕینیدا ئاوازێکی تایبەتی لەسەرە و تەنانەت لە چەشنی سەرتۆپی هێنراوە پێشەوەدا و لە نووسیندا بە فاریزەیەك جیادەکرێتەوە" (کاروان عومەر: ٢٠٠٨ : ٥٧) ئەگەر ئەو فرێزەی دەهێنرێتە پێشەوە هەڵگری کلیتیکی بکەری بێت، تەنیا فرێزەکە دێتە پێشەوە و کلیتیکەکە نایەتە پێشەوە.

## ٣-٢ پێکهاتەکانی ڕستە لە شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکاندا:

### ٣-٢-١ فرێزی ناوی:

یەکێکە لە دوو پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ڕستە و بریتییە لە " ڕۆنانێك، کە پێکهاتووە لە ڕەگەزێکی سەرەکی (سەرە)، کە بەناوێك دەناسرێتەوە، لەگەڵ وشەیەکی شوێن کەوتووش یان زیاتر کە بە ئارەزووە" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٤: ٢٦٨) هەموو فرێزێك سەرەیەکی هەیە، بەپێی جۆری فرێزەکە سەرەی فرێزە ناوی لە ناوێك پێك دێ، هەروەها دەشێ (جێناو) ێك بێت، یاخود یەکێك لەو بەشە ئاخاوتنانەی، کە لە زۆر ڕووەوە دەتوانێ وەکو ناو ڕەفتار بکات، بۆ نموونە وەکو (چاوگ)، بەڵام شوێنێکەوتووەکانی سەرە لە فرێزدا بە ئارەزوو دەردەکەون، واتە مەرجێك نین بۆ دروستبوونی فرێز، چونکە دەشێ فرێزێك تەنیا سەرەکەی پێکهاتبێ.

شوێنکەوتووەکانی سەرە (دیارخەرەکانی) چەند جۆرێکن، هەندێکیان دەکەونە پێش سەرە، هەندێکی تریش دەکەونە دوای سەرە، ئەوانەی لە پێش سەرەوە دێن پێویستیان بەهیچ ئامرازێك نییە بۆ بەستنەوەیان بەسەرەوە، بەڵام ئەو دیارخەرانەی لە دوای سەرەوە دێن بەهۆی چەند ئامرازێکەوە بەسەرەوە دەبەسترێتەوە، وەك (ە ، ی).

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئایلە چەم کەوەکە. | – منداڵە چاو شینەکە. |
| – دتەی وەستا ئاسۆی هامسامان. | – کچی وەستا ئاسۆی دراوسێمان. |

لە نموونەی یەکەمدا ( کوڕە) سەرە ناوێکی تاکی نەناسراوە و بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ە) دیارخەرەکانی ( ئازا و ڕێکوپێك)ی پێوە بەستراوەتەوە، لە نموونەی دووەمدا ( ئایلەکە) سەرەی فرێزە ناوییەکەیە و ناوێکی ناسراوە و بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی (ە) وە ( چەم کەو) کە دیارخەرە پێوەی دیارخەرەکە، لە نموونەی سێیەمدا ( دتە) ناوێکی تاکی نەناسراوە و بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی ( ی) یەوە دیارخەرەکانی ( وەستا ئاسۆی هامسامان) ی پێوە بەستراوەتەوە، کە دیارخەرە.

### ٣-٢-١-١ فراوانكردنی فرێزی ناوی:

**١) دیارخەرەكانی پێش سەرە:**

دیارخەرەكانی پێش سەرە ئەو كەرەستانەن، كە دەكەونە پێش سەرەی فرێزە ناویەكە و بەبێ مۆرفیمی دانەپاڵ دەبنە دیارخەری سەرە و گرێی ناوییەكە فراوان دەكەن.

فرێزی ناوی ⟵ دەرخەرەكانی پێش سەرە + ناو

ئەو كەرەستانەش چەند جۆرێكن وەكو وشەی ( هەر، تەنیا) ، ڕادە (چەندیەتی)، وشەی نەڤ ( هیچ) ، جێناوی نیشانە، ژمارە، ئاوەڵناوی پلەی باڵا، ئامرازی پرسیاركردن، ناو).

١- وشەی ( هەر، تەنیا):

- ناوەكە ( سەرە) ناوێكی گشتی ڕووتی بێ مۆرفیمی ڕێزمانی بێ، بەڵام بەمەرجێك واتای كۆ بگەیەنێ، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – هەر ئایل وەبان دارەكەی وەرمەگەرن. | – هەر منداڵ بەسەر دارەكە هەڵدەگەڕێن. |

- ئەگەر (سەرە) ناوێكی تاكی نەناسراو بێ و نیشانەی نەناسراوی ( ێك، ) ی لەسەر بێ، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – هەر كتابێكم خۆنۆ. | – هەر كتێبێكم خوێندەوە. |
| – هەر كورەیێك لە دوكانەكەی دانیشتوی. | – هەر كوڕێك لە دوكانەكەی دانیشتبوو. |

- ئەگەر ناوەكە نیشانەی ناسراوی ( ەكە) ی لەسەر بوو، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – هەر كوڕەكەی لێردیابی. | – هەر كوڕەكەی لەگەڵ بوو. |
| – هەر دتەكەی لێرد هوێژیا هاوردوی. | – هەر كچەكەی لەگەڵ خۆی هێنابوو. |

ئەگەر ناوەكە تایبەت بوو، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – هەر ئازاد نانی واردیە. | – هەر ئازاد نانی خواردووە. |
| – هەر خانم مەچێ لاشار. | – هەر خانم دەچێ بۆشار. |

لە نموونەی ئەو (٤) حاڵەتەدا سەرەی گرێ ناویەكە تەنیا بە وشەی ( هەر) فراوانكراوە:

فرێزی ناوی ( هەر) + ناو

↓

دیارخەری پێش سەرە

- **ناوی گشتی** ( **واتای كۆ**)
- **ناوە گشتی** + ( **ێك**، )
- **ناوی گشتی**+ ( **ەكە** )
- **ناوی تایبەت**

لەم شێوەزارەدا وشەی ( تەنیا) ش وەك دیارخەرێك لە دیارخەرەكانی پێش سەرەدا بۆ فراوانكردنی فرێزی ناوی بەكار دێ، ئەم وشەیە بە تەنیا بەكار دێ و ئەركی دیارخەری پێش سەرە دەبینێ، و هەندێ جاریش لەگەڵ پێشبەندی ( بە) دا بەكاردێ بەڵام وەك دیارخەری پێشەوە كار ناكات، بەڵكو وەك ئاوەڵكارێكی چۆنیەتی لەناو ڕستەدا دەردەكەوێ، وەك:

- ئەگەر ناوەكە ( سەرە) ناوێكی تایبەت بێ ، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – تەنیا ئازاد هوێژی گۆریو. | – تەنیا ئازاد خۆی گۆڕیبوو. |

– تەنیا خانم هامسامان لا ئیشکردن مەچوێ. – تەنیا خانمی دراوسێمان بۆ کارکردن دەچێ.

● ئەگەر ناوەکە ( سەرە) ناوێکی گشتی بێ و ناسراوە بێ بە ( ە کە) و نیشانەی کۆی ( ان) ی لەگەڵدا بێ، ئەوا بۆ جیاکردنەوە شتێکی ناسراوی کۆ لە شتێکی تر، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – تەنیا کورەکان هاتن. | – تەنیا کوڕەکان هاتن. |
| – تەنیا دتەکان چووین. | – تەنیا کچەکان ڕۆیشتن. |

• وشەی تەنیا لە ئەرکی ئاوەڵکاری چۆنیەتی دا، کە دەکەوێتە دوای پێشبەندی (وە) وە، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – ئۆمە وەتەنیا وەتان نمەکرێت. | – ئێوە بەتەنیا پێتان ناکرێت. |
| – ئێمە وە تەنیا واردمان. | – ئێمە بە تەنیا خواردمان . |

٢– جێناوی نیشانە:

• ئەوانەی بەبێ ناو بەکاردێن:

لەم شێوازەدا وەکو "کرمانجی ژوورو ناوەکان (سەرەکان) و دیارخەرەکانیان دەتوانن کەرەستەی مۆرفۆسینتاکی وەربگرن" (حاتم ولیا: ٢٠٠٠ : ٢١)

| ش . ڕ | ش. ن |
|---|---|
| –ئەوانە پیای تەگانەن. | – ئەوانە پیاوی تەنگانەن. |
| – ئەیە جامەی شیرینە. | – ئەمە کراسی شیرینە. |
| – ئەیانە کتاب هالۆمن. | – ئەمانە کتێبی خالمن. |

ئەوانەی لەگەڵ ناودا بەکاردێن، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئەو دتە وەم وتی. | – ئەو کچە پێی وتم. |
| – ئەی قەڵەمە جوانە. | – ئەم قەڵەمە جوانە. |
| – ئەو پیاڵانە لابارە. | – ئەو پیاڵانەم بۆبێنە. |
| – ئەی ژنەڵ(ژنانە) چەمەکەن. | – ئەم ژنانە چی دەکەن. |

♦ (ژنەڵ ، ژنانە) هەر دوو وشەکە بەکاردێت لەم شێوەزارەدا.

٣– ڕادە (چەندیەتی)

ڕادە چەندیەتی دیارخەرێکی سەرەی فرێزی ناوی، "چالێکی تایبەتی لەپێش ناوەکەوە بۆ تەرخانکراوەو بێ نیشانەی دانەپالێش لەگەڵ ناوەکەدا لێکدەدرێت" (حاتەم ولیا : ٢٠٠٠ : ٤٤)

ڕادەی چەندیەتی بەهۆی چەند جۆرێکی بەشی ئاخاوتن ئەنجام دەدرێت، وەك (ژمارە، جێناوی نادیار، جێناوی پرس، جێناوی نەفی، ... هتد)

ئەو جۆرە وشانەش لەڕووی واتاوە ئەو مەبەستانەی، کە ڕای دەگەیەنن دەبن، بە دوو پۆلەوە (بڕوانە ئەحمەد حەسەن : ١٩٩ : ٢٤).

• ئەوانەی بە واتای (ALL) دێن وەکو: گشت (بەکارهێنانی زۆر کەمە لەم شێوەزارەدا) لەگەڵ ناوێکدا دەردەکەون، کە کۆبێت بەمەرجێك ئەو ناوە ڕۆڵی سەرەی گرێ ناوییەکە بگێڕێ و لە دەوری بکەردا بێ، کاری ڕستە تێپەڕبێ (ڕابردوو و ڕانەبردوو) وەکو:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – گشت کەسێ زەرورە بخوێنێ. (ناوی تاکی نەناسراو) | – هەموو کەسێك پێویستە بخوێنێ. |
| – گشت کتابەکانم خۆنۆ. (ناوی کۆی ناسراوی / ژمێردراو) | – هەموو کتێبەکانم خوێندەوە. |
| – گشت نانەکەم وارد. (ناوی تاکی نەناسراو) | – هەموو نانەکەم خوارد. |

• (گشت) دەبێتە دیارخەری ئەو ناوانەی مۆرفیمی نەناسراوی یا ناسراوی یا کۆ و ناسراوی یا ناوێکی گشتی ژمێردراوبێ یان نەژمێردراو. کاتێك ناوەکە مۆرفێمی(ان)ی کۆ وەردەگرێ، کە ناوێکی ژمێردراوبێ (حاتەم ولیا : ٢٠٠٠ : ٤٦)

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – گشت ئایلەکان هوێتەنە. | – هەموو ئایلەکان نوستون. |
| – گشتیان هوێتەنە. | – هەموویان نوستون. |

(دەکرێ ئەرکی سەرەی فرێزەکەش ببینن)

• ئەو چەندێتییانەی بە واتای (some) یان (Much) ی ئینگلیزی دێن وەکو(چکێ ، کەمێ).

• ئەو دیارخەرانەش لەگەڵ ئەو جۆرە ناوانەدا بەکاردێن کە ناوێکی گشتی ڕووتی ژمێردراوە یان نەژمێردراوە بەمەرجێك دەبێ واتای ناوەکە چەمکی کۆ بگەیەنێ جا ئەگەر ناوەکە نێر بێ یاخود مێ بێ واتا لەگەڵ ناوی ناسراودا دەرناکەون، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – چکێ گوڵەوەڕۆژە سوزیانە. | – هەندێك گوڵەبەڕۆژە سوتاون. |
| – چکێ قەڵەم شکیانە. | – هەندێك قەڵەم شکاون. |
| – کەمێ ئارد ڕشیانە. | – تۆزێك ئارد ڕژاوە. |

• هەرکاتێك فرێزە ناویەکە بکەر بێ وشەکانی(چکێ، کەمێ، ... هتد) بەبێ ئامرازی دانەپاڵ دەبەسترێنەوە. بەڵام کاتێك ببێ بە بەرکار جێناوی لکاوی بکەر دەکەوێتە نێوان ئەو وشانە و سەرەی فرێزە ناویەکە:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – چکێ نانم لا بارە. | – هەندێك نانم بۆ بێنە. |
| – کەمێ ئاردم لات هاورد. | – نەختێك ئاردم بۆت هێنا. |

• ژمارەیی پلەیی: وەکو (یەکەم، دووەم، ... هتد

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – دووەم ماڵ ماڵ ئێمەن. | – دووەم ماڵ ماڵی ئێمەیە. |
| – سێیەم کتابم لا بارە. | – سێیەم کتێبم بۆ بێنە. |

• ژمارەی کەرتی: وەکو(نیم، ڕووبعێ، سێ ڕووبع، ... هتد)

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ڕوبعیٚ بیبەرم سەن. | – چارەگێك بیبەرم کڕی. |
| – نیم پیاڵە چای واردۆ. | – نیو پیاڵە چای خواردەوە. |

• وشەکانی (دوو ئەو قەرە، سیٚ ئەو قەرە ، ... هتد)

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – گەنمەکەی سیٚ ئەو قەرەی ئەوەی ئێمەمۆ. | – گەنمەکەی بە سیٚ هێندەی ئەوەی ئێمە دەبیٚ. |
| – دوو ئەو قەرە گەنم سەنیە. | – دوو ئەوەندەم گەنم کڕیوە. |

• دەکریٚ چەند دیارخەرێکی پێش سەرە بەسەر یەکەوە بەکاربێن، بەڵام بەپێی جۆرەکانیان جیاوازییان هەیە و هەموویان وەکو یەك لەگەڵ یەکدا بەکارنایەن ، بۆ نموونە کاتێك وشەکانی(گشت، چکیٚ ... هتد) بەکاربهێنن ئەوا ناکریٚ ژمارە بەکاربهێنین.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – گشت دووکتابم سەن. * | – هەموو دوو کتێبم کڕی. |
| – چکیٚ دوو کتابم سەن. * | – هەندێك دوو کتێبم کڕی. |
| – هەریەك کتابم سەن. | – هەریەك کتێبم کڕی. |
| – تەنیا سیٚ کتابم خۆنۆ. | – تەنیا سیٚ کتابم خوێندەوە. |

وشەکانی چەندێتی لەگەڵ سەرەدا دەکریٚ جێناوی نیشانەی لەپێش دا بەکاربهێنین.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئەو گشت گڵایانە هەڵوەریە. | – ئەو هەموو گەڵایە هەڵوەریوە. |
| – ئەی گشت دتەیە چەمەکەن؟ | – ئەم گشت کچە چی دەکەن؟ |

٤– ئاوەڵناوی پلەی باڵا:

ئاوەڵناوی پلەی باڵا وەکو کەرەستەیەك فرێزی ناوی فراوان دەکات و لە دیارخەرەکانی پێش سەرەیە، چونکە بەبیٚ هیچ ئامرازێك گرێی ناوییەکە فراوان دەکات.

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – خاسترین کتابم سەن. | – باشترین کتێبم کڕی. |
| – خوشترین ئاوایی چێکە؟ | – خۆشترین لادیٚ کوێیە؟ |

– سەرەی گریٚ ناوییەکە ناوێکی نێر بیٚ یان میٚ جیاوازی نییە.

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – خاسترین دتەن لا مەخواسم. | – باشترین کچت بۆ دەخوازم. |
| – ئازاترین دتەی هاودریە. | – زیرەکترین کچی هێناوە. |

ئەو ناوەی ( سەرە)، کە ئاوەڵناوی پلەی باڵا دەبێتە دیارخەری دەبێت ناوێکی گشتی بیٚ مۆرفیمی ڕێمانی بیٚ.

٥– بریناو[1] :

---

[1] بریناو بەوانە دەڵێن، کە دەکەونە پێش ناوە و جیاوازە لە لەقەب، چونکە لەقەب دەکەوێتە دوای ناوەوە

بریناو وەك كەرەستەیەك لەو كەرەستانەی، كە فرێزی ناوی فراوان دەكات و لە دیارخەرەكانی پێش سەرەیە.

بری ناوی چەند جۆرە وشەیەكی جیاوازن بەپێی ئیش و كار و پلەی ئیش و پۆست... هتد ( حاتم ولیا)

١- بەپێی دەسەڵاتی ئاینی: شێخ، مەلا ، فەقێ،...هتد.

٢- بەپێی دەسەڵاتی سیاسی: سەرۆك، میر، شا،... هتد.

٣- بەپێی پیشە: مامۆستا، دوختور، قازی، وەستا،...هتد.

٤- بەپێی پلەی خزمایەتی: هاڵۆ، هاپۆ، ئامك، خۆیشك،...هتد.

بریناویش لەگەڵ ناوی تایبەتیدا بەكاردێ، وەك:

- هاپۆ عومەر
- هاڵۆ ئەحمەد
- دوختور زانا
- مەلیك مەحمود
- ئامكە نازدار

٦- ئامرازی پرسیار:

ئامرازەكانی پرسیاریش وەك ( كێ، كام ، چ ، چە ، چوین، چەنێ، لە چێ ، بەی،... هتد).

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| - چەن دتەت هەن؟ | - چەند كچت هەیە؟ |
| - چوین مێیێكت سەن ؟ | - چۆن مەڕێكت كڕی؟ |
| - چەنێ ئایلەت هەن؟ | - چەند منداڵت هەیە؟ |
| - چ كتابێكت خۆنیتۆ ؟ | - چ كتێبێكت خوێندۆتەوە؟ |

٧- جێناوی نەفی:

جێناوی لە كرمانجی خواروو و ناوەڕاست و شێوەی نووسین ( چ ، هیچ) ە، لەم شێوەزارەشدا بەهەمان شێوەیە، كە دەبنە دیارخەری ناوێك وەك دیارخەرەكانی تری پێش سەرە، بەبێ هیچ ئامرازێك بەسەرەی فرێزی ناویەكە دەبەسترێنەوە و دەبنە دیارخەری ئەو ناوەی، كە ناوێكی تاكی نەناسراوە.

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| - هیچ كەسێ لا شار مایە. | - هیچ كەسێك بۆ شار دێت. |
| - هیچ قسە نمەزانی. | - هیچ قسە نازانی. |

**٢) دیارخەرەكانی دوای سەرە:**

ئەو كەرەستە ڕێزمانیانەن، كە فرێزی ناوی فراوان دەكەن و دەكەونە دوای سەرەی گرێ ناوییەكە و بەهۆی ئامرازەكانی دانەپاڵەوە لەگەڵ سەرەی فرێزەكەدا پێكەوە دەبەسترێنەوە، ئامرازەكانی دانەپاڵیش لەم شێوەزارەدا ( ە ، ی ، بێ ئامراز).

١- ناو:

یەكێكە لە دیارخەرەكانی دوای سەرەكە فرێزی ناوی فراوان دەكا، بەهۆی ئامرازێكی دانەپاڵ كە بەپێی ژمارەی ناوە دیارخراوەكە(سەرەی فرێزە ناویەكە) دەگۆڕێ، بەسەرەی فرێزە ناویەكە دەبەسترێتەوە، هەروەها ناوە دیارخەرەكە بەپێی ڕەگەز دیاری ناكرێت لەم شێوازارەدا، و یان بەبێ ئامرازی دانەپاڵ و دیارخەرەكە دەچێتە پاڵ دیارخراوەكە.

ئەگەر دیارخراو: ناوێکی تاکی نەناسراوی بێ و بەدەنگێکی بزوێن کۆتایی هاتبێ و بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز وەك پێشتر ئاماژەمان پێ کردووە ڕەگەز ڕۆڵ نابینی لەم شێوەزارەدا.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – هالۆی هێمن | – خالّی هێمن |

•ئەگەر ناوە دیارخراوەکە ناوێکی ناسراو بێ و دیارخەریش ناوێکی تایبەتی بێ، ئامرازی دانەپاڵی (ی) بەکاردێ.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – کوڕەکەی ئازاد | – کوڕەکەی ئازاد |
| – نەنەی ڕێبوار | – نەنکی ڕێبوار |

• ئەگەر دیارخەر ناوێکی تایبەت بێ و دیارخراوەکەی ناوێکی گشتی بێ و کۆتایی بەدەنگێکی نەبزوێن کۆتایی هاتبێ، ئەوا بەبێ ئامرازی دانەپاڵ دیارخەر دەچێتە پاڵ دیارخراوەکەی.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – دالك شێرزاد | – دایکی شێرزاد |
| – ئامك شیلان | – پوری شیلان |
| – هالۆژن پەروین | – خالۆژنی پەروین |
| – هاپۆژنی کاروان | – مامۆژنی کاروان |

• ئەگەر ناوی دیارخەرەکە ناوێکی تایبەت بێت و ناوی دیارخەرەکە کۆی ناسراو بێ ئەوا بەبێ ئامرازی دانەپاڵ دیارخەرەکە دەچێتە پاڵ دیارخراوەکەی.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – کوڕەکانی ئازاد | – کوڕەکانی ئازاد |
| – ژنەکان نەوزاد | – ژنەکانی نەوزاد |
| – هالۆکان کاروان | – خالەکانی کاروان |
| – دامەکان ڕێبوار | – خانووەکانی ڕێبوار |

• ئەگەر دیارخراو ناوێکی گشتی نەناسراو بێ و دیارخەرەکەی ناوێکی تایبەت بێ ئەوا ئامرازی (ێ) بۆ نەناسراو بەکاردێ.

• هەندێ جار دوو وشە بەهۆی (و) پێکەوە دەبەسترێن و دەبنە بە دیارخراوی ناوێکی تایبەت و بەبێ ئامرازی دانەپاڵ دیارخراو بە دیارخەر دەبەسترێتەوە.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – داك و خویشك ئازاد. | – دایك و خوشکی ئازاد |
| – جامە و لەچك پەروین. | – کراس و لەچکی پەروین |
| – ژن و خویشك شیرزاد. | – ژن و خوشکی شێرزاد |

٢– چاوگ:

چاوگیش یەکێکە لە دیارخەرەکانی دوای سەرە لە فراوانکردنی فرێزی ناویدا، بەڵام کاتێ چاوگ ئەرکی دیارخەرێکی دواوە ئامرازی دانەپاڵی (ی) دەچێتە سەر دیارخراوەکە.

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – غورفەی نان واردن. | – ژووری نان خواردن. |
| – فلّچەی دگان شۆرین. | – فلّچەی ددان شوشتن. |

٣– جێناو:

جێناو وەك دیارخەرێکی دوای سەرەی فرێزی ناوی تەنیا جێناو کەسییە سەربەخۆکان بەشێوەیەکی چالاك بەکاردێن و لەم شێوەزارەشدا تەنیا یەك کۆمەڵەی جێناوی کەسی سەربەخۆمان هەیە هەروەکو کرمانجی خواروو، ئەویش

| | |
| --- | --- |
| کەسی یەکەم تاك و کۆ | من – ئێمە |
| کەسی دووەمی تاك و کۆ | تو – ئۆمە |
| کەسی سێیەمی تاك و کۆ | ئەو – ئەوان |

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – جامی من | – هامسای ئێمە |
| – کتابی تو | – دامەکانی ئۆمە |
| – ماڵی ئەو | – ئایلەکانی ئەوان |

٤– ئاوەڵناو:

یەکێکە لە کەرەستە چالاکەکانی دیارخەرەکانی دوای سەرە لە فراوانکردنی فرێزی ناویدا، " ئاوەڵناوی سادەش زیاتر لەم دۆخەدا دەبینرێ و ئاوەڵناوەکەش هیچ مۆرفیمێکی ناچێتە سەر" ( حاتەم ولیا : ٢٠٠٠ : ٨٥)

ئەگەر ناوە دیارخراوەکە ناوێکی گشتی بێ و بەبێ نیشانەی ناسراوی ئەو دەچێتە سەر دیارخراوەکە.

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – چەمی ڕەش | – چاوی ڕەش |
| – شێوی خۆش | – سێوی خۆش |

ئەگەر دیارخراو ناوێکی گشتی نەناسراو بێ، بە نیشانەی (ێك) نەناسراوی ئەوا دیارخەر دەچێتە سەر بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی(ی)

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – کورەێیکی خاس | – کوڕێکی باش |
| – مامرێیکی قەڵەو | – مریشکێکی قەڵەو |
| – ژنێکی گورج | – ژنێکی چالاك |

• ئەگەر دیارخراو ناوێکی ناسراو بێ بە (ە کە) ناسراوی ئەوا نیشانە ناسراوێك دەچێتە سەر ئاوەڵناوەکە و ئامرازی دانەپاڵی(ە) دەردەکەوێ لەنێوان دیارخراو و دیارخەرەکە.

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – ژنە خاسەکە | – ژنە باشەکە |
| – پیایە ئازاکە | – پیاوە ئازاکە |
| – سێوە خۆشەکە | – سێوە خۆشەکە |

٥– لەقەب

لەقەب وەك دیارخەرێكی دوای سەر بەشێوەیەكی ڕێك و پێك و لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسایەكدا بەكار نایەت، چونكە هەندێكیان ئامرازی دانەپاڵیان لەگەڵدا بەكاردێ و هەندێكیان لەگەڵیاندا بەكارنایەت، ئەو ئامرازی دانەپاڵانەشی كە بەكاردێن بریتین لەگەڵ ئامرازی دانەپاڵ (ە).

- برایمە شێت
- ئەمحەدە نەخۆش
- عومەرە خڕە
- ڕەحمە هارە
- حەمە چەرمی
- ئامە سوێر

• ئەو لەقەبانەش بەهۆی كەسەكەوە دروست بوون یان بەهۆی شكڵ و شێوەوە.

هەندێ جار لە زمانی كوردیدا لەقەبی منداڵ بەناوی دایكەوە دەناسرێتەوە لەناو خەڵكدا ئەویش بەهۆی ئەوەی لەوانەیە باوك لە ژیاندا نەبێ یان بەهۆی ناسراوی و باڵا دەستی دایكەوە زیاتر، دیارخەری دەچێتە سەر دیارخراوەكەی بەهۆی ئامرازی دانەپاڵی(ی) ەوە .

- حمەی ڕەحمە هارە
- ئەحمەدی حاجی فاتم
- چناری داتەفیمە

هەندێ جار لەم شێوەزارەدا بەبێ ئامرازی دانەپاڵ دیارخەر دەچێتە پاڵ دیارخەرەكە، وەك:

- عوسمان شەش پەنجە
- یوسف ئاڵتونجی

٦- ژمارە:

تەنیا ژمارەی پلەیی دەبێت بە دیارخەری دوای سەرەی فرێزی ناوی وەكو كەرەستەیەكی دیارخەری دوای سەرە، بەستنەوە بە دیارخراوەكەوە بە ئامرازی دانەپاڵی(ی) وەك:

- قاپی پەنجەم
- دامی یەكەم
- دتەی دووەم

٧- پاڕستەی شوێنكەوتووی دیارخەری:

هەندێ جار سەرەی فرێزە ناویەكە بە پاڕستەیەك فراوان دەكرێت لە دواوەی سەرە، بەهۆی ئامرازەوە دەبێ (كە) یان بەبێ ئامراز، بەڵام لەم شێوەزارەدا بە زۆری (ئەوەی) لە سەرەتای ڕستە دیارخەرەكە بەكاردێ و (كە) كەمتر بەكاردێ.

| <u>ش . ڕ</u> | <u>ش . ن</u> |
|---|---|
| - پەروین، ئەوەی هامسای ماڵ ئامكمە، لێڕۆ چویی. | - پەروین ، ئەوەی دراوسێ ماڵی پورمە، بێرەدا ڕۆیشت. |
| - قازانە(پاتیلە) ئەستیلەكەم لابارە، ئەوەی بانەكەی شویشەن. | - مەنجەڵە ئەستیلەكەم بۆبێنە، ئەوەی سەرەكەی شووشەیە. |

**٣- ٢-٢ فرێزی كاری:**

فرێزی کاری بەشێکی بنجی و سەرەکیە لەناو ڕستەدا کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕۆنانی ڕستەدا بەشداری دەکات، واتا " پێکهێنێکی ڕاستەوخۆی ڕۆنانی ڕستەیە و ئەرکێکی گەورە و دیاری کراو لە ڕۆنانی ڕستەدا دەبینێ" (ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٤ : ٢٧٦).

فرێزی کاری پێویستە لە ڕۆنانی (سەرەوە و ژێرەوە) دا بوونی هەبێت و و ناکرێ پشتگوێ بخرێ، چونکە "دەشێ فرێزەکانی دی، وەك(ناوی و بەند) یان (بکەر و بەرکار) لە ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەدا دەرنەکەون و پاشماوەیان لەناو فرێزی کاریدا بەجێبمێنێت و خوێنەر یان گوێگر بەهۆی فرێزە کاریەکەوە لە ڕۆنانی ڕێژەوەی ڕستەکە بگات" (ئەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٤ : ٢٦٧)، بەڵام فرێزی کاری وەك ڕۆنانێکی بنجی چەسپاو بەناچاری دەبێ لە چوارچێوەی ڕستەدا دەرکەوێ چونکە بەبێ ئەم فرێزە ڕستە لە زمانی کوردیدا دروست نابێ.

سادەترین فرێزی کاریش لەسەرەیەك پێك دێ کە ڕەگەزێکی سەرەکییە و هەبوونی ناچارییە و نابێ لابرێ، بەڵام لە زمانی کوردیدا لەڕووی ڕۆنانەوە چەند مۆرفیمێك لە پێکهاتەی کاردا بەشداری دەکەن، کە بریتین لە مۆرفیمیەکانی کات و مۆرفیمەکانی جێناوی لکاو، " هەموو ئەو کارانەی کە زمانەوانان بەسادە ناویان دەبەن لەڕووی واتاو ڕێزمانەوە هەرکاری داڕێژراون". (محەمەد مەعروف: ١٩٨٩: ٤٠) " ناوکی فرێزی کاری لە زمانی کوردیدا لە ڕەگی کار و جێناوێکی لکاو پێکدێ" (وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤: ٢٠٦)، کەواتا سادەترین فرێزی کاری لەم مۆرفیمانەی خوارەوە پێکدێ:

١- مۆرفیمی ڕەگ.

٢- مۆرفیمی کات.

٣- مۆرفیمەکانی جێناوی کەسی لکاو.

مۆرفیمی ڕەگ مۆرفیمێکی تەوەریی دەبێت و مۆرفیمەکانی تری بۆ دەگەڕێتەوە، کەواتا سادەترین فرێزی کاری لە بنچینەدا ڕۆنانێکی ئاڵۆزە و لە چەند مۆرفیمێکی پێکدێ، "مەبەست لە ڕۆنانی ناوەوەی فرێزی کاریش پێکهاتنی کارێکە بەپێی هەموو ئەو مۆرفیمە جۆراوجۆرانەش هاوبەش لە داڕشتنی کارەکە دەکەن". (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠٠٤:٢٦٨).

- **شۆریم** [ **شۆر** + **ی** + **م** ]
↓ ↓ ↓ ↓
(شوشتم) ڕەگ کات جێناو

**مەنویسێ** [ **مە** + **نویس** + **ی** + **ێ** ]
↓ ↓ ↓ ↓ ↓
(دەنوسێ) ئەسپێکت ڕەگ کات جێناو

- **هات** [ **ها** + **ت** + Ø ]
↓ ↓ ↓
ڕەگ کات جێناوی ( ٣) تاك

- **نمەهاتن** [ **ن** + **مە** + **ها** + **ت** + **ن** ]
↓ ↓ ↓ ↓ ↓
م. نەفی ئەسپێکت ڕەگ کات جێناو

- **دانمەنیشتین** [ **دا** + **ن** + **مە** + **نیش** + **ت** + **ین** ]
↓ ↓ ↓ ↓ ↓ ↓
م. پێ. کار م. نەفی ئەسپێکت ڕەگ کات جێناو

**٣-٢-٢-١ فراوانكردنی فرێزی كاری:**

بریتییه له ڕۆنانی دەرەوەی كارێك له ناو ڕستەدا ئەویش بەچەند كەرەستەیەكی وەكو فرێزی ناوی و فرێزی بەندەوە دەبێت. ئەگەر كاری ڕستەكە تێپەڕ بێ ئەوا فرێزی كاری ڕستەكە بەناچاری پێویستی بە بەركارێكی چەسپاو دەبێت، ئەو بەركارەش له شێوەی فرێزێكی ناویدا لەگەڵ كارەكەدا دەردەكەوێت وە هەمیشە دەكەوێتە پێش كارەكە.

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – ئاسۆ دامی مەسەنی. | – ئاسۆ خانووی دەكڕی. |

كارەكە بەهۆی فرێزێكی ناوییە و فراوانكراوە و فرێزێكی كاری فراوانكراوی وەك ( دامی حەسەنی) پێكهێناوە، فرێزە ناوییەكەش (دام) دەتوانین بەهەمان یاساكانی فراوانكردنی فرێزی ناوی لەناو خۆیدا فراوانی بكەین.

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – ئاسۆ دام مەسەنی. | – ئاسۆ خانوو دەكڕێ. |
| – ئاسۆ هەر دام مەسەنی. | – ئاسۆ هەر خانوو دەكرێ. |
| – ئاسۆ هەر ئەو دامە مەسەنی. | – ئاسۆ هەر ئەو خانووە دەكرێ. |
| – ئاسۆ هەر ئەو دامە گەورەی مەسەنی. | – ئاسۆ هەر ئەو خانووە گەورەی دەكڕی. |
| – ئاسۆ ئەو دامە گەورە دووقاتە مەسەنی. | – ئاسۆ ئەو خانووە گەورە دووقاتە دەكڕی. |
| – ئاسۆ هەر ئەو دامە گەورە دووقاتەی مەحەلەی ئێمە مەسەنێ. | – ئاسۆ هەر ئەو خانووە گەورە دووقاتەی گەڕەكی ئێمە دەكڕی. |

فرێزە ناویەكی هەرچەند فراوان بكرێ پێكەوە ئەركی بەركاری ڕاستەوخۆ دەبینێ لەناو ڕستەدا، كە دەكەوێتە پێش گرێ كاریەكە. هەروەك لەم ڕستانەی خوارەوە دەردەكەوێت

| ش. ڕ | ش.ن |
| --- | --- |
| – شێرزاد زەمیەكەی جفتكرد. | – شێرزاد زەویەكی كێڵا. |
| – كەژاڵ جامەكەی مەدویرنێ. | – كەژاڵ كراسەكەی دەدورێ. |

كەواتە یەكێك لە یاساكانی ڕۆنانی دەرەوەی فرێزی كاری بریتییە لە فرێزێكی ناوی و كارێك كە دەكرێ فرێزە ناوییەكە بەپێی یاساكانی فراوانكردنی فرێزی ناوی فراوان بكرێت و لە یاسایەكی گشتی وەك ئەم یاسایەی خوارەوەدا بنووسرێ:

فرێزی كاری ⟵ فرێزی ناوی + كار

ئەم یاسایە كە فراوانكردنی فرێزی كاری لو دەرەوەی كارەكە، هەروەها فرێزی بە كەرەستەی فراوان دەكرێ لە دەرەوەی كارەكە ئەویش فرێزی بەندە، فرێزی بەندیش لە ڕستەدا ئەركی بەركاری ناڕاستەوخۆ دەبینێ.

فرێزی بەندیش بریتییە لە "ڕۆنانێك كە پێشبەندی سەرەیەتی و كەرەستەیەكیش دەبێتە تەواوكەری" (حاتەم ولیا : ٢٠٠٠ : ٨٥).

لە ڕستەدا لەپێش یاخود لە دوای فرێزی كارییەوە دەردەكەوێت.

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – شێركۆ مەچوێ لا هەولێر. | – شێركۆ دەچێ بۆ هەولێر. |
| – شێركۆ لا هەولێر مەچوێ. | – شێركۆ بۆ هەولێر دەچێ. |
| – دتەكە وە كارد دەس هوێژی بڕی. | – كچەكە بە چەقۆ دەستی خۆی بڕی. |
| – دتەكە دەس هوێژی بڕی وە كارد. | – كچەكە دەستی خۆی بڕی بە چەقۆ. |

کەواتا فراوانکردنی فرێزی کاری بەهۆی فرێزی بەندە دەتوانرێ بە دوو یاسا دابڕێژرێت:

– فرێزی کاری ⟵ فرێزی بەند + کار

یان :

– فرێزی کاری ⟵ کار + فرێزی بەند

هەندێ جاریش هەردوو کەرەستەکە واتا (فرێزی ناوی) و (فرێزی بەند) پێکەوە بەشداری دەکەن لە فراوانکردنی فرێزی کاری دا.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – شیلان کتابەکەی لەبان مێزەکە دانیا. | – شیلان کتێبەکەی لەسەر مێزەکە دانا. |
| – بلّند سەیارەکەی وەو جەولّیا بردیە. | – بلّند سەیارەکە بەو گردەیدا بردوو. |

واتا: فرێزی کار – فرێزی ناوی+ فرێزی بەند+ کار

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – شیرین بەرگەکانی لەبان دام ورەنۆ. | – شیرین جلەکانی لەسەربان هەڵخست. |
| – وەخوا شێرزاد برات وەجوانی قورعانی مەخۆنێتۆ. | – بەخوا شێرزادی برات بەجوانی قورئان دەخوێنێتەوە. |

واتا: فرێزی کاری⟵فرێزی بەند + فرێزی ناوی + کار

### ٣-٢-٣ فرێزی ئاوەڵناوی:

ئەو فرێزانەن کە لە سەرەکانیان بە ئاوەڵناوێك پێکدێت یاخود وشەیەکە کە تایبەتێتی ئاوەڵناوی تێدابێت، (بڕوانە محەمەد مەعروف : ١٩٩: ٧٩).

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – هوار | – خوار |
| – گەورە | – گەورە |
| – بیچك | – بچووك |
| – زویر | – زوور |

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – دیوارەکە هوار کریایە. | – دیوارەکە خوار کراوە. |
| – هەردوو دەسم فرە بین. | – هەردوو دەستم زوور بوون. |

ئاوەڵناو پلەدارە لە پێشەوە بە پلە و ڕادە لە دواشەوە بە مۆرفیمی پلەی بەراورد(... تر) مۆرفیمی باڵا(... ترین ) فراوان دەکرێت یاخود دەردەخرێت وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – فرە دوێر | – زۆر دوور |
| – دوویر تر | – دوورتر |
| – دوویر ترین | – دوورترین |
| – فرە قنج | – زۆر جوان |

| | |
|---|---|
| – قنجتر | – جوانتر |
| – قنجترین | – جوانترین |
| – کەم شیرین | – کەم شیرین |
| – شیرین تر | – شیرینتر |
| – شیرینترین | – شیرینترین |

دەتوانرێن ڕادەکانی (کەمێ، چکێ، دەنکێ، کەمێك دەنکێك، نەختێك، قالێك... هتد). لە شوێنی (زۆر ، کەم) بەکاربهێنرێن و مانای تر بێننە گۆڕێ.

کەواتا: فرێزی ئاوەڵناوی ⟵ دیارخەر + ئاوەڵناو + دیارخەر

پلە(ڕادە) سەرە(دیارخراو) (تر ترین)

ناو لەگەڵ ئاوەڵناو زۆر لێك نزیکن، بەڵام بەهۆی هەندێ تایبەتمەندی هەریەکێکیانەوە دەتوانین جیایانبکەینەوە، یەکێ لەوانەش ئەوەیە کە ئاوەڵناو مۆرفیمی پلەی باڵا و پلەی بەراورد وەردەگرێ، بەڵام ناو ناتوانێت ئەم مۆرفیمانە وەربگرێت، ئەگەر ئەم مۆرفیمانەش بچنەسەر ناوێك ئەوا ئەو ناوە لەو بارەدا دەبێت ئاوەڵناو.

| | ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|---|
| ئاوەڵناو: | – سەرد | – سارد |
| | سەردتر | ساردتر |
| | سەردترین | ساردترین |
| ئاوەڵناو ئاسا: | – پیا | – پیاو |
| | پیاتر | پیاوتر |
| | پیاترین | پیاوترین |

(پیاتر، پیاترین) واتا و چەکی پیاوەتی و ئازایەتی و... گەلێ سیفەتی پیاوانە هەڵدەگرێت. هەندێ لە ئاوەڵناوەکان پلەیەکی نادیاریان هەیە، " کە بە هۆی دیارخەرێکی پێشەوەی ئاوەڵناوییەوە پلەیەکی دیاریان پێبدرێت و دەتوانرێت بەند و نزمی پێبکرێت" ( عەبدول جەبار مستەفا:٢٠٠٩:٥٩) وەکو:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – فرەگەرم | – زۆر گەرم |
| گەرمتر | گەرمتر |
| گەرمترین | گەرمترین |
| – فرە نێزیك | – زۆر نزیك |
| نێزکتر | نزیکتر |
| نێزێکترین | نزیکترین |

بەڵام هەندێ هەندێ ئاوەڵناو هەیە، ناتنرێت پلەی بۆ دەستنیشان بکرێت، بەڵکو خۆی پلەی مامناوەندی وەرگرتووە لەو سیفەتەی تێیدایەتی، وەکو:

شلەتێن، مێخۆش

فرێزی ئاوەڵناوی بەشداری دەکات لە فرێزی ناوی و فرێزی کاریشدا، چونکە یەکێکە لە دیارخەرەکانی دوای سەرە لە فرێزی ناویدا.

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – باغێکی فره خۆشمان هەن. | – باخێکی زۆر خۆشمان هەیە. |
| – ئاو سەرد موێرۆ. | – ئاوی سارد مەخۆرەوە. |
| – نیان جامەیە گەورەی لەوەرکردوی. | – نیان کراسێکی گەورەی لەبەر کردبوو. |

بەرکار + ف. ئـ . ن

↓

فرێزی ناوی

فرێزی ئاوەڵناوی لـەناو فرێـزی کاریـدا، بەهـەمان ڕۆنـان و پێکهاتـەی نـاو فرێـزی ئاوەڵنـاوی دەتـوانێ بەهـەمان ڕۆنـان و پێکهاتەوە کە لەناو فرێزی ناویدا دەردەکەوێ لەناو فرێزی کاریشدا دەردەکەوێ.

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – ئەو پیایە دامەکەی فره گەوره دروست مەکێ. | – ئەو پیاوە خانووەکەی زۆر گەورە دروست دەکات. |
| – داڵکم ئاشەکەی خۆشتر کردوی. | – دایکم چێشتەکەی خۆشتر لێنابوو. |
| – ئایلەکان قنج دانیشتووین. | – منداڵەکان جوان دانیشتوون. |

### ٣-٢-٤ فرێزی بەند ( فرێزی پێشناوی ):

ئەو فرێزەیە، کە لە ( پێشناوێك) و فرێزێکی ناوی پێکدێت، "پێشبەندی لەم فرێزەدا سەرەیە و حـوکمی فرێـزە ناوییەکـە دەکات، کە لە دوایەوە دێت، ئاراستەی حوکم کردنەکەش بە پێچەوانەی سەرە ڕێزمانییەکانی دیکەوەیە" (عەبدول جەبار مستەفا:٢٠٠٩:٦٦)، چونکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمی فرێزێکـی نـاوی دەکـات، لەبـەر ئـەوەی سـەرە ( پێـشبەندەکە) لەسەرەتای فرێزەکەیەوە فرێزە ناوییەکەش یاخود تەواوکەرەکەی لەدوای خۆییەوە هەڵدەبژێرێ.

پێشناوەکانی لە زمانی کوردیدا بریتین لە : ( بۆ، بە، لە ، تا،...هتد)، " ئەم پێشناوانە ئەرکیان ئەوەیە، کە سـەرەیەکی ڕێزمانی فرێز دروست دەکەن ڕۆڵ بە تەواوکەرەکانیان دەبەخشێ" ( سەباح ڕەشـید قـادر:٢٠٠٩:٦٩)، هەرچـەندە فرێـزی بەند لە ڕستەدا لە سنووری فرێزی کاریدا کاردەکات و دەبێتە تەواوکەر بۆ فرێز کارییەکە، بـەڵام خۆشـی وەکـو فرێزێکـی سەربەخۆ سەرەیەکی ڕێزمانی هەیە و چەند تەواوکارێك بۆخۆی هەڵدەبژێرێ، بەتایبەتی فرێزی ناوی.

ئەو فرێزە ناوییەی کە لە دوای پێشناوەکەوە دێت، ئەگەر ناوێکی تایبەتی یان گشتی یان تـاك یـان کـۆ یـا نەناسـراو یـان ناسراو بێ، ئەوا ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینێ، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – ئازاد وەپا چوی لابازار. | – ئازاد بەپێ چوو بۆ بازاڕ. |
| – کتابەکەم لە شیلان ورگرت . | – کتێبەکەم لە شیلان وەرگرت. |
| – سێوەکانم کردە سەلەکانۆ. | – سێوەکانم کردە سەلەکانەوە. |
| – ساوەر وە چۆکان مەکوڵن. | – ساوەر بە دارەکان دەکوڵێنن. |
| – بەرگم لا ئایلەڵ سەنیە. | – جلکم بۆ منداڵان کڕیون. |
| – با پاڵاکان لە پا کەم. | – با پێڵاوەکان لەپێ کەم. |
| – تا هەولێر مەچم. | – تا هەولێر دەچم. |
| – تا سەعاتی تر نمامۆ. | – تا سەعاتێکی دی ناگەڕێمەوە. |

زۆرجار فرێزە ناوییەکە لە ناوی شوێن یان ناوی کاتێك پێکدێ، لەم کاتەشدا بەزۆری پاشبەند دەکەوێتە دوایانەوە، وەك ( ا ، ۆ ).

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – ئاکۆ لە ماڵۆ وە پا هاتیە. | – ئاکۆ لەماڵەوە بەپێ هاتووە. |
| – جاجگەکەم وەدەسیۆ نویسیا. | – بنێشتەکەم بەدەستیەوە نووسا. |
| – کەمۆترەکان وەعاسمانا فڕین. | – کۆترەکان بەئاسماندا فڕین. |

♦ ( ا ، ۆ ) هەردوو پاشبەندی ( دا ، ەوە ) لە زمانی نووسیندا.

هەندێ جار ئاوەڵکاری کاتی یان شوێنی دەبن بە تەواوکەری پێشناوەکان و فرێزی بەند دروست دەکەن.

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – کەمۆترەکە لەبان دارەکە نیشتۆ. | – کۆترەکە لەسەر دارەکە نیشتەوە. |
| – مرۆجە گەنم لا زمستان ورمەگرن. | – مێرووله گەنم بۆ زستان هەڵدەگرن. |

فرێزی ئاوەڵناوی دەبێتە تەواوکەری پێشناوەکە لە فرێزێکی بەند دا، وەك:

| | |
|---|---|
| – ماستاوێکم وەشۆری واردۆ. | – ماستاوێکم بە سوێری خواردەوە. |
| – ئایلەکە وەقنجی قسە مەکێ. | – منداڵە بە جوانی قسە دەکات. |

♦ (شۆری) بە واتای ( سوێری) دێت لە زمانی نووسیندا، بەڵام ( شۆری) بەواتای (شوشتی) دێت لەم شێوەزارەدا:

هەندێ جار ڕادە دەبێتە دەرخەری فرێزی بەند:

| | |
|---|---|
| – چکێ لەبان دام دانیشتیوم. | – هەندێك لەسەربان دانیشتبووم. |
| – کەمێ لەبن دارەکە حەسیامۆ. | – کەمێك لەبن دارەکە حەسامەوە. |

## ۳-۲-۵ فرێزی ئاوەڵکاری:

جۆرێکی تری فرێزە کە سەرەکەی لە ئاوەڵکارێك پێکدێ و پەیوەندی کار و کەرەستەکانی تری ڕستە ڕێکدەخات.

فرێزی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا زۆر بێ هێزە، چونکە کەم فـراوان دەکرێـت، ئـەویش تـەنیا بـەهۆی وشـەکانی ڕادەوە ئەبێ، وەك ( فرە، گەلێك، چکێ،... هتد).


| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – ماستاوەکەی سەخت گرتێتۆ. | – ماستاوەکەی خەست گرتۆتەوە. |
| – ماستاوەکەی چکێ سەخت گرتێتۆ. | – ماستاوەکەی تۆزێك خەست گرتۆتەوە. |
| – خەمیرەکەی تون شێلایە. | – هەویرەکەی توند شێلاوە. |
| – خەمیرەکەی فرە تون شێلایە. | – هەویرەکەی زۆر توند شێلاوە. |


**٣-٢-٦ پەیوەندی نێوان فرێزەکان:**

لەم شێوەزارەدا پەیوەندی نێوان فرێزەکان جیاوازییان هەیە، چونکە پەیوەندی نێوان فرێزی ناوی و فرێزی کاری بەپێی جۆری کارەکە دەگۆڕێت. ئەگەر کارەکە تێنەپەڕ بێت ( ڕابردوو، ڕانەبردوو، ئەوا بکەرەکە بەپێی ژمارە و کەسی خۆی جێناوێکی لکاو بەکارەکە دەبەخشێت( ئەم جێناوە لکاوەش تەنیا لە کاری ڕابردووی سادە دا بۆ کەسی سێیەمی تاک دەرناکەوێت) و بکەرەکەش هیچ مۆرفیمێکی دۆخی لەسەر دەرناکەوێت، چونکە ( دۆخی ئەبستراکت ) یان دۆخی نۆمینەتیڤ ( بکەری) دەردەکەوێت، کە هیچ مۆرفیمێکی مۆرفۆلۆجی لەسەر دەرناکەوێت، وەک:

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – چنار هوێت. | – چنار نوست. |
| – من هوێتم. | – من نوستم. |
| – چنار مویسێ. | – چنار دەنوێ. |
| – من موێسم . | – من دەنوم. |


ئەگەر کارەکە تێپەڕ بێ، ئەوا لە فرێزی کاریدا فرێزێکی ناوی بەشداری لە پێکهاتەی ڕستەکەدا دەکات، کە ئەرکی بەرکار دەگرێتە ئەستۆ. ئەگەر کارەکە ڕابردووی تێپەڕ بێ، ئەوا بەرکارەکە جێناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس و ژمارەی خۆی دەبەخشێ بەکارەکە، وەک:




ئەگەر کارەکە ڕانەبردووی تێپەڕ بێ، ئەوا بکەر جێناوێکی لکاو سەر بە هەمان کەس و ژمارەی خۆی بەکاری ڕستەکە دەبەخشێ و لە دۆخی بکەری ڕاستەوخۆدا دەردەکەوێت، وەک:

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – نەوزاد ئاو موێرێتۆ. | – نەوزاد ئاو دەخواتەوە. |
| – نیان جامەیە مەدویرێ. | – نیان کراس دەدورێ. |
| – نیان جامەیەکی مەدویرێ. | – نیان کراسێکی دەدورێ. |
| – نیان جامەکانی مەدویرێ. | – نیان کراسەکانی دەدورێ. |




یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ئەم دەستە جێناوە ئەوەیە، کە شوێنیان لە ناو ڕستەدا چەسپاو نییە، بەڵکو بەپێی جۆری کارەکە ( لەڕووی ڕۆنانەوە)، یاخود دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی بەشەکانی تری ڕستە، شوێنەکەی دەگۆڕێت، بەڵام ئەوەی کە لەم شێوەزارەدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کاتێ ئەم دەستە جێناوە لە دەوری بکەردا دەردەکەون، ئەگەر بێتوو کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێ ( ڕێژەی ڕاگەیاندن یان ئینشائی) ئەوا هەموو کاتێك دەچێتە سەر ئەو فرێزە ناوییەکەی کە

دیارخەرەکان لە پێشەوەیە وەك وشەکانی ڕادە و پێوانە ( چکێ، کەمێ، هەنێ، هەنێك، کەمێك، چلێك، دەنکێ، دەنکێك، قاپێك،...هتد). بەڵام جێناوەکە دەچێتە سەر ناوە دیارخراوەکە.

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – خۆزگە پارچەیك زەمیم مەوێ، دامێکم لەی دروست بکرداوی. | – خۆزگا پارچێك عەرزم دەبوو خانوێکم لێ دروستکردبا. |
| – توخوا لێرە بەون، قازانێ کفتەم کردیە. | – تخوا لێرە بن، مەنجەڵێك کفتەم کردووە. |
| – ئەگەر چکێ خەوەرت لە هوێژت بیاوی ئەهانە نەخۆش نەمەویت. | – ئەگەر هەندێك ئاگات لەخۆت بووایە ئاوا نەخۆش نەدەبووی. |
| – دەنکێ سێوم وارد | – هەندێك سێوم خوارد. |
| – کەمێ گەنم لا مامرەکان دەرکردیە. | – کەمێك گەنم بۆ مریشکەکان دەرکردووە. |
| – قاپێ برنجم لات هاوردیە. | – قاپێك برنجم بۆ هێناو. |
| – سێ قاپ ئاشی لا ژن و پیا پیرەکە ناردیە. | – سێ قاپ چێشتی بۆ ژن و پیاوە پیرەکە ناردووە. |

بەڵام ئەگەر لە ڕستەکەدا ئاوەڵکاری کاتی یان شوێنی هەبێ و کەرەستەکانی تری وەکو بەرکار یان بەرکاری ناڕاستەوخۆ ئەوا کلتێکی بکەرییەکە دەچێتە سەر بەرکار یان کارەکە بێ بەپێی کاتی کارەکە شوێنی جێناوەکە بەدی دەکرێت، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – لە کەرکویکم خوشتر نەدییە. | – لە کورکوکم خۆشتر نەدیوە. |
| – بەیانی کتابەکان مەسەنم. | – سبەینێ کتێبەکانم دەکڕم. |
| – ئاسۆم لە بازاڕ دیی. | – ئاسۆم لە بازاڕ بینی. |
| – ئێوارە نانم وارد. | – ئێوارە نانم خوارد. |

### ٣-٢-٧ ڕیزبوونی کەرەستە لە ڕستەدا:

سادەترین ڕستە لە فرێزێکی کاری پێکدێت، بەڵام زۆرجار لە زمانی کوردیدا لە تەنیا وشەیەك پێکدێت، کە ئەویش کارەکەیە ( کە کارەکە تێنەپەڕ بێ ) و بکەر لە شێوەی جێناوێکی لکاو سەر بە کەس و ژمارەی بکەرەکە لەناو پێکهاتەی کارەکەدا دەردەکەوێت، واتا بکەر بە ئاشکرا دەرناکەوێ، بۆ نموونە:

لەکاتی ڕابردوودا ئەگەر کارەکە سادە بوو ڕەگ و مۆرفیمی کاتی ڕابردوو و جێناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس و ژمارەی بکەر پێکدێت، کەواتا بکەری ڕستەکە بە ڕەگی کارەکەوە دەنووسێ.

– سوزیام( ڕەگ + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو+ بکەر ( جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك). ئەگەر بکەرەکەش لە ڕستەدا دەرکەوت، ئەوا لە ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەدا بکەر پێش کارەکە دەکەوێت:

بکەر + کار ( کاری تێنەپەڕ)

بکەریش جێناوێکی سەربەهەمان کەس و ژمارەی خۆی بە کارەکە دەبەخشێ، وەك:

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| –[ ئایلەکان ] [ سوزیان ]<br>ف. ن. بکەر ف. ك | – منداڵەکان سووتان. |
| [ ئایلەکە ] [ هوێت ]<br>ف. ن. بکەر ف. ك | – منداڵەکە نوست. |
| [ ئایە قنجەکە] [ مەگرێوێ ] | – منداڵە جوانەکە دەگرێ. |

ف. ن. بکەر ف. ک

[ نازدار ئامکم ] [ چویۆ ] — نازدار ئامکم ڕۆیشتەوە.

ف. ن. بکەر ف. ک

[ نیان و شێرزاد ] [ هاتن ] — نیان و شێرزاد هاتن.

ف. ن. بکەر ف. ک

لەم نموونەدا هەرچەند فرێزی ناوی بکەر بەهۆی ئامرازی ( و) پێکەوە بەستراون، بەڵام ئەنجامدانی کارەکە کەوتۆتە ئەسۆی هەردووکیان، " واتە هەردووکیان بەشداری لە ڕوودانی کارەکە دەکەن، بەپێی ئەو ئەرکەی لەناو چوارچێوەی ڕستەکەدا پێیان سپێردراوە" ( وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٤:٢٢٥).

ئەگەر کاری ڕستەکە تێپەڕ بێ، ئەوا جگە لە بکەر کەرەستەیەکی تریش بەشداری پێکهێنانی ڕستەکە دەکات، کە بەبێ ئەو واتای ڕستەکە ناتەواو دەبێ، ئەویش (بەرکارە) ە، بکەریش و بەرکاریش فرێزی ناوین کارە تێپەڕەکەش فرێزە کارییەکەیە، وەک:

ش. ڕ ش. ن

— [ ئاسۆ] [ جەرگەکەی ] [ ورشان ] — ئاسۆ جگەرەکەی برژاند.

↓ ↓ ↓

ف. ن. بکەر ف. ن.بەرکار ف. ک

کەواتە: بکەر + بەرکار _ کار

ئەگەر فرێزی ئاوەڵکاری هەبێ شوێنی لەناو ڕستەدا چەسپاو نییە هەندێ جار لەسەرەتای ڕستەدا دەردەکەوێ و هەندێ جاریش لەگەڵ فرێزە کارییەکە لە پێش کاری ڕستەکە دەردەکەوێ:

ش. ڕ ش. ن

— [دوێـــنی] [ئـــازاد ] [هاتـــۆ ] — دوێنی ئازاد هاتەوە

↓ ↓ ↓

ف. ئ. ک ف. ن. بکەر ف. ک

— [ پەروین] [وەشەو] [جامەکانی] [ دویریەی] — پەروین کراسەکانی بەشەو دوری بوون.

↓ ↓ ↓ ↓

ف. ن. بکەر ف. ئ. ک ف. ن. بەرکار ف. ک

— [ نیان] [جامەکانی] [ قنج ] [دویریەی ] — نیان کراسەکانی جوان دوری بوون.

↓ ↓ ↓ ↓

ف. ن. بکەر ف. ن. بەرکار ف. ئ.ن ف. ک

فرێزی بەندیش لە پێش کارەکەوە دێت و هەندێ جاریش لە پێش بەرکارەوە دێت، وەک:

ش. ڕ ش.ن

— داڵکم ئاشەکەی وەچۆ کرد. — دایکم چێشتەکەی بەدار لێنا.

— داڵکم ئاشەکەی وەچۆ مەکرد. — دایکم چێشتەکەی بەدار لێدەنێ.

واتا ئەگەر کارەکە دوو بەرکاری هەبێت بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ، وەك :

| [سەن] | [ لە ئاسۆ] | [دامەکەی] | – [ئەو پیاپە] |
|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| ف. ك | ف. بە | ف. ن | ف.ن |
| کار | بەرکاری ناڕاستەوخۆ | بەرکاری ڕاستەوخۆ | بکەر |

– یانی/ ئەو پیاپە دامەکەی سەن لە ئاسۆ

بەرکاری ناڕاسەوخۆ دەکرێ لە پێش کار یان دوای کارەوە بێت، بەڵام ئەگەر بەرکارە ناڕاستەوخۆکە لە ئامرازێك و جێناوێکی کەسی جودا پێکهاتبێ، دەتوانێ لەدوای کارەکەوە بێ، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – نیان گوڵێکی لامن ناردیە . | – نیان گوڵێکی بۆمن ناردووە. |
| – نیان گوڵێکی ناردیە لامن. | – نیان گوڵێکی ناردووە بۆمن. |

لەم شێوەزارەدا دەرکەوتنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لەپێش کارەکەوە بەدی دەکرێت، ئەویش بەپێی ئارەزووی قسەکەر.

### ٣-٢-٨ ناکردن لە شێوەزاری ڕۆژبەیانییەکان :

لە زمانی کوردیدا ناکردن بە هۆی چەند مۆرفیمێکی وەك( نا، نە ، مە، نی ،...هتد) ئەنجام دەدرێت، مۆرفیمی ناکردن دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕوودانی کارەکە لە شێوازی ( ئەوێ) وە بگۆڕێتە سەر شێوازی نەرێ. " شێوازی ئەرێ ڕوو نەدان و نەبوونی شتێ یان نەبوونی بارێ باس دەکات بە مۆرفیمێکی تایبەتی، وەك نا، نە،...هتد" ( نوری عەلی ئەمین:١٩٨٦:١٣٩) لەم شێوەزارەدا مۆرفیمەکانی ناکردن بریتییە لە ( نە، ن ، مە، نی،...هتد) دۆخی ڕستە لە (ئەرێ) وە دەگۆڕێت بۆ (نەرێ)، بەڵام هەندێ جیاواز لە بەکارهێنانی مۆرفیمەکاندا بەدی دەکرێت کاتێ دەچنە پاڵ مۆرفیمەکانی تر.

• ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی نزیکی تێپەڕ و تێپەڕ بێ، سادە بێ یا داڕێژراو یا لێکدراو بێ یان بکەر نادیار بێ، ئەوا مۆرفیمی ( نە) دەچێتە پێش ڕەگی کارەکەوە و ڕستە لە ئەرێیەوە دەگۆڕێت بۆ نەرێ.

ئەری:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – نەوزاد هات. | – نەوزاد هات. |
| – شێرزاد نانی وارد. | – شێرزاد نانی خوارد. |
| – نیان لا هەولێر چوی. | – نیان بۆ هەولێر چوو. |
| – ئاسۆ کاغەزەکەی نویسی. | – ئاسۆ نامەکەی نوسی. |
| – ئایلەکان هوێتن. | – منداڵەکان نوستن. |
| – کاغەزەکە نویسرا. | – نامەکە نوسرا. |
| – ئیشەکەی تومان دماوەن. | – کارەکەی تومان دواخست. |

نەرێ:

| | |
|---|---|
| – نەوزاد نەهات. | – نەوزاد هات. |
| – شێرزاد نانی نەوارد. | – شێرزاد نانی نەخوارد. |

- نیان لا هەولێر نەچوی.  — نیان بۆ هەولێر نەڕۆیشت.
- ئاسۆ کاغەزەکەی نەنویسی.  — ئاسۆ نامەکەی نەنوسی.
- ئایلەکان نەهوێتن.  — منداڵەکان نەنوستن.
- کاغەزەکە نەنویسریا.  — نامەکە نەنوسرا.
- ئیشەکەی تومان دمانەوەن.  — ئیشەکەی تۆمان دوانەخست.

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تەواوی تێپەڕ وتێنەپەڕ بێ، سادە بێ یان داڕێژراو یان لێکدراو بێ، و بکەر نادیار بێ، ئەوا مۆرفیمی (نە) دەچێتە پێش ڕەگی کارەکەوە، وەك:

ش.ڕ  ش.ن

ئەرێ:

- نەوزاد هاتیە.  — نەوزاد هاتووە.
- شێرزاد نانی واردیە.  — شێرزاد نانی خواردوو.
- نیان لا هەولێر چوییە.  — نیان بۆ هەولێر چوو.
- ئاسۆ کاغەزەکەی نویسییە.  — ئاسۆ نامەکەی نوسیوە.
- ئایلەکان هوێتنیە.  — منداڵەکان نوستوونە.
- کاغەزەکە نویسریایە.  — نامەکە نوسراوە.
- دامەکەتان فروشیایە.  — خانووەکەتان فرۆشراوە.

نەرێ:

- نەوزاد نەهاتیە.  — نەوزاد هاتووە.
- شێرزاد نانی نەواردیە.  — شێرزاد نانی نەخواردووە.
- نیان لا هەولێر نەچوییە.  — نیان بۆ هەولێر نەڕۆیشتووە.
- ئاسۆ کاغەزەکەی نەنویسیە.  — ئاسۆ نامەکەی نەنوسیوە.
- ئایلەکان نەهوێتنیە.  — منداڵەکان نەنوستوونە.
- کاغەزەکە نەنویسریایە.  — نامەکە نەنوسراوە.
- دامەکەتان نەفروشیایە.  — خانووەکەتان نەفرۆشراوە.

♦ مۆرفیمی ( یە) دەچێتە سەر کاری ڕابردووی نزیك دەیکاتە کاری ڕابردووی تەواو بەرامبەر بە ( وە، ووە) لە زمانی نووسیندا.

● ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی دووری تێپەڕ و تێنەپەڕ بێ، یا داڕێژراو یان لێکدراو بێ، بکەر نادیار بێ، ئەوا مۆرفیمی(نە) دەچێتە پێش ڕەگی کارەکەوە ، وەك:

ش . ڕ  ش . ن

- نەوزاد هاتوی.  — نەوزاد هاتبوو.
- شێرزاد نانی واردیوی.  — شێرزاد نانی خواردبوو.
- نیان لا هەولێر چویوی.  — نیان بۆ هەولێر ڕۆیشتبوو.
- ئاسۆ کاغەزەکە نویسیوی.  — ئاسۆ نامەکەی نوسیبوون.
- ئایلەکان هوێتوینە.  — منداڵەکان نوستبوون.

– کاغەزەکە نویسریاوی. – نامەکە نوسرابوو.

– کتابەکەی منت خۆنیوی. – کتێبەکەی منت خوێندبوو.

نەرێ:

– نەوزاد نەهاتوی. – نەوزاد نەهاتبوو.

– شیرزاد نانی نەواردیوی. – شێرزاد نانی نەخواردبوو.

– نیان لا هەولێر نەچویوی. – نیان بۆ هەولێر نەڕۆیشتبوو.

– ئاسۆ کاغەزەکەی نانویسیوی. – ئاسۆ نامەکەی نەنوسیبوو.

– ئایلەکان نەهۆێتوین. – منداڵەکان نەنوستبوون.

– کاغەزەکە نەنویسریاوی. – نامەکە نەنوسرابوو.

– کتابەکەی منت نەخۆنیوی. – کتێبەکەی منت نەخوێندبوو.

● ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕ و تێنەپەڕ بێ، سادە بێ یان داڕێژراو یان لێکدراو بێ، و بکەر نادیار بێ، ئەوا مۆرفیمی(ن) دەچێتە پێش ڕەگی کارەکەوە، وەك:

ش . ڕ ش . ن

ئەرێ:

– نەوزاد مەهات. – نەوزاد دەهات.

– شیرزاد نانی مەوارد. – شێرزاد نانی دەخوارد.

– نیان لا هەولیر مەچوی. – نیان بۆ هەولێر دەڕۆیشت.

– ئاسۆ کاغەزەکەی مەنویسی. – ئاسۆ نامەکەی دەنوسی.

– ئایلەکان مەهوێتن. – منداڵەکان دەنوستن.

–کاغەزەکە مەنویسریا. – نامەکە دەنوسرا.

– قاپیەکە سبەغ مەکرد. – دەرگاکەی بۆیاغ دەکرد.

نەرێ:

– نەوزاد نمە هات. – نەوزاد نەدەهات.

– شیرزاد نانی نمەوارد. – شێرزاد نانی نەدەخوارد.

– نیان لا هەولێر نمەچوی. – نیان بۆ هەولێر نەدەڕۆیشت.

– ئاسۆ کاغەزەکەی نمە نویسی. – ئاسۆ نامەکەی نەدەنوسی.

– ئایلەکان نمە هوێتن. – منداڵەکان نەدەنوستن.

– کاغەزەکە نمەنویسریا. – نامەکە نەدەنوسرا.

– قاپیەکە سبوغ نمەکرد. – دەرگاکەی بۆیاغ نەدەکرد.

♦هەموو دەمەکانی کاری ڕابردووە مۆرفیمی(نە) وەردەگرێ بۆ نەرێ کردن تەنیا کاری ڕابردووی بەردەوام نەبێ کە مۆرفیمی(ت) وەردەگرێ.

● ئەگەر کاری ڕستە ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ بێ، سادە بێ یان داڕێژراو یان لێکدراو بێ، بکەر نادیار بێ، ئەوا مۆرفیمی(ت) دەچێتە پێش مۆرفیمی کاری ڕانەبردووەکەوە(مە) بەبێ ئەوەی ئەم مۆرفیمە لا بدرێت، وەك:

| ش ٠ ڕ | ش ٠ ن |
| --- | --- |
| ئەریٚ: | |
| — نەوزاد مایە. | — نەوزاد دیٚت. |
| — شیرزاد نان مویٚری. | — شیٚرزاد نان دەخوات. |
| — من لا هەولیٚر مەچم. | — من بۆ هەولیٚر دەچم. |
| — ئاسۆ کاغەزەکە مەنویسیٚ. | — ئاسۆ نامەکە دەنوسیٚ. |
| — ئایلەکان مەنویٚسن. | — منداڵەکان دەنون. |
| — کاغەزەکە مەنوسریٚ. | — نامەکە دەنوسریٚ. |
| — باخچەکەیان ئاو مەئا. | — باخچەکەیان ئاو دەدا. |
| نەریٚ: | |
| — نەوزاد نمایە. | — نەوزاد هات. |
| — شیرزاد نان نمویٚری. | — شیٚرزاد نان ناخوات. |
| — من لا هەولیٚر نمەچم. | — من بۆ هەولیٚر ناچم. |
| — ئاسۆ کاغەزەکە نمە نویسیٚ. | — ئاسۆ نامەکە نانوسیٚ. |
| — ئایلەکان نمویٚست. | — منداڵەکان نانون. |
| — کاغەزەکە نمە نوسریٚ. | — نامەکە نانوسریٚ. |
| — باخچەکەیان ئاو نمە ئا. | — باخچەکەیان ئاو نادا. |

• ئەگەر کاری ڕستەکە داخوازی تیٚپەڕ و تیٚنەپەڕ بیٚ، سادە بیٚ یان داڕیٚژراو یان لیٚکدراو بیٚ، ئەوا مۆرفیمی (مە) دەچیٚتە پیٚش ڕەگی کارەکەوە.

| ش ٠ ڕ | ش ٠ ن |
| --- | --- |
| ئەریٚ: | |
| — کورە بەو لا ئیٚردا. | — کورە وەرە بۆ ئیٚرە. |
| — دتە ئەی ئیشەبکە. | — کچی ئەم کارەبکە. |
| — دتەڵ ئەی نانە بویٚرن. | — کچەکان ئەم نانە بخۆن. |
| — کوڕەڵ بەونە مەکتەب. | — کوڕەکان وەرنە قوتابخانە. |
| — ئامك بەرگەکانم بشۆ . | — پوریٚ جلەکانم بشۆ. |
| — کاکە لە سەیارەکە سەر بکەف. | — باوەکە لە سەیارەکە سەربکەوە. |
| — ئایلەکان بخویٚنن. | — منداڵەکان بخویٚنن. |
| — دەفتەرەکانم لابڕی. | — دەفتەرەکانم بۆ بگرە. |
| — ئەی دامە بسەنن. | — ئەم خانووە بکڕن. |
| نەریٚ: | |
| — کورە مەچو لا ئەوەی. | — کورە مەڕۆ بۆ ئەوەی. |
| — دتە ئەی ئیشە مەکە. | — کچیٚ ئەم ئیشە مەکە. |
| — دتەڵ ئەی نانە مەویٚرن. | — کچەکان ئەم نانە مەخۆن. |

| | |
|---|---|
| – کوڕەڵ مەچنە مەکتەب. | – کوڕەکان مەچنە قوتابخانە. |
| – ئامك بەرگەکانم مەشۆ. | – پوریێ جلەکانم مەشۆرە. |
| – کاکە لە سەیارەکە سەرمەکەف. | – باوەکە لە سەیارەکە سەرمەکەوە. |
| – ئایلەکان مەخۆنن. | – منداڵەکان مەخوێنن. |
| – دەفتەرەکانم لا مەئارەی. | – دەفتەرەکانم بۆ مەگرە. |
| – ئەی دامە مەسەنن. | – ئەم خانووە مەکڕن. |

♦ مۆرفیمی(مە)ی کە بۆ نەری کردنی کاری داخوازی بەکاردێت جیاوازە لەگەڵ ئەو مۆرفیمی(مە) کە ئەسپیکتی کاری ڕانەبڕدوو و کاری ڕابردووی بەردەوامییە، بە چەند خاڵی دەیخەینەڕوو:

١– بۆ کاری داخوازی بەپێی بارودۆخ گوێگر دەزانێ ئایە کاری ڕانەبردووە یان داخوازییە.

٢– هەروەها گوێگر بەپێی ئەو بابەتی کە لە ئارادایە و قسەی لەسەر دەکرێت زانیاری پێدا دەکات.

٣– ئەرکی جێناوە لکاوەکان کە لەگەڵ کاری داخوازیدا بەدی دەکرێت زۆر جیاوازە بۆ نموونە بۆ کەسی دووەمی تاك (ە) دەرناکەوێ بۆ کەسی دووەمی کۆ(ن)، بەڵام لەگەڵ کاری ڕابردووی بەردەوام و ڕانەبردوو جێناوە کەسی لکاوەکان بەپێی کەس و ژمارە دەردەکەوێ. بۆ نموونە کاری دەخوازی.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – دابنیش. | – دابنیشە. |
| – دامەینش. | – دامەنیشە. |
| – بخۆن. | – بخۆینە. |
| – مەخۆن. | – مەخوێنە. |
| – دابنیشن. | – دابنیشن. |
| – دامەنیشن. | – دامەنیشن. |
| – بخۆنن . | – بخوێنن. |
| – مەخۆنن. | – مەخوێنن. |

●نەرێ کردنی کاری(هیستن، بیین/ بیەن) بە مۆرفیمی(نی) ی بۆ دەمی ئێستا نەرێ دەکرێت و مۆرفیمی(نە) بۆ دەمی ڕابردوو بەکاردێت، بۆ کاری (هیستن) تەنیا بە مۆرفیمی(ن) نەرێ دەکرێت بۆ ئێستا و ڕابردوو، وەك:

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| ئەرێ: | |
| – بیین/ بیەن | – هەبوون |
| – کتابم هەن. | – کتێبەکەم هەیە. |
| – کتابم بی. | – کتێبەکەم هەیە. |
| نەرێ: | |
| – کتابم نییە. | – کتێبەم نییە. |
| – کتابم نەوی. | – کتێبەم نەبوو. |
| ئەرێ: | |
| – هیستن | – ویستن |

- کتابم مەیت. - کتابم ویست.
- کتابم مێتیێ. - کتابم دەویێ.

نەرێ:

- کتابم نمەیت. - کتابم نەویست.
- کتابم نمێتیێ. - کتابم ناویێ.

هەرچەندە ناکردن پرۆسەیەکی سنتیاکسیە، بەلاٚم زۆرجاریش "ئەو مۆرفیمە سینتاکسیان کە ئەرکی ڕێزمانی دەبێینم لە ڕستە لە هەمان کاتدا ئەرکی فەرهەنگیش دەگرێت بۆ دەولەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و بەتایبەتی ئەو یەکەی فەوهەنگی کە ئاوەلناوە دارێژراوەکان لەڕێگەی مۆرفیمەکەوە ساز دەکرێت کە چەمکی نەرێ پیشاندەدات" (شیروان حوسێن حمد : ٢٠١٤ : ١٠٣)

لەم شێوازەدا ئەو مۆرفیمانەی کە بۆ نەرێ کردن بەکاردێت(نە، ن مە، نی) بەلاٚم ئەو مۆرفیمانەی کە لە زمانی نوسیندا بەکاردێن، (نە، نا، لا، بێ)بۆ ئەرکی دارشتنی ئاوەلناو دەبینن وەك:

(نە)

- نەخۆش
- نەساغ
- نەفام
- نەمام

نا

- نابینا
- ناخۆش
- ناپیاو
- نامەرد
- ناپاك
- نارەسەن
- ناشیرین

هەندێ وشە هەیە ئەرك بێ (نا) بێ واتا نابەخشێ، وەك:

- ناقۆلاٚ
- نابەجێ
- بێ دین
- بێ ئاگا
- بێ خەوەر
- بێ ئابروی

### ٣- ٢- ٩ ئەركی سینتاكسی جێناوە كەسی لكاوەكان:

ئاشكرایە لە زمانی كوردیدا چەندین زار و شێوەزار هەیە، لە هەر زار تایبەتمەندی خۆی هەیە لە بەركار هێناندا، زاری كرمانجی ژوورو دوو كۆمەڵە جێناوی سەربەخۆ و یەك كۆمەڵە جێناوی لكاو هەیە، لە كرمانجی خواروو یەك كۆمەڵە جێناوی لكاو سەربەخۆ و دوو كۆمەڵە جێناوی لكاوی هەیە، لەڕووی بەكارهێنانەوە دوو كۆمەڵە سەربەخۆكەی كرمانجی ژوورو هەمان ئەركی ڕێزمانی دوو كۆمەڵە جێناوە لكاوەكەی كرمانجی خوارووی هەیە، چونكە دوو زاری سەربەیەك زمانن. لەم شێوەزارەدا بەهەمان شێوەی كرمانجی خواروو یەك كۆمەڵە جێناوی سەربەخۆ و دوو كۆمەڵە جێناوی لكاو هەیە، كە پێشتر دیاریمان كردووە، ئەویش كۆمەڵەی ( A و B) یە.

كۆمەڵەی A

| كەس و ژمارە | تاك | كۆ |
|---|---|---|
| كەسی یەكەم | م | مان |
| كەسی دووەم | ت | تان |
| كەسی سێیەم | ی ، ە ی | یان ، نەی |

كۆمەڵەی B

| كەس و ژمارە | تاك | كۆ |
|---|---|---|
| كەسی یەكەم | م | ین |
| كەسی دووەم | ی – یت | تان |
| كەسی سێیەم | ێ – ێت ، Ø | ن |

### ٣-٢-٩-١ جێناوی كەسێ لكاوەكان وەك ( بكەر )

**١ ) كۆمەڵە (A) وەك بكەر:**

١– ئەگەر كاری ڕستەكە ڕابردووی تێپەڕ سادە بێت و بەركاری ڕاستەوخۆ لەناو ڕستەكەدا باسكرابێت، ئەوا هەمیشە جێناوی لكاوی بكەر دەچێتە دوای بەركارە ڕاستەوخۆكەوە، بەڵام ئەگەر بەركاری ڕاستەوخۆ باس نەكرابێت، ئەوا جێناوی لكاو دەچێتە كۆتایی كارەكە.

| | ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|---|
| ڕابردووی نزیك | – دوێنێ موجەلەیەكم سەن. | – دوێنێ گۆڤارێكم كڕی. |
| لابردنی بەركار | – دوێنێ سەنم. | – دوێنێ كڕیم. |
| ڕابردووی دوور | – موجەلەكەت ورگرتوی. | – گۆڤارەكەت هەڵگرتبوو. |
| ڕابردووی دوور | – تەلەبەكەی مەچری. | – قوتابییەكەی بانگ كرد. |
| ڕابردووی تەواو | – موجەلەكەتان سەنیە. | – گۆڤارەكەتان كڕیوە. |

٢– ئەگەر كاری ڕستە داڕێژراو بێ، ئەگەر بەركاری ڕاستەوخۆ باسكرا بێ، ئەوا جێناوی لكاوی بكەر دەچێتە دوای بەركاری ڕاستەوخۆكەوە، بەڵام ئەگەر بەركاری ڕاستەوخۆ باس نەكرابێ، ئەوا جێناوی كەس لكاوی بكەر دەچێتە كۆتایی كارەكەوە بەپێچەوانەی شێوازی نووسین كە جێناوە لكاوەكە دەچێتە دوای بەشی یەكەمی كارەكەوە، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – ورگرتم . | – هەڵم گرت. |
| – داماخستم. | – دوام خست. |

٣– ئەگەر کاری ڕستەکە لێکدراو بێ، بەرکاری ڕاستەوخۆ باسکرابێ، ئەوا جێناوی لکاوەکە دەچێتە دوای بەرکارەکەوە، بەڵام ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ باس نەکرابێ، ئەوا جێناوە لکاوەکە دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکەوە، وەك:

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – وەوێم نیشان کردەی. | – بوکم نیشان کرد. |
| – نیشانم کردەی. | – نیشانم کرد. |
| – ئیشەکەیان تەمام کرد. | – کارەوکەیان تەواو کرد. |
| – تەمامیان کرد. | – تەواویان کرد. |

| تەمام | یان | کر | د |
|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| بەشی یەکەمی کارەکە | جێناوی لکاوی بکەر | ڕەگی کار | مۆرفیمی کاتی رابردوو |

**٢) کۆمەڵەی (B) وەك بکەر:**

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێنەپەڕ بێ، ئەوە جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی (B) دەبنە بکەر و دەچنە کۆتایی کارەکە، جا ئەگەر کارەکە ( سادە، داڕێژراو، لێکدراو) بێ، ئەگەر کارەکە داڕێژراو یان لێکدراو بێ، بە پاشگری (ۆ) کۆتایی هاتبێ، ئەوا جێناوە کەس لکاوی بکەر دەکەوێتە پێش ئەم پاشگرەوە، هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە جێناوی لکاو کەسی سێیەم لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ دەرناکەوێت.

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| – پێرێ لا هەولێر چویم. | – پێرێ بۆ هەولێر چووم. |
| – لە مەکتب وە یەکەم دەرچویی. | – لە قوتابخانە بە یەکەم دەرچووی. |
| – عەجەلە هاتنۆ. | – خێرا هاتنەوە. |
| – سەرکەفتمانۆ سەرجەڵەکە. | – سەرکەوتینەوە سەر شاخەکە. |

| پێرێ | لا | هەولێر | چوی | م |
|---|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| ئاوەڵکاری کاتی | پێشبەند | بەرکاری ناڕاستەوخۆ | کاری ڕابردوو | جێناوی لکاوی بکەر |

**٣) کۆمەڵەی (B) وەك بکەر:**

ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ بێ، ئەوا جێناوە کەسیە لکاوەکانی کۆمەڵەی (B) دەبنە بکەر و دەچنە سەر کۆتایی کارەکە، جا ئەگەر کاری ڕستە ( سادە ، داڕێژراو، لێکدراو) بێ، جیاوازی لەجێناوی کەسی سێیەمی تاك بەدی دەکرێت لەگەڵ شێوازی نووسین، ئەویش ئەوەیە، کە تەنیا جێناوی ( ێ، ێت) هەیە، لەم شێوەزارەدا و جێناوی ( ان) بوونی نییە، ئەگەر هاتووە ڕەگی کارەکەش بەدەنگێکی بزوێنی (ە) ئەوا بزوێنەکە تێدا دەچێ جێناوەکە خۆی دەچەسپێنێ.

| ش. ن | ش. ڕ |
|---|---|
| – وانەکە دەخوێنن. | – دەرسەکە مەخۆنن. |
| – گوندەکان ئاوەدان دەکەینەوە. | – دێکان ( ئاوایەکان) ئاودان مەکەینۆ. |
| – لەپێناو نیشتماندا تێدەکۆشین. | – لەپێناو وڵات تێمەکۆشین. |
| – نان لە ماڵ دەکات. | – نان لە ماڵ مەکێ. |
| – دوکانەکە دادەخات. | – دوکانەکە دامەخێ. |
| – کۆترەکە هەڵدەفڕێن. | – کەمۆترەکە ورمەفرین. |

دەرسەکە ← بەرکاری ڕاستەوخۆ، مەخۆن ← کاری داخوازی، ن ← جێناوی لکاوی بکەر

**٤) جێناوە لکاوەکانی بکەری کاری داخوازی**

ئەگەر کاری ڕستەکە داخوازی تێپەڕ و تێنەپەڕ بێ ( سادە، داڕێژراو، لێکدراو ) بێ، ئەوا جێناوە کەسییە لکاوەکانی (Ø – ن ) دەبنە بکەری و دەچنە کۆتایی کارەکەوە.

| ش. ن | ش. ڕ |
|---|---|
| – وەرە. | – بەو. |
| – وەرن. | – بەون. |
| – دانیشە. | – دانیش. |
| – دانیشن. | – دانیشن. |
| – دووبارە بکەوە. | – دووبارەکەرۆ. |
| – بکڕی. | – بسەن. |
| – بکڕن. | – بسەنن . |

بـ ← نیشانەی داخوازی، سەن ← ڕەگی کار، ن ← جێناوی لکاوی بکەر

### ٣-٢-٩-٢ جێناوە كەسیی لكاوەكان وەك بەركاری ڕاستەوخۆ:

**١) كۆمەڵە جێناوی كەسی لكاوی (A) وەك بەركاری ڕاستەوخۆ.**

١- ئەگەر كاری ڕستەكە ڕانەبردووی تێپەڕ بێ، ئەوا كۆمەڵە جێناوی كەسی لكاوی (A) دەبنە بەركاری ڕاستەوخۆ، ئەگەر كاری ڕانەبردووی تێپەڕ سادە بێ بێ جێناوی لكاوی بەركار دەچێتە كۆتایی كارەكە و دوای جێناوی بكەریش و دەركەوتنی ناوەبەندی (ە) لەنێوانیان.

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| - مەناسێتەم. | - دەم ناسێت. |
| - مەناسێتەمان . | - دەمان ناسێت. |
| - مەگرینە یان . | - دەیانگرین. |

| مـــــــە | ناس | یـــــ | ـــــە | مـــــــان |
|---|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| نیشانەی ڕانەبردوو | ڕەگی كار | جێناوی لكاوی بكەر | ناوەبەند | جێناوی لكاوی بەركاری ڕاستەوخۆ |

♦ لەم شێوەزارەدا هەردوو جێناوی لكاوی كۆمەڵەی (B) كە وەك بكەر دەردەكەوێت و كۆمەڵەی (A) وەك بەركاری ڕاستەوخۆ دەردەكەوێت بەدوای یەكتریدا دێت، بەڵام (ە) وەك ناوەندی دەكەوێتە نێوانیان.

٢- بەڵام ئەگەر كاری ڕانەبردووی تێپەڕ ( داڕێژراو یان لێكدراو) بێ، ئەوا جێناوی كەسی لكاوی بەركاری ڕاستەوخۆ دەچێتە دوای بەشی یەكەمی كارەوە.

| ش. ڕ | ش.ن |
|---|---|
| - هەڵت مەوژارن. | - هەڵت دەبژێرن. |
| - هەڵتان مەوژارن. | - هەڵتان دەبژێرن. |

| هــــــەڵــ | تـــــــــان | مــــــە | وژار | ن |
|---|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| بەشی یەكەمی كارەكە | جێناوی لكاوی بەركار ڕاستەوخۆ | نیشانەی ڕانەبردوو | ڕەگی كار | جێناوی لكاوی بكەر |

| | |
|---|---|
| - هانی مەرێ. | - هانی دەدات. |
| - هانیان مەرێ. | - هانیان دەدات. |

| هـــــان | یــــــان | مـــــە | ڕ | ێ |
|---|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| بەشی یەكەمی كارەكە | جێناوی لكاوی بەركاری ڕاستەوخۆ | نیشانەی ڕانەبردوو | ڕەگی كار | جێناوی لكاوی بكەر |

**٢) كۆمەڵە جێناوی كەسی لكاوی (A) وەك بەركاری ڕاستەوخۆ:**

١- ئەگەر كاری ڕستەكە ڕابردووی تێپەڕ بێ، ئەوا كۆمەڵە جێناوی كەسی لكاوی (A) دەبنە بەركار، جا ئەگەر كارەكە(سادە) بێ ئەوا جێناوی لكاوی بەركار ڕاستەوخۆ دەچێتە دوای جێناوی بكەر دەكەون، ئەوەی جێ سەرەنجە كە

لەم شێوازارەدا کۆمەڵە جێناوی کەسی لکاوی (A) دەبێتە بکەر و بەرکاری کاری ڕابردووی تێپەڕ پێکەوە و دەرکەوتنی ناوبەندی (ە) لەنێوانیان.

| ش . ن | ش . ڕ |
|---|---|
| – گرتمی . | – گرتەیم . |
| – گرتت. | – گرتەیت . |
| – گرتییت . | – گرتتەی . |
| – گرتینی. | – گرتەیمان. |
| – گرتنی . | – گرتەیتان . |
| – گرتنیت. | – گرتتەیان . |

گرت ← ڕەگی کار
ت ← جێناوی لکاوی بکەر
ـــە ← ناوبەند
یان ← جێناوی لکاوی بەرکاری ڕاستەوخۆ

٢– ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی داڕێژراو یان لێکدراو بێ، ئەوا جێناوی لکاوی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەچنە کۆتایی کارەکە دوای جێناوی کەسی لکاوی بکەریش و بە دەرکەوتنی ناوبەندی (ە) لە نێوانیاندا بەدی دەکرێن.

| ش . ن | ش . ڕ |
|---|---|
| – دای مەزراندم . | – دامەزرانەیم . |
| – دای مەزراندیت. | – دامەزرانەیت . |
| – دای مەزراند . | – دامەزرانتەی . |
| – دای مەزراندین . | – دامەزرانەیمان . |
| – دامەزراندن . | – دامەزرانەیتان . |
| – دای مەزراندن. | – دامەزرانتەیان . |

دا ← بەشی یەکەم کارەکە
مەزران ← ڕەگی کار
ت ← جێناوی لکاوی بکەر
ـــە ← ناوبەند
یان ← جێناوی لکاوی بەرکاری ڕاستەوخۆ

| ش . ن | ش . ڕ |
|---|---|
| – یارمەتی دام . | – یارمەتیمیدا. |
| – یارمەتی دایت . | – یارمەتیتیدا . |
| – یارمەتییدا. | – یارمەتییدا . |
| – یارمەتی داین. | – یارمەتیمانیدا. |
| – یارمەتی دان. | – یارمەتیتانیدا . |
| – یارمەتی دان. | – یارمەتییانیدا . |

یارمـــەتی ← بەشی یەکەمی کارەکە
یـــان ← جێناوی لکاوی بکەر
یـــــ ← جێناوی لکاوی بەرکار
دا ← بەشی دووەمی کارەکە

**٣) کۆمەڵە جێناوی کەسی لکاوی (A) وەك بەرکاری ڕاستەوخۆ**

١– ئەگەر کاری ڕستەکە داخوازی تێپەربێ، لەگەڵ ئەم کارانەدا کۆمەڵـەی جێنـاوی کەسـی لکـاوی (A) دەبنـە بـەرکاری ڕاستەوخۆی کاری داخوازی تێپەڕ (سادە) بێ، ئەوا جێناوی کەسی لکاو لە دەوری بەرکاردا دەچـێتە دوای نیـشانەی (ب) ەوە.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – بم گرن . | – بم گرن . |
| – بمانگر . | – بمان گرە . |
| – بی گرن . | – بی گرن . |
| – بیان گر . | – بیان گرە. |

| ب | یـــان | گـر | Ø |
|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| نیشانەی داخوازی | جێناوی لکاوی بەرکاری ڕاستەوخۆ | ڕەگی کار | جێناوی لکاوی بکەر |

٢– بەڵام ئەگەر کاری داخوازی تێپەڕ داڕێژراو یان لێکدراو بێ، ئەوا جێناوی کەسی لکاو لە دەوری بەرکاری ڕاستەوخۆ دەچێتە دوای بەشی یەکەمی کارەکەوە.

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – وەرم برن. | – وەرم بگرن . |
| – وەرمان بر . | – وەرمان بگرە. |
| – وەری برن . | – وەری بگرن . |
| – وەریان بر. | – وەریان بگرە . |

| وەر | ی | بر | ن |
|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| بەشی یەکەم کار | جێناوی لکاوی بەرکاری ڕاستەوخۆ | ڕەگی کار | جێناوی لکاوی بکەر |

| | |
|---|---|
| – عەفوم کەن. | – بم بەخشن. |
| – عەفومان کە. | – بمان بەخشە. |
| – عەفوی کەن . | – بی بەخشن. |
| – عەفویان کە . | – بیان بەخشە. |

| عەفو | یان | کە | Ø |
|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| بەشی یەکەم کار | جێناوی لکاوی بەرکاری ڕاستەوخۆ | ڕەگی کار | جێناوی لکاوی بکەر |

♦ لە کاری داخوازی لێکدراودا نیشانەی ( ب) ی داخـوازی دەرناکـەوێ، ئـەویش بـۆ ئـابووری کـردن و سـسوکرکردنەوەی ئاخاوتن.

٣– هەندێ حاڵەتی تایبەت هەیە، کە جێناوی بەرکار لەگەڵ کاری داخوازیدا دەکەوێتە کۆتایی کارەکەوە، دوای جێناوی بکەریش بە دەرکەوتنی ناوبەندی (ە) لە نێوانیان.

| ش. ڕ | ش. ن |
|---|---|
| – بچڕنەم . | – بانگم بکەن. |
| – بچڕنەمان. | – بانگمان بکەن. |
| – بچڕنەی. | – بانگی بکەن. |
| – بچڕنەیان . | – بانگیان بکەن. |

| بـ | چڕ | ن | ــە | یــــان |
|---|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| نیشانەی داخوازی | ڕەگی کار | جێناوی لکاوی بکەر | ناوبەند | جێناوی لکاوی بەرکاری ڕاستەوخۆ |

### ٣-٢-٩-٣ جێناوە کەسیێ لکاوەکان وەك بەرکاری ناڕاستەوخۆ:

#### ١) کۆمەڵە جێناوی کەسی لکاوەکانی(A)

١– ئەگەر کاری ڕستەکە تێنەپەڕی ڕابردوو یان ڕانەبردووی سادە، داڕێژراو یان لێکدراو بێ، بکەرەکە لەناو ڕستەکەدا باس کرابێت، ئەوا کۆمەڵە جێناوی کەسی لکاو لە کۆمەڵەی (A) لە دەوری بەرکاری ناڕاستەوخۆدا دەچنە دوای ئەو ناوەی کە بکەری ڕستەکەیە، بەڵام ئەگەر ناوە لابری ئەوا جێناوی لکاو بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەچێتە دوای پێشبەندەکەوە.

| ش . ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – کاغەزەکەم لاهات. | – نامەکەم بۆ هات. |
| – لام هات . | – بۆ هات. |
| – پارەکەت لەی کەفت. | – پارەکەت لێ کەوت. |
| – لەت مەکەڤ . | – لێن دەکەوێت. |
| – خەوەرەکەیان وەی گەیی. | – هەواڵەکەیان پێ گەیشت. |
| – وەیان گەیی . | – پێیان گەیشت. |

| وە | یان | گەی | ی |
|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| پێشبەند | جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ | کاری ڕابردوو | جێناوی لکاوی بکەر |

٢– بەڵام ئەگەر کاری ڕستەکە کاری بکەر نادیاری ڕابردوو و ڕانەبردووە. ئەوا کۆمەڵە جێناوی کەسی لکاوەکانی (A) دەبنە بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە دوای جێگیری بکەرەکانەوە دەبێت، لەگەڵ بوونی پێشبەندی(لا، لەی) لە ڕستەکاندا، بەڵام ئەگەر جێگیر بکەرەکان لە ڕستەکاندا لابرێت، ئەوا جێناوە کەسییە لکاوەکانی دەوری بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەچنە دوای پێشبەندەکەوە.

| ش.ڕ | ش . ن |
|---|---|
| – ئێشەکەم لا تەمام کریا. | – کارەکەم بۆ تەواوکرا. |

– دەفتەرەکەت لەی سەتریا. – دەفتەرەکەت لێ ستێنرا.

– دەفتەرەکەت لەی مەسەنرێت. – دەفتەرەکەت لێ دەستێنرێت.

– لەت سەنریا. – لێت ستێنرا.

| دەفتەرەکە | ت | لەی | مەسەنر | ێت |
|---|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| بەرکاری ڕاستەوخۆ | جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ | پێشبەند | کاری ڕانەبردوو | جێناوی بکەر |

٣– هەروەها ئەگەر کاری ڕستەکەڕانەبردووی تێپەڕی سادە، داڕێژراو یان لێکدراو بێت و بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەکەدا باسکرابێت، ئەوا جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی (A) دەبنە بەرکاری ناڕاستەوخۆ و دەچنە سەر پێشبەندەکەوە.

ش. ڕ / ش. ن

– ئاوایەکانیان لائاوەدان مەکەنۆ . – گوندەکانیان بۆ ئاوەدان دەکەنەوە.

– لا یان ئاوەدان مەکەنۆ . – بۆیان ئاوەدان دەکەنەوە.

– ئیشەکەت وەی مەسیارێ. – کارەکەت پێ دەسپێرێت.

– دەرسەکەمان لەی مەگەنێ. – وانەکەمان تێ دەگەیەنێت.

– لە مان مەگەنێ . – تێمان دەگەیەنێت.

| دەرسەکە | مان | لەی | مەگەن | ێ |
|---|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| بەرکاری ڕاستەوخۆ | جێناوی لکاوی بەرکاری | پێشبەند | کاری ڕانەبردوو | جێناوی لکاوی بکەر |

٤– ئەگەر کاری ڕستەکە داخوازی تێپەڕ بێ و بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەکەدا باسکرابێت، ئەوا جێناوە کەسییە لکاوەکانی (A) دەبنە بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە دوای بەرکاری ڕاستەوخۆکەوە دێت، بەڵام ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ لابرا، ئەوا جێناوی کەسییە لکاوەکان دەچنە دوای پێشبەندەکەوە.

ش. ڕ / ش. ن

– داڕشتنەکەم / نویسینەکەم / ئینشاکەم | لا بخۆنۆ. – داڕشتنەکەم بۆ بخوێنەوە.

– بۆم بخۆنۆی. – بۆ بخوێنەوە.

– خەزورەکەیان وەی بێش. – هەواڵەکەیان پێ بڵێ.

– وەیان بێش . – پێیان بڵێ.

| خەزورەکە | یان | وە | ی | بێش |
|---|---|---|---|---|
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| بەرکاری ڕاستەوخۆ | جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ | پێشبەند | جێناوی بکەر | کاری ڕانەبردوو |

٥– ئەگەر کاری ڕستەکە داخوازی تێنەپەڕ بێ، ئەوا جێناوی لکاوی (A) بەرکاری ناڕاستەوخۆ هەمیشە لەدوای پێشبەندەکە دێت.

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – وەیان بگەن. | – پێیان بگەن. |
| – لەیان بگەن. | – تێیان بگەن. |

| لە | یــــــــان | بگــــە | ن |
| --- | --- | --- | --- |
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| پێشبەند | جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ | کاری داخوازی | جێناوی لکاوی بکەر |

٦– ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕی سادە یان داڕێژراو یان لێکدراو بێ، ئەوا جێناوی کەسییە لکاوانەی کۆمەڵەی (A ) کە دەبنە بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە دوو شێوەی جیاواز دەردەکەون.

| ش. ڕ | ش. ن |
| --- | --- |
| – پرسیارەکانی لام چاپکرد. | – پرسیارەکانی بۆم چاپکرد. |
| – لامی چاپکرد. | – بۆمی چاپکرد. |

| لا | مـ | ی | چاپکرد |
| --- | --- | --- | --- |
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| پێشبەند | جێناوی لکاوی بەرکاری ناڕاستەوخۆ | جێناوی لکاوی بکەر | کاری ڕابردووی |

### ٣-٢-٩-٤ جێناوی کەسی لکاوەکان وەك دیارخەری ناو:

جێناوی کەسی لکاو دەتوانێت ببێت بە دیارخەری ناو، بەڵام پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا ئەوە بهێننەوە یادمان، کە ئەم دیارخستنە پێویستی بە(ی) ئامرازی دانەپاڵ نابێت.

١– ئەگەر کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕ یان تێنەپەڕ بێ، ڕابردووی تێنەپەڕ، یان بکەر نادیار یان داخوازی بێ، ئەوا هەمیشە جێناوی لکاوی دیارخەری ناو یەکسەر دوای ناو دیارخراوەکە دەرکەوێت، خۆ ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بەناوێك یان چەند ناوێك یان بە ئاوەڵناوێك بەدیارخرا، ئینجا بەجێناوی لکاو بەدیاربخرێت، ئەوا جێناوە لکاوە دیارخەرەکە لەدوای هەموو دیارخراوەکان دێت.

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| – هامراکەم چوی لا سەیرانخانەی دوکان. | – هاوڕێکەم چوو بۆ سەیرانگای دوکان. |
| – مامۆستاکەمان مایە لادیین مەعرەزەکە. | – مامۆستاکەمان دێت بۆ سەیرکردنی پیشانگەکە. |
| – کتابخانەی شارەکەمان نویٚ ژەن مەکەنۆ. | – کتێبخانەی شارەکەمان نۆژەن دەکەنەوە. |
| – بەیانی گۆرانیە تازەکەم تەسجیل مەکەم . | – بەیانی گۆرانیە نوێیەکەم تۆمار دەکەم. |
| – حەپسەکانمان وەر دریان. | – زیندانیەکانمان ئازاد کران. |
| – قسەکەمان بگەنن وە مللەت. | – پەیامەکەمان بگەیەنن بە هاوڵاتیان. |

| هامراکەم | م | چوی | لا | سەیرانخانە | ی | دوکان |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| دیارخراو | جێناوی لکاوی دیارخەر | کاری ڕابردوو | پێشبەند | دیارخراو | ئامرازی دانەپاڵ | دیارخەر |

بکەر (هامراکەم + م)

بەرکاری ناڕاستەوخۆ (سەیرانخانە + ی + دوکان)

٢- ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕبێت و بمانەوێت ئەو ناوەی کە ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ دەبینێت، جێناوێکی کەسی لکاو بێت بە دیارخەری ئەوا دەشێت بە دوو شێوە بێ:

أ- جێناوی لکاوی دیارخەرەکە یەکسەر لە دوای ناوە دیارخراوەکەوە بێ لە کۆمەڵەی (A) بێ، ئەوا ئەگەر ناوە دیارخراوەکە ئاوەڵناوێك ببێتە دیارخەری پاشان بەجێناوێکی کەسی لکاو دیارخرا، ئەو جێناوە کەسییەکە دەچێتە دوای ئاوەڵناوەکەوە.

ب- یان جێناوی کەسییە لکاوە دیارخەرەکە دەچێتە دوای کارەکەوە، ئەو جێناوی کە بە بەرکاری ڕاستەوخۆکەوە دەلکێت ئەوا جێناوی بکەرە

| ش . ڕ | ش . ن |
| --- | --- |
| - کاغەزەکەتم گەئان. | - نامەکەتم گەیاند. |
| - قەڵەمە سەوزەکەتم برد. | - پێنوسە سەوزەکەتم برد. |
| - کاغەزەکەم گەئاند. | - نامەکەم گەیاندیت. |
| - قەڵەمە سەوزەکەم بردت. | - پێنوسە سەوزەکەم بردیت. |

| کاغەزەکە | ت | م | گەئان |
| --- | --- | --- | --- |
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| دیارخراو | جێناوی لکاو دیارخەر | جێناوی لکاوی بکەر | کاری ڕابردوو |

بەرکاری ڕاستەوخۆ (کاغەزەکە + ت)

| کاغەزەکە | م | گەئان | ت |
| --- | --- | --- | --- |
| ↓ | ↓ | ↓ | ↓ |
| دیارخراو | جێناوی لکاوی بکەر | کاری ڕابردوو | دیارخەر |

# ئه نجام

١– شێوەزاری ڕۆژبەیانی یەکێك لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی شێوەی ئاخاوتنی هۆزێکی گەورەی کوردی، ئەم شێوەزارە تێکەڵاوێکە لە نێوان هەر دوو زاری ( گۆران، لوڕی) دا، لە هەندێ ڕووەوە دەچێتە سەر زمانی گۆران وەك جێناوە خۆییەکان ئەسپێکتەکانی کار،...هتد)، لە ڕووی داڕشتنی ناو و کۆکردنەوەی ناوەوە دەچێتە سەر لقە زارەکانی لوڕی، وەك: فەیلی، لەکی، کەلهوری،...هتد. هەروەها هاوبەشێکی زۆریان لەنێواندا هەیە، لەگەڵ شێوەزارەکانی تری شاری کەرکوك، وەك: (زەنگنە، کاکەیی ، ... هتد)

٢– یاسا مۆنۆلۆجییەکان و مۆرفۆلۆجییەکان:

یاسا فۆنۆلۆجییەکان

■ لەم شێوەزارەدا یاسا فۆنۆلۆجیەکان زۆر بەڕوونی دەردەکەون، وەك (گۆڕانی دەنگی نەبزوێن و بزوێن، لە ناوچوونی دەنگ، جێگۆڕکێی دەنگ، زیادبوونی دەنگ، ئاڵۆزی دەنگەکان، جێگۆڕکێی دەنگ زیاتر لە وشانەدا بەدی دەکرێت، کە لە زمانی بێگانەوە وەرگیراوە.

■ یاسا مۆرفۆلۆجیەکان:

– ناو لەڕووی ژمارەوە مۆرفیمی{ە ڵ} بۆ کۆکردنەوە ناو بەکاردێت، بەڵام ئەگەر ناوەکە ناسراوکرا بە{ە کە} ی ناسراوی، ئەوا بە {ان} کۆدەکرێتەوە.

– لە نەناسراوی کردنی ناودا زیاتر {ێ} بەکاردێت بەراورد بە ئەلۆمۆرفەکانی تری نەناسراوی.

– جێناوەکان بەگشتی هەمان بەکارهێنانی و ئەرکی جێناوەکانی زمانی نووسینیان هەیە، هەرچەند لەڕووی شێوە و ڕۆنانەوە جیاوازە، جێناوە لکاوەکانی جیاوازە لەگەڵ جێناوە لکاوەکانی زمانی نووسین لەڕووی ڕۆنانەوە.

– ئەسپێکتەکانی کار {مە} بە دوو شێوە دەردەکەوێ و دەبێتە مۆرفیمی کاری ڕانەبردوو، و کاری داخوازی پێ نەرێ دەکرێت، بەڵام بەپێی جێناوە لکاوەکان و باری قسەکردنەکە لەیەکتر جیادەکرێتە، هەروەها مۆرفیمی {ۆ} دەردەکەوێ وەك پاشگری لە کۆتایی کارەوە دووبارەکردنەوەی دەبەخشێتە کارەکە.

– {ستە سە} مۆرفیمی بەتاڵە لەنێوان ڕەگی کار و جێناو لکاوەکە بەدی دەکرێت، و هەندێ جار لەنێوان دوو جێناوی لکاوی (بکەر و بەرکار) دەردەکەوێت.

٣– لەڕووی سینتاکسەوە:

– ئامرازەکانی دانەپاڵ (ە، ی) لەم شێوەزارەدا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لەنێوان ئەو فرێزانەی، کە دیارخراوەکە بەدەنگێکی بزوێن کۆتایی دێت.

– ئەو دیارخراوانەی کە بەدەنگێکی نەبزوێن کۆتاییان دێ، ناوی تایبەت یان گشتی بێ، ئەوا بەبێ ئامرازی دانەپاڵ دیارخراو و دیارخەر دەچنە پاڵ یەکتری، هەروەها ئەگەر دیارخەر ئاوەڵناو بێ، ئەوا نیشانەی ناسراوی و کۆ دەچنە دوای دیارخەرەوە.

– لە پێکهاتەی دیارخراو و دیارخەردا ئەگەر دیارخەری دووەم جێناوێکی لکاو دەربڕێ، ئەوا ئەو ئامرازە دانەپاڵانەی، کە دەردەکەون یان نا ئەوا هەر بەپێی دەنگی کۆتایی دیارخراوەکەیە.

– لە دۆخی بانگکردندا بە بەکارهێنانی ناوە گشتییەکان و لکاندنی نیشانی ناسراوی بۆ تاکی نێر و مێ و نیشانی (ە ڵ) بۆ کۆ نێر و مێ.

– ئەو ڕێککەوتنە ڕێزمانییانەی لەم شێوەزارەدا بەدی دەکرێت، ڕێککەوتنی (بکەر و بەرکار) ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕبێ، (بکەر و کار) ئەگەر کاری ڕستە ڕابردووی تێنەپەڕ وە ڕانەبردوو تێپەڕ و تێنەپەڕ بێ.

– سەرەرای ئەوەی زمانی کوردی دیاردەی کەوتنی بکەر تێدا بەدیٔ دەکرێت، بەلاّم بەشێوەیەکی گشتی زۆر لەم شێوەزارەدا بەکاردەهێنرێت، و کلیتکی بکەری لەسەر کار و بەرکار بەدی دەکرێت.

■ مۆرفیمەکانی ناکردن لەم شێوەزارەدا بریتین لە:

{نە} بۆ نەری کردنی دەمەکانی کاری ڕابردوو.

{ن} بۆ نەری کردنی کاری ڕانەبردوو.

{مە} بۆ نەری کردنی کاری داخوازی.

بۆ نەری کردنی کاری ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ ، مۆرفیمی {ن} دەچێتە پێش مۆرفیمی ڕانەبردووەکە. بەبیٔ لابردنی مۆرفیمی کاری ڕانەبردووە {مە}.

{مە} لەگەڵ کاری داخوازی بۆ نەریٔ کردنە، بە پێی جێناوە لکاوەکانی بکەر جیادەکرێتەوە ئەویش بۆ کەسی دووەمی تاك {Ø} ، بۆ کەسی دووەمی کۆ {ن }.

بەلاّم{مە} وەك ئەسپێکتی کاری ڕانەبردوو لەگەڵ کۆمەڵە جێناوی لکاوی (B) دا بەدی دەکرێت، کاری ڕانەبردوو بە مۆرفێمی {ن } نەریٔ دەکرێت، بەبیٔ ئەوەی ئەسپێکتی {مە } لاببرێت، ئەم دیاردەیە لە زمانی فارسیدا بەدی دەکرێت.

■ ئەرکی جێناوە لکاوەکان لە ڕستەدا:

– کۆمەڵە جێناوی کەسی لکاوی (A) دەبنە بکەری کاری ڕابردووی تێپەڕی سادە و داڕێژراو و لێکدراو، و دەبنە بەرکاری ڕاستەوخۆی کاری ڕانەبردووی تێپەڕ و کاری داخوازی تێپەڕ، هەروەها دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆی کاری ڕابردووی و ڕانەبردوو و داخوازی تێپەڕ و تێنەپەڕ.

– کۆمکەڵە جێناوی کەسی لکاوی (B) دەبنە بکەری کاری ڕابردووی تێنەپەڕ و بکەری کاری ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ و بەرکاری ڕابردووی تێپەڕ.

– دەرکەوتنی جێناوە کەسی لکاوەکان لە ئەرکی (بکەر و بەرکار) دا لە کۆتایی کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێپەڕی سادە و داڕێژراو و لێکدراودا و دەرکەوتنی ناوەبەندی {ە} لەنێوان هەردوو جێناوەکەدا.

– جێناوە کەسی لکاوی بکەری کاری داخوازی بۆ کەسی دووەمی تاك دەرناکەویٔ، بۆ کەسی دووەمی کۆش {ن}.

**یەکەم: بە زمانی کوردی:**

١- ئازاد ئەمین فەرەج ( ١٩٩٨) مۆرفیمەکانی (ە) لە دیالێکتی کرمانجی خواروو، نامەی ماستەر، کولێجی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

٢- ئازاد ئەحمەد حوسێن ( ٢٠٠١) ئەرکی ئەڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣- ئەحمەد حەسەن فتح الله (١٩٩٠) بکەر وەك بەشێکی سەرەکی ڕستە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٤- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٤) چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی بەغدا.

٥- ــــــــــــ (١٩٧٦) زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنانیی فۆنەتیکدا، کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا.

٦- ــــــــــــ (١٩٧٩) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆجی، بەشی یەکەم، ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٧- ــــــــــــ (١٩٩٨) ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆجی، بەشی دووەم، جێناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٨- ــــــــــــ (١٩٩٨) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆجی، بەشی چوارەم ( ژمارە و ئاوەڵکردا)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٩- ــــــــــــ (٢٠٠٠) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆجی، بەشی پێنجەم، کردار، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

١٠- ــــــــــــ (٢٠٠٠) دیاردەکانی دەنگی (د) لە شێوەی سلێمانیدا، بەغدا.

١١- ــــــــــــ (٢٠٠٤) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی ( کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی) سلێمانی.

١٢- ئەولیا چەلەبی (١٩٧٩) ، کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا( سیاحە تنامەی ئەولیا چەلەبی)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کوردی، بەغدا.

١٣- بەدرخان سلێمان عەلی (٢٠٠٦) جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا بە کەرەستەی هەر چوار دیالێکتەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

١٤- بەرکر عومەر عەلی و شێرکۆ ئەمین (٢٠٠٦) زار و شێوازار، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

١٥- بێستون حەسەن ئەحمەد (٢٠٠٨) ڕۆنانی کردار لە زاری هەورامیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،.

١٦- پ. ك . ك. کوردۆیف (١٩٨٤) ڕێزمانی کوردی – بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، و: کوردستانی موکریانی، من المطبوعات الامانة العامة للثقافة والشباب، بەغدا.

١٧- پ. ك . ك. کوردۆیف (١٩٨٣) فەرهەنگی کوردی– ڕووسی ( سۆرانی) چاپی یەکەم، دەزگای چاپەمەنی زمانی ڕووسی، مۆسکۆ.

١٨- تارا موحسین قادر (٢٠٠٤) جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا بە کەرەستەی دیالێکتی خواروو، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٩- تاڵب حوسێن عەلی (١٩٨٩) فۆنۆلۆجی دیاردەی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢٠- ـــــــــــــ (١٩٩٨) هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢١- ـــــــــــــ (٢٠١٤) زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٢٢- تاهیر سادق (١٩٦٩) ڕێنووسی - چۆنیەتی نووسینی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شیمال، کەرکوك.

٢٣- تۆفیق وەهبی(١٩٢٩) دەستووری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، دار الطباعة الحدیثة، بەغدا .

٢٤- ـــــــــــــ (١٩٣٩-١٩٤٠) کرمانج لە کوردمانجەوە نەهاتووە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە( ٥، ٦) ، چاپی یەکەم، بەغدا.

٢٥- ـــــــــــــ (١٩٨٣) زانیاری گشتی پێشەکی، گۆڤاری هیوا، ژمارە (١)، لە بلاوکراوەکانی ئەنستیتوی کورد لە پاریس، تشرینی یەکەم.

٢٦- جەمال نەبەز (١٩٧٦) زمانی یەکگرتووی کوردی، ئەلمانیا.

٢٧- ـــــــــــــ (١٩٨٧) نووسینی کوردی بە لاتینی، چاپی دووەم، بنکەی چاپەمەنی نەبەز، ستۆکهۆلم.

٢٨- ـــــــــــــ (٢٠١٤) دوو بابەتی زمانەوانیی زمانی کوردی، کۆبەرهەم ژمارە(١٢)، چاپخانەی شیڤان، سلێمانی.

٢٩- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠) فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٣٠- ـــــــــــــ (٢٠٠٩) پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سێنتاکسییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.

٣١- حوسێن محەمەد عەزیز (٢٠٠٥) سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٣٢- ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن (١٩٩١) بڕگە و ئاسان بوونی بڕگە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٣٣- ڕەفیق سابیر (٢٠٠٨) زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، گۆڤاری کوردۆلۆجی، گۆڤاری مەلبەندی کوردۆلۆجی، ژمارە (١).

٣٤- ڕەفیق شوانی (٢٠٠١) چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان، ن(٢٩٩٩٢) هەولێر.

٣٥ سادق بەهائەدین (١٩٨٧) ڕزمانا کوردی (کرمانجی یا ژۆری و ژیریی یا هەڤبەرکری)، چاپی یەکێ، طبع في مطابع دار الشؤون الثقافیة العامة، بەغدا.

٣٦- سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلاتی، (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، لەبلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٣٧- سەرکەوت عەبدوللا حوسێن (٢٠١١) شێوەزارەکانی شاری کەرکوك، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، هەولێر.

٣٨- سەلام ناوخۆش (٢٠١٠) داگیرکردن هۆکارێك بۆ ستانداربوونی زمان، گۆڤاری گزنگ، ژمارە(٨٥) تشرینی دووەم.

٣٩- سیروان سمین ئەحمەد (٢٠١٥) دورستە سینتاکی لە شێوە ئاخاوتنی ناوچەی کەرکوکدا، زانکۆ سلێمانی.

٤٠- شیروان حسین حمد (٢٠١٤) توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٤١- شێخ محەمەدی خاڵ (٢٠٠٥) فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپی و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٤٢- شهاب شێخ طیب (٢٠١٤) دەربارەی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

٤٣- عەبدول جەبار مستەفا مەعروف (٢٠٠٩) دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٤٤- عەبدولمەناف رەمەزان ئەحمەد (٢٠٠٩) ئەتڵەسی زمان (هەرێمی کوردستان عێراق وەك نموونە) نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤٥- عوسمان کەریم عەبدولڕەحیم (٢٠١٤) وشەی زمانی کوردی و ڕێگای دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٤٦- غازی عەلی خورشید (٢٠١١) زمانی فەرمی بۆ کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤٧- غازی فاتیح وەیس، فازڵ مەجید (١٩٨٧) زمان و ئەدەبی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤٨- فاروق عومەر سەدیق (٢٠١١) لە دایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٤٩- فەریدون عەبدول بەرزنجی و سەباح رەشید (٢٠١٣) بڵاوبوونەوەی زار و زمانەکان لەژێر ڕۆشنایی تیۆری شەپۆلەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، ژمارە(٢٦) هەولێر.

٥٠- فواد حمە خورشید (١٩٨٥) زمانی کوردی و دابەش بوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی، بەغدا، چاپخانەی افاق العربیة.

٥١- ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠١) ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٥٢- ــــــــــــــ (٢٠٠٩) کەرەستە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (شێوەزاری کرمانجی سەروو) چاپخانەی حاجی هاشم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٥٣- کاروان عومەر قادر (٢٠٠٨) ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٥٤- کامل حسن بصیر (١٩٨٤) زمانی نەتەوایەتی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٥٥- کەمال فوئاد (١٩٩٥) فۆنیمەکانی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کتێبی ئەرزان، هەولێر.

٥٦- کەمال میراودەلی (٢٠٠٧) فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

٥٧- کوردستان موکریانی (١٩٨٦) سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا، دار الحریة للطباعة، بەغدا.

٥٨- محەمەد ئەمین زەکی بەگ (٢٠٠٤) خوڵاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بەرگی ( ١-٢) چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٥٩- محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩١٨) زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورد دا، چاپی یەکەم، المکتبة الوطنیة، بەغدا.

٦٠- محەمەد مەحوی (٢٠٠١) ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

٦١- ــــــــــــــ (٢٠٠٨) فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، بەرگی یەکەم، فۆنەتیك زانکۆی سلێمانی.

٦٢– محەمەد مەردۆخی کوردستانی (٢٠١١) مێـژووی کـورد و کوردسـتان، و: زانـەر محەمـەد، چـاپی یەکـەم، چـاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٦٣– محەمەد عومەر عەول (٢٠٠١) دابەش بوونی کرداری لێکدراو، لـەڕووی داڕشـتن و ئەرکـەوە لـە کرمـانجی خـواروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٦٤– محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٩) کار پۆلێن کردن، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٢)،.

٦٥– ـــــــــــ (١٩٩٠) هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٢٥).

٦٦– ـــــــــــ (٢٠١١) زمانەوانی، چاپی سێیەم ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٦٧– محەمەد مەعروف فـەتاح و سـەباح ڕەشـید قـادر (٢٠٠٦) چـەند لایـەنێکی مۆرفۆلـۆجی کـوردی، چـاپخانەی ڕوون، بەشی ڕوناکبیری سلێمانی.

٦٨– نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی (١٩٨٢) ڕێزمانی کوردی بۆ پـۆلی یەکـەمی بەشـی زمـانی کـوردی، زانکـۆی سەلاحەدین.

٦٩– نەسرین فەخری (١٩٨٥) لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی جێگۆڕکێی و هەڵگێڕانـەوە و گـۆڕینی شـوێنی دەنـگ لـە زمـانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٧٠– نوری عەلی ئەمین (١٩٥٨) قواعدی زمانی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.

٧١– ـــــــــــ (١٩٨٦) شێوازی ئەرێ و نەرێ لە ئاخافتنی کوردیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێـراق – دەسـتەی کوردی، بەرگی ( ١٥) ، بەغدا.

٧٢– نیعمت عەلی سایە (٢٠٠٤) ڕێزمانی کوردی زاری کەلهوڕی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،.

٧٣– وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٧٤– ـــــــــــ (٢٠١١) پێتوکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٧٥– ـــــــــــ (٢٠١٥) زاراوەی دۆخ، ڕۆژنامەی بەردخان، ژ ( ١٧٤)، هەولێر،.

٧٦– یوسف شەریف سـەعید (٢٠٠٩) پـرۆژەی دانـانی ئەتڵەسـێکی زمـان بـۆ هـەرێمی کوردسـتان، گۆڤـاری ئـەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٣).

٧٧– ـــــــــــ (٢٠١١) زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧٨– ـــــــــــ (٢٠١٢) ئاشنابوون بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی هەنگاوێکە بۆ لێکگەیشتن و چارەسـەرکردنی کێشەکان، توێژینەوەکانی کۆنفراسی زانستی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

١– احمد علي ابوبكر( الخطيب البغدادي) (بدون سنة الطبعة) تاريخ بغداد، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

٢– احمد محمد ( ابن مسكويه) (١٩١٦) تجارب الامم وتعاقب الهمم، الجزء الثالث، شركة التمدن الصناعية، مصر.

٣– ادى شير (١٩١٣) تاريخ الكلدواشور، الجزء الثاني، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان.

٤– جمال رشيد احمد (٢٠٠٥) ظهور الكورد في التاريخ، الجزء الاول، الطبعة الثانية، مطبعة ئاراس، اربيل.

٥– ج.ڤندريس (١٩٥٠) اللغة، ت. عبدالحميد الدواخلي و محمد القصاص، ناشر المكتبة الانجلو المصرية.

٦- حسام البهناوي (٢٠٠٤) العربية الفصحى ولهجاتها، مكتبة الثقافية الدينية، القاهرة.

٧- خيرالدين محمود محمد (١٩٨٠) الاعلام الزرگلي، الجزء الاول، الطبعة الخامسة، دار العلم للملايين، بيروت، لبنان،.

٨- رمضان عبدالتواب (١٩٩٧) المدخل الى علم اللغة، الطبعة الثالثة، مكتبة الخانجي، القاهرة،.

٩- شرفخاني البدليسي (٢٠٠١) شرفنامه ، ت: محمد جميل الملا احمد الرۆژبيانى، مؤسسة موكريـاني للطباعة والنشر، اربيل.

١٠- شحده فارع والاخرون (٢٠٠٣) مقدمة في اللغويات المعاصرة ، الطبعة الثانية، مكتبة دار طلاس، دمشق.

١١- شمس الدين بن محمد بن عبدالرحمن سخاوي (١٩٣٤) الضوء اللامع في لامل القرن التاسع، الجزء الاول، مكتبة القدسي، القاهرة.

١٢- عباس العزاوي (بدون السنة الطبعة) عشائر العراق، المجلد الاول، الجزء ١-٢، مكتبة الحضارات، بيروت، لبنان.

١٣- عبده الراجحي (١٩٩٦) اللهجات العربية في القراءات القرانية، دار المعرفة الجامعية، اسكندرية.

١٤- عمر رضا كحالة (بدون السنة الطبعة) معجم المؤلفين، الجزء الثاني، الناشر مكتبة المثنى، موسسة دار الاحياء التراث العربي.

١٥- گاصد ياسر الزيدي (١٩٨٧) فقه اللغة العربية، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، العراق.

١٦- ماريو پاى (١٩٩٨) اسس علم اللغة، ت: احمد مختار عمر، الطبعة الثانية، مطبعة عالم الكتب، القاهرة،.

١٧- محمد جميل الملا احمد الرۆژبيانى (٢٠٠١) نبذة عن العشيرة الرۆژبيانيه ( الروزبيانية) والمعروفين من الرۆژبيـانين في الكتب التاريخية، الطبعة الثانية، مطبعة الثقافية، اربيل.

١٨- محمد شفيع الدين (٢٠٠٧) اللهجات العربية وعلاقتها باللغة العربية الفصحى دراسة اللغوية، دراسات الجامعة الاسلامية العالمية شيتاغونغ، (Issn 1813-1133) المجلد الرابع، ديسمبر، (75-96).

١٩- محمد محمد داود (٢٠٠١) العربية وعلم اللغة الحديث، دار القريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

٢٠- هدسون (١٩٩٠) علم اللغة الاجتماعي، ت: محمود عياد، الطبعة الثانية، عالم الكتب ٣٨ عبدالخالق تروت، القاهرة،.

**سێیەم: بە زمانی فارسی:**

١- جك ريچارد ديگران (١٣٧٥) فرهنگ توچيحى زبانشناسى كار بردى، ت: حسين وثوقي، چاپ دوم، مركز ترجمه ونشر كتاب، تهران.

٢- جورج پول (١٣٨٥) بروس زبان، ت. على بهرامى، چاپى دوم، انتشارات، صفا، تهران .

٣- حسن عميد (١٣٤٧) فەرهەنگى عميد، طهران، اذرماه.

٤- روزبهان بقلى شيرازى (١٩٥٨) عبهر العاشقين، تهران، ايران.

٥- محمد بن جرير گبرى (١٣٤٢) تاريخ طبري، ت. ابوقاسم پابنده، جلد چهارم، انتشارات بنياد فرهنگ ايران.

٦- محمد تقى دانش پژوه (١٣٤٧) روزبهاننامه، چاپخانەى بهمن، ايران .

٧- مصطفى عاصى و محمد عبد على (١٩٩٦) واژگان گزيده زبانشنى، شركت انتشارات علمى و فرهنگ، تهران.

**چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی.**

1- Basilc nikitine (1926-1928) Kurdish stories from my collection , B.S.O.S , VOL . IV.

2- Blake , B.J (2004) Case , Gamblride university prees, Gambridge.

3- Chomsky (1986). noam , knowledge of language , Its nature , origin and use . praeger , newyork .

4- Ceystal , D (2012) Adictionary of Iinguistics and phonation , Blak well publishing , fabulous printers , Singapore.

5- E.B. Soane (1913) Grammar of kurmanji or Kurdish Languge , London , Luzac and company.

Fromkin , V (1988) An introduetion to Language , Holt , Rine hort and Winston Ins: U.S.

7- Haspelmath , M (2006) Terminology of Case Hadbook of case , oxford university press , oxford.

8- J.K. (2004) Charmbers and plter trud hill , dialectology-2 rdedition , cambedge , university . press .

9- Katamba , f (1993) morphology , mocmillan prass , London .

10- Nose , m (2006) Diversity of cases: the world Atlas of Language structures , tonoku university / japan society for the promotion of science.

11- Trask , R.L.A.(1993) Dictionary of Grammatical trems in Linguistics , Routledge , London and newyork.

# ملخص البحث

يهدف هذا البحث الموسوم (بعض الجوانب القواعدية في اللهجة رۆژبـاني كركـوك) الى دراسة الظواهر اللغوية في محادثات الرۆژبيانين من خلال استنتاج الجوانب القواعدية في لهجاتهم، اذ بأن هذه اللهجة تعد خليطاً من مجموعة اللهجتين الهورامية واللورية، وقد جائت هذه الدراسة متكاملة من حيث المستويات اللغوية الاربع وهي الاطار النظري للموضوع، نظام الصوتي وعلم الصرف وبناء الجملة، وأجريت الدراسة بالاعتماد على المنهج الوصفي للعمل الميداني.

وأما خطة الرسالة فقد جائت متكونة من مقدمة وثلاثة فصول تتلؤها خاتمة وعلى النحو الآتي:

تناول الفصل الاول: تعريف اللهجات واسباب ظهور اللهجات ( الداخلية والخارجية) وشرح طرق دراسة اللهجات والتوزيعات الجغرافية للهجات اللغة الكوردية وأصل الرۆژبيانين ومواطن سكناهم.

وأما الفصل الثاني فقد تم تقسيمه على مبحثين:

تناول المبحث الاول بعض الجوانب للقواعد الصوتية التي تستنبط من هذه اللهجة مثل تغيير الصوت، تبديل الصوت، حذف الصوت، إضافة الصوت، توافق الصوت وعدمه.

وأما المبحث الثاني فهو خاص بعلم الصرف لهذه اللهجة، ومن خلاله تم توضيح جميع الجوانب التي تتعلق بالمحادثة، من حيث الشكل والتركيب واستعمال كل جانب على حدة، لاسيما المواد التي تتصف بشكل مختلف في اللهجات الاخرى في اللغة الكوردية هي ( الاسم والضمير و الفعل و الظرف).

وجاء الفصل الثالث مقسماً على مبحثين:

تناول المبحث الاول بعض الخصائص المتعلقة ببناء الجملة في هذه اللهجة، مثل نظرية الظرف اللغوي والظرف الندائي، والتوافق اللغوي وأنواعه، وظاهرة التعليق.

أما المبحث الثاني قد اختص بالعناصر الرئيسية للجملة، كالعبارة الاسمية والعبارة الفعلية، والبحث عن قواعد وأسس توسيع هذه العبارات، ثم العلاقة بين العبارات، وترتيب العناصر في الجملة في هذه اللهجة وكذلك دراسة العبارة الوصفية ودورهما في توسعه العبارتين الرئيستين للجملة، وكيفية النفي وأداة النفي التي تنفي بها الجملة في هذه اللهجة، وكذلك دور الضمائر المتصلة في بناء العبارة و الجملة.

# Abstract

The present study entitled "Some Grammatical Aspects of Kirkuk Rojhbeyany's Spoken Kurdish" deals with the linguistic phenomena in the discourse of people speak the Rojhbeyany dialect through concluding the grammatical aspects of their dialect as it is considered as a mixture of both Hawrami and Lurri dialects. The study is a comprehensive one as it tackles. The four linguistic levels of which are: the theoretical framework, phonology, morphology, and syntax. The study is conducted as a descriptive field approach.

The outline of the study consists of the introduction and three other chapters followed by a conclusion and as follows:-

Chapter one deals with the definition of dialect and the reasons behind their appearances, the analysis of the methods of studying dialects, the geographical distributions of Kurdish dialects, and the origin of the Rojhbeyany people and their homeland.

Chapter two is divided into two sections: the first one deal with the phonological rules derived from the mentioned dialect such as the changes, substitutions, elision, addition and the harmony and non-harmony of the phonemes. While the second section is devoted to the morphology of the mentioned dialect and through which all the discourse aspects have been clarified such as the form and all the other aspects especially those which differ from that of the other Kurdish dialects, for instance, nouns, pronouns, verbs, adjectives, and adverbs.

Chapter three is divided into two sections as well. Section one deals with some syntactic features of the studied dialect such as the adverbial linguistic theory, the vocative adverbials, the linguistic correspondence and its types, and the phenomenon of topiclization. Whereas the second section is devoted to the main elements of a sentence such as noun phrase, and verb phrase, the rules and buses of expanding these phrases, the relation between them, and the arrangement of these phrases in the sentence of the dialect.


Moreover, the adjectival phrases and their roles in the expulsion of the previous two phrases, the relation between these phrases, and the arrangement of the elements of sentences in the dialect mentioned have been studied.

In addition, the way of negation, the negation articles as well as the role of the attached pronouns in the structure of phrases and sentences are all investigated.

## چاوپێکەوتنەکان

جگە لە لیستی سەرچاوەکان، بەشێوەیەکی مەیدانی پراکتیکی سەردان و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەم کەسانەدا کردووە، بەمەبەستی ئاشنابوون بە یەکە زمانەکان ئەم شێوەزارەدا لە سنووری شاری کەرکوك و دەوروبەری، کە دەکەوێتە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەدا.

| ژ | ناوی کەسەکان | ساڵی لەدایکبوون | پیشە | مێژووی چاوپێکەوتن |
|---|---|---|---|---|
| ١- | ئاسۆ علي شاويس | ١٩٩٠ | مامۆستا | ٢٠١٦/٩/٢٧ |
| ٢- | احمد حسن احمد | ١٩٧٥ | مامۆستا | ٢٠١٦/٧/٢١ |
| ٣- | جميل حسين احمد | ١٩٦٧ | مامۆستا | ٢٠١٦/٧/٢٤ |
| ٤- | حسين علي عبدالله | ١٩٣٣ | نەخوێندەوار | ٢٠١٦/٩/٦ |
| ٥- | حسن احمد فرج | ١٩٥٢ | فەرمانبەر | ٢٠١٦/١١/١٠ |
| ٦- | خرامان محمد فرج | ١٩٤٣ | نەخوێندەوار | ٢٠١٦/٦/١٤ |
| ٧- | زانا غريب شامار | ١٩٨٨ | فەرمانبەر | ٢٠١٦/٦/١٩ |
| ٨- | سليمان احمد مصطفى | ١٩٣٧ | نەخوێندەوار | ٢٠١٦/٧/٢٦ |
| ٩- | شيرزاد محمد امين | ١٩٤٥ | مامۆستا | ٢٠١٦/٨/٢٨ |
| ١٠- | صباح حسن احمد | ١٩٨٢ | خوێندەوار | ٢٠١٦/٩/٢٩ |
| ١١- | صلاح الدين سليمان احمد | ١٩٦٦ | خاوەن پیشە | ٢٠١٦/١٠/٣٠ |
| ١٢- | طارق حسين علي | ١٩٦٥ | نەخوێندەوار | ٢٠١٦/١٠/٢٤ |
| ١٣- | عدنان حسين علي | ١٩٧٦ | خوێندەوار | ٢٠١٦/٧/٢٨ |
| ١٤- | عثمان محمد صديق | ١٩٥٩ | فەرمانبەر | ٢٠١٦/٦/٢٩ |
| ١٥- | فلاح حسن احمد | ١٩٧١ | مامۆستا | ٢٠١٦/٦/٢٤ |
| ١٦- | محمد سليمان احمد | ١٩٦٠ | خوێندەوار | ٢٠١٦/٧/١٠ |
| ١٧- | محمد صابر سعيد | ١٩٤٧ | نەخوێندەوار | ٢٠١٦/٦/١٩ |
| ١٨- | مهية احمد فرج | ١٩٤٢ | نەخوێندەوار | ٢٠١٦/٦/١٥ |
| ١٩- | نوزاد محمد امين | ١٩٤٣ | نەخوێندەوار | ٢٠١٦/٧/١٥ |
| ٢٠- | نهاد صادق بكر | ١٩٨٨ | مامۆستا | ٢٠١٦/١٠/١١ |




## نەخشەی کارگێڕی کەرکوک

Kurdistan- Region Government – Iraq
Minstry of Higher Education and Scientific Research
RAPAR in university- Ranya
College of Education

# Some Grammatical Aspects of Kirkuk Rojhbeyany ’s Spoken kurdish

Athesis
Submitted to the council of college of aducation of Raparin university– Ranya. in partial fulfiment of the Requirmnts for the Degree of Master in Kurdish language.

By
Srwa Bakir Aziz

2017 A.D - 2717 Kurdish

حكومة أقليم كردستان - العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة راپرين – رانية
كلية التربية
قسم اللغة الكردية

# بعض الجوانب القواعدية في
# لهجة روژبياني كركوك

رسالة

مقدمة إلى مجلس كلية التربية في جامعة راپرين – رانية كجزء من متطلبات نيل درجة ماجستير في اللغة الكردية.

من قبل
سروه بكر عزيز
بإشراف
پ. د. فريدون عبدول برزنجي

٢٧١٧ كرديه

٢٠١٧ ميلادي